# ڕۆژ هەڵەبجەیـی




تارمایی پێی مەراقێك

ڕۆژ هەڵەبجەیی

((پەڕەمووچی پۆرترێتەکانم))

## ئاوابوون

من هەر دەمزانی شنروێو شارەزوور،

جێ دێلیو ڕوودەکەیتە گڵەزەردەو گۆیژە..

ئەم زانی بولبولێکی سەرچڵیو گۆرانی،

بۆ بارەکچی شیعر دەڵێی..

ئەوەندە هەیە دەڵێم.. ئاگات لە گوڵی شیعر بێ

نەتۆرێ.. نەوەرێ..!!

## خۆر

باوکێکم بینی.. بەتەمایە خەنجەر

لەملی کچەکەی بسوێ، چونکە خۆر

لەسپێدەی پرچەکانیا، هەڵا دێ...!!

## لوتکە

بۆ تاوانە..!!

گەر خۆت بدەی لەقەرەی

بواری دەریای شاعیرێکی، دوا قافڵەی

ئەم کاروانە..

لێم زیز مەبە، ئاوێنەیەکم پێیە

حەوا لەسەر لوتکەیەو

ئادەم لەنشێویا چاوەڕوانە..!!

## زەنگیانە

کاتێك پەڕەمووچی شیعر

لەدەستمایە، تاسەم ئەوەیە

چەند زەنگیانە شیعرێ.. بهۆنمەوە

بۆ شاعیرێ، بۆنی ژنی حەشەری نەکردبێ..

بۆ شاعیرێ دەستو پەنجەی

چەقۆ نەبووبێ، بۆ کچەتیوی بادە نۆشی

بۆ خوانی سنگو بەرموورو

مـ ە مـ ی..!!

## شەڕ

لەمیحرابی ئاتەشگاکانی سەردەمەوە

بانگەوازێکم دا.. من درەختێکی مێژینەی

قژ ئاڵۆزکاوی دەسکەنە کراوم

ئەمێستا لەبەر ئاوێنەی خۆرا

شەوی پرچم شانە دەکەم

نەکەن بمدەنە شووی کەدەر

نەکەن گۆڤەندم بۆ بکەن

پێش مارەبڕین، دەسڕی ڕسووریەکەم

بەرن.. بۆ سەرچۆپی هەڵپەڕکێی

شەڕ

## شەهید

شەهید بەچی؟!

بۆچی شەهید

موچڕكێك بەكەنارەكانی ڕۆحو

جەستەی تەزیوومدا، شەڵاڵا دەكا..

لەم ووڵاتی زەمەرە. ئێستا شەهید

گوڵە پایزە، تەنها لەگەڵا نێرگزە خەمەكانی منا

هاو ئامێزە..!!

چرپەیەك

هۆ ئەو كەسەی، ساتە وەختێكە

تێكەڵم بووی، یان وەختێكی تر

خاترجەم بە، ناهێڵم ئاگری عیشق

مەلوولت كا..

باڵەكانی مەلی دڵم ئێستاش

مەیلی پەروازی تاشی شنروێیە

ئێستاش حەزی لەهاتو چۆی،

بزنە رێكانی باڵامبۆیە..!!

شیعر

لە گۆشەیەكی باڵی تەنیاییدا

نەعلەت دەبارێنم

نەدەبوو لەكەرنەڤاڵی عیشقەوە

جارێكی تر.. وەك تەتەر

تیشكی دەروونی نامەیەك

ئاوەڵاكەم، بۆیەكێ كەلێم ناگا

زویرم لەوێژارێ.. كە ناتوانم

ببمە سەفەری هاوڕێ

دڵم فەنەری پەرجۆی شیعرە

نەك شیفتەی كەسێ!!

سێ تابلۆ لە(ژانی شیعرەوە)

(١)كەناڵەی شیعرێكم دێتەژان

لەو دیوی گۆشەیەكی خەڵوەتگاكامدا

ژنە حەشەرییەكان،

وێنەی كیژۆڵە ئاسكەكان دەفرۆشن..

كەناڵەی شیعرێكم دێتەژان..

لەم دەربارە بێ دەرتانەدا..

میلیشیاكان پریشكی ئاسۆ

هەڵا دەلووشن..

گەنمی گوڵە، لە كێڵگەكاندا

دەوەشێنن..!!

كەناڵەی شیعرێكم دێتەژان

مافیاكانی خزمی ئاشتیو ئازادی

بەزمانی تفەنگ

دەڵێن ژیان..!!

گومان

بەد گومانم لەدەروازەی ژوورەكەم

کە بە ئاچەری دەستم دای دەخەم

کەچی نسێی ئەو هەنگاوانە دەبینم

کە فەرشی دڵم هەڵا دەتەکێنن..

موو بەموو

ناو جانتاو کتێبو

جلو بەرگەکانم دەگەڕێن

هەتاوەکو بەچەقۆی گومانیان

ملوانکەی رۆحم بپڕوکێنن..!!

سۆراخ

وێڵمو نایدۆزمەوە، هاوسەنگی

ئەو مەلانە، کەلەسەر تەنافی شعورما

فێری فڕین دەبن..

وێڵمو نایدۆزمەوە.. گۆزەی گەنجیم

لەقەداسەتی کانییە سپییەکانەوە

دێوزمە سەرخۆشەکانی ئیبلیس

نەی قۆزنەوە..

وێڵم وەڵێ دەستڕێژی تف

لەوەرزی سەردابەکانی،

وەحشەتو سۆزانی

ئیعتیراف

من لەڕۆژ ژمێری ئەم وڵاتە بێ عیشقەدا..

هیچ لەئاژانسەکانی کەشو هەوا

بارتەقام نەبوو..

ڕەوڕەوەی خەیاڵا بردمیو

چوومە سەمای پرچی، جوانوویەك

نمایشی عیشق بردمیو چوومە دەرماڵی

باڵی تەوارێك..

ڕێژنەی زریان بردمیو چوومە ناو قەد تاوێری

بەڕوویەك..

قیژەی باپێچێ بردمیو چوومە کڵاوقووچی

لەپی بەرکاوێك..

هەرەسی پرووشە بردمیو چوومە کەنار

چڕنووکی پێی دۆڵێك..!!

## ڕاز

ئەم عومرە، کە خۆی خستۆتە

بەر ژمارەی ساڵا، بەسەردەچێ

وەك گیانەڵڵای خۆر دواهەناسەی ئێوارەیە

گەنجیی ئەستێرەکان وە بیرخەن، کە ئاویلکەیان کازیوەیە..

ئای! لەم رازی عیشقە.. چۆن ڕۆحی ماندووم دەفڕێنێ..

شەوە دەیجوورەکانی دەروونم دادەگیرسێنێ

ئیدی چۆن دەتوانم ئا ئەم سۆزە بشارمەوە..

بەدەنگێنکی لەرزۆکو ماندووەوە،

دەپاڕێمەوە.. نوچو بۆ دائەدەم

ئەی ئیلاهی..

من لەوە کەمترم کە بمخەیتە،

بەرسنگی دۆزەختەوە..!!

## پێڵاو..

پێش ئەوەی نغرۆ بم، بەرخوازم ئەوەبوو..
گەر دار مێویێك بوومایە، لەیەکەم فەرهەنگی
ناشتنی تەرمی قەڵەمەکەدا بەرسیلەم بگرتایە
بۆ دەستی منالێکی پێخاوس، کە پۆرترێتی
پێڵاوی نوێ، پێیەکانی ناناسێ..!!

## خەم

خەمەکانم بارانێکی قژ سوورن
بۆ ختووکەی ئەو زەوییانەی هەناسەیان قاقڕن..!!

## پاڕانەوە

رێ سوور، ئاسمان سوور، سوور
بەقام بەقودرەتی ئەم دەستانەش نەماوە..
لەژێر ئاسمانی بارانی فیشەکدا
پرمەی گریانی دڵێکی سوور
چ دوعایەك نەزرکەم، ئەی خودا..!!

## کوێربوون

کەزیخە  شینکەیەك دەزێ
زەمەرە رۆح، بۆ مەلەکردنی،
عیشقێکی ناوەخت.. کە هەرگیز
ناگاتە هەڵەمووتی ئەو سەفەرانەی گوڵی رۆحم، تیا رومواند..!!

## حەز

حەز زۆرە، حەز جۆرە
حەزم رەنگی زایەڵەیەکە
کە لەسەدای دەنگ دانەوە،
دەچێتە ئەو پەڕی بێ سنووری.. سوێند دەخۆم
بە قودسیەتی مرۆڤایەتی، حەزی من تاوان نییە
گەر بڵێم حەزم لەماچی
خاکی هەڵەبجەیە..!!

## نان

دەستەبەری ئەو تاق تاقە کەرە ناکەم
کەچاوی بەسورمەی وەنەوزەکانی
شەوی مێشە ناڕێژێ
کێ دەڵێ لەشە قژنی باڵیا.. نانێکی گەرم
لە دەستی گەڵا سەر خۆشەکانی شەوا
نافڕێنێ.. بۆ ئەو دەستانەی،
گریان دەکوڵێنێ..!!

## ترس

زۆر لەوە ئەترسم جارێکی تر
دڵم بێتە پارچەیەك لەخاکی سوتماك
چاوەکانم جۆگە لەی پایزو جەستەم
سۆی سامناك..
گەڵای زمانم، هەپروونو

کلیلی قوڕگم وون..

ئەم جارە دەستەو ئەژنۆ بەو

قاچم مەیلی کۆچ..

مەرگ نوشتەیەکەو ئەحواڵی ئەپرسم

لەبەرۆکی رۆحی ئەدەم، گەرهاتوو

کوردستانە رەنگینەکەم

چووە ژێر دەستی سیستمی

هەناسەی بۆگەنو دەستی کوتەكو سەگ وەڕینی شەو..!!

سێ تابلۆ لەمەرگەساتی هەڵەبجەوە

(١) لەیانزەدا..تەنها پرسەیەك

لەناو کۆڵانەکانمدا بوو..

ئەوەی نەچوایە، بێ ئەمەك بوو.

کەچی لەدوای یانزە، هەموو ماڵێك

پرسەی تێ چوو..

کەسێ نەبوو گللەیی کا

یەکێ نەبوو شیوەن گەرم کا..!!

(٢) لەیانزەدا ئەو هەنگاوەی باوك نابووی،

بۆ رۆڵەکانی، هەتا لێوی جادەی بڕی

کات لەیانزە تێپەڕی..

هەنگاوەکانی لەدوای یانزە

لەیەکەم پلەی داڵدەکانا

بێ سرتە تاسا..!!

(٣)لەیانزەدا.. دوو دەسگیران

نیازیان وابوو،یەکەم ژووان

لەدوای یانزە دەست پێ بکا..
نەیان زانی تەمو مژی بێ دەنگی
ئەوانیش دەکاتە، قوربانی...!!

ئەنقەرە

ئەنقەرە گوێ بۆ ئەم چاوانە بگرە..
لەدڵی هەموو باخچەیەکدا.. گەر پەلکەکانی ئاو
هەموویان بنوون ، یەكَ کیان هەر
ئێشگرە..
لەگوێچکەی هەموو درەختێکی کوردیشا
گەر قەفەس زڕەی گوارەیەکی بێ.. ئەوی تری
پرژەی شاخی
تفەنگە..!
ئەو هەموو هەراو زەنایە،
لەچاوەکانی کازیوەو گزنگەوە
دەخرۆشێتو دەکەونە سەرپێو
بەئازادییەوە باڵق دەبنو
دبنە چەپۆکانی کوڕ ژنی یەقینو کەماڵا..
دەیگلێننو هەزار جار دەیگلێنن..
هەموو سۆناتایەکی مزەوەری،
گۆچانەکەی مستەفا کەمال..!!

بەفر

نیشتمانە خورافییەکە..
وا ئەسپی پرچەکانم گلانییەتی،

لەخەرمانی ئەسارەتا..

خەریکی چنینی هێڵی بەفرە..

وەرەوە.. لەم شەقامی مەراقە

فریادڕەسێ..!

کە دەرگایەکت کلۆم دەدرێت

گوڵێكو فڕندەیەكو منداڵێك

چریکەی مۆمی تەمەنیان دەخنکێ..!

سۆزی شەپۆلی ئەو دەفرە،

یاقووتیانە لەکوێ بێنم

ئەو عیشقە شکاوانە کۆکاتەوە

بۆ بەرتەکیەی رەشەبای پرچو

سەمای دەفـو

خەڵوەت شکێنی

زیکری دەروێشێ..!!

تەقویم

دەرگاکانی لەسەر پشتە،

ئەم خۆڵستانی مەعبدە..

گەر ئێوەش باڵەکانتان، بۆنی تۆزی باڵی

پەپوولەی لێوەهات..

گەر لەزمانی گوڵە قەناری یەکانم گەشتن..

گەر لەرەی قاقا وەریوەکانم

بووە درەختی سەرشانتان،

ئەوە خاکی بەرپێتانم

ئەوە پەڕەی گوڵم

بۆچەتری سەرتان

ئەوە تەقویمی کچێنی، هەڵدەواسم

لەسەر دیواری سنگتان..!!

چرا

بێ دەنگ، بێ ئاگا..

لەکتێبخانەی باخچەیەکدا..

ئەوەندە گەڕام، حەسرەت

هێلانەی بەست لەڕووما..

لەدڵی هیچ کتێبێکدا

شنەی چرایەکم نەدی

تاریکی جەستەم بتەکێنێو

سڵاو لەپەنجەیەکی گریاوم بکا..!!

((كۆچە ڕەهێڵەکانو قەدەری ڕاهاتن))

هەردەم لەژێر بەرپەسارى،

پرچى زەردەخەندا

هەنگاوەکانم ئەنگاوت بۆ ئەو

ئاقارەی  لەباوەشى فەزاى گريانا

دەروێشانە زيکر دەکا..

کۆچم لەبەرەو مەیلی کۆچ..

کەچی بزەی گەڵای درەختێکو

فرمێسکی لاپەڕەکانی باڵی پەپوولەیەك

ماچ بارانی، چرۆی ئەم تەمەنە،

حەسرەتە من..

ئیتر چۆن بتوانم ئا ئەم مەملەکەتە

جێ بێڵم.. جەستەی بێ سەری

لەناو خۆڵستانی لەپی دەستمدا

هەناسە لێ دەدا..

دار ڕیشە ئەرخەوانییەکان

بەتیشکی ئەو هەناسانە

دەست نوێژ دەشۆن

سجود دەبەن

*   *   *

ئەی مەملەکەتی ئاوابوونی تریفەی ڕۆح

جێت ناهێڵم..

سەری ئەم کۆچە بزێوانەت

لەبێشکەی زیندانە گرینۆکەکانتا

ئەسرەوێنم.. وەلێ

گوێی هەنگاوەکانم ترپەی ئەو

ترسانە، دەژمێرن..

لەسەر ڕوومەتی شەقامە،

ئاوسەکاندا بێ باوکن..!

قەدەری ئەم کۆچە ڕەوگیانە

لەچوار دەروازەوە،

قژی شەماڵی بووکی وەرزەکان دەڕنن..

لەدەلاقە ی گێڕی دەروازەیەکەوە..

هەڵپەی خەنجەرێکی پیرو

لەوی تریان چڕنووکی دیوارێکی خرسو

لەمی تریان خرپەی خەوی،

تفەنگێکی شکاو

دواتریان.. قاقای مۆرانەی

چرپایەکی ڕزاو..

من دەزانم لەمێژە.. لرفەی پێی بایەکی شێت

دەسگیرانی ڕەوگە ئەسپێکی یاڵا شی،

یاخی.. تریشقەنو

برینی سنگی گوڵە گەنمەکان،

تەرزە زستان دەکەن..

من دەزانم، قوربانییەتی ئەم

کۆچە ڕەنگاوڕەنگانە ..

بۆ ژێرکردنەوەی ئەسرینی

کورسییە بێ قاچەکانە..!!

*　　*　　*

ئەی مەملەکەتی ئاوێزانی،

چەند جار فەنابوون..

کۆچ ناکەم.. کۆ چ..

چەپکە مۆتەکانی ترسو

چڵکی پێی تەوژمی،

تژی ئاوێکن..

زەمەنێکە لەحەزرەتی زەنەکی،

قەد پاڵی پیرە سۆفییەکت دەڕوانم ..

چرقەی هارمۆنی، تەزبێحە قەزوانییەکەی

بەدەست خەوە ئاڵەکانی زیکرەوە،

جۆگەلەی دەزووی ڕۆحی

ئەسووڕانەوە

هەنووکە هەناسە ڕژاوەکانی،

لۆژیکی ئەو درەختە ، سەرمەدییانە

کۆدەکەمەوە..

کەمانیفێستە ئاگرەکان.. گەڵای

زمانیان سووتان

کۆچ کەن و ڕەهێڵە کۆچ..!!

سلێمانی/١٩٩٦/٩/١

(هیچستان)

لەم تەمەنی خەم خۆزکەدا، ژینە ژانمە..

بۆ ئەو دڵۆپە دوکەڵانەی دەڕژێنە

سەرشانی کانیلەی ئەم نیشتمانە..

ئەفسووس ئەی نیشتمانە هیچەکەم..

دۆسیەکانی ئەم ئێستات،

سیخنانە لەخەوی هیچ

ئاوڕ مەدەرەوە بۆ ئاوێنە،

شکاوەکانی مێژوو..

نەکەی دوگمەی لاپەڕەکانی بکەیتەوە

ئازاری قەڵای ئەو مەکانە بدەی،

کەژەهرەیان رژاندە دەمی

سوڵتان..!

وەرە ئەی نیشتمان لەپەیژەی،

درەختە پرچ مۆرەکانەوە، بۆ

بەرهەیوانی درەختە نەزۆکەکان

مناڵانی تاریکیان موتوربە بکە،

لەو مەلانەی دەنووك دەگرن

لەشنەی نوور..!

تا تۆپەڵی تاریکی بنوێ،

لەناو قەدی ئەو هەردو تاوێرانە

لەناو هەناوی ئەو ڕووبارە،

سەرشێتانە..

تاقوڵپی تاریکی نەرشێتەوە

ئەوە بزانە ئەی نیشتمانە زرکەکە

شەوانی هەگبەی تۆ،

بێ جریوەی سترانی

کولێرە گەرمەکانە..!

درێغ ئەی نیشتمان

لەفەنەری نامۆبوونتا توامەوە

بەقام بەوادەی هەنگی،

دەستو پەنجەکانم نەماوە..

کە گوڵا بنووسێ ..

بەدگومانم لەو شمشێرانەی

لەناو کێلانەکانیانا،

وەنەوز ئەدەن.. کەچی لەخەویانا

خوێن ئەدۆزن..

چاوی ئەو کێڵگانە دەڕێژێ، کە بێ ترووسکەن..

درۆزنن لێوی هاژەی
ئەم چەمو جۆگانە
کە ماچی سینگی باخ دەکەن..
کاڵا بوونەوە خۆم لەهەموو کاڵبوونەوەیەك
ئەی نیشتمانی هیچستان..
دوێنی دەمی گوڵاڵەسورەکان
سرودی تیشکیان ئەپژان
ئەمڕۆ خامۆش، خۆڵەمێشیان ئەدوان..
دوێنێ گەڵای ئەستێرەکان
باوەشێ بوون بۆ منداڵەکان
ئەمڕۆ ئەستێرە رنان،
بەچڕنووکی پەنجە
چر ِانیان، گۆرانی خەزان..
دوێنێ ئەو ئەسپە سەرکێشانە
کەتفەنگیان لەسەرشان بوو،
بۆ کوردستان..
ئەمڕۆ لەهەربنمیچی دەربەندێکا
رشانەوەی تفەنگو سمکۆڵان
دوێنێ ئەو خەڵکانە
خشتی رەوشتیان،
لەسەر خان دەناشت
ئەمڕۆ لەژێر خانی حەشەرییەکاندا
ووردو خاش..!!
دوێنێ برسێتی کەلاوەیەك بوو،
بۆ پشیلەو سەگەکان

ئەمڕۆ جێ نزرگەی ئینسان..

درێغ ئەی نیشتمان

ئەی هیچستان

درێغ..!!

١٩٩٧/٥/١٦

(تەرمەکانی خەتا )

هەندێ جار کە ئەتان بینم..

شێتییەك ئەبەخشمەوە.. چەترێك

لەپەنجەکانی کەرسەك،

دەکەمە کونجێك پەڕوباڵی،

ماچەکانی تیا رۆ دەکەم..!

ئەو ماچانەی پێش ئەوەی بفڕن لەسەر،

ریشاڵی لێوەکانمدا

خشتی زیندانێك پێ دەکەنێو

نۆژەنی ئاسمانێك لەسنگی،

کوێرەوە دەڕوێ..

ئێی شێتی.. چەندە دەرگایەکی رەهاو رەنگ بەهەشتی..

لەوێوە گوزەر دەکەم، گوزەر..

لەوێوە گوناهەکانی عومرێك،

ئەتەکێنو کەلەی نابن..

پێستی سەبوری لەخەم،

زاخاو نادرێن.

لەوێوە بزمارەکانی پرسیار

لەخۆڵێکدا سەوز دە بن

دەبنە گوارەی ئۆرکسترای گریانو

بەکەڤاڵێکی خاچدا ناکوترێن..

هەندێ جار کە ئەتانبینم..

ئاخەلێوەی شێخەڵن.. کەچی رۆحم،

لەژێر گەڵایەکی پێست برونزی،

ستار ئەگرێ..!

سوچی ئێوە یوو، یان رەنگستان..

هەنگاوی پرچەکانم،

لەدەسرۆکەیەك ناو

لەپەنای رەنووی بەفرا،

ئاوەدانیم نووست..!

سوچی ئێوەن بوو، یان شەڕستان

توێکڵا-توێکڵا لەڕیزەکانی تەمەنم،

قۆپچەکانم کردەوەو،

لەبیابانێکی غوربەتا خەرجم کرد..

تێ ناگەم ئەمەچ سەدەیەکی،

پڕ لەگوناهە..

لۆڤاو لۆڤی نهێنییەك،

خۆی ڕادەوەشێنێ، لەناو گەرووی

کەورگە چێڵەیەکدا..

لەوە ئەچێ سەر گوزشتەی،

ئەو ئاوەبێ..بەسۆزێکی پرچەوە

بەشەپۆلێکی کەڕەواڵەوە..

شمشێرێکی رووتەڵەی، سیپاڵا کرد..!

کەچی زەنگۆڵا.. زەنگۆڵا

پرچەکانی لەهەراسانی،

دەنگێکدا مەحف بوو..

تێ ناگەم..ئەو ئاوە

دەستو پەنجەکانی کوێربوون

یان دەستورێك بوو،

لەژێر پێڵاوەکانی شمشێرا..!!

کە تەنیایی جێدێڵم.. دەڕژێمە

ناو بەرچنەیەك لەمیوەی،

جەنجڵی ئێوە..

لەوێوە ناو نامەی نامۆیی،

جۆماڵا دەکەمو

بەرەو سەر چەشمەیەك،

لەژێر رێتمی گریانی،

دار قەزوانێکی بێ عیشقا

شووشەی ئاشنایەتیم

بەردێك تیرۆری دەکا

ئۆە یادگەم تۆخە لەم

فێربوونە..

ئەمە ناسنامەی، دار لاسیکی

وڵاتێکە لەناو سەبەتەی،

جەنجڵی ئێوە نەبێ، پێیەکانی بەرد

دارە، دارە ناگرێ ..!!

ئێی خەم..درۆ دەکەم..

گەر بڵێم خەم شەن ناکەم و

شارۆی ناکەم.

ئەشێ ئەوین مانایەکی هەبێ،

لەجاویدو لەتەلیسم..

گەر وورتەو بۆڵەی،

گەڵای دار نەبووایە بۆ هاژەی..

گەر سڵاوی رەشەبا نەبووایە

بۆشنەی

گەر زرەی پاوەنەکانی باران،

نەبووایە بۆ ووژەی..

لەکوێوە دارستان، ئەو

ناوەی بۆخۆی هەڵا دەکۆڵی،

لەکوێوە؟!

بۆ رستنی فەرشێك،

لە حەرفەکانی خورییەوە بۆ

هێماکانی ئەوین، دەبمە جۆلا..

سواڵەی سرودی کڵاو کوڕەیەكو

ئاوێزان بەپێپلیکانەی، لقو گەڵا..

فەهۆی شەقژنی نەوڕەسێكو

ختوکەی ئێوارە کەنەفتەکانی دەریا

جیلوەی ئاڵی روومەتی کانی یەكو

فرمێسکە وەریوەکانی، کۆمارێك لم..

ئاسمانە چاوشینەکانی، گیرفانی ئاشتیو

تەوتەمیەتی گاردی کۆتر..

پاژنەی سرکی خۆر نەگەزی کەوێكو

ڕام کردنی لەرەی بزێوی،

ڕەوتی سەحەر..

هەموویان بوونە زەخرەفەی فەرشێك،

ناوەزد بەسترانی میهرو

سیخناخ لەسڵاوی ئیلاهی..

کەچی قیافەتی نیشتمانی من

فەرشی وەرزی، تەژنەی،

بێرون بوو.. خۆڵی سنگو بەرۆکی

ملوانەکەی قاقڕ..

تۆسەیرکە.. چەندە قەڵاخییە قیافەت..!

نوری ئەوینمان رووان‌دو

لقو پۆپی بەری شەڕبوو..

لقی گۆڵمان تەموورەکردو

نینۆکی دڕك،

چەقیە بۆنی خاکمان..

تەرمی شەومان ناشتو

مەچەکی تاریکی، لەتیشك ڕنینا

هەر تێرنەبوو..

بنکلێشەی ئەوینمان،

بێ سیاسەت بوو.. بێ سیاسەت

شەو خەونە مۆرەکانمان،

تەون دەکردو

ڕۆژ پیرەژنێك بوو، وەهم

بەتاڵە ئارشیفەکانی قژی،

کاتی دەژمارد..

ئەمە رەش نووسی،

چ ریوایەتێکە

مەلە یاخییەکانی، ساکۆی هزرم بوو

یان تەرمەکانی خەتاو

دەمامکی ئێوە..!!

سلێمانی ١٩٩٨/٧/٦

## حەزەکانی بەفرو چەند دلۆپێك لەنەفرەت

لەم مەملەکەتی پەژەدا... چەندە بەفر کش‌و ماتە

ئەوەندە یەختەساری تژی یە...!

کە ئەدا لەهۆرەی ریشی، پیرە بەردێك

تەرزی ئەو هۆرانە بەکوڕژنی ئەسپە نێرگزییەکان

رۆدەچنەوە... کە ئەدا لەپرچی هەڵەکۆڵێك

شووشەی چرپە دەشکێ‌و، پەیڤە لەیلاخییەکان

وورد دەبنەوە...!

دەڵێ....ئێی بەفر

من دەستگیرانی وولاتی تۆو

ڕۆحێك لە چڵی پرووشە ڕێحانەی تۆ...

جەفا لەو پرووشە شەرمنانە

ئاشنای کردم بەقاقای بەر بەرۆکی

خۆری کێویلە... کەوەرزی قەفەس

بەربووە پرچی پەنگرو جەستەی...

ئاشنا بەڕووشاندنی، ئەو فرمێسکانەی

کە لەچاوەکانی پەلکە گیایەکا،

چەڵەمەی ڕەشەبا، دواندی چرکەی...

چەندە ئاشنابوون، ئەوەندە غەفڵەت

ئەی بەفر...

غەفڵەت لە نامۆبوونی،

ئەو کۆڵیتانە، فرشی وەهمم

تیاڕاخست... بۆ هۆنینەوەی

کەژاوەی سێبەرێ

چریکەی کەناریەکم تیاچنیو

دارەڕای قەفەسێکم ڕووخاند...

قیژەی زنەیەکم دووریو

چەخماخەی ئاوەدانیم تیاڕرواند...!

چەندە غەفڵەت لەبزەی،

تەرمە خنکاوەکانت، ئەی بەفر...

کە لەودیو پەنجەرە یەئسەکانەوە

هەڵبەزینو هەڵپەڕین...

چەندە غەفڵەت لەپشکۆی ئەو

پێکەنینە گەرمانە،

شکانیان جامی کەسەر،

هێلانەبوون لەدرەختی دڵما

بۆ کۆترە هەترەبووەکانی،

نسکۆی سەفەر...

هۆ پڕووشە پەڕەنگەکان...

نەمزانی لەچاندنی چەند،

فرسەخێکا فڕینو فڕین

لەناو ئامێزی سەعاتەکانی سفرا،

بوونە چرا...

لەدوا فرسەخا، خۆتان هەڵواسی

بەلقە خامۆشەکانی خۆڵەمێشا

ناهەقتان ناگرم...

نەما سنگی تووکاوی متکێك

نەما هەڵقەی لوولی کاکۆڵێك

نەما باخی سێوو

هەناری قەیرە کچێك

نەما هارمۆنی هوەیدای

گۆچانی پیرەدارێك...!

لەدەروازەی کەسیرەی،

ئەم دەستانەوە... نەزیفی سۆزی ئەو هەموو پەیڤە خاکیو خامەکانە،

چۆن کۆکەمەوە... ئەی بەفر...!!

زەمەن عومرێکی کاڵا ئاوەزە،

کۆتا لەسەعاتەکانی سفر...

کە خەنجەر لەبەرۆکیانا،

دەجریوێنیو تفەنگ لەشانیانا

کۆکەی گوڵە...

ئەوەی دەم کوژێ... شەرمەزاری

کلوە سپییەکانی ڕۆحم،

وەشاندیانە ناو جەستەی

توتڕکی ئێوارە قەڵبەکانی،

شەهوانی...!

کە دەنووکە قولاپییەکانی

مەزاری خار

بەربووە گەڵا شیفۆنەکانی

ژێر کەپرە سۆزی

گشت پەیوولە..

بەفر دەستم دامێنت

حەزە شێتەکانت کەیلی سەرپۆشی

ژنێکی قەترانییەو جمەی شەپۆلی

بێ وەختانە ئەمێستا...

دڕدۆنگیشم لەئاسمانی

کریستاڵی ئەم بەفرستانە...

کەسەیوانە بۆ پەرێزی

ئەم تەمەنە...

تازە بەسەرچوو

کەروێشکە قژەکانی زەمەنی عاتیفە

ئەوەتا خۆڵی دەستەکانم،

گریانی مرواری تیاڕواو

لەوەتاغی خەونەکانمدا

سەرم بۆتە باقەیەك،

هەناسەی مێزی دۆڕاو...

بێ سەر، كەدەر

هەر دەگلێم لەفڕەندەی،

ئەو خەراباتە نارنجییە،

زمانی چڕنووك نەگریَو

دەنووكی گومان، نژیار نەكا

لە مشتە خۆڵی،

سۆپەری ئەم كچێنی یە...

كە بەئاگاش هاتم...

چەند دڵۆپێك نەفرەتم ڕسكاند...

لەسیمای ئەو، پۆپەشمینە ساردانە

كەبەدەزووی خوێن چنران...

لەو پیاوە بەفرانە،

نوێژ لەسەر سنگی قەرسیلێك

دەوەرێنن... جەستەی گەڵایان،

بۆ چاوی شەونمێك،

خوڕەی سەما دەڕژێنن...

كە بەئاگا هاتم...

لەژێر درەختە، كۆچەریەكانی پرچما

شەقژنی باڵندەیەكی سەراب

جریوەی بەفری نووسیو

منیش چەند،

دڵۆپێك نەفرەت...!!

١٩٩٧/٧/١٢

## ((چریکە ئەفسەناویەکانی گوناه وگریان))

پێشکەشە بە بەڕێز کاك قوبادی جەلی زادە

لە کەڕەی بەیانی دنیای منداڵیمدا...
گوناه سێبەرەکانی خۆی تێگرتم
عەیبە پێکێکی لاساری گەمژەبوو،
نۆشم کرد...!
هەر لەو ساتە شەفافـو بێ ڕەنگەدا...
مۆمی سەرپەنجەکانی ئەو عومرە،
شنەی تاریکی یەکەم لەرەی بوو
عاشقی هەودای رووناکیو
هەم پەیکی سۆراخێکی وون...
دەستەکانی خاڵی لەچریکەی ئەو،
نامانەی کە وون بوون...
کە تۆپەڵێك لە تاڵەکانی،
تاریکی... هەناسەکانی مناڵی
هەڵواسی...کەورەکانی بەرائەتی
کۆکەن کرد... داوەکانی شعور
لەدەروونا خاڵی...
ئێستاش نامەکانم ئاستانەی
کانییەکە لەفرمێسك... رێگەیەکە
بۆ پیاسەکردنی مەرگ

ئێستا چاوەکانم دێڕەکانی دەکێڵێ

هۆڕژنی ئەم مەحشەرە، لیپاو لیپە

لەشکاندنی باڵی پاسارییەك،

لەناو رەحمەتی لەپی دەستمدا،

گریانی چرۆ دەکا...

لیپاو لیپە لەفڕاندنی خەندە خاوەکانی

ئەو کچۆڵانەی کەترۆپکی مەمك،

لەناو پێ دەشتی سنگیانا، یەکەم

درەختی عەیبە تەلقینی دا...

لەنامە کراوەکانی ڕۆحمەوە... پرسیارێکەو

دەچمە سەر کەنارە قرتاوەکانی، دەنگی شاعیرانەوە...

وەهەو خورافەیە حاکم قوباد لەم نیشتمانی،

جەورو پەڕگەنەدا... گەر لەرەی مەمك

جەسارەت بکا کراسێك لەبوومەلەرزە دادڕێ...!!

گەر جەسارەتانە ئاشتییەکی ڕەق،

تەڕ تەڕ کاو بارانێکی

گرینۆك هێمنانە،

ژێرکاتەوە... ئەوەیان جەسارەتە

لەناو کۆشکە شینەکانی خەیاڵتا، تەرزی

لاوە لاوە شینەکان مەمك بێو

بەقودرەتی تەهارەتی مەمك

سەبەتە ماچەکانی شەونم، لەناو

ئامێزی پیاوە ڕمۆزنەکانا بڕژێنی...

بەژنێك لەگوناه هەڵواسی

حاکمەکەم... لێم ببورە عاتیفەم خاو خاکییە

گەر دەنووك بدەم لەباڵی شیعرت نەی روكێنم،

نای وەرێنم...!

من وەك شینی دەستگیرانت نیم

لاپەڕەی گەڵاكانی دڵت، لەگەرمیانا

زەنوێركەم...!

ئەمە گوڵە نێرگزی زیخە شنكەیەو

گوناهی ئەفسووناوی وەراند....

ئافزینی ئەو تراویلكانە، قوماربوونو

لەنجەی گوڵیان دۆڕاند...

* * *

راگوزەریوم حاكمەكەم بەناو تەلەسنگی

جەورا راگوزەریووم، لەناو

باوەشی نیشتمانێكدا،

سەوزبووم... چڵەكانی قژم،

بزەی نەگرت...

ئەوەندەی بنچكێك، قاقای گەڵایەكم

بڵندبوو... دایانە دەست سێدارەی ڕنین

ئەوەندەی گوێزێك بەرۆكم،

دەشنا لەناو حەوشەی كراسێكدا

زمانی گوڵە ترازاو تەمەن بووە

ئاگرە رێژنەی حیكمەتی بێ مانا...

چرۆم مەراقی پۆشی لەو تافی خونچەدا...

تۆ دەڵێی چی حاكم؟!

عومرم بووە هەنسكو گریانیش

خەم خۆركی گەنجی...!

ئێستاش هەنارەکانی ئەو باخە،

ئەفیونەو... هزرم بۆی جەندرمەیەکی

قاچاخە... تۆدەڵێی چی حاکم...؟!

*　　*　　*

ئێی حاکمەکەم ئەمە  وولاتی

ئێوارە وەختەکانی ترسە...

مەمك گوناهی کرد... گریانی ژیرکردەوە

گریان تاوانی کرد... زەردەخەنەی،

ئەوستیانانەی هەڕاج کرد...،

کە چاویان نەکردەوە...!!

دەلاقەیەك نەبوو بیکەمەوە

هاوکێشەی گوناەو گریان،

بخەمە سەر کەنارەکانی باوە...

ڕێکەوت دەرگایەکی لێ نەکردمەوە

قژە ئاڵۆزەکاوەکانی با دابێنمو،

بڵێم بسرەوە...

هەتا باڵای ناو قەد زراڤی،

چرایەك هەڵکەم بۆ ژوورە

کۆپی یەکانی خۆشەویستی...

لەم نیشتمانی بێ دەرەتانەدا...

دەرەتانێك نەبوو، بەدەنووکی مەستی

بەچریکەی هەستی، قفڵی ئەو

گریانانە بکاتەوە، کەپرچمیان

زیندان کردووە...

بۆمن ئەوە تاوان بوو، گوناە

کەچی ئاسایی بوو تریفەی حەسرەت

بڕژێتە لێوارەکانی ئەم تەمەنە کاڵەوە...

ئاساییە میهرەجانی تەنیایی،

بکاتە کاسێك لەغوربەت‌و

سەرمەستانە بمخواتەوە...

ئاساییە لەگەڵا باڵای دیوارەکاندا

پیاسە بکەم‌و لەگەڵا کتێبە زەردەکاندا

پەیڤێك هەڵکۆڵم

تەنها لەسێبەرم بکا...

ئاساییە ڕۆژانە مشتێ گریان‌و

مشتێ گوناە بەخۆڕایی بمدەنێ‌و

ئەفسووناویە برینی شیعرم تەڕکەن‌و

گەڵای میهر بڕنن، لەپەراسووەکانی درەخت...

زەحمەتە بۆ دەستی لقە تاریکییەك و

قودرەتی مەمك هەبای ئەو تیشکانە کۆکاتەوە

حەزرەتی چرای عیشق،

داگیرسێنێ...!!

١٩٩٧/١٠/٢٣

((سەفەری هەڵۆو ئاسمانێك لەبرین))

لە ئاسمانی شارەزوورا، تەنها هەڵۆیەك بووی...
ترۆپکی شنرۆیت دائەگیرسان... لەسەر
سنگی ئەو سپێدانەی، کە درەنگانێ
دەستی گژوگیایان دەگرت.... بۆ مارەبڕینی ئێوارە
ئەو ئێوارە بەشعورانەی، لەدامێنی مارتا
کە شەو وڕکی گرتبوو، بێتە هاوسەری...
کە تەم شەرمی کردبوو، لەڕەنگی خۆڵەمێشی
پلەیەك دوای ئێوارە، لەم پەیژە یەئسەدا
دەستت بووە شانە، بۆ قژی ئەو نەسیمانەی،
خەتا دەکەن بەمانگ‌وئەستێرە...

چ سڕێکی قەشەنگە، ئەی خۆشەویست

مۆنالیزای حەڵەبی بەبێ بزە،

لەبەهاری عومرتا، نینۆکی ئەنگوستەکانی،

بۆیەکرد لەتارمایی ڕێحانە...

چ سڕێکە کەمەندکێش، کە گزنگ

گەورە دەبوو لەباڵاتا... سەرو سیمات

دەبووە ڕووبارێکی حەسرەت کێش

وەلێ لەبناری لێوەکانتا، ئەدرەوشا

زەردەخەنەی وەنەوشە...

لەدەستەکانیشتا، پرژەی فرمێسکی

عاتیفە...!!

ئەی خۆشەویست... من لەزووەوە،

زانیم لەژێر هەیوانی باڵەکانتا،

بێچووە برین هەراش دەبێ...

من لەزووەوە زانیم حەزو وابوو

ئەم بەهارە بڵێی... بەپاساری یەکان

جریوەی بەرسیلەتان مەوەرێنن،

با هێشووە ترێی گریان، لەژێر تەرزی

خاکە لێوەدا... ئەو هەورانە تیرۆرکا

کەخیانەتیان کرد، کەبەدرۆو ساختەوە

بوونە لافیتەی باران...!!

*       *       *

ئەی هەڵۆگیان کێ گوێزە کوێرەکانی

سەفەری هاویشتە خاکی لێوەکانتەوە...

قابیل سەفەری سەربڕی جەستەی

هابیلی سەفەرت، لەناو ژوورەکانی

دڵتا شاردەوە... نەدەبوو ئەم وانەی نازیزمە

لەناو خۆڵەمێشی دەستەکانتا،

هێلانە بکا... نەدەبوو... نەدەبوو

هێشتا کاڵای مروەتیت، فڕێ نەدابوو

ڕۆژانە عیشق لەڕیکۆردەی دڵتا،

دەستی بەپلاکی ڕۆحتەوە دەنا

گۆرانییەك تنۆك تنۆك

لە ئاسمانی چاوەکانتەوە...

بەرائەتی مناڵی تەڕدەکرد...

بەخوایە هەڵەب ئاواکەی...!!

لەدوای ئاهەنگی شەوی سەری

ساڵی تازەی بابەنۆئیلەکاندا،

هەڵۆگیان...

لەوێڕا بێدەنگێ بەمەبەستی،

لێوی پەرداخێ هەڵا ئەداو

لەگەڵا قژەکانی شەوا،

ئامێزی خەو ڕائەخا...!

کەچی تۆش لەچاوە موختەفییەکانی

شەوی خەمی کانییەشقاندا...

چڵی گریانی... گوڵانو باوە کۆچەکو

بیاوێڵەو عەنەبو عەبابەیلێت،

دەسکەنە کردو لەپریاسکەیەکت دەنا

ژیرت دەکردنەوە، بەبێ لەیستۆك

ئەنجا دەوهاویشتنە تۆزی لێفە

کۆنەی وەنەوزێك....!

هەڵۆگیان... بیستوومە ئەم بەهارە

سەفەر دەکەیت...

سەفەری چی؟!

کە قامەتی گوڵا تینووەو

هێڵەکانی باران نابینێ...

سەفەری چی؟!

کەشووشەی تەمەنی شەمەکان،

ڕاژاوەو... بەرسیلەی برین

لەزەمبیلەی شەهوانیدا،

ڕائەکشێ...!!

سەفەر چی؟!

پەلکەی تریفەیەك،

ئامێزی شنەیەك

دەستی بلورینی ئاوێك

لە گۆڕەپانی ڕیشی باهۆزێکدا

کاسێتی هاژەی ڕۆحیان،

هەڕاج دەکرێ...!!

سەفەری چی، سەفەر...

*      *      *

لەم کەلی شەیتانە وەرە خوارەوە...

فەسڵەکانی سەفەر بخەرە

گیرفانی ئێلەکانی جافەو

وەسمان پاشاوە..

وەرە لەم پەنجەرەی حوزنەوە سەیرکە...

ئەوە عومەری خاوەرە... لەژێر

خۆرێکی شپرزەدا ڕاکشاوە...

شپرزانە تکادەکا... کۆرپەکانی

بەڕوومەتی سەفەرا هەڵا مەواسن.

وەرە لەم پەنجەرەی حوزنەوە سەیرکە

ڕۆحی(شێخ وەلی) دەبینی... لەسەر

لاپەڕەی گوڵاڵە سوورەیەکدا

سورەتی فاتیحە تەواو دەکاو

تکادەکا... باخەکانی هەڵووژە

نەکەنە دارەڕای خانوویەك

دیوارەکانی لەقەتارەی سەفەر بکاو

دەرگاو پەنجەرەکانیشی

لەباڵای تاریکی...!

وەرە لەم پەنجەرەی حوزنەوە سەیرکە...

((هیوا حیلمی)) دەبینی، ڕەسم دەکا

ڕیزە مرواریەك لەفرمێسك،

بۆ گەردنی عەنبەر خاتوونەکانو

چەند تەزبیحێك لەقەزوان

بۆ دەستی ئەو درەختە پشت قەمورانەی

فریانەکەوتن لەئەداکردنی،

زیکرێك... لەحوجرەکەی مەولەوی...!

وەرە لەم پەنجەرەی حوزنەوە سەیرکە...

((عونەی خانم)) دەبینی، لەوپەڕی

کاملا بوونی دەشتی عەقڵەوە،

لەوبەری دەرگاکانی ڕەهابوونەوە...

هاواردەكا... گەر تەرزەبارینی

سەفەر وازنەهێنێ لەكون كردنی،

سەری، ئەوا لە٣/١٦دا... هەموو

شەقامە لاسار و چەتوونەكانی هەڵەب

دەكاتە تۆپێك بۆشەقی...!!

وەرە لەم پەنجەرەی حوزنەوە سەیركە

لێواری ئەم جەنگەڵە... چەندە تۆخە

لەوەحشەتا عەجەب...؟!

ئەمە چ جۆرە پاشتێلانەیەكە...

بووك فرمێسكی گلێنەی، بەكوڵمی

دووكەڵا... هەڵواسیووە،

ئەڵقەی ناكامی بەپەنجەكانی ئاگرەوە...

جانتای نەكراوەو... تاجو تەسریحەی سەری

بینراوە لە گیرفانی زاوای شۆفلەوە...

*      *      *

من پێم ووتی وەرەو سەفەر مەكە...

بارگەو بنەو مەپێچە، لەبازووی

ئێوارە ڕەساسییەكانەوە...

لەدوا هەنگاوی هەناسەكانتا،

كەبێدەنگی سەفەری لە ئامێزگرت...

دەستی پاسارییەكانی ژێر باڵت

هەموو شەهامەتێكیان دۆڕاندو

كەوتنە فەسادكردنی، ئەو

كۆلانە گریاوانەی، زەمەنێك بوو

مەرگ كۆشی پڕكردبوون لەسڵاو...!!

کەتۆ سەفەرت کرد.. ئەمەك

شتێك بوو قاچاخ... قامکەکانی پیرمحەمەدو

کانییە قوڵکەو قەسابخانەو سەراو،

ئەوانی تریش...

دڵۆپەکانی ئەمەکیان

وردوخاش کردو فەزای عیشقیان کردیتە

میهرێکی مەجازی...!!

کەچی((مچە شێت))ی مزگەوتی پاشا

بووە سۆفیەکی خەڵوەتو

بەتەنها جێی نەهێشتنی...

هەرچی سەفەرنامەبوو،

لەژێر قاقای پێڵاوەکانیا ئاوابوو

سەفەر لای ئەو پاپۆڕێك بوو

فرەیاخی...

یاخی لەبزەی پیاڵەیەك چادا...

یاخی لەشەپۆلی پەرداخێك ئاوا

دواجار لەچرچو لۆچی،

یەخەی لێوەکانیا،

چووە ئەودیوی فەنا،

کەتۆ سەفەرت کرد....

دەنووکی موحیبەتت، چڵە نێرگزێك بوو

تەنها لەوەرزی مچەدا،

لەبەرۆکی ڕۆحی فیراقیا

ویژدانی جەلا دەکانی دەکێڵا...

هەڵۆگیان...

با لەمچەوە فێربین، کڵافەدەزووی

وەفا بەپەنجەکانی بزمارەوە نەکەین

تامانایەکی تازەتر، بۆنیشتمان

هەڵکۆڵین

با لەمچەوە فێربین...

*      *      *

کە تۆ سەفەرت کرد...

سواڵا شتێك بوو عادەتی...

تەنانەت نەسیمە کاڵەکانی،

ژێر سەرپۆشی شنەی مۆردانە،

بوونە دەرۆزەکەرو پشتیان چەمی...

سواڵا... سواڵا

چەندە بوارێکی بۆگەنو دابڕاوو خنکاوە...

سواڵی چی شنەگیان؟

هێشتا دەستەکانم، دەسکێشی

ئیغرای جوانی فڕێ نەداوە...

مەگەر سواڵا لەڕۆحیانەتی

قەرسیلێکی سەوز بکەم،

لەسەر لەپی خاكو خۆڵی نالیا...

مەگەر سواڵا لەگەڕانەوەی،

دەسڕی شەهامەت بکەم،

لەبەرباخەڵی حەرەم سەراکەی،

ئەحمەد موختارو تایەر بەگا...

سواڵا بۆچی هەڵۆ...

ئەوەتا لەدوا هەواڵی هەواڵەکاندا

بوویتە قردێلەی سیڤەرێکی تری درۆ...!!

لەدوا قۆپچەو زریزەی

شەرگەکانیشدا، لەپرچی بایەکیان دای...

ئەسەف لەڕاخستنی فەرشێك،

لەموتاڵاکردنی باران...

لەژێر پەراسووەکانی پاڕانەوەی

چەتری دوعاونزا... ئەسەف

لەدوا چرکەکانی سەعاتی،

دەستی مارتا... ئەسەف

تەنها٣/١٦ بۆ من بووە

هەڵۆیەك، جانتای باڵەکانی

پڕ لەنووزەو گرین...

ئاسمانی باڵەفڕی لیپاولیپ

لەهۆرەی برین...!!

١٩٩٨/١/١٢سلێمانی

ئەوزاتانەی ناوم هێناون لەقەسیدەکەدا:

عومەری خاوەر: ئەو پیاوە بوو دوای حەوت کچ خوا دوو کۆرپەی کوڕی دایەو، کوڕەکانی لەژێر باڵیا بەیەکجاری لەگەڵا خۆیا رۆحیان دای لەشەقەی باڵا..

شێخ وەلی: زاتێکی بەدین بووە لەلادێی گۆڵان ژیاوە کە باخەکەی پڕبووە لەمیوەی هەڵووژە، وەلێ دوای کیمیاباران هەڵووژەکانی کۆچیان کردو فڕ ین.

هيوا حيلمی: ئەو مامۆستا رۆشن فكره بوو كه هەزارەها قوتابی فێری رەوشتو زانست كرد.. سەرەڕای ئەوە مامۆستایەك بوو دەستی هونەری تەشكیلی هەبوو وەلێ كیمیاباران خۆیو منالّەكانی بەرەو سەفەری ئەبەدی برد..

عونەی خانم: كەمئەندامێكی خۆشەویستی هەڵەبجەیە ئەوساو ئێستاش گاڵتەی بەچەكی كیمیاوی كردووە، پیاوانە شەقی لەسەفەرداوە..

مچە شێتی مزگەوتی پاشا: ئەمیش شێتێكە، چەكی كیمیایی وای لێ نەكردووە هەڵەبجە بخاتە خانەی سەفەرو سەفەرخانەوە منیش دەڵێم هەڵەبجە بەمچەوە جوانە..وەلێ داخەكەمت ساڵی پار بەیەگجاری بارگەوبنەی بەرەو دیوەخانەكانی عەدەم پێچایەوە بۆ هەتا هەتای چاوی لێك ناو كەس فرمێسكی بۆ نەڕشت تەنها بەزامدارییەوە جەستەی هەڵەبجە چەند دڵۆپێك لەسرودی موحیبەت لەچاوەكانییەوە سڕی..!!

((تارمایی پێی مەراقێك))

لەسەرەتادا.. پرسیاری پەنجەکانم

سۆراخی کلیلێك بوو..

کەقۆپچەو قەیتانی دەلاقەی،

ئەشکی کڵۆم دامو.. چەند خۆزگەیەکی گەرم

لەساتێکی کوێردا.. بوونە هارمۆنی

گوڵەیەخەی لێوەکانم.. چەند خۆزگەیەکی گەرم

لەهۆشێکی لاڵدا..

مەکۆم ئەو ئێوارە ئەرخەوانیانە بوو

جەدەلی قردێلەی فێنك وەرگرم،

بۆ قژی ئەلەندی گوڵەبەڕۆژەم..!

ئەی سەرەتا.. باوەڕت لەق کردم..

نەدەبوو لە کڵاو رۆژنەی،

حەرفە بەستۆکەکانەوە،

سەرنجی مەستورەم، بخەیتە ڕستەوە

ئەی سەرەتا.. باوەڕت لەق کردم..

نەدەبوو لەپەنجەرەی، چاوە بێ شەرمەکانەوە

گرمەژنی باهۆزێکی ڕیشن، بخەیتە ڕستەی

مێرگـو بژوێنی جەستەمەوە..

نەدەبوو.. نەدەبوو..

لە جوگرافیای ئەم کیشوەری چرپەوە..

ئاژینی قەڵەمی چاوێك،

چەند دێڕێکی شێلاو ووتی...

وەردی گەرمژی ناخمان، چوون مەنەلۆژی

دەشتێکی کركـو وەرزی عومرمان

لە عومری نێرگزەوە نزیك..

بۆیە نەم ویست.. دەروازەی بەقەمی

چاوەکانم لە گرێژەنە بچێ..

بۆیە نەم ویست.. عادەتی خۆڵی

دەستەکانم لەهزریا،

زیندان گۆش کا..

بۆیە ئەم نەمویست.. لەوتوولە ڕێی،

هەناسەی گوێکانمدا،

کێو ماڵی مەراقێك بمکێڵێ...

بۆیە نەم ویست.. دەنووکی مەقەستێ

لە جۆگەی ئاڵۆزکاوی پرچەکانمدا،

ماچی تنۆکە تاڵێك بکاو،

ڕەنگی گریان بگرێ..

بۆیە نەم ویست، بۆیە..

* * *

لەم کیشوەری چرپەوە.. خەونی

کۆتاییەك دەڵێ..

ئەوە خایلەی من نە بوو..

تەبابم لەگەڵا گژەبایەکی عەباسا،

پەنجەی بەرد ژان بکاو..

ڕەوەز پێ بکەنێ..

فەرشی کەوێڵا کەسیف کرێو

بەبەترەفەوە ئەشکەوت بقیژێنێ..

گەڵای درەختێ لەگیرفانی

باڵندەیەکا بزریکێنێو گرمۆڵەبێ!

ئەوە خایلەی من نەبوو،

تۆمەری کلیلی ئەم کیشوەرە

بدەمە دەست پیاوێك، پاڵەوانێك

لەهستریا..

کە گرێشمەی زنە قورمزێکی

بەر پشتێنی ئێوارەی دەبینی

ئیغرا دەبوو

لە کەشکۆڵی سپێدەی تەڕو

دەنگی ڕەنگاو ڕەنگی..

کەنێسکەی جوانوویەکی،

غەوارەی دەبینی

ئیغرا دەبوو

لە کەروێشکەی ستیانی گەنمو

خوڕەی لاسکی..!

کەنمەی ڕامووسانی،

درامایەکی دەبینی، ئیغرادەبوو

لەهاوکێشەی ترشو تاڵی خۆشەویستی

کە کچە بەورێکی موجەسەمی دەبینی

ئیغرا دەبوو

لە مەمکی شاخو لەکەمەری تەواری..

ئیغرا، ئیغرا عەبەس ئیغرا

ئەوە خایلەی من نەبوو..

* * *

لەپێچو گەوگەوی ئەم،

کیشوەرە شەکەتەوە..

لاو لاوی چرپەم پەل دەهاوێو

دەڵێ: مەحاڵا نییە.. باڕژنی ئاسکێك

لەژێر تەوری دەستو پەنجەیەکا

دەسڕی برین بۆ خوێن

بلاوێنێ و ژیری بکا..

مەحاڵا نی یە.. لەناو گەرووی،

دیوارێکی قرخندا

هۆبە، هۆبە چاوەکانی تاریکی،

داگیرسێو سۆڵە، سۆڵە چراکانی

عومرێکی پەمەیی بنوێ..!

مەحاڵا نی یە .. لەژوورێکی

بێوەژن بۆن خنکدا

کچێك نەفەسی تەنیاییو

وورشەی یاخی بوون ،

چرایەك بێ، لەشەوی جەستەیاو

لەپەرداخی پەرتی تەمەنیا

پێکی وەرزیو ئۆرجازمی

پرووشەی چاوی،

بەفران باربێ..!!

مەحاڵا نی یە.. لەدوا لاسکی چرپە

فۆرمی گۆرانییەك یەخەم بگر ێو

فوارەی گریانێك لەتارمایی

پێی مەراقێکدا، سەرکاو

لەتەڵانەکانی لێومدا،

بێتە قوڕو لیتەی، زەردەخەنە..

مەحاڵا نییە.!!!

سلێمانی ١٩٩٨/٥/٩

((وەجاخەکانی سەفەراوا..))

بەرلەوەی زمانم سەنگەری شیعر شیتاڵا بکا..

نیشتمانم ناسی.. کچێك بوو..

نەك دێوانە هەژار،

لەسیمایا فوغانێك،

لەئایەتی هیجرو لەهەیکەلیا هەرەسێك

لەدێرۆكی قەموور..

دەستەكانیشی نەزیفی سیپارەیەك،

گرێی دابوو، پڕ لەبرینی ئەو دێرانەی

لەلالغاوی دەوەن بەئاشا جەدەل بوو..

ئەی نیشتمانە عەنتیكەكە،

هەرخۆت عەنتیكە خانە بووی

ڕۆژانە بەرلەوەی سپێدەو،

گڕوگاڵا بكا..

گزنگ مناڵانە لەیەكەم هەناسەدا

باخچەیەك لەگریان، ناواخنی نامەیەكەو

پێش كەشتی دەكا..!

چ فەتوایەكە نیشتمان..

لەگەلەری سەفەرو سەفەرخانەوە

بەرلەوەی ئێوارەو مارە بكرێ،

لەكراسی شەو..گیاكان

دەمامكیان بەستو كچێنی ئاویان،

حەرام كرد، لەپەنجەكانی درەخت

چ دۆڕاندنی مەرگێكە،..

لەگەلەری سەفەرو سەفەراوا

قەداسەتی خەمە جوانەكانت

لەئەوەڵكراسی فاحیشەیەكدا،

شەرح دەكرێو جوانی پەپوولەش

دۆڕانە، کەگەڵا فێنکەکانی چرای، تەڵاق داو
کەپێکەنینە بۆن خۆشەکانی، گوڵی
ڕۆکردە کاسێکو لەخەراباتی،
ئاسمانێکدا فڕی کرد..
کەجریوەی کۆچە کوردە..
ئەرێ ئەمە چەهچەهەی قەدەرە ،
یان مووبەموو خاکەسارە نیشتمان..
بەرلەوەی شەبەنگی مانگ، ڕاکشێ
لەباوەشی شەوی دەسگیرانی
تریفەو قریوەی هەر لە کۆچا،
پیردەبێ.. ئیتر چۆن باڵا دەکا
ئاوەدانی.. کانی لەلێوی گۆزە یاخی و
چەشمەی چنراوە لەتەنهایی..!
قەرزارتین ئەی کۆتر، لەحیکمەتی تەبا
وەلێ قەیتانی پێڵاوەکانت،
پڕبوون لەتۆزی خوێن..
قەرزارتین ئەی گوڵە بەڕۆژە،
لەعیبادەتی ڕووناکی، وەلێ
میزاجی گەڵاکانت، فرۆشران
بەموناجاتی جەهل..!
ئەمە تەقای دایەلۆکی نیشتمانێکە
دارتێلی شەقامەکانی پڕە لەکۆچی،
ئەو پەڕەسێلکانە، پێش ئەوەی بفڕن..
سەوڵی خەیاڵیان لەشەپۆلی سەفەرا
دەنگ دەگرێ..

ئەمە ئەوەڵا سەحەری سەجەرەی ،

نیشتمانێکە، پێش ئەوەی

هەنگاوەکانی مەمك بکا..

جانتایەك لەپیرێتی عیفریتەو

کزەیەکی تاریك دواجەختە،

لەلۆچی سیمایانا

لەیەخەی سەفەر ئەدرێ..!

ئێی سەفەر بوویتە ماسیو

دەریات خنکاند..

بوویتە دەریاو دڕکەزی،

سنوورت کوشت..

بوویتە ئاگرو لەلێوی سێوە

حەرامەکانەوە، پەنگرت سکوت

بوویتە سەفیری خۆڵەمێشو

لەباڵیۆزخانەی هەموو حەشەرییەکدا

ئیمزات کرد.. شەریعەتێك لەشکست..

بوویتە کاسێتێکی سلاکو

لەمەمك بەندی ڕیکۆردەرەیەکدا،

بۆ دواجار چاوت لێك نا..

بوویتە هەواڵی(جنات عدن)

کەچی سێبەری حۆرییەکان، لە

لێوی پەرداخە عەجوولەکانەوە،

ڕژانە ڕووباری غۆتە...!!

دواجار بوویتە هەلەکە سەمای

مەقەستێکو تاڵەقژی،

کچە شاعیرێکت لە

شەوی نیشتماندا ترساند

لەزیندانی جانتایەکی کەنەفتا

مەرگ لەئەوکی دا..

چەندە مەراقە تیۆری ئەندێشە،

ئەی سەفەرو وەجاخەکانی

سەفەراوا..

نیشتمان کچێك بوو،

لەژوانیا گەورەبوون

کەچی جۆگەلەکانی لەنجەی عاتیفە

لەکاڵی ئاوەزەوە قوڵپ ئەدا..

باڵی پاساری یەك چییە،

شك نابەم.. فڕینێك لەموحیبەت

لەدێڕەکانی فاکسا، ئاسمان بێت..!!

قەسیدەیەك چییە شك نابەم

لەدەروونی حەرفێکا،

عیشقی جاویدی  بکاتە

پەلکەی باو لەکەناری مەرگا

سێبەری سۆزێك، نەحت کا..

چ پرسەیەکە سەفەرو

چ تەنهاییەکە نیشتمانو

چ پاشا گەردانییەکە،

دەستەکانم  مەحکوم بەمیهری گریان..!

ئێی نیشتمان ڕاڤەی قەدەری کۆچی..

یان نمایشی پەرجۆیەکی ئەزەلی..

سالانە پێلاوەکانمان پڕ لە،

تەرمی پێکەنینو

دەستەکانیشمان تژی،

لەقامووسی خنکان..

من لەگەڵ ئەوەنیم دایکمان سوالکەرو

ژەمە نانیشمان لەتەسەموون..

ئەمە زەمەری ڕۆحە، ڕۆح

لەکتێبە هەڵواسراوەکانی هاویە..

من لەگەڵ ئەوەنیم

هەموو شێوەیەك بمرێو

چاوی پارکێ نەبێ بۆ پیاسەو

شەوی باڵایەك نەبێ بۆ پشوو..

ئەمە بەهانەی منالێکە

بووکە شووشەی دەوێ، هەیهاتی

گریانێك لەڕۆح ڕاژەنێ..

ئەمە قەدەرێکی هیچە هاوڕێ

کە فاڵچییەك زمانی تەور،

لە چارەنووست ئەداو چڵی خەندەیەك

لە درەختی جەستەت دەکەنێ و

ناوی لێ دەنێ ڕملّی سەفەر..

ئەمە پەیژەیەکە لەلێوەکانی ژەنگ

ماچ کراوە..

ئاوێزانە لەسنگی سەهەندەی

دیوارێكو لەدامێنی جەحیما

درودەکانی مەرگ تێی داوە

فەرموو تۆش سەركەوە،

سەركەوە..!!

سلێمانی١٤/٨/١٩٩٨

((مەوسمەكانی سەرماو قەدەر))

من كچە سەرما بردەڵەیەك لە،

مەوسمی یەكەم لەسەرما..

لەتخوبی كاڤارە مەستەكانەوە هاتمو

لەدۆڵەكانی گێژبوونەوە وون..

ئەمێستا ڕەنگی سۆزێك

تەقەڵی پێیەكانم دەچنێو،

نەزیفی زەنگێك بەم دەستانەوە ئەبڵەق..

لەهزری تەنیایشمدا.. ڕووت بوومەوەو

پەنجەرەیەكم لەعومر كردەوە..

بەبۆنی ئەشكی تیمساحی ئەو

مەسیحانە ڕووخام.. كە

گوێبیستیان وەراندە ناو

لقی ئەو درەختانەی،

شەو خەونیان بەكوڕەسەوزەكانی،

عەشیرەتەوە دەبینیو

ڕۆژ مارەبڕی تەوری ئەو

ئاوە کوێرانەی بەسۆزی،

سەرما مەحکوم..!

لەدۆڕاندنی منالْییەوە.. تافڕێ دانی

کاژی بەرائەت خۆراکی،

سەرمای ئەو باخچە زڕانە بووین

کە خێڵەکانی ئاشووب حاکم

نەمانزانی موتوربەکراین لە

تەڵقینی ئەو گوڵە ڕەشانەی،

لەبەرۆکی کەنارە بێ شەرەفەکانەوە،

جووت بوونو لەپەراوێزی،

چرکە شەهوانی یەکدا

هەنسکی وەنەوشەیان،

لەماڵی وەرزێکی سەهەندا،

حەفەکردو نەمانزانی..

بۆنی چڵە نێرگزیان لەڕەحمی،

قاپێك لەخوێن مۆمیا کردو

نەمانزانی...

*      *      *

من کچە قەترانییەك لەمەوسمی،

دووەم لەسەرما...

قەدەر هاویشتمیە ناو

مەنەلۆژەکانی بەر گێلەی بێ هوودە..

بێ هوودە لەچڕبوونی قەهرا..

وەك شکاندنی شەقژنی،

شالورێك لەقەفەسی

باخچەیەكدا..!

بێ هوودە لەپڕبوونی نزا

وەك دوعای مۆمێك،

لەشەوێكی تارا نەخەوێ..

كەچی بازووەكانی ڕەشەبا،

دەم، دەم

لەباوەشی دەكا..!

لەهزری پووچو تەنیاییدا، قۆپچەیەك،

لەلێوی عیشقم ئاوەڵا كرد.. كەچی

هاوڕێكەم باوەڕی هێنا..

بە غەریزەی مەشهەدی ئەو

مێرووله غەجەرییانە

دەنگەكانی سەرمایان گرمۆڵە دەكردو

كاسێتێك لەئەوكی گوڵەگەنم،

بەدوگمەی ڕیكۆردەیەكی جندەوە

دوا ئیقاعی میهرییانە..!!

دەستەپاچە لەم ڕوانینە تاڵەوە

ئەرێ كێ ووتی عیشق،

پیربووەو ڕوو لەهەرەسە؟!

هەردەم سورمەی سرودی،

چاوەكانم ڕێ دەكا..

مناڵانە بۆ تاڵی ئەو گزنگانە دەگەڕێ..

لەڕژاندنی حورمەتێك

شوودەكەن بەباڵای،

گوڵە بەڕۆژە..!
دەستەونەزەرە.. لەگەڵا
کاڵا ئاوەزەکانی باداوە..
چۆڕاوگەی ئەم مەراقە،
سەردەکا..
ئیمان هێنان، بەو جۆگە
پرچ درێژانەی... لەسەر تەنافی
خەڵوەتی زیکرو تەهیلەیەکدا
بگەنە عەرشی خوا..!!
* * *
من کچە ئەفەرۆزێك لەمەوسمی،
سێیەم لەسەرما..
بەم قەدەر بوونە تەسلیم نەبووم
لەپێستی ڕێکەوتەوە.. حەرفەکانی شعورم
بدرێنە دەم ئەو ئاوێنە لەتانە
لەدەهشەتا لەزەتیان نۆشیو
لەبەردەم ئیمامی ڕۆحە سپییەکانیشەوە
شەبەنگێك لەشێتی..!
بەم قەدەر بوونە تەسلیم نەبووم
کەچی سەربەتەنزیماتی شانەی،
ئەوکانییە چاوکاڵانە بووم
لەمەراسیمی گۆزەکانەوە،
تەرە بوونو.. لەهەنگاوەکانی
متمانەوە دڵۆپەکانی،
خۆشەویستییان دەنووسی

چیتر.. ئیرۆس بەچرپەوە

لەگەڵا ئەو مانگە مەغرورانە مەدوێ

کەشەوی سەرما، چارشێوێکەو

لای نادەن..

لەم بەهانە کەسکەو سورانە گەڕێ

گوێ بۆ حیکایەتی ئەو پەپوولە،

کەڕانە مەگرە.. زەڕەیەك لەنوور

لەسنگیانا نابیسترێ..

بەم قەدەر بوونە، تەسلیم نەبووم

ئیرۆس ڕەحمەتێ، ڕەحمەتێ..

*   *   *

من کچ قەلەندەرێك لەمەوسمی،

چوارەم لەسەرما..

تا ئەوپەڕی حوزن،

دەریای هەڵچوون لەجوانیا

بەدڵۆپەی چرایەکی حوزنەوە

عاتیفەی تاریکیم ڕووشاندو

قەلەندەرانە بە پلەکانی هۆشا،

گوزەرم کرد.. باقەیەك لەگوڵەکانی،

وەهمم لەباخچە هەرزەکانەوە،

خوێندەوەو.. نەگەیشتمە

کەنارە جوانەکانی خەم..

هۆ خەم .. چ هەڵگیرسانی قیامەتێکە

لەژێر گیرفانی ئەو بەفرە ڕیش زبرانەوە

مەحشەرێك لەهستریا،

فەسڵەکانی ڕۆحی کوشتو
نەبوونە مەنزڵگە. مەنزڵگەی
ئەو بێوەژنە جەسورانەی،
کەچلورەکانی سەرما،
چاوەکانی ڕشتن و
دەستە نەرمەکانیان، بەگڕی
کڕێوە فێ گرتوو..
دەلاقەیەك لەڕوانین،
بدەن بەکۆڵتاناو چەمۆڵەیەك
لەڕستەکانی ئازادی ئەزبەرکەن
ئەی کچە بەقەدەر بووەکانی سەرما..
نەفرەتیش لەو حەسرەتە،
بێ شەرمانەی ڕژانە دەسڕۆکەی کچێنی و
ئەو زەمەنە بێ ئابڕووانەی،
سەوز بوون لەوەحشەتا
ئەی کچە بەقەدەر بووەکانی سەرما..

سلێمانی ١/٢/١٩٩٩

((خەوە شکاوەکانی ئێوارە))

چ بەرچەپێك بوو.. لەهەموو تەمەنما،
جگەرەیەکی ئالوز قەڵەمی چاوی
پەنجەکانم بوو.. لەچەرخی بەختەبارانیشا
چەپ گەردمە.. هەوری سەرنجەکانم

بازرقەی بەست لەناولەپی،

بەرتاوێکی ترسنۆکا..!

چ بەرچەپێکە.. کەپەیکی عیشق

چرکە، چرکە لەبەردەم ئاوێنەی زەمەنا

لەئاڵاو وێرێکا خوڕەی چەمێ دەفرۆشێ

شەرمەزارییە باران،

لەتەرمی خۆی نەپرسێ..

ئیتر بۆچی دائەکا..؟!

منیش لەپەسێو کەڤرێکی

ڕەقو ئاووسا، بێ ئاوێنە

هۆرەی شانەیەك، دێرەکانی پرچم

گەڵا ڕێزان ئەکا..!

گوزارشت لەچی بکەم.. زەمەن

بگر بگرێکە بەدبینم لەبار تەقای،

دەستی ئەو شەپۆلانە،

ئەڵقەیەك لەسۆز دەتاشن

بۆ پەنجەی دەریایەك، هەنیەی

کەناری بێ ماچی نەوڕەس..

پلە، پلە گوناە باڵادەکاو

هێدی، هێدی پەنجەرەکانی متمانە

لەکاڵێکی کاڵەوە سەرئەکا..

ئەوەتا دانەکانی ئۆقرە، قەرز دەکرێ

بۆ زەردەخەنەی لێوی ئەو کەوشانە

لە ئامێزی قاچێکا، قەیتانەکانی میزاج

گرێی ئاینو ئۆینە..!

چەندە بەیدەستم لەهەڵەتەی،

ئەو تاڵە ڕووناکییانە، تامی ئۆقرەیەکم ناکەنو

دەنگی تاڵە قژ ێکی تاریکیم،

لەباخچەیەکی سپی یەوە نارِنن..

لەبانێژەی ئەم دەستانەوە،

کە تەنیایی فەرزەندەمە.. تکای گەڵایەکی،

سرك بووی.. ڕژایتە ووردە خۆڵەکانی خوێنم..

مێملی مەحشەری باوێزە بوویتو

عاتیفەو لەناو شووشەی ناسینما

هارِەی بەردێك بوو،

فرە هەڵچوو..

بەدبینمو شکستە بەخت..

لەکۆکردنەوەی ئەو عاتیفانەی،

خەویان دەشکێ

بۆ چڵە نێرگزێك، لەپەیڤی

پەرداخێك ئاوا..

نەرم، نەرم هەناسەکانی

عیبادەتم دەڕووخێ..!

بەدخوو نەبووم لەبینینی کچێك

لەڕەوەزی پرچەکانییەوە..

لەنجە، لەنجە نازی جوانی دەفرۆشێ

هەنگاو، هەنگاو هێشووی پێکەنین

لێوی دەچنێ...!

وەلێ پێم شەرمە ئەی عەبەس

لەگیرفانی گەردونا،

بەدخوو بوون تامێکی هەبێ لەقورسی

لەکاتێکدا.. مەمکەکانی ترازوو

یەکێکیان لەئاسمانا،

باڵا دەگرێو

یەکێکی تری لەزەوی.. چینەی

خۆڵێك دەکا، لەچاوەکانی

خۆڵەمێشەوە، مژدەی

وەرزی وەرین..

*      *      *

چڕی دووکەڵا لەقەناعەتی،

ئاگرێکەوە دێ..

سەرخۆشە لەخواردنی،

نووزەی ئاوێك..

کەفیژەی پڕە لەبڵێسەو کسپە

ڕۆحی وەریوی، لێوان لێو،

لە مەلی ئەوین..

یەکتریمان بزرکرد.. یەکتری..

کات خێوەتێکی نەبوو،

هەبای ئەو سۆزانە کۆکەمەوە

کە لکابوون بەسمێڵی ڕەشەباوە..

ڕەشەبا ماڵێکی نەبوو،

دەزوولەی ئەو ڕەنگانە کۆکەمەوە

لەمێژووی عیشقەوە باوێشکی ئەو

حەرفانە بدورمو بیان خەمە سەر

لافیتەکانی ئەزەلەوە..!

یەکتریمان بزرکرد.. ئەی عەبەس

پووشوپەڵاشی هێلانەیەك نەبوو

لەدڵی درەختێکا

شەو بەکراسێکی سەوزەوە بنوێو

لەرەی لاسکە گیایەك،

قوڵپی قاقا بگرێ..!

ئەم نهێنییە پڕبوو،

لەسۆناتای ئازار.. نەك

ئاڵووالای ڕزاوەی خەیاڵ ...

لەناو ڕیشی ئەو ئێوارە

سپی  پۆشانەدا..

کە هێشتا زووبوو، چریکەی قفڵا

بدرێ لەیەخەی شەو

لەمیحرابی چاوەکانتەوە،

هەڵوەدای نوێژێك بووی

نزیکوکا لەئاستانەی

عەرشی عیشق..

ئەوەندە هەڵوەدا بووی

لەخولی زیکرێکا.. دەبوویتە

ئیمامێکی سپیو سەلەفی،

بەنزایەکی با پێچەوە،

بەترسێکی پیرەوە.. پلاکی دەستو پەنجەکانت

تەزووی دەگرت لەختووکەی،

پرچی ئەو مۆمە خنکاوانە،

زەمەنێك بوو مەرگ لەتەکاندنی

جەستەیاندا، پەپولەی قەقنەسی
دەوەراندو دەرگای فیردەوسی
دەخستە سەر گازەرای پشت..
ئەمە دامێنی دەسماڵی ئێوارەیەکە،
لەهەڵا کردنی ئاوابوون دەترسێ
ئەستێرەیەك دەنگی نەڕژێ..
من لەزووەوە پێم ووتی، گەر
گڵۆپی چاوەکانت عیشقیان تیانییە
سکوتیان کە..
درەنگەو مانگ تەسلیمی کرد
وورشەی ستیانی،
بەتەمو مژی لێوی سپێدە..
درەنگەو زەمبیلەی گێلاسەکان،
لەباخچەکانی پیاوەتیا
پیربوو..
ئاسمانی قژەکانی شەکەت بوو،
لەچنینی بەفر..!
ئەمێستا مەرگ لقێکی کەسکە لەمیتاڵا
پەیتا، پەیتا لەمومارەسەی عیشقا،
سەرقاڵم دەکا..
درەنگەو خەوەشکاوەکانی ئێوارە
سمکۆڵانی بوو، لەپێ دەشتی مەراقا
نەك کورژنی باخچەیەك
لەڕازاوەی خەیاڵا، درەنگە ئەی
عەبەس، درەنگ..!!

سلێمانی ١٩٩٩/١٠/٢٢

((دوا مۆڵەتەکانی تاڤگەی برین))

لەپشت ئەو دەرگا ئاسنانەوە،

کە جیڕەکانی دەڕشێنەوە،

تارماییەك خۆی خەرج دەکا..

بەبێ ئەوەی پێڵاوەکانی،

بەجێ هەنگاوی خۆر بۆیاخ بکاو

بەبێ ئەوەی کفرەکانی دەروونی،

بەخوڕەیەك لەڕووناکی بشوا..

تارماییەك خۆی خەرج دەکا..

ترساوم.. ترساوم لەوپێست،

سێبەرەتەریکانەی کەبەقەد،

باڵام ڕۆچوون..

زۆر لەوە ئەترسم، لەلیستی خەم خۆرکدا بم..

بەتۆمەتی عیشقێ،

لەناو مینا بەندی گاردی ڕۆحیانا،

هەبای تیشکێ بشنەوێ..

کە پرچێك لەباران تەڕم دەکا..

شکۆفەی خەمە خامەکییەکان

لەناو فەنەری دەستەکانمدا،

زرینگەی گوارەی مۆمێکن
منالیم پردەکەن لەو قاقایانەی،
لەچاوی کانییەوە هاتنو لە
لێوی گوڵە هەنارەوە شنەشن...
نەوەك خەییام مەستانە ڕوانیم
نەوەك(انا الحق)ی حەلاج..
چ زوو، منالی و چاوی کانی،
بەفەتوای کوێربوون حەڵاڵ کران،
چ زوو چ زوو...
ئەی تارماییە هەڵواسراوەکانی،
عورفـو عادەت..
من لەدەرگای ئاسمانێکەوە هاتووم
لەژێر پەراسووی ئەو بارانە،
شەهوانیانە نەباریم، هەتا وەك
زولێخا ئاسا..
دەرگاکان یەك لەسەر یەك داخەم
بەتەقەڵی قفڵا بیان دورم..
ئەی ئەو شەبەنگانەی بە لەسەبوون..
لێم گەڕێن، لێم گەڕێن..
ئەوە تەرمی خۆشەویستیم،
بەگسکی پێڵاوەکانتەوە خەوتوو
بەئاوی دەست نوێژەکانتەوە مەحف..
من چریکەیەك لەچڵەکانی سێوو،
ڕەنگێك لەموحیبەتەکانی ئاو..
چ میحنەتی چرایەك بوو بەفەلسەفەی،

فووەكانی هیچ..!

گۆشەی خەڵوەت خەتم كەم و

لەحوجرەكەی شەمدا خەوەنووچكەیەك

چاوەكانم بخوا.. ئەندێشەم زەخرەفەیەك

هیچاو هیچ

چ مودمینی چرایەك بوو بەپەنجەكانی با

لەتێك لەدووكەڵی،

لەعومری ئایەتێكا.. نەژیا

عیشق لەڕۆحما تەئویل كا..

یوسف ئەی كوڕە سنەوبەرەكانی،

باخچەی یەعقوب..

تاڵێك لەو بۆنە كەسكانەم، بۆ واڵاكە..

با ئەشكی چاوەكانم داگیرسێنو

گلۆڵەیەك لەقاقا بوەشێنم بەباڵاتا..

یوسف ئەم حەزانە مناڵن پیریان مەكە

ڕووت بەرەوە لەجوانی، ڕووت..

دارە، دارەی ژەنەراڵی درۆ لەناو

ڕەوڕەوەی زمانتا وەلكەو

چەند دەنكە تریفەیەكی هەڵۆیی

لەماڵی ئەو تەوارە كوێرانە بهاوێژە..

كە شوویان نەكرد،

بەڕیشی شەو

یوسف، لەپەیژەی ئەو حیكایەتە ڕزیوانە،

گەڕێ.. بەئیمزای خورافەوە

دەگەنە عەرشو

بەچەپڵەی شەهەوەتەوە،

سەرخۆش..

من کچێك نزیك لەهەوادارانی،

خواوەند..

یاخی لەدەرگاکانی فیردەوس..

وەلێ زمانی دەرگاکان بۆ ئەو ژنە

فەخفوریانە تەرجەمە ناکەم و

چەقۆو چەتاڵیان نادەمێ..

هەتا حونجەی بکەن..

توێکڵا لەپرتەقاڵا

بێ بەریم لەو چرکە ساتانەی

نور لەباڵای تۆوە بتکێو

جریوەی برینیش لەقەفەزی،

دەستی ئەوان..

یوسف ئەمە ئارشیفێکە

ڕستەکانی ئایدیاڵا

بەووشەی تەپو تۆزەوە،

گرێی داوە..

دوا مۆڵەتم قبوڵا کەو لەتاقگەکانی برین،

حەشارم دە، حەشار..!!

سلێمانی ١٣/٣/١٩٩٩

((وەحشستان))

لەئیقاعەکانی شەوەوە،

فێربووم نسێیەکی فێنك بکەمە بەری

گەڵای ئەو درەختانە،

کە ئەڵهایانە لەدەست ئەو تەیرە زەندیقانە،

جریوەکانیان قیژە دەکێڵێو هێلانەکانیان

لەوڕۆحانە جڵەو کراوە..

چەپکێ هۆش ئولفەتی،

قانوونی ئەو پووشانەن،

کەنەسیمە کاڵەکان لەناویانا

لۆژیکی حیکمەتێ فێربوون،

نەزەڕەی حەرفێ گریان دەگرێو

نەکاژی وشەیەك پێ دەکەنێو

نەئایەتی نەشئەیەك باڵا دەگرێو

نەلەنجەی هۆرەیەك خەمەکانی دەشواو

نەسروتی عیبادەتێك نوێژەکانی،

نزیك لەخوا..!!

لەپێچێکی ئەو ئیقاعانەوە تۆم ناسی..

نەمزانی تۆش لەخێڵی تەیرەکانی..

زەنديقانە غەريزەی فڕين لەديواری،

ڕەشەباكانەوە دەڕژێنیو

زەنديقانە بزەيەكی سەفەری،

لەسەر لافيتەی لێوەكانتەوە،

ئيحا دەكەی..!!

نەمزانی تۆ سەربەفكری ئەو،

ئاوەخەوتووانەی،

پێكەنينە نەگەيشتووەكانی باران

بەسنگی سەردابە پيرەكانەوە

هەڕاجەو

جەستەی جۆگە قەيرەكان،

پڕلەبرينەو

كێڵگە بەدەست كوڕەكانی هاوينەوە

وورتەی بێوەژنە..!!

نەمزانی تۆ سەربەئينتيمای،

چ باخچەيەكی ساردبووی،

لەكوێوەهاتی؟!

لەمەعشەری گوڵەوە،

يان لەدڕكە مەئيوسەكانی زەمهەرير..

خەتای كاميان بوو..

وێران بوونی ئەو هەموو سۆزانە،

مەحكوم بەوادەی وێڵگەری..

خەتای كاميان بوو..

عيشق بەرەو گوناهی گومڕايی

ملی ناو.. خەياڵا مەيزەدەی،

خۆڵەمێشێکی عەدەمی..

نازانم بۆ نەمزانی.. لەقاموسی یادما

تنۆکی فەهرەستت،

گۆش نابێو پێ ناگرێ..

خەتای تاریکی نییە.. عەقیدەی پووشێك،

زیکری باناکا..!

لێ گەڕێن بانەعرەتەی ئەو ئەستێرانە

تاریکی بخوازێ..

بەرلەمردنی مەلەکووتی ئیحساسم

لەتاریکی گەڕێن..

کێ دەڵێ.. لەژێر هەر بنچکێکدا

پەرداخێك لەڕووناکی فڕناکا..!!

ئەمە چ وەحشستانێکە، ناخودا..

پارچە شکاوەکانی عاتیفە عومرێکە

لەناو هەناوی خەلیقەتی بەهارنامەوە

بەسەوزییەوە سەرا سیمەنو

کەچی لەگیرفانی ئەو کۆلانانەدا دەگرین

سەردەمیك بوو ڕیشوەکانی سۆز،

لەهزرا توحفەی کاغەزێکی پووچ بوو..

سەردەمێك بوو عیشق،

ئاوێنە لەتەکانی لەوەرزی غوبارا

بینیبوو..!!

ناخودا.. زەمەن سەوزبوونی

وەحشەتە..!!

سلێمانی ١٩٩٩/٩/٢٠

((بچووك بوونەوە))

چۆن گەورە دەبێ نیشتمان..

کە ئەلفابێتی عیشق، بەئازارە

لەسنگی بەندەنو شاخی..

کە جەنگەڵستانەکانی نتم- نتم

گوێ ناگرن

لەدڵی سێوێك هەتا لە،

سیاسەتی عیشق بزانن..

قوڕو قەپێك دەمیان دەدورێو

ختووکەی جورئەتێك لەباران

قەرز ناکەن...

لەوێوە خنکانێك دەزێ

نیشتمان لەوێسگەکانی

هەڵەدا ئەتك ئەکرێو

گیانەڵا پلە- پلە ڕۆحی

دەمژێ..!!

*　　*　　*

چۆن گەورە دەبێ نیشتمان

چۆن پێڕۆکە دەبێ پلەی پەیژەی..؟!

هەرچەندە چارەنووسمان لەتریفەی مانگ،

دەکڕی.. کەچی هیلالمان لەژێر نینۆکی

شەوەزەنگێکا، هەڵا دەکورما..

هەرچەندە ئاوەزێڕی گوارەیەك

لەبەرەبەیانی گوێیەکی نیشتمانا

شنە، شنی دەبوو..

کە بەر پرتۆکێ دەکەوت

لەنیوە ڕۆژێکدا خۆی ووندەکردو

دەبووە کلیلو قفڵی بێ گوێو

لەکەپکە زبڵدانێکدا،

دەنووستو ئاوادەبوو..!!

چۆن گەورە دەبێت نیشتمان؟؟

نائومێدی لە لێوی شەقامەکاندا پیاسە دەکاو

لەشەوە رەنگاوڕەنگەکانیشییا بچووك بوونەوە...!!

١٩٩٩/٥/١٥

فەرهەنگۆك

ئاچەر: کلیل

ئافزین: بڵندایی نێرینەی ئاو

ئاران: دەشت: جێی زستانەی کۆچەران

ئاژین: ئاودانی دەغڵو مەزرا

ئاستانە: بەردەرگا

ئاڵشت: ئاڵا وگۆڕ

ئاڵۆز: حەسرەت: خەم: ئەشکەنجە

ئاڵوودە: مەفتوون: گرفتار

ئاوەز: عەقڵ

ئایینو ئۆین: فڕوفێڵ

ئەزبەرکردن: لەبەرکردن: رەوانکردن

ئەفەرۆز: ئیهمال: گوێ پێ نەدان: ئایاغ

ئەنکێت: ئیستیمارە

ئەلەند: بەرەبەیان

ئەوك: قوڕگ: گەروو

ئۆرگان: ئەندام: زمانحاڵ

ئیرۆس: خواوەندی ئەڤینیو زیندەگی غەریزەی ژیانو بەردەوامی جووڵە

باداوە: کرێوە: تۆف

بارتەقا: بەرامبەر، هاوسەنگ: هاوتا

باهۆز: گێژەڵووکەو بای کوێستان، گەردەلوولی دەشتو بیابان

بارزقە: دەرپەڕینی لەناکاو بەخێرایی

باوێزە: میوەیەك با بیوەرێنێ

بەدبین: بینینی عاقیبەتی هەموو کارێك بەخراپە

بەترەف: فرەزۆر، لەحەد بەدەر

بەرچەپ: پێچەوانە

بەرخواز:تموح

بەرکاو: بنارو دامێنی چیا

بەرگێلە: هەیوانی بەردەم شاخو رەوەزو ئەشکەوت

بەرپەسار: لاپاڵا

بەقەم: رەنگێ زوو کاڵا بێتەوە

بەستۆك: ژنی داوین پیس

بەیدەست: بێ دەسەڵات

بژوێن: گیای زەمەندو چڕ

بێروون: چۆڵاو بیابان

پەرجۆ: معجزە

پەرگەنە: پەرشو بڵاوو شپرزە

پەڕەنگ: رەنگی تیشکی خۆر

پەژە: وڵاتی شاخوداخ

پەنگر: پشکۆ

پەیك: قاسد

پڕووشە: کلوی بەفر

پێ ڕەوکە: تازە بەسەر پێکەوتوو

تەتەر: نامەبەر: پەیك

تەژنە: تینوو

تژی: پڕ

تەلەسەنگ: بەردی گەورە: تاتە بەرد

تەوتەمیەت: کۆنترین پەرستگایە

تۆمەری: سەرجەم

تیرۆژ: تیشکی خۆر: ترێژ

جاوید: نەمر

جنات عدن: بەهەشتی ئارامی

جەدەل: گفتوگۆی توندوتێژ

جەخار: کەسەر: خەفەت

جیلوه: پیشاندان: نازو عیشوه

دڕدۆنگ: بەگومان

دڕکەزی: پەرژین

دەیجوور: شەوەزەنگ

دەرۆزەکەر: سواڵکەر

دیرۆك: مێژوو

چەپ خوون: عنود: منجر

چەپ گەرد: رۆگاری چەوتو ناڕاست

چەشمە: سەرچاوە

خایلە: خەیاڵا

خەرابات: مەیخانە

خەم خۆرك : زەوی قوت دەر

خۆرنەگەز: نسار: نزار: شوێنێك خۆری لێ نەدابێ

ساتمە: لەتەر: رەتبردن

ساپیتە: بنمیچ سەقف

ساکۆ: شاخی رووتەن

سەراسیمە: رامان: حەپەسان

سەرداب: ژێرزەوی سەرماوەز: دووادووایی پایز: دووامانگی پاییز

سەهەندە: ئاژاوەچی

سۆڵە: گڕی چرا بەکزی

سیخناخ: پڕ: چڕ

شکۆفە: خونچە

شەقژن: شەقەی باڵی باڵندە لەکاتی فڕیندا

شەمزاو: ژاکاو: وەریو

شەوسوو: بەرە بەیان

شێخەڵا: دەوەنی گەورە

رێژنە: رەهێڵە: لێزمە

زراف: قەدباریك

زەمەر: وێران

زەمهەریر: زۆر سارد: سەرمای سەخت

زەنگۆڵا: دڵۆپ: قەترە

زەنەك: شوێنی هەمیشە تەڕ

زەندیق: كافر

زیخەشینكە: تراویلكە: سەراب

ژینەژان: مەراقی گەورە: كۆسكەوتوو

قاقڕ: زەویەك كشتوكاڵی لێ نەكرێو گیای لێ نەڕوێ

قڕمژن: دەنگی ناڵەیەكی گەورە(تەقینەوە)

قەتمەر: مۆرێكی تێر

فەنەر: چرادان: شەمعدان

فەهۆ: شەرم

كاڤار: ناوچە: دەڤەر

كەدەر: خەفەت

كەرسەك: تۆپەڵە گڵی یەكگرتوو: كەستەك

كەڕەی بەیانی: بەپانی زوو: تاریكو روون

كەڤاڵا: تابلۆ

كەڤر : تاوێر گاشە بەرد

كەوەرەكان: كەنارەكان

كەوشەن: سنوور: تخووب: ئاقار

كەوێلا: خانووی ناوباخ: ئەشكەوتی بچووك

كەیل : خەمو خەفەت(دڵم پڕ لەكەیلە)

کۆکەنی کرد: گیا رنینەوە: دەسکەنە

کێوماڵا: هەرەوەزیو گەڕان بەدوای شتێکی ونبوو لەدەشتو کێو

گرێشمە: تەماشاکردن بەکەلای چاو لەگەڵا نازو عیشوە

گەرمژ: گەرمەسێر: گەرمیان

گەوگەو: قەف قەف

گۆڤەند : زەماوەند

غەوارە: بێگانە: پەرگەندە

غوتە: رووبارێکە لەدۆزەخ پڕە لەپیسایی

مەستوورە: داوێنی پاك: محبوب

مەکۆ: بنکەو شوێنی یەکگرتنەوەو کۆبوونەوە

مەزرا : کێڵگە

میحنەت: بەڵا: کارەسات

مینابەند: شوشەبەند: شوێنێکە شووشەکاری زۆری تیا کرابێ

مێملا: دوژمن

ناخودا: مەردووی: ستەمکار

ناوێزە: دەگمەن : شاز

نژیار: ئاهەنگ گێڕان

نەینك: ئاوێنە

نێسکە: لەنجەولار

لەیلاخ: کوێستان

لیپاولیپ: لێواو لێو: لێوان لێو

هاموون: چۆلایی، بیابان

هەبا: ئەو تۆزقاڵە وردانەن لەتاریکایی دا لەناو تیراژی تیشکدا بەدەردەکەون

هەردەگێلا: پەڕاگەندەی کێوان: ئاوارەی کێوان

هەژموون: دەسەڵات

هەترەبوون: بڵاوبوونەوەو پەرت بوون بۆ گیان لەبەران

هەنیە: ناوچەوان

هەڵەت: شوێنی سەختی چیا

هەڵەمووت: هەزار بەهەزار

هەودا: تاووی دەزوو: داوە بەن

هۆڕژن: پڕمەی گریان: دەنگی گریان: شەپۆڕ

هوەیدا: ئاشکرا: دیار

وەتاغ: دیوەخان

وەچی کرد: چەکەرەی کرد: چووزەرەی کرد

وێژار: گوزارشت: حیوار

ویقار : لەسەر خۆ

یەغباڵا: چارەنووس: بەخت

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وزەارەتی رۆشنبیری

بەرێوەبەرێتیی گشتیی چاپوبلاوکردنەوە

زنجیرە ()

رۆژ هەڵەبجەیی

- ناوی کتێب: ( نه‌ خوڕه‌ی ده‌رگایه‌ك .. نه‌ قومێك كه‌س)
- بابه‌ت: شیعر
- نوسه‌ر: رۆژ هه‌ڵه‌بجه‌یی
- كۆمپیوته‌ر: شیلان نوری
- سه‌رپه‌رشتی چاپ: عه‌تا مه‌حمود
- چاپخانه‌ی: وزاره‌تی رۆشنبیری /سلێمانی /٢٠٠٢
- تیراژ: () دانه‌
- ژماره‌ی سپاردن: ( ) ی ساڵی ٢٠٠٢ ی وه‌زاره‌تی رۆشنبیری دراوه‌تێ

پێشكه‌شه‌ به‌:

- هه‌ڵه‌بجه‌؛
- دایكم..كه‌ كیمیاباران هه‌ناسه‌كانی ووردوخاش كرد

- به دوو برا و سێ خوشکی شەهید ..

رۆژ هەڵەبجەیی

٢٠٠٢

ئەو قسانەی

کە پێویست نەبوو بیکەم

لە جوگرافیای شیعری کوردیدا کە من لە شیعری جیهانی بەکەمتری نازانم ئەگەر زیاتر نەبێ.. گەلێ ناوی مێینە جێگای بڵندیان داگیرکردووە و گەلێ کچە شاعیر و ژنە شاعیری کورد هەن توانیویانە ناوی خۆیان لە لاپەڕە درەوشەدارەکانی شیعردا تۆمار بکەن.

رۆژ هەڵەبجەیی شاعیر یەکێکە لەو کچە شاعیرانەی کە بوون بە ناوێکی دیار لە پانتایی شیعری ئەمڕۆماندا و شیعری رۆژ هەڵەبجەیی خەسڵەتگەلێکی تایبەتی هەیە لەوانە: رستەی درێژ و وێنەی لە دوای وێنە و زمانێکی سەخت.. سەخت وەك دڵی کچان.. روون.. روون وەك سۆز و میهرەبانی کچان.. من بەش بە حاڵی خۆم شیعری گەلێ لە شاعیرانی کورد و جیهانم خوێندۆتەوە و دەخوێنمەوە.. شیعری رۆژ لە هی هیچیان ناچێ.. رۆژ دەنگی تایبەتی خۆی هەیە.. بەڵام حزبێك و گروپێك نیە پروپاگەندەی بۆ بکات و ئەمیش پروپاگەندە بۆ هیچ حزبێك ناکات لەبەرئەوە رەنگە نەیتوانیبێ دەنگی خۆی بگەیەنێتە دوور.. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەیڵێم شیعری رۆژ هەڵەبجەیی دەنگێکی رەسەن و تایبەتییە و ئەگەر بیتوانیبایە سوود لە زمانێکی بێگانە وەرگرێ و لەرێگای ئەو زمانەوە دونیای گەورەی شیعری جیهانی بدۆزیایەتەوە ئەو ساتە دەیتوانی کاری شیعری گەورەی لەم کارە شیعرییانەی ئێستای گەورەتر بکات..

بەکورتی دەتوانم بڵێم رۆژ هەڵەبجەیی شیعرە و شیعریش رۆژ هەڵەبجەییە.. کە رۆژ هەڵەبجەیی دەردەکەوێ مرۆڤ شیعری بیردەکەوێتەوە چونکە هەر لە دوورەوە شیعری لێدەبارێ و هیچ باس و

خواسێکی دی لەلا نیە باس و خواسی شیعر نەبێ. لەهەمانکاتیشدا مرۆڤ.. ئەو مرۆڤەی کە رۆژ هەڵەبجەیی دەناسێ.. کە پارچە شیعرێك دەخوێنێتەوە رۆژ هەڵەبجەیی بیردەکەوێتەوە چونکە ئەم کچە سۆفییە یاخییە شاعیرە یەکێکە لە عاشقە هەرەگەورەکانی شیعر و وەکو خۆی دەڵێ: شووی بە شیعر کردووە.. جا ئیتر کوڕم دەوێ بتوانێ پردەکانی نێوانی ئەم دوو عاشقە (شعر و رۆژ هەڵەبجەیی) بڕووخێنێ.. رۆژ هی شیعرە و شیعر هی رۆژە.. یا دەتوانین بڵێین شیعر رۆژە و رۆژ شیعرە.

لەتیف هەڵمەت

سلێمانی

١٤ / ٧ / ٢٠٠١

سەرگوزشتەكانی نوچ

لەو دیوو هەناسە شكاوەكانی شەوی یەڵداوە هاتم و

هەرچی ڕۆندگی تاریكی بوو، كۆم كردەوە و

پێچام لە برینی تریفەیەك ..

لە كاتێكدا یەڵدا قیژەی شەوی،

ڕاخست بۆ نوچ ... !

لەو دیوو شەقامە مەحف بووەكانی مانگەوە هاتم و

هەرچی كەوڵی تارمایی بوو دام ماڵی و

تەنیایی ئەستێرەیەكم تل كردەوە

بەدەر لە قودرەتی نوچ ...

لەو دیوو بەندەرەكانی دووكەڵەوە هاتم و

خەیاڵی چۆلەكە گەمژەكانم، لە خنكان تەكاند و

دڵی شەفافیەتی قومێك لە ڕووناكیم دایەوە،

بە هەدەر چوو پەیڤە سەوڵەكانی نوچ ...

لەودیو كورسیەكانی شەڕستانەوە هاتم و

كورد سالاری

دەستەكانمی پڕكرد لە لۆژیكی،

هەندەسەی گولله و

ماتماتیكی تفەنگ ...

پێ ڕانەگەشتم چەند فرسەخێ، لە تووڕە بوونی هەورە سورەكان

ئاوی – ئاوی خاو كەمەوە ...

پێڕانەگەشتم دوو قسەی حەسرەت

لەگەڵ حەزرەتی بارانا بكەم و

پێکەنینی چەترێك بەردەمەوە

ئەوسا و ئێستاش ئەفەرۆزە نوچ ...

لەو دیوو قیامەتی قەڕنی فیردەوسەوە هاتم و

مەراسیمێك لە نوور و

تاجە گوڵینەیەك لە تیرۆژ و

ئینجانەیەك لە قیافەتی تاڤ و

شەکردانێك لە فرمێسکی بەفر

هەر هەموو ئاوێزان بە کۆڵانە قەموورەکانی نوچ ...

ئەفسوس، ئەفسوس فڕینی جورئەتێکم لێ نەرژا،

قامەتێك لە حزووریانا ببەستم و

پارانەوەی پەراسووی پەروانەیەك،

لە تاڵە دەزوویەکی ئاوێنەدا بشارمەوە

هەتا دڵۆپە خەسێنراوەکانی گەڵای چرایەك ژیرکەمەوە

لەسەر لێواری وێردی سۆفییەك،

نەبوومە ژنی خەڵوەت و نەموێرا،

نەموێرا هەتا ماچەکانی تاریکی بە عوملەیەکی زیکر

لە لێوەکانی شەو بکڕمەوە ...

لەو دیوو شەرمە شەرابیەکانی حرمانەوە هاتم و

هەرچی لەفافی گریان بوو،

بەستم لە ئازارەکانی کۆترێکی دڕاو و

بە کاژی نوچێك فڕینی ئاسمانێکم بۆ کردەوە و

لاسکی ئەو گەنمە گێژانەشم پڕکرد لە ئاگا ...

هێشتا لە حونجەی پێکەنینێك نەگەڕابوونەوە

تەڕبوون بە ڕێژنەی مەراقی چرچ و لۆچ ...

هێشتا خوڕەی ستیانیان

لەهەڕاجی سپێدەیەکدا،

نەفرۆشرابوو بە سەبەتەیەك ماچی شنیانەوە

پێچران بە قیژەی ڕەنگا و ڕەنگ ...!!

لەو دیو مەزارەکانی عەقڵەوە هاتم و

هەرچی هۆش بوولێم کەوت و

بە ئایدیۆلۆژیای قەیتانی پێڵاوەکانمەوە، گرێم داو

لەناو فەقیانە فڕیوەکانی گەڵالۆژیای لاولاوا نووستم و

چوومە چڵی دڕکاوی سمێڵەی سلڤادۆر دالی و

لەمت بوونی ئەو شەخەڵەوە،

تەدارەکی تەوتەمەکانی نۆچم تینوو کرد

بە ئیمارەتی گژ و گیا وهەرلەوێ ڕا

مارشەکانی شەڕم گسك داو

گوشم کردە ملوانکەی لەیستۆك،

بۆلا ماڵی باجێنە و لوولەی تفەنگ بە گۆچانێ

بۆ ئەو هۆرە پشت قەموورانەی،

هەر هەنگاو دەچڕن و ناگەنە جێ ...!!

ڕوخسەت هاوڕێ ڕوخسەت

ئەوە منم زەمەن رۆحی نۆچدانی پێ نەبەخشیم

لە فەرهەنگی هیچ شەریعەتێك ...

کەچی زەردەی خۆرئاوابوونی کەلی لێوەکانت و

تەرزەی قوڵپی ئاگری فۆنەتیکت و

هاژەی تیشکی دڕکەزی چاوەکانت

بەرماڵی نوچم پێ ڕائەخا و

شەوی عەقیدەم بەو موناجاتانەوە شەتەك ئەدا،

پێش ئەوەی سپێدە لە خەو هەڵسێ و

پرچەکانی بە ئاونگ ببەستێ...

پێش ئەوەی گزنگ باوێشك بدا و

شەپۆلەکانی بفڕێ ...

پێشئەوەی خەتای خۆر پەڕەنگی ئێوارەی

لە کۆشی دەریادا بوکتێ و

لەنجەی بایەکی سوور بپۆشێ

پێش ئەوەی قریوەی تاریکی،

لە ئامێزی شەودا راکشێ و

مەستانە ڕەش ڕەش ورد و خاش کا

گێلانە سپی، سپی ڕوت و قووت هەڵ کا

پێش بیسمیلای هەموو ئەو ساتانە

منی شپرزە خافڵانە نوێژ لە میحرابی رۆحتا ئەکەم و

دەچمەوە پەرستگەی پەراسووەکانتەوە و

نوچ ئاوا و حەوا ئاسا

پۆستی پاڕانەوەی گوناهێك،

دەدەمەدەستی خوا ... !!

ئێی هاوڕێ زەمەن ڕۆحی نوچدانی پێ نەبەخشیم

لە چڵێ فامی قەرارەوە، تا چەپکێ فەلسەفەی قانوون

تۆ سەیری باڵەخانەی هزرم کە، فڕیوەتە ئاسمان و

پێشبڕکێی هەور ئەکا ...

نوچی نەداوە لە بەردەم قاچی گەردەلووی

مەحشەری تیرۆر و

سمێڵی گاشەبەردی سورمە چنی هەرەس و

پرخەی باهۆزی کوێستانێکی کوێر و

پرچی گریاوی چوار کەژاوە، شەڵاڵ لە دابڕان و

زنەی خنکاوی سەرمابردووی چاوەکانی ئاو

بە باڕێزەی چاوەکانت قەسەم نوچم بەرنەدا ...

لەبەردەم شڵپ و هوڕی درۆی سێبەرە کەڕەواڵەکان و

ترپەی پێی پۆساڵەکانی جەبەرووتی ئەنفال و

ڕەنووی قوبەکانی منارەی بەفر، لە سنگی شاخ و

بە کیمیابوونی هەڵوژەی گریان،

لە بیلبیلە ڕوخاوەکانی هەڵەبجە و

ڕژانی گەنجی خۆر، لە دوای عەسرێکی ترساو،

بە سەهەندی چاوەکانت قەسەم نوچم بەرنەدا ...

هاتم بۆ ئەوەی چەند دڵۆپێك، لە دەنکە هەناری

ئەو خەیاڵە مێخۆشانەی کە لەژێر

ووت وێژی پەنجەکانمدا ڕوابوون

تژیان کەم لە تۆ و لە تۆ موتوربەیان کەم ...

تۆ ئەو ڕەنگاڵە بێ ڕەنگە بووی

خەوت لەو درەختانە حەرام کرد،

کە خۆیان پۆلێن کردبوو

بە هەمیشە سەوز و

نەچنە گونگرەی پایز و

پێکی ڕەشەبا نەخۆنەوە و

جزدانێ لە ئۆرجازمی هەتاو بەهاریش

لەناو مەمك بەندی گەڵاکانیانا بشارنەوە

کەچی تۆ بە دارلاسیکی شیعر

ئاوەدانی خۆرت لێ ڕاوکردن و

گەڵا، گەڵا سەوزیت لەناو دەستەکانی

تەورا کوژانەوە ... !!

ئەوە تۆ بوویت هەرچی خێڵی عاتیفە بوو

لەسەر ئێوارەی لێوەکانتەوە مەیی و

ئەوە من بووم نوچم دا ... لەبەردەم

خنکانی خایلەم بە عورفی ئەو

باخچە شەکەتانەی

نە مەمکی جۆگەیەك تنۆك تنۆك

خۆی دەچێنێ لە سنگیانا و

نە ڕاکشانی لەوەڕگایەك نم، نم

کەروێشکە دەڕژێنێ لە یادیانا ...

وا ئەزانن هەرچی پرژەی سێبەرە

لە هەلهەلەی شکۆفەیەکەوە زاوە

مونافیقانە دەیکەنە کەپری باڵایان

کەچی ڕەهێڵەی گسکێك دەیان پێچێ

بەسەرئێشەیەکی باوە ... !!

لە تەڵانەکانی رۆحیانا نوێنەری دارگوێزن و

پێچێ لە قاقای سەوز بوون،

لە مێزەری دار بەڕوو یانا نەماوە ...

لە ئاستانەی ئەو عوروف و عادەتە ڕزیوانەوە هاتم و

لەبەردەم تایفەی سکونە سەلەفییەکانی تۆ

سەخاوەتی دەرگایەك نەبوو،

جیرەکانی کۆکاتەوە و فەرموو

لەوباڵندە ساڵ خوردانە بکات،

عیشق لە شادارستانی باڵەکانیانا

(ئەلیف . لام . میمی) پێغەمبەرێکە،

شەهیدکراوە ..

لە ژێر مەچەکی شیعرا ..

قوڕمیشی پەنجەرەیەك نەبوو لاهوتی

لەرەی عاتیفە لە لێوەکاننیەوە عبور کاو

فەرموو لەوکزە بایانە بکا،

کە ئیقاعەکانی شەو دەیان گەزێ و

ئۆقرە لە لەپی دەستیانا کفرێکی هەتیوە و

بۆ ماڵەکانی خوا ناچنەوە ...!

هەموو ئەمانە منیان ڕوخان و

نوچم بەر نەدا ...

ئەی هەموو مەعشەرەکانی نوچ

تاوێك سورەتی فاتیحە

لە تاقی خەیاڵتانا هەڵگرن و

تەماشایەکم بەنێ بە ئیرۆسیەتی پەپولەیەك و

قومێك لە ڕوانین بە عاریفانەی گولێك

تەماشایەکم بەنێ، تەماشا ...

ئەمن زاهیدێکم و هەردەم گیای ماندوو بوونم،

نسێ دەجووێ و

لە کۆڵانی تەسکی تەڕایی خەوێکدا

هەرچی نەزیفی خەمە،

بەشەپۆلی شنەیەکەوە گرێی دەداو

نوچ بەرنادا ...

هەرچەندە کاسێك لە ئەوینم بەژەهر،

ئیمزا کرد و ... ئیزافەم کرد بە لەهجەی زیکر و تەهلیلە

ئەمە سۆلینی خەتا نییە ...

خەتای گوڵ ئەو کاتە موفەڕکە

بۆیەی پەنجەکانی نەزری دڕکە ..

بە شاهیدی خوا و

بە چاندنی ئەلیفی یەقین و بە خورافەی

یایی چاوەکانت ئەشهەدوو

ئەمە لافاوی نۆچێك بوو...

لەتەك هەناسەکانی مردنا،

گۆرانی کولێرەیان دەناشت و

لەودیو ئاقارەکانی خەراباتێکی مەلوولەوە

هەر بە هۆشی ئاوەوە،

میزاجی گریانیان دەڕووشاند

وەلێ لێویان لە ماچی تراویلکەیەکی

خەوتووا دەخرۆشا و

عومریان لەسەر لەپی،

گەمەکانی چاوەڕوانیا ...!!

٣١ / ٨ / ٢٠٠٠

سلێمانی

که گەڵاکانی شیعر ڕەو دەکەن

بە هەموو ئەو شاعیر و نوسەرانە

پێشکەشە کەبەرەو هەندەران دەفڕن

لێ گەڕێ هاوڕێ، لێ گەڕێ ...

به چ میتۆدێك جەورستان كۆكەن دەكەیت و
بازگەی ئەو شەوە لەت كراوانە، متەق دەكەیت
كە شەونخونی بۆ نیشتمانی نووسی ..
بە چ ڕێ و ڕەسمێك دەچیتەوە بۆ پاركی ڕۆمانسیەت
كە نیشتمان لە زیندانی جانتاكەتا،
مان دەگرێو ... لە مەراسیمی سەفەریشا،
خۆی هەراج دەكات ... !!
لێ گەڕێ هاوڕێ، لێ گەڕێ ...

سیمای حەسرەت و كۆكەرەوەو
(پەیكەری ووشەكان) بخەرە ڕستەی كەڤرێكەوە و
بە پەنجەكانی سێلاخ شەتەكی بدە ..
لەبیرت نەچێ، هەنسكی بەفر لێت نەدزێ و
ئەو هەورە ساختانە بە پێكەنینێكی ساختەوە
نەكەونە ڕاوی چرپە شیعرێ ... !
كە دەهاتم بۆ لات ڕەهێلەیەك لە ئارامی
دەڕژایە ڕۆحمەوە و لەحزەیەك،
لە بیابانی توڕە بوونم هەڵ دەسپارد،
بە پشتی ئەو كلیلە تەڕانەوە،
كە دەرگای شیعر دەكەنەوە...!
شیعر، شیعر ئەی یەكەمین ترین هاوڕێی ئیرۆسم
چما چەواشەم .. كەچی لەو لەرەی ڕەوە گریانە چەواشەم
كە ڕۆژانە دەفڕنە زمانی چاوەكانم
ئامان شیعر، ئامان چ وادەی كۆچە ...

لەم زەمەنە بێ شەرەفەدا هاوڕێ،

هەرچی بڵێی ئۆقرەو ئەدرەسی هانا

لەژێر ئاسمانی باڵی فریاڕەسێ،

زبڵدانێ لووشی ئەدا ... تکا دەکەم،

کە ڕۆشتی .. ئاگات لەو جانتایە بێ کە بە قفڵەوە

چوەتە ترۆپکی شانت ...

نەهێڵی دەنگیشت قفڵ دا ...

ئەمرۆ سەرتاپا جەستەکان، بوونەتە بۆسەو

کڵاوی پەیڤەگان حەربە ...

نەکەی چرای بێ دەنگی بە سنگی ئەو

دیوارە کوێرانەوە هەڵواسی،

پڕن لە مەمکی بێزاری ... بێزاریم ووڵاتێکە هەراش

گوێ قوڵاخم بۆ زەینێك، بمباتەوە بۆ دوێنێ ..

دوێنێی پڕ لە عیشق و ئاوەدانی ..

دوێنێ هێلانەی چۆلەکەیەکم چاو کرد ؛

لێی نوسرابوو نیشتمان چەندە گەورەی،

ئازادی ئەو جریوانە کۆدەکاتەوە،

کە خوێن بوە ڕابەری ...!

حۆلیم ژمارە یەك بوو

کە پووشە پروشەیەکم لەو هێلانەیە نەخواست ...!

دوێنێ لە زمانی درەختێکی بێوەژنەوە

نامەیەك هات و ووتی ؛ نیشتمان تۆ داڵدەمی

هەرچەندە ڕەشەبا پەرچەمی پایزم لەت دەکا..

هەر خۆشەویستی ڕەشەبا

چونکە ئەم دیواو دیو شنەی قەموورم دەشێلی ... !

حۆلیم ژمارە دوو بوو

ئەو کەسە نەبووم تەرجەمەی نوونی

ئەو نامەیە لەلام زمان بگرێ ... !!

کۆتاجار ئەوە قەناعەتم بوو

تووترکی ئەم مەراقە ... لەو مەزرا ئاویانەوە دێن،

کە ئەنجومەنی ئەو جۆگە تاراوگانە،

نامەیەك بۆ گوڵ نانووسن ... گەڵای شیعرێکی قژخاو

لە خەراباتی مەقسەلە سەرخۆشەکانا،

لە سیمینارێکی شەهید بووندا،

دەکەنە گەمەی دەسگیرانی با ... !

توو ترکی ئەم مەراقە ڕۆژ نییە، بەرمووریێك

لە تووڕە بوون نەکاتە ملم .. ڕۆژ نییە

عیشقێك لە ئەسرین، لە نیشتمانی ڕۆحم دا

پرسە دانەنێ ...

هەڵوەریم بە بێ ئەوەی لە مانای،

فەلسەفەی ڤێستیڤاڵی مۆمەکان بگەم،

کە بوونە میوانی بەرۆکم و سورمەی چاویان

ڕژایە خاکی دەستم ...

هەڵوەریم بە بێ ئەوەی عیشق

قومێك سڵاو لەو پەنجەرەیەم بخوا،

کە بووە دەنگی خۆر نشین و ڕەنگی ئێوارەم ... !!

ئەی مەزهەبترین درەخت دەخیلتم

قوماری ئەم سەیرکردنە، لەناو سترانی

پەرداخێك ئاوا مەدۆڕێنە ... پلەیەك زیاتر

لەو ڕوانینە بکە بە سنگی چلێکتەوە

ئەمن مەلێکی شپرزەم و لە تقوسێکی سوریالیدا

نیشتمان بە ملوانکەی هەڵم ڕەنگ دەکەم و

گەنمی ڕەوانبێژی سکوت دەکەم ... !

کێ دەڵێ ئەوە هەڵاوی خۆشەویستی نییە

دڵۆپ، دڵۆپ ئەو مووروە شینانە

نەبوونەتە قردێلە بۆ ئیمزا کردنی قژم ...

کێ دەڵێ دەنگێك لە نووری ئەو

گوڵە گەنمە سکونانە لە حوجرەی دڵمدا،

نەبوونەتە جاڕنامەی پێغەمبەرێك ... !!

ئەی مەزهەب ترین درەخت ...

هوزارەکەی شیعر و باهۆزەکەی خەم،

پێش ئەوەی گریانی شکاو بێچی

بەخەیاڵ ئێشەی نیشتمانەوە

ڕووخسەت لە حزوورتا ئەدورم و

لە باڵەخانەی ڕۆحتا کەمێك سەراحەت ئینتیحارەکەم

مەقەستی ڕووخسەتیش لەدەنگیئەو شەقامە سەرگژنانە

ڕووان لە بناری دەنگما و ئەو سێبەرە زبرانەی،

شەوی ڕیشی مەولەویان،

لەچەند پێکێکا کوشت و

کوێستانی عەنبەرە عازەبەکانیش

هامڕای کاولاش...

سەراحەت بێژم هاوڕێ ...

لەبەر پشتێنی شاری ئەو درۆ گەورانەوە،

چۆن هەڵ دەكەم ...

هەندەران بكەنە باخی ئیرەم و

مێزەرەی تانجەرۆ بكەنە قوماشی هەڵم و

یەخەی حەرفە شڕێكی شارەزووریش

دوورگەیەك لە لم ... !!

٢٠٠٠/٥/٢٥

سلێمانی

دوا نوسینەکانی باران ..

لە نێو سرودەکانی حوزن و نمەکانی گریان

دوا نوسینەکانی باران ..

لە نێو سرودەکانی حوزن و نمەکانی گریان

ئەی باران، لە ئەوەجی فرمێسکا ...

لاسایی چاوەکانم مەکەرەوە

موتاڵای ئەو کتێبانە بکە .. مەشقی

ئەلیف و بێکانی مەحەك، بەمەیزەدەی عورفی وەحشەت .

تۆ سەیر کە .. زاکیرەی ئاویان داوەتە بەر

ڕەشاشی ئەو عەقیدانەی،

لە ئەزەلەوە سروتی بەرد ...

لە دوا دێڕی پەراوێزدا .. خەڵوەتگەی

عیشقیان داوەتەبەر، نزای ئەو کوفرە سادییانەی

ڕیشۆڵەی زەینیان، لە ئەزەلەوە خیانەت ... !!

چەندە قوڵە وەحشەت ئەی باران

نەکەی عاشقیان بی .. عیشق ئیمانێکە،

خۆی ئەبەدیەت .. !

وەلێ ئەوان شەجەرەیان لە بەردەوە بۆ بەرد

لەم هەڵکردنی فرمێسکانە،

تەڵانەكانی ڕیشی پیرێتی

حەزم لێ دەكا و .. دەشتی مەراق

سمكۆڵانیەتی، لە وەرینی تەماشایەكی تەڕ

لە پێچی پیاڵەیەكدا ... !!

لاسایی نەزیفی مێژووی فەلەجەم مەكەرەوە،

كە شووی كرد بە كوڕەكانی تفەنگ و

ئاوس بە باخچەكانی شەڕ ..

لە مێژە میتۆدەكانی .. تەنهایی گوڵێك

لە دیوانی خەیاڵات و

پێ خاوسی چرایەك، لەسەر لەپی حەسرەت و

پەژموردەی كانییەك، تژی لە پۆساڵەكانی بیابان و

خوێنی سێبەرێك، لە ڕێنووسە هەڵەكانی

ڕەشەباوە، تا ئەو سەری خۆش نووسینی

تەریقەتی تاوان ... لاپەڕەی ئەزمونی،

سیپارەی نیشتمانە، ئەی باران ...

ئەی باران حیكایەتی عیشقی گوڵێك مەنوسە،

كە تینوێتی تەنهاییە ...

تەنهایی مەزرایەكی هەمیشە سەوزە،

لەوەرزی یاداشت ...

ئەوە بنوسە ئەندێشەكانی،

دڵۆپەی سەخاوەتی لێ دەچۆڕێ

وەرە لە ئاوێنەی ئەم پەنجە نەزۆكانەوە،

ئینجانەیەك چاو بڕوێنە ...

ئەوەتا ئەوەندە سەخاوەتە ... بۆ پێكەنینی

تریفەیەك ئاو

ڕووت، ڕووت سیپاڵەکانی دەشنێتەوە ...

ئەوەندە سەخاوەتە دڕك

لەناو ستیانی مەمکەکانیەوە، ئاو دەخواو

پەنجەرەی یەقین لە سوچی گەڵایەوە،

چڵی قژی دائەهێنێ و

لەناو تووڵە ڕێی دووگمەکانی حوزنیا

جەدەلی بۆنێك دەیکێڵێ

قەترە ... قەترە فەنتازیا .. !!

ئەوەندە سەخاوەتە .. لە سەمای بەر پشتێنی،

پیاوە نێرگزییەکاندا فاتیحە تۆخ دەکا

بۆ ختووکەی زیندەگی و

ئینتیحار بە مانا دەکا ... !

لە تەنهای گولێك گەڕێ، ئەی باران

ئەگەر ئەشکت ڕرواند ...

تۆزێك لە خوار پێیەکانی چاوەڕوانی و بستێك سەرتر

لە قەفەزەکانی بێ ئومیدی ...

ناونیشانێك بنووسە .. هەنوکە سەرم

پڕە لەو مانشێتانە کە رۆژانە قەتڵ و عامی

سەبەتەیەك لە سپێدەی شەونم

لە ماڵەکانی گەڵا

لە ناوسیاسەتی ڕیشی خەنجەرا

چرۆ دەکا و...

پرسگەی دەفتەری ئاوەدانی لە شارستانی تفەوە،

تیرۆر دەکرێ و پایتەختی شیعریش

به موناجات و میزاجی دۆلار ..

لێی گەڕێ باران ...

لیستی ئەو درەختانە تۆمار مەکە

کە کچێنی خۆیان لە هوتافە خەسێنراوەکانی

بەردا ڕاخست و

پیاسەی کانیەکانیان لە سنگی

دارستاندا کوشت و

جۆگەلە ڕادیکالەکانی دەستی تۆش

لە مەزرای هەڵما ... !

لێی گەڕێ باران ئەمە ئەنتەرنێتی

خەونامەی هیچستانە، هیچستان ..

هیچمان لێ پیرۆز . کە سەدەیەکمان

پڕکرد  لە دۆناو دۆنی ڕۆحی قۆشمەیی،

وەك گۆرەوییە تاکەوتاکەکانی

دکتۆر فەرهاد و قالە شێتەکانی

باکور ژێربێژی ...

پێڵاوە تاکەو تاکەکانی، گزنگی وەحشەت و

زەردە پەڕی ئینسانی ...

خێڵە تاکەوتاکەکانی کۆتری شەڕ و

هەڕەشەکانی ئاشتی ...

سێدارە تاکەو تاکەکانی ... فیدائی خائین و

خاك فرۆشی پێشمەرگە ...

ژنە تاکەو تاکەکانی ... سەرابی شەرەف و

قداسەتی حەشەریی ...

عیشقە تاکەوتاکەکانی ... نەدیواری شەمع

نه لاولاوەکانی پەروانە ..

لێی گەڕێ باران ... مەنهەجێ مەنوسە

کە ررۆژەکانت تەڵاق ئەدرێن و

دڵۆپەکانت بێوەژن ...!

لاسایی ئێوارە تەڕەکانی دەستم مەکەرەوە،

مودمین بە پیربوونی گریان

بە حەسرەت و نیگایەکیتاکەو تاکیشەوە

هەزارەی سێیەم ... ئارەزووی دەچنێ،

لە هۆرەو لە وورتەو لە بۆڵەو

لە شەرگەی تاکە و تاك ... !

لە ئۆپێرای سرودەکانی حەرفی حوزنەوە

تاریکی شەوێك بانگی کردم،

بۆ گوێ ئاگردانەکەی خۆی

لەوێ نزای حیکایەتێ،

لە باخچەکانی تەڕترین بیابان،

بە ئولفەتی تەوقەکردنەوە،

دەستەکانمی پڕکرد

لە ئیمزای برین ... !

ئەمە نزای حیکایەتێ بوو

یان دۆڕاندنی قەتریەك فیردەوس

ئەم گوێ ئاگردانە دۆڕانە، دۆڕان

فریارەسێ ئەی باران...

لێت ناشارمەوە ... ئەوە حیکایەتی

درەختێکی بێ دەسگیرانە

هۆنینەوەی زامێك، لەسەر لێوی

گەڵاكانییەوە، چاوشاركێ دەكا و

شەوە و ناخەوێ ...

چرپەی چەند چاوێكی شەهوانی،

لە ناو سەعاتەكانی پاكیزەییدا، خەوەكانی میقات دەكا و

شەوە و ناسرەوێ ...

دەچێتە ماڵی هەموو پێغەمبەرێك،

شەهامەتی سورەتێك داوا دەكا و نازانێ ..

هاڕمۆنیەتی سواڵ لە سەر سواڵ ..

فەلسەفەی قاپێكە لە ناو عیبادەتی دەستیا

بێ عیشووە لەنجە دەكا و نافامێ ..!

كە دەزووەكانی هۆش،

پەڕەسێلكەی لەنگەر دەگرن

لە كەنار ئامێزی دایكەزمان ..

دەڵێ لە ڕێی خوا .. دینارێك

لە ئاوەدانی و ئاو ..

هەڵهاتووم لە دەربەندی لم و

لە لمۆزی گورگ و لە لمۆزی سەگ و

لە لمۆزی ئەبووجاسمەكان ..

نەزیفی چڵە ئایەتی لاپەرەیەكی ئەنفالم،

گەردەلووی بیابان، بە خۆی و لمە پێخاوسەكانییەوە

لاسكی قیژەی كچێنیمی لە ناو گیرفانی كێلەكاندا خەواند و

بە حوكمی قامچی حەرفەكانی تەمەنم

تك، تك كفنی هەتاویان دڕاو

بە دەم گریانی زووقمەوە

خوڕەی گەنجیم خەیاڵ، خەیاڵ بەستی

وێرای تاڵ بوونی عاتیفە،

بە ئیملاکانی هەرەس

هێشتا کەروێشکەی چڵە گیای پێکەنینێکم

لە ڕەحمی زوڵمەتا، مناڵی لێ دەچۆڕا ..

کەچی خەزانێك دایکرد، گەڵا، گەڵا

لە گوێسوانەی پرچەوە تا چرپەی پەنجەکانی پێ

بە دەم کەسیرەی پیربوونەوە، ژێر بووەوە

زەمەنێکە مەرگ تەڕی کردووم

وا چەند فرسەخێکە هەڵ هاتووم

دینارێك بۆ قەرزکردنی ئابڕوو،

لە ڕێی خوا ...

لە ناو مەزبەلەی مێژووی دۆڕان،

ئەم نزایەش بنووسە ئەی باران

لە دوا قوم و پەیڤی پۆرترێتی،

نمەی گریان و گیانەڵڵا ..

حوزن ڕوبارێکە شەپۆلەکانی

مشتێك کەنار نەماوە، قووتی نەدا ..

کەنارێ بۆ نەواری، ئەو گۆرانییەی

نۆتە، نۆتە هزری عاتیفە دەخاتە خانەی زبڵدان و

لە مومارەسەی نوێژێکی مەرگیشا

تفێك لە حزووری خەیاڵیا ئەفڕاند

ئەفڕاند لە حەژمەت

خەمی باوك سالاری نان و

خەمی دیبلۆماتی ئاو و

خەمی ئەو  پرچە شەبەقیانەی

نەگەڕانەوە بۆ ماڵ و شوویان کرد،

بە لێزمەی تاریکی و نەوەیەکیان خستەوە

لە وڕێنەی سوتماك

نۆتەی ئەم گۆرانییەش بنوسە،

ئەی باران .. لە نێو سرودەکانی

حوزن و نمەکانی گریان .. !

هەرەس، هەرەس ..

تۆ کە قامەتی گوڵ لەناو پێخەفی،

هەتاوا نابینی،

لەودیو بێستانەکانی تریفەوە چی دەکەی ؟!

تۆ کە نەتوانی هێلێکی خەڵوەت

لە جەستەی شەو بشکێنی

چۆن هێمنی دەخۆیتەوە

لە تووڕەبوونی برینەکانی چرا و

لە ئەتکردنی جووتە ئێوارەکانی پەروانە ..

وەهمە، وەهم

خەیاڵێکی کریستاڵی و بە عوملەکانی

هاروهاجەوە پێ نەفرۆشتم،

هەتا پەڕەسێلکەکانی حیشمەتم

لەناو مەعشەری عیشقا

لەرەی تاکێ لە سپێدەی

پڕبێ لە کڕێوەی منالّی .. !!

ئەم وەهمە گەمارۆی دام و

بژوێنی ئەو حەقیقەتانەی خنکاند،

کەچڵی پەنجەکانم ئاوەزی ترازا و

بێ هۆشانە دەفتەری ئەو

جەنگەڵانەی ئیمزا کرد،

شەرحی باڵێك نەبوو بۆ ئاسمان و

پیاسەی درەختێك بۆ شنیان ..

لەم وەهم خانەیەدا ..

دەسخەڕۆ بووم،

بە قومار خانەکانی چاوەڕوانی و

سەرئێشەکانی ئەو مەشایەخانەی، کوفریان کوشت

چ شەرێکی بەربەرییە،

عیشق ئەی خودا ؟ !

بێ هوودەمەکا و، بوارێکم پێ نابەخشێ

هەتا مەعبەدەکانی گریان پێ بگرێ و

لە کەنار خەونی بیاباندا،

قیژەی کانییەك باڵق بێ .. !

ئەی عیشق لە پەرداخێکی مزردا

تۆزێك بەرائەتم بەرێ و

چەند جریوەیەك عاتیفە ..

با ڕەنگی ئەو هەنارانەی پێ سورکەم،

کە لە پێگەیشتن پەشیمان بوونەوە ..

با دەنگی ئەو زەیتونانە ڕەنگ کەم

کە سەوز بوون لە ئارشیفیانا نەماوە .. !

ئەی عیشق، لەحزەکانی لەزەتم،

فڕێ مەدەرە ناو ئەو ماراسۆنە ئارناشیستانەی

لەفافی خەیاڵ، بە لاسکی ئەو قەدەرانەوە دەپێچن

عیشق لەناویا پێکی باوێژە هەڵ ئەدا و

لە کلتوری بە هارێکەوە،

سەبوری پەپولە پایزەیەك دەچێنن ..!

چ فیرعەونێکە عیشق ..

وەرە سەیری ئەم چنینی بێ ئومێدییەم کە ..

پارچە، پارچە مەراق،

لە ئاوێنەی تەنهایمدا،

گومانی ئەو مەلانە نەسخە كا

بارانێكیان بۆ درەخت نەنوسی و

نوێژێكی تەڕ بۆ مەزرا .. !!

ئەم حیكمەتی ڕیاییە تاكەی ؟

دەسنووسی ئەو پاساریانە،

بۆ نادڕێنی،

كە مەخسەرە دەكەن بە فڕین و

رۆژانە هەتاو لە مەمكی ئەو

درەختانە دەڕوشێنن

كە خولیا ئاوییەكانیان گۆرانی گرت و

قەترە، قەترە خورافەیان وەراند ..

تەماشایەكم بەرێ بە فیراق و

لە دەلاقە سپییەكانی پێكەنینمەوە،

نالەی ئەو كتێبانە بسڕە

لە كتێبخانەی تەمەنا، نەمخوێندنەوە ..

هاژەی ئەو پەڕانەی ئەز بەركە

عیشق تەڕی نەكردم،

لە شەریعەتی شێتیا ..

ئەی خودا .. دەڵێن عیشق درەختێكە

پڕە لە میوەكانی شەڕ

ویستم ئەوە نەبوو شەڕ بكەمە بەری،

ئەو گوڵە كۆچەریانە

شەو لە گیرفانی تاریكیانا

دڵۆپ دڵۆپ تەفسیرەكانی برژێنێ و

کازیوە لە لەپی دەستیانا مەحکوم،

بە چەخماخەی چەقۆیەك ..

نا ویستم ئەوە نەبوو

تینوێتی باخی هەڵوژە یەخسیرەکانم

بە تەڕایی قومێك لە ماندوویێتی چاوەکانت

بوەرێنم ..نا عیشق، وورتەیەك

لە مەعریفەی ئەم پەیڤینە کاڵ مەکەرەوە ..

چۆن دارستان گەڵا جێ دێڵێ و

شوو دەکا بە قەدەری با .. !

تامی ئەم ئۆقرانەم مەکە و

لە سوچی موحیبەتێکی لێژەوە،

هەڵم مەکێشە لە دووکەڵەکانی ڕیا و

تەزبیحی ئەو بالۆرانەم بۆ،

ئەشهەدوو مەکە، کە دەچنەوە سەر

قانوونی گەردەلوولێکی گەرم،

لە دەستی بیاباندا ..

شەپۆلی پرچێکی سارد، لە دەستی خەمێکا ..

فەتوای بارانێکی ڕەق،

لە دەستی ناخودا ..

هەرەسە و ئەو خەیاڵە بۆن خۆشانەم بەرەوە

کە بە تەقەڵی پێڵاوەکانتەوە ڕژا ..

هەرەسە و زەخرەفەی ئەو

شیعرە شلانەم بەرەوە،

شەو تامی خەویان نەکرد و

تاریکیان گسك دا .. !!

هەرەسە و هەرەس ..

٢٦ / ٤ / ٢٠٠٠

سلێمانی

یەقین

ئیتر لە تخووبی ڕابردووەوە ناڕوانم لێت ..
ئەمە دوا وەرزی قومارەکانی ئەمەلە
لاسکی ئەم گوڵانەش، بە هاژەی درۆوە نابەستم و
ئەو پەنجەرە هەتیوانە،
ئاوەڵا ناکەم بۆ تاریکی بیان گوشێ
ئەو دەرگایانەش لە ڕێسمە دەبەم
کە باران لەناو درزی دیوارەکانیانا ناخەوێ .. !!
شیعر چۆن تووڕە دەبێ .. ؟
گەر شنەیەکی با مشتوو مڕی حەسرەتێ بێ،
لە کێلانی ئەو سێبەرانەی جێمان هێشت ..
شیعر چۆن هەڵ دەچێ ؟
گەر باڵای لاولاوێك
لە دیواری تەمەنیا سوچێك نەبێ
تەجەللا بانگی تیا بدا ..
سەفەرێك دەستی هەناسەیەکی نەگرتم و
فامی گۆچانێکی نەدامێ ..

عەزیزم شیعر، گۆچان کۆمارێکە:
پایتەختەکەی سەفەرە..
چڵێ لە گریانی ئەو چاوانەت پێ نەفرۆشتم
هەتا مامەڵەیەك مەحەك بێ و
چەقۆی ئەو هەنگاوانە بدۆزمەوە،
کە لە کەنار ئەوینێکی هیچەوە

منالّیان بە ناقوسەکانی عەیبەوە سەربڕی ..

عەزیزم میزاجی تووڕە بوون و هەڵچوون

بدەرە دەست ئەندێشەی

قریوە گێلەکانی دەریا و

فەلسەفە سەرابییەکانی با ..

سەرت مەپێچە بە لۆچی،

ئەو دووکەڵانەی رۆحێ لە قامەتی ئاگر

نوێژیان نەبوو ..

سەرت مەپێچە بە درۆکانی ئاوەوە ..

زەمهەریرێ دەخنکێ لە ناو

پێڵاوەکانی زریانەوە ..

وەرە ئەی شیعر، ئەم عادەتە

لە پشت سەڵاکانی یەقینەوە بشکێنە ..

ئەم گومانە خێل و خێچانە دەرهەق

بە چاوەکانی ئەو چرا نەزیهانە نییە ..

ڕۆژانە دەستەکانی فیراق،

بەلەرەی گسکێکەوە

دەلێن ماڵ ئاوا ..

ئەی شیعر وەرە سەرت بئالّێنە

لە ژوورە فەخفورییەکانی سنگم،

ئەوە نهێنییەکە .. شکاندن لە کریستالّیا نییە

چی داوە لە پیاسەی ئەو ماسییانەی،

بە لقی درەختێکەوە ڕۆحیان سپارد ..

چی داوە لەو نەوڕەسە بێ هۆشانەی،

بە چرپەیەکی خوساوەوە،

دەڵێن ؛ کەنارت باش دەریا ..

ئەی شیعر وەرە سەرت بئاڵێنە،

لە باخچە ڕەشپۆشەکانی سنگم،

کە فڕینی سەوز بوون، لەیادیانا نەماوە ..

چریکەی مەلێکی تیانییە

سپێدە بسپێرێ،

بە گەڵاکانی گزنگەوە ..

٢٦ / ٨ / ٢٠٠٠

سلێمانی

## تا ئەبەد عیشق دەڕژێ

هەر دەم پڕم لەو خورپانەی
کە چرکەکانی دڵم تیرۆر دەکەن ..
لە خاکەلێوەی خەیاڵەوە بەمەستی،
هاتم و گوناهێ بوو ..
بێ دەنگیم تاڵان کرد و لە خۆڵی دەستەکانمدا
حەشارم داو تاوانێ بوو،
وا ئێستاش پەیڤی شانەیەك،
رەشەبای پرچەکانم ژێردەکاتەوە و
بە شاباڵی فڕینێك دەیانڕوێنێ،
بۆ ژوانی گوڵدانێك ..
تۆ بڵێی ئەم هەموو حەسرەتەم
دەخیلی عیشق بێ ...
دەڵێن ؛ عیشق زمانێکە تەرجەمەی نییە ..
ئەشێ ژانی بوونیشی کەلەکە بووبێ،
لای ژەنەڕاڵەکانی ئازادی ..

ئا ئەوەتا باخی گشتی
مەعشوقیانە و تا ئەبەد عیشق دەڕژێ ..
منیش تەلی زەینم بەرامبەریان ڕاکشاوەو
بە شاهیدی ئەوان
لە تقوسێکی گەمژەدا و
لە ناو شەپۆلەکانی نەستا
ئێوارە لەخۆم دائەماڵم و
بە شەرعیەتی مانگی ئەسپێرم،
پێکەنینی (با) ئەدرێنم و
بە پێچی کۆڵانەکانی خەمەوە
ئایدیام دەبەمە سەر کەنارەکانی منالّی و
جەستەم لەو درۆیانە ئەتەکێنم،
کە دڵیان بردم بۆ حوجرەکانی چاوەڕوانی ...
ئەی ژەنەراڵەکانی ئازادی ... ئێوە
لە ڕێگەیەکدا تامی شەهیدیتان چەشت
عیشقی نیشتمان لە فەنەری هەنگاوەکانتانا
دەچۆرا و .. ناڵەی یاخی بوونی،
ئەستێرەکانی سەرشانتان،
تژی بە پرژەی نوێژەکانی خاك و
وێردەکانی خوا .. !!
وا ئێستا لەبەردەم پەیکەرەکانتانا
دەنگی خنکاوتان ئەزبەر ئەکەم ...
چونکە هەردەم ورەی هەتاو ..
لە دەستەکانتانا چێ دەکا و نەفرەت
لەوورتەی چاوەڕوانی ..

ئەشێ ئەمن چاوەڕوانی چی بکەم ؟!

دڵی ئێوارەم لەت لەت کرد و تۆ نەهاتی ..

جریوەی هەوری چۆلەکە سیاسیەکانم

ناردە سۆراخی باران و تۆ نەهاتی

دەنگی لوولی کەنارییە وەڕسەکانم پێچا،

بە کەنارنەڤاڵی پایز و تۆ نەهاتی ..

گمەی کۆترە قەیرەکانم کردە قردێلەی سەرو تۆ نەهاتی

سکی خۆرنشینم پڕکرد،

لە نوتفەکانی شەو و تۆ هەر نەهاتی ...!!

بێ هودەیە فرمێسکی مۆمێك بچنمەوە

لە وانەیەکی شەهید بوونی پەروانەدا،

عیشق نەڕژێ .. بێ هوودەیە ئاهێك لەسەبووری

بە دەستەکانمەوە شیعر دەنوسێ و

دەگەرێتەوە بۆ ماڵەکانی تەنهایی ..

وێرانە خۆم .. من لە دەرگاکانی هیچەوە هاتم و

وەهمەکانی کۆتایی دەمنێژێ ..

تازە ناچمەوە سەر مشایەخەکانی متمانە

متمانەیەك بمکاتە لقی پەنجەکانی و

هەڵمواسێ بە سێدارەی ماچێ .. !!

دوا وەسیەتیشم ئەوەیە

دێڕێك لە ئۆقرە شك نابەم

بۆ بەرسیلەکانی ئەوین،

هەتا ترێی عیشق هێشوی خەڵوەت بنوسێ ...

چیتر پەیڤین لەسەر دەنگم مەکەن ..

بێ هووده ڕێتمی ئەم پەنجانە باوێشك ئەدا و

خەوێك لە خەوا میقات ناكا .. !!

قەدەرێك لە توحفەكانی بەفرستان

لێڵـَم مەكە، مەوسمەكانی
ئەم تەنهاییەم مەدڕێنە ..
دڵۆپە تەقیوەكانی ئەم تووڕە بوونە،
لە گیرفانی تەنافەكاندا هەڵواسە و
لە پەراوێزیاندا كۆڵنجی بایەك،
بەڕوویاندا بتەقێنە ..
ئەنجا دیقەت بدە و
لە كۆلانی گوڵەبەڕۆژەكانی شیعرەوە
گریانی دەرگاكەم ئاوەڵاكە ..!
نەت زانیووە .. ئەمن تاڤگەیەكم لە گەلییەكانی عیشق و
لێوان لێو لە غەریزەكانی پەپولە .. سەرنج بدە لە قووڕی ئەو تووڕەبوونە
كە دەیشێلی ..ئەمە تەئویلی قەدەرێكە
زەمەن زوو فەرمووی
هەناسە زراڤەكانی عیشق،
هەتا پێ دەگرێ
سەفینەی تەمەنیان پیر دەبێ و
درەنگ دەگاتە جێ ..!
ئێستاش كە شەو نانوێ و دەبێتە مەعشوقێ
مەوداكانی ئومێد لە تاقەكانی ڕۆحتا،

کورتی دێنێ ...

فێنکی ئەم فرمێسکە مەکێڵە،

نەت زانیوە ئەمن لە جنسی تۆم عەزیزم

تۆ ئاسمانی چاندی ئەو باڵانەی،

نمەکانی وەفا قەرز ئەکەن،

بۆ قات و قڕی ئەو جۆگە هەورانەی

لە کۆماری گومانا تەنها کۆترێك نییە

بە ویقارەوە ئاشتییەك ڕاڤە بکا و

شەرحی باڵێکی بڕژێتە پۆلەکانی یەقین ...

نەسیحەتەکانی تەیەمووم لە دەست نوێژیا

خۆی ناونوس ناکا، هەتا بگاتە

پلەی ڕەوانبێژی ئایەتێك .. !!

ئەمە دوا وێردی مانشێتێك بوو

لە ڕۆژنامەکانی باراندا،

دەستی پاڕانەوەی مەراقێك

ڕژانی ئیمزا .. !!

لێم گەڕێ عەزیزم ..

حیشمەتی ئەم تەنهاییەم

لە کۆنگرەی پەنجەکانتا

مەسپێرە بە خورافەی تەزبیحێك

مەسپێرە بە تل بوونەوەی چاوەڕوانی

لە خەیاڵی شەقامێك ..

نەت زانی .. دوێنێم نەخۆش بوو

بە چرکەکانی چاوەڕوانی ..

چی لە تۆ نهێنی بێ .. چاوەڕوانی تەنها وانەیەکە

شکست دەبێتە پسپۆری .. !

لێم گەڕێ .. پاسپۆرتی ئەو ئاوانەم پێنییە

بمباتەوە سەر ئایدیای ئەو کەنارە شەرمنانە

شەپۆل ماچێکی سەرابییان ناداتێ ..

گەر لە خەوا چاوت کردم

وجودییانە بمکەرە سونەتی سەوزی یاداشتێك

ئەی ووشکە سێبەری دار پرتەقاڵ،

لە پاڵیا دار سێو و دار شیعر،

لە خوێنا دار عیشقی کەمێك کاڵ ..

ئاگادار بە لە یاداشتی خەونەکانتا

تاپۆی چەقۆیەك تۆمار مەکە،

کە عیشق بە ئەزەلی دەنوسێ ..

متمانە بە لوولەی تفەنگێ مەکە

لە فیتنەکانی گوڵە یاخی ..

زامی گیایەکی عاتیفە تیمار مەکە

لەنجەی خوێنی سیخناخ

لە کفرەکانی فیراق ..

گوێ لە راکشانی گەردەلوولێك مەگرە،

دەبێتە میوانی دارستان و

زمانی گەڵا پڕ دەکا،

لە مەنتقی وەرین .. !!

تکا دەکەم هەموو پارچەکانی

خەیاڵت کۆکەرەوە .

ئەمن قەدەرێکم لە توحفەکانی بەفرستان

مەمپێچە بە مێزەری

ئەو ڕیشۆڵە عەبەسیانەی

زەینیان لە خیانەتا خنکا ..

خاکستەری مەکە.. کراسی سەوزی شارەزوور

بە بارانی گەرمیان .. !

٢٠٠٠ / ١٢ / ١١

سلێمانی

# مەلی ئەوین

ئەو مەلێك بوو، بولبول نەبوو ...

كە لەسەر هەردرەختێك دەیخوێند

كات لە زەنگەكانی بیگبنەوە دەتۆرا و.

پریاسكەكانی كۆدەكردەوەو

پێڵاوەكانی ڕەشەبای دەكردە پێو

لە پەنجەكانی دەستیا خەمی،

باخچە شێتەكانی دەچاند و .. كە قاپێك

لە سپێدەشی هەڵ ئەدا ..

لق و چڵ و گەڵا،

لەبری ئەشكی ئاونگ،

هەڵمی هێمنی لێ دەچۆڕا ..

ئەو هەنگ نەبوو .. كە لەگەڵ شیعرا

پیاسەی دەكرد .. لە هەنگ دەچوو

شیلە لە شانەكانی پەیڤیندا،

پەشمەكی چەند ووتەیەكی دەڕژاند ؛

لە فرمێسكە دڕاوەكانی شەڕەوە، تا سەر ئێسقانی

فیتنە تۆخەكان ..

مەودایەك هەیە بۆ خۆشەویستی !

لە شورا نە خۆشەكانی خێڵەوە تا سەر سپی

بوونی لەحزەكانی لۆژیك

جەدەلێك هەیە بگاتە خۆشەویستی !!

لە بزە نایلۆنییەكانی ئاشوبەوە تا چەقۆ،

كەم خوێنەكانی تەبا ..

چی پیرۆزترە لە خۆشەویستی ؟!

)( )( )(

ئەو مەلێك بوو باڵی نەبوو

کەچی فڕین لە دەرباری دەستەکانیا،

ئاسمانی تر .. دەبووە شەهید بوونی شەقژن و

دەنووکی دەگرت لە مەعشەری گوێچکەمان ؛

چ شنەی شنیانێکی سەوزە خۆشەویستی .. !!

من هەڵ دێم و ناگەمە ئەو پەرستگایە ..

هەڵدێم و ڕۆژانە کوشتن، ئەزبەرم دەکا ..

لە بەردەبازی ئەم حوزنەوە هەڵدێم و

کەچی هەنگاوەکانم .. هەرتامی حوزنەکەن ..

ئەمن خۆم ناکوژم .. وەلێ

گەرەکمە سوچەکانی پێکەنین،

لە باڵق بوونی مەرگ بسڕم،

گەرەکمە دڵۆپەکانی خۆشخوانی،

لە پەرداخێك تاڵیا مۆمیاکەم .. !

گەرەکمە هەموو ئەو قەدەرانە،

کە دەمکوژن لە باستیلی جانتاکەمدا،

زیندان بێ ..

هەتا خوا شەرابی مەرگیان بۆ دەنێرێ .. !!

ئەی مەلی ئەوین بوەستە، تکایە

لەودیوو تخووبە خومیەکانی خەیاڵەوە بوەستە

بەڵگەنامەی فەنتازیای گولێك بدرێنە،

که بۆنی خۆی پیردەکا،

لە کاسێك وەهما ..!!

ئەوە بە ژەهرێك دەچێ لە چاوی پێکێکدا،

مەرگ فەرمان ڕەوا ..

وەسێتنامەی سڵاو لە هەنیەی

ئەو گەڵایانە بوەرێنە

کە لە مەجلیسەکانی پاییزدا،

دەبنە تابووت بۆ یەکتر،

ئەوە ئاهەنگی ئافاتێکە،

گریوەی دارستانی لە مەرگ،

مارە کرد ...

هەنسکی گۆچانێك و هارمۆنی زیکرێك،

هەڵ مەکێشە لە فاتیحەی پیرە پەیژەیەك،

ئەوە دارێکی ئاڵ بوو ... نێرگزی

لە تافی لاویدا زوو خۆی کوشت ..

خۆم ناکوژم .. ئەی مەلی ئەوین

زۆر لەوە ئەترسم راڤەی ترس بمکوژێ ..

ترسی گڕی مۆمێك،

لە نێو پارانەوەی لەرەی تاریکیا

ئەوە قەدیسێکی خەمە قەترانی ؛

لەناو قەد زراڤی ئەلیفی بارانەوە

خاچێك هەر بە مناڵی نوستووە ...

ئەوە پاشگرێکی خەمە پەتیارە ؛

لە یەخەی ووشەیەکدا،

هەناسەی گولێك

به لاسكی دەرزییەكەوە دەكا ...

١٣ / ١ / ٢٠٠١

سلێمانی

نە خوڕەی دەرگایەك.. نە قومێك كەس

زەنگی دەرگایەك هۆرەی نییە،

دەلیل چییە بۆ بیستن .. ؟!

پۆستی درەختێك وەڵام ئەداتەوە ؛ لەیلاخی

گیرفانی گەڵاكانی پڕن،

لە چریكەی چەقالە و

لە شەپۆلی قەزوان ..

كەواو سەڵتەی زستانێك وەڵام دەداتەوە، گەرمژی

حوجرەكانی ریشی سوكنان لە ئایەیەی سپی و

مێزەرەی سەری لە پێچی،

بولێلێكی ئەنفال ..

لەناو قەناعەتی كەسیرەیەكیشیا،

بەهارێكی بێوەژن خۆی دەشواو

نم نمی سەوزی لە میمێكی نێرگزییەوە

لەرەی دێ و ... پێكەنینێكی ترش دەڕژێنێ ..

خرمەی پێی دەرگایەك خوڕەی نییە،

دەلیل چییە بۆ ناسین ..؟

قەڵەمێك لە یەخەی راپۆرتێكا ؛

چاوەكانم دەشێلێ بە فڕینی كەنارییەك

باڵەكانی پڕە لە هەڵەی دیبلۆماسی و

بە سیخورێك لە بەرگی تەتەرا،

گریانی نامەكانم سەر دەبڕێو

بە تەفسیری شەوێك

دەستەكانم ئارانی تاراوگە و

ڕەهێلـەی تەنیای دەیكوژێ ..

كە دەرگا نەبوو پەنام دیوارێكە

وای لە پەراسووی دیوار

نە دەبێتە كاسكێتێك بۆ چڵێ كاكۆڵ و

نه دەبێته ستیان بۆ دڵۆپێك گیا ..

دیوار، دیوار

دیوار چ متانەیەك دەبەخشێ

مەحكوم بە شۆرشی زاهیدێك ؟

كه دەرگا نەبوو  پەنام ئاڕووشەی ئاگرێكه

ئاگر چ متمانەیەك دەنووسێ،

ئەزەلی بەرائەتێك،

لەپشت كەلەكەكانی موحیبەتەوه

له هەوێزی دوكەڵا

لول ئەدا ..

له ئەدگاری رێگەیەكدا كەسێك شك نابەم

له ئافەرینخانەی□ خۆزگەكانیا،

له گزەی سەرما مەست بێو

ئاسیوەن□ ...

گوێ له گەرمای دار زەیتون ڕاگرێو

لەبۆنی بەفر بپرسێ، پۆزشت ؛

ئەرێ تۆ خەڵكی كام خاكی،

سۆنگەی عیشق وا له كوێ ؟

كه خەم دێ، له خەم ئاوی ترم ..

خەمێك هێشتا فرمێسك پەناهەندەیه له چاوەكانیا

به تۆمەتی گەندەڵی،

له شەوی باڵایا ئەستێره تیرۆر دەكرێ ..

خەمێك هێشتا ڕەنگی گڕوگاڵی قەد نەكردووه

هەتا عیشق هەڵ گرێ، له تاڵێك ئاوێنەدا ..

به تۆمەتی تاوان و دەفەری تاوان

له ژێرخانی پرچیا،

خۆر زیندان دەکرێ ..

خەم وخەم و خەم ..

لەوبەری زیخە شینکەیەکەوە،

قریشکەی خنکان گولێکی پیرکرد،

نەغمەی ئاوم نەدی ...

لەم بەریشەوە .. دەوەنی دەستەکانم،

بە چڕنووکی دەرگایەکی پیرەوە شەکەت بوو

چەڵەمەی ئاوم هەرنەدی ..

لەوبەرەوە چوزەرەی پرسیارێك،

لەبەردەم عومرییەنجەرەیەکدا چەقی،

زایەڵەی چەکوش بۆیەی کردبوو ...

لەم بەریشەوە تەمەنێك

لە پەڕاوەکانی بازگەشت

ژەهرێك لە بارانەکانی مەعریفەت

جانتایەك لە ترس و بیمی ساواك

دەنگێك لەکاڵ بوونەوەی خاك

باڵای دەرگایەکە ؛

ڕۆحی ئەو سێبەرانەم دەخوا

دڵۆپ دڵۆپ

پرتەوی� دەکوژرێ ...

بڕوانن بۆ ئیمپراتۆری فیمینیزم ..

تاوێ تێفکرێن ..

دەوروبەر گاردی تاقگەی کەس و

هاژەی ئیدراك چۆڵـە لە کەس ..

کەسێك نەبوو بگاتە کەسێك

پارچەیەك لە ئاسمانم باتێ،

تا لەڕەنگی فڕین بگەم

لەسەر ئەتەمینی شینی

سرودی باڵندەیەك

ڕەنگ کەم ..

کەسێك نەبوو بگاتە کەسێك

پارچەیەك لە تەڕاییم باتێ

تا لە سۆزی ئاو بگەم ..

تا ئەنفال کاڵ کەمەوە،

لە قیژەی کانیە قەیرەکان و

بە بیابان بلـَێم تۆ نەزۆکی بە ئاوەدانی ..

حاشا تۆو قومێك چرا و

قومێك تەڕایی ..

حاشا تۆ و قومێك فیردەوس و تیرۆس

حاشا تۆ و قومێك لۆژيك و قومێك کەس ..

حاشا و حاشا و حاشا ...

کەسێك نەبوو بگاتە کەسێك

پارچەیەك لە ئەوینم باتێ

عیبادەتێك لە رۆح هەڵکۆڵم

بگەمە ئەوپەڕی یەقین و

بە کڵافەکانی یەئس بلێم ؛

کشتەکتان خاو کەنەوە و

زەمەنێك لەوەستان

کڕ خەو کەن ..

ئێره نزرگەیەکە لە خاکستەری ئەوین

پێڵاوەکانتان بسمیل کەن ..

کەسێك نەبوو بگاتە کەسێك

ڕۆحەکانی خدر هەژموون کا و

زەنگی دەرگایەك بکاتە ئیحا

منیش ئەوە نەبووم .

عارفێك لە دەرگا ...

١٢ / ٢ / ٢٠٠١

١٣ ساڵ نەزیفی مێژوو

چی لەم ئیقاعانەی شەو بکەم ...کە ناتوانن گوناهە سپییەکانی

سۆلینی برینێکم تەڕ کەن ..

برینێك سپی وەك بەفر خەوی لێکەوتووە،

پەرتەوازە وەك مەلەکوتی عیشقم،

چرپەیان قەف قەف کردوە ..

تراویلکە وەك مەوسمەکانی خەیاڵات

لە ژێر پەنجەکانی تاریکیا .. لەدرزی سروتێکی عیبادەتا

تامی رۆحیان تاڵان کردوە ...

چی لەم ئیقاعانەی شەو بکەم ..

پیاسەی وەهمی عەبایەك نییە

لە لێواری بزەیەکییەوە، بچێتە سەر دووڕیانی

سنەوبەرە ڕووخاوەکانی باخی گشتی و

جریوە ڕژاوەکانی حەرەمسەراکەی ئەحمەد موختار .. !!

چی لەم ئیقاعانەی شەو بکەم .. ئەوە مانگە لە عەرشەوە

بە شەرمێکی پەمەییەوە دائەبەزێو

لە کۆڵانە بزۆزەکانی کانییەشقاندا، پرچی گریانێك

بە وورشەی تریفەوە دەبەسێ و

گریانێك .. پرزۆڵ پرزۆڵ بووە و دەڵێ دەخیلتم ئەی مانگ

وا چەپکێ تەم هەنگاو دەنێ

بۆ ژێرخانە قەموورەکانی قەسابخانە

فریاڕەسێ ئەی مانگ پەراوێزی ئەو تەمە

پڕە لە برینە ڕەنگاو ڕەنگەکانی پێکەنین

پڕە لە برینە کەسك و سورە کانی شێت بوون .

پڕە لە نەعرەتە بێدەنگەکانی ئەو عەبەسانەی

قیژەیان بە لێشاو کوشت ...

ڕەحمەتێك ئەی مانگ ... دەهری قسەیەك نەماوە

بۆ نوێژەکانی کات ... وەرە ئەم پارچە شکاوانەی عومرم

کۆکەرەوە تازە ناچمەوە سەر یەك پارچەیی ...

هەر پارچەیەکم ببەستە ؛

بە ئایدیا ئێشەی برینێك ..

بە پێچاو پێچی نەزیفێك ..

بە پیر بونی تەزبیحێك ..

بە لەت بوونی سەبری ئەیوبێك ...

هەیهات .. هەیهات ..

چی لەوکەوە بێسەرانە بکەم .. قەفەس

لە ڕیشی شنرویێدا، گریەی دێ ...

چی لەو مامزە پێپەتیانە بکەم،

ڕستێك خنکان لە گەردنیانا

وورتەی دێ ...

خنکان لە قومێك شاخا دەیان کێلـێ ..!

هەیهات، هەیهات ..

چی لەو کانییە خەوتووانە بکەم،

مەحکوم بە نابینا .. لەناو پەنجەکانی کانیەقوڵکەدا

بستێك کانی هۆشی نییە بڕژێتە

کاولاشە پیرەکەی پیرمحەمەد و

کڵاو و جامانەکەی عومەری خاوەر ..!!

١٣ ساڵە بە برینێکەوە خول ئەدەم ..

قردێلەی سیڤەرێك نییە

(عونە) رایکێشێ هەتا نەزیفی کفرەکانی

مێژوو نەڕوا ...

١٣ ساڵە بە برینێکەوە نوچ لەسەر نوچ ئەدەم و

قوم، قوم لە هاڕمۆنی ڕوانینم دەڕژێ ...

وەسفی گۆرانێك نییە، تەماشایەك بنووسێ

لە پرچی زەرد و لێوی ئاڵ

سیاچەمانە و چاوی کاڵ ...

١٣ ساڵە گڕۆگاڵی بە هارێك نییە لە سنگی گوڵانا،

شنە شنی بێ و هەڵوژەکان یاری بکەن،

لە پۆرترێتێکی هیوا حیلمیا و 

شێخ وەلی پڕبەدەم پێبکەنێ ... !

١٣ ساڵە خانەقای شێخ ناچێتەوە سەر فامی زیکرێك

مەولەوی بە پرچە دەروێشێکی ڕووخاو بڵێ ؛

تەهلیلەتان ئاوەدان .. !!

١٣ ساڵە نەزیفە و نەزیف ...

قولانجێك لە سمۆرەی ئازادی لە کوێ بێنم،

بۆ گرتووخانەی ئەگریجەو پەلکەت ...

هەتا هاژەی ستیانی گوێزێکت هەڵ کەمەوە ...

١٣ ساڵە نەزیفە و نەزیف ...

عیشق چۆن تۆو بکەم، چۆن بیچێنم،

پەڵەیەك نابێتە میوانی پایزێکم،

هەتا لە کاسێتێتێکی (ووشیار و نەجم ) دا

هەڵەبجە عاشق بێ ولالەزاریش مەعشوق ...

١٣ ساڵە نەزیفە و نەزیف ...

سیحری بارانێك نییە ئەو هەموو خنكانانە

تەریق بكەمەوە .. هەتا شنەی مۆردانەو كانی شێخ و

باخی میر ... چارەكێك هۆش،

لە پێكێكدا بخۆنەوە ... !!

١٣ ساڵە نەزیفە و نەزیف ...

دەلیلێك شك نابەم لە پاڵتۆی گوڵە بەرۆژەیەكدا

سكێچێك لە هەتاوقەرزبكاو سوكنایەك بداتە،

ئەو كۆڕەوە فرمێسكانەی نەوە دوای نەوە

خۆیان نمایش دەكەن ...

نازانم چی بكەم .. لە كرێوەی باڵی ئەو تەیرە فاشیلانەی

لە شەقەی باڵیانا ئیمزای پرووشەیەكی بەفر نەما،

بە پرچی هەڵەكۆكێك بلێن ؛

تۆ بۆنێكی بێوەژنی لە نیشتمان .. !

نازانم چی بكەم .. سڵاوێك لە ئاسمانیانا شك نابەم

بە گوڵە پەژمووردەكانی شارەزوور بلێن ؛

ئێوە پێنج هەزار لاسكە فرمێسك و

پێنج هەزار گەڵا رەنگ حەسرەت و

پێنج هەزار خونچە دەنگكوێرەكانی

هەڵەبجەن، هەڵەبجە ...

٢ / ٣ / ٢٠٠١

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

زنجیرە ()

# تاخەودائەگیرسێ بنوو

شیعر

ڕۆژ هەڵەبجەیی

سلێمانی ٢٠٠٤


- ناوی کتێب:تاخەودائەگیرسێ بنوو
- نووسەر: ڕۆژ هەڵەبجەیی

- تایپ و نەخشەسازی:تەرزە خالید
- مونتیف:نامیق حەمە
- بەرگ: جەبار سابیر
- سەرپەرشتیاری چاپ: عەتا مەحمود
- چاپ: چاپی یەکەم-سلێمانی ٢٠٠٤ چاپخانەی
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: ٣٧٥ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

سایتی وەزارەتی رۆشنبیری

www.roshnbiri.org


پێشەکی

من ڕێزێکی بێ پایان لەو هەستە بێگەردە دەگرم، دڵنیام ئەوەی ڕۆژ دەیڵێ چ قسە یاشیعر کە هەردووکیانی لەلاتێکەڵا بووە، هەندێ جار کەقسە دەکا وادەزانی شیعر دەڵێ، یابەپێچەوانەوە.

ئەوە قازانجی زۆری هەیە، چونکە دەبێتە مایەی نزیك بوونەوەی شیعر لە خورپەکانی ژیان. جادڵنیام ئەوەی رۆژ دەیڵێ، هەمان ئەوقسانەیە کە چۆلەکەیەك لەپەنا پەلکی دارێکەوە دەیڵێ. وەرە بێنە بەرچاوی خۆت چۆلەکە چی لەهەوادەوێ، چی لەچڵاوچیلەبەردوچی لەئاو دەوێ؟

رۆژم وەکو ئەو تەیرە دێتەبەرچاو کە گوێی بچوکی بۆ نزمترین دەنگ هەڵدەخا، وەکو ئەو بەفرە پاکەم دێتەبەرچاو کە شەماڵێکی باریکەلانە دەتوانێ بیتوێنێتەوە، ئەوەش یەکەمین خەسڵەتی شاعیرە. هەندێ جار کەئێواران دێتە ژوورەکەمو چەند پەیڤێك هەڵدەڕێژێ و منیش سەرنجەکانی خۆم دەربارەی شیعر دەردەبڕم، ئەوهەمیشە گوێ دەگرێ، لەشتی تر ئەوقسەدەکاو من گوێ دەگرم

مرۆڤ لەیەکتر فێری زۆر شت دەبێ، من لەڕۆژ فێری بەرائەتی دڵۆپە بارانێكو پاکی دڵۆپە شەونمێك بووم لەسەر دەماری پەلکی گوڵەحاجیلەیەك.

ئومێدم بەڕۆژە ئەگەر هەندێ جار کەوتە پشت هەورەکانیشەوە هەلی دەرکەوتنی هەردەمێنێ.

لەشیعر دەپاڕێمەوە بەیانییەکانی ڕۆژ پڕلەبەخشندەیی بکا.

لەڕۆژی گەورەو بڵندی ئاسمان دەپاڕێمەوە گەرمایی خۆی ببەخشێ بەڕۆژی شاعیرو بیکاتە هاوشانی خۆی لە گەورەییوبڵندیدا.

لەهەڵەبجەش دەپاڕێمەوە ئەو کچەبەوەفایەی خۆی بەگەنجینەی جیهان نەدا

دڵشاد عەبدوڵڵا

تا خەو دائەگیرسێ بنوو

((فەجرە لۆچەکانی کچێك ))

من کچێك گەرەکمە لەهجەی قەفەس ،

لەهۆشی باڵندە بتەکێنەو

لەزەتی گۆچان لەپاشکۆی عومرو

کڕێوەی چاوەڕوانی ،

لە هۆڕژنی فیراقو

ڕێژنەی (با) لەلۆژیکی وەرینو

بژوێنی ڕۆژنامەی باران لە قەڵەمی باڕێزە ..

گەرەکمە ... پەرژینی تریفەولاولاوی تەهلیلە

لەپێ دەشتی فەجرەکانی خەڵوەتا بچێنەو

ڕستێك پێكەنینیش بكەمە ملی ئەو ،
ئێوارە قاژرانەی ، تروسكەی فەجرێك نەبوو
لە دوو ڕكات باڵدا ،
بگەنە عەرشی خوا ..!
من كچی فەجرو هەردەم قوڵپی سپێدە
لە كارێزی پەنجەكانما خرمەی دێ ...
خولیامە خوێنی ئەو خەمە چراوگیانە
لە ناوچەوانی ئاسماندا پۆست كەمو
لە بناری شەوێكی لەرزیوەوە ،
بیان دەمە دەست تەتەری قژی ،
ئەو ئاسۆیانە كە پڕن لە مەعریفە كەسكەكانی
شەوی هەموو ئەو پێغەمبەرانەی
ڕەوانبێژیان تەڵخ كرا ،

بە موتاڵای هەڵمی خۆڵەمێشو
بەتەم نووسی ڕاستو چەپی ،
عورفی غەدرو
بە ئایدیای هەڵاوی رەقی ،
ئەو هەمیشە عەقیدانەی لە هیچا ،
چوونەوە سەر زیكری هیچ ...
لە چ قوژبنێكی ئازارەوە بدوێم ئەی خەتا ...
دیسان با نەچمەوە سەر فەجرەكانی
ئەفسوونگەری درۆی دوو بورجی ڕییاو
شەریعەتی دوو خەیاڵا خەم ئێشە ..!
دەست نووسی ئەم فەجرە لۆچانە ،

چۆن پۆست کەم ئەی خەتا ..
لۆچێ لەو دەست نووسانە
جیلوەی هەتاوێکی کەنەفتە لە فەلسەفەی جەورا ...
دوێنێ ئەو هەتاوە شەکەتە ،

ئەسپە ژنێك بوو
نەگۆچان دەستی دەخوێندەوە ،
لە فنجانی سەفەراو
نە پیرێتی لە پایتەختی عومرا ،
مامەڵەی دەکرا ..!
دوێنێ ئەو ڕێژنە ژنێك بوو
جەستەی لە ئاوێنەی ئاو و هەواو هەتاودا
قەد ئەکردو جانتاکەشی پڕ دەکرد
لە داگیرسانی دڵۆپێك ئاو و
ژەمێك هەناسە و
سەخاوەتێك ستیانی هەتاو ..!!
ئەی خەتا ئەو ژنێك بوو ..
کاتێك لێوەکانی فەجر دائەگیرسا
پرمەی پەنجەکانی پڕ ئەبوو ،
لە پەشمەکی پێکەنینو دەچووە

ئاستانەی ئاتەشگەی شەهید
وەلێ هیچ شتێك نەیبردەوە سەر
قاپی شەهادەت ..
نە تقوسی بارانێکی گوڵە ،

لە پێکی پێکەنینێکی شەڕاو

نەقسەی تەرزەیەکی لۆمە ،

لە لێوی لاولاوێکی لاژگاو

نە ئیمامی تەزبیحە ترشەکان ،

لە خوێنی خەتایەکی خەڵوەتاو

نە گڤەی عەزابە کوێرەکانی نزا ،

لە قامی قەترەیەك مشایەخاو

نە دووکەڵا کێشانی گەڵایەکی چرا ،

لە پایپی شەواو

نەنەزیفی سەحرا بەرینەکانی حەوسەڵەی مانگ ،

لە ڕاچڵەکینی برینو

نە سکوتی ئەو پەڕەسێلکانەی

لە غروری کۆچا چەقینو

نەبەقانامەی ئەو کۆترانەی باڵەکانیان دڕان

بە دەستی بوختانو

نە قەرسیلی ئەو گوڵە گەنمانەی ،

خنکان هەر بە مناڵییەوە چووبووە ڕەحمیان ...

نە سیحری هەموو شەڕەکانی سوتماك

دارلاسیك پێش ئەوەی دەنووك بکا ،

چۆڕەی بەردێ هەڵدا ،

درەخت سجیلی خۆی سووتاند ..!! ئەی خەتا

ئەی خەتا ئەو ژنێك بوو هیچ شتێك

نەیبردەوە سەر قاپی شەهادەت ..

هەر چەندە دەیزانی لە کێڵگەکانی پرچیا ، چەکەرەی

زوڵمەت سەوز بووە ..

هەر چەندە دەیزانی تەژنەی تیرۆر

زەنگۆڵا ، زەنگۆڵا لە جەستەی دەخۆنەوە

ئەو ژنێك بوو هیچ شتێك نەیكوشت

تەنها فڕینی چاوەكانی نەبێ ئاشنا ،

بەڕاڤەی ئاسمانێك باڵی هەور گرمژن

بەخەستی خیانەت ...

تەنها فڕینی پەنجەكانی نەبێ یەقین ،

بە قوڵفی دەرگایەك سوچی لێوەكانی

گرمۆڵە بوون بەرامووسانی ئەو خشتانەی

مودمین بە خیانەت ..

تەنها فڕینی هەنگاوەكانی نەبێ ئینتیما،

بە نەعرەتەی قیامەتێك ،

زەمهەریر تیایا دەكوڵاو

قوڵپی دەدا لە خیانەت ..!

*****

من كچێك لە لۆچی ئەم فەجرانەدا

ئیمارەتی ئۆقرەم لە دەست داوە ..

چ شەهادەتێك چاوەكانم دەخوا ،

ئەی خودا ...

ئەمە چ فەجری خەزڵوەری خاچێكە ؟

ملوانكەی تیایا پەتی عومری دەخنكێو

قیژەی هەر مورویەكیش دەكەوێتە

تەڵانی تەڵاقێكو

دەچێتە خولی خورافەو

جوگرافیای دیوارێك ...

ئەمە چ فەجری فەنتازیایی راهیبەیەکە ؟

قەیرەیی بۆشکێ ترێ لە گۆزەیەکی شەرابا

رۆژووی دەشکێو

روو سووریەکەشی دەپێچێ بە شەرەفی

تاڵێك لە کسكو

بە چرچی ناوچەوانی ئاگردانێك ...!

ئەمە چ فەجری فەهۆی تەجریدێکە

وەرزی رووت بوونەوەی کانییەك ،

لە پاڵتۆی ساڵا خوردەیەکا ،

ئاویلکەی ئاو دەشێلێ ..

چ مەخسەرەیەکە پاڵتۆ ؟!

خاڵی لە باڵای خواو

سادییەت بە لەزەتەکانی کفرو

مزەوەر بە فەتوای تەبا

ئەمە چ فەجرێکە ئەی خودا ...

*****

من کچێك لە دوا فرسەخی ئەم فەجرانەدا

زەینم دەچێتەوە سەر تنۆکێك خەو

وەلێ ناخەوم .. خەو دەنێرم بۆ مناڵێك

بالۆرەی شەڕ لە هێلنجی هەراجێکی ئەنفالدا

چەپەکی لم چاندی .. مانگ دەبینم ، مانگ

لەناو پێخەفی لمیا باوێشك ئەداو

بە نووری باوەشێنێك ،

گەرمی سەحرا دەوەرێنێ ...

لە دێڕێکی ئەم فەجرەدا دەڵێم :-

چەند مەلوولە مانگ ،

چەند کەڤاڵێکی کەسەر ، کەسەرە ..

پرووشەی پێکەنین لە لێوەکانی (با) ڕادەخاو

زەوقی نوور دەباتەوە سەر فەنەری ناڵین ..!!

چۆن بخەوم عاشقێك بێدارە ،

پەرداخێك نسێ لە ناو پەرجۆی ،

پەنجەکانیا دەلەرزێو

هزرەکانی رەشەبایش پڕ دەکا

لە قوڵایی تووڕە بوونو لەو دیوو غەریزەکانی دیواریشەوە

تۆخ بە تەنهایەکی ڕەها ..

لە کسپەیەکی ئەم فەجرە دەڵێم :-

درەنگ کەوتمو عیشق ئینشایەکی پێ نەنووسیم

لەسەر هەودایەکی ئەم فەجرەدا ...

ڕیشۆڵەی خەیاڵم دەچرپێنێو خەبەر دەدا ...

کەی کات لە عیشقا ڕەواجی بووە ..؟!

بە عیشق بانگی تەجەللا بە پیاسەی شنیانی

سنەوبەرەکانی بەیانەوە دەپۆشینو

دڵیشمان پڕ دەکەین لە نەسیمی خوا ..!

لە پێچی ئەم فەجرانەدا .. چەند درێژە حوزن

تەرجەمەی ئەڵهای ئەم بەیانییەم ،

پێ تەلەفز ناکرێ ...

پەنجەکانی بەرد کەی ئاو دەگرێو

کەی دەبێتە نەشئەی ساباتێك ؟

ئەبێ گەیشتن لەبەرد بۆ مەحاڵا بێ

بەردیش خەڵکی ئەم نیشتمانەی منە ..

رۆژانە دەچێتە مەزراو کەروێشکەی

گوڵە گەنم ڕاوەکا ..

دەچێتە خوازبێنی ئاسمانو

فڕینی باڵندە لەت دەکا ..

ئیمزای سێ فڕکە تەلاقیش دەچێتە

دەفتەرە زراڤەکانی سیمای پەپوولەو

فامیدەی گوڵیش لە فوارەیەکی هەژمەتا

دەچێتە فۆرمی بێوەژن ..!

ئەبێ گەیشتن لە بەرد بۆ مەحاڵا بێ ؟!

لەسەر سفرەی باخچەیەك داوەت دەکرێو

کە دەستەکانیشی بە فڕین دەشوا ،

ئەو کاتە باخچە دەبێتە باوبژو باوێزە ..

هەناسەی خوێنی هەنارو

هەوری چەتری هەنجیرو

هانەی مەمکی هەڵووژەو

هەژانی هەرمێی دڵا دەچنێو

دەیان پێچی  بە پێچی سەودای سەبەتەیەك ..!!

ئەبێ گەیشتن لە بەرد بۆ مەحاڵا بێ ..

بەردیش هاونیشتمانییەو

خەڵکی ووڵاتی منە .. ووڵاتی من ،

ووڵاتی من پڕە لە پێچی فەجرو فاتیحەکانی فەنا ..

پڕە لە پێچی خوێنو حیکایەتەکانی خەم

پڕە لە پێچی شەو و گریانەکانی شەم ..

پڕە لە پێچی ئەو ئاوە ووشکانەی،

چۆڕەیان دێ لە تکەی تاریکیا ..!

من ، من ، من کچێك دەچمەوە سەر رەگەزی

عادەتی درەختێك هۆشی بە هێشووە ترس دەپێچێو

قەدو هەڵماقۆکانی سنگی ،

بە موتوربەی قومێك خەمو تاڵێك لە خوێن ..

چڵی قژی قەفەس دەچنێو

گەڵای دڵی بۆل ، بۆل گریان ..

من ، من ، من کچێك دەچمەوە سەر قیژەی ژنێك

ئالوودە بە ئارشیفی قەرە بووتو

مەعشوق بە هاتاوێکی کەنەفتو

دێوانە بە دۆعاکانی موناجاتو

شەهید بە خەتاکانی خیانەت ..!

من ، من ، من هاڕەی هاواری ،

فەجرە لۆچەکانی کچێك ..!!

سلێمانی ١٦/٦/٢٠٠١

راڤەی ووشەکان

ووشە واتا

قاژر گرینۆك

گرمژن دەنگی ناڵە، تەقینەوە

هوڕژن دەنگی گریان، شەپۆڕ

پەرجۆ موعجیزە

ساڵا خوردە پیر، بەتەمەن

فەهۆ شەرم

هانە کانی، سەرچاوە

" جەدەلەکانی خنکان "

ئەم بەیانییە ، ئەوەم لەبیر چوو بچمە سەر

چ ئایدیاو چ مەزهەبێك ؟!

ئەم دێبەری بەیانییە سوکنایە ،

بە دوو ڕکات نوێژ ، بچمەوە سەر

خێڵی خدرو مەزهەبی هەللاج ...

ئەم بەیانییە نە لە رەنگی قەتمەر ئەچێ وەنەوشەیی

نە سورێکی لێڵا ئەرخەوانی ، نە ڕەشێکی تۆخ قەترانی

هەر لە خۆی ئەچێ بەیانی .. ویستی ئەوە بوو

زەمەنێ بوەستێنێو بڕشێتەوە ...

ویستی ئەوە بوو هەنسکی باڵق نەبێ ،

بە گریانو خەم لە تنۆکە ژمارەییەکانییەوە

نەسپێرێ بە ئەشکی چاوێك ...

کە هاتم بوخچەیەك رووناکیم پێ بوو

بە ناقوسی دەسڕێك تەم تومانی ،

فرمێسکەکانی ئەم بەیانییەم چاندو

بە دوو ڕکات پێکەنین ،

دوو ڕکات عاتیفەی ڕەشو سپی

دوو ڕکات عیشقی مەیلەو شین

هەرچی قوڕمیشی لەت کراو بوو

ژیرم کردەوە ...

کە هاتم چەند کیلێك ڕووناکیم پێ بوو

ژوانێکم دانەنا بۆ کات ...

ئەوەم لە بیر چوو لە بەهەشتەکانی ئەوین

زەمەن ئەفسانەیەکە ، لە مەرسەمەکەی

سلڤادۆر دالییا ، سەری هێشووە خەوی گرتووەو

قاچەکانی باوێشك ئەدەن ..!

بۆ ئەوە هاتم دوو کلیل ڕووناکی

لە فەرموودەکانی عیشقا بەیان کەم ..

کەچی لەوسەری کۆلانەکانی خەراباتەوە

توانەوەی مەرگ دەستەکانی ئاوێتە کرد ..

ئاوێتە بە جەنگەڵێ دەفتەرێك .. لە ناویا

پێناسی پوولەکەی ماسییەك چووبووە

ڕووبارێکی نایلۆنی ..

لە ناویا .. سەری سیسرکێك بە نووکی دەرزییەکەوە

چوو بووە سکێچێکی قوپان ..

لە ناویا .. تاق تاقەکەرەیەك ،

بە عیشقی کونی دارێکەوە

چوو بووە سومبولی هەڵواسین ...

نەیزانی بوو ڕێتمی مەرگ گەرمی خوێنی دەڕوشێنێ

لە مۆمیای دەنووکێکو

لە مەقسەلەی سەرێك ...!

*****

ڕێبوارێك بووم لە عورفــو عادەتی ڕووناکی ..

تیۆری فڕینم لە ئاسمانە سەلەفییەکانەوە بەتاڵا کردو

لە ئاوێنەی ئیلاهییا ئاسمانی سبەینێم بینی ..

هێشتا غرووری عیشق هەڵی نەکردبوو

لە کەناری بولێڵێکدا

نامەی شەهوەت بۆ مانگ دەنووسراو

درۆی عاتیفە بۆ ئەستێرە چاپ دەکرا ..!!

هەر لە ئاوێنەی ئیلاهییەوە جارێکی تر

پێشبینی سبەینێم کرد ...

هێشتا تەڵاقی (با) هەڵی نەکردبوو

قژی دارستان گیف بوو لە گڤە گڤا ...

هێشتا قامەتی پێدەشتێك

(ئەلیف بایەکی ) نەگرتبوو

تژی لە گێژی گێژەڵۆکەیەك ...!

گەیشتن لە میزاجی ئەم جەدەلە

موتاڵا کردنی ڕیشی ئاوە ،

بۆ وازبوونی قۆپچەیەك ،

لە بەرۆکی گوڵە گەنم ...

ئەی ئاو بۆ خاتری گوڵە گەنم ،

قەدەری ئەو گەڵایانە فێری

خیانەت مەکە .. لە قاموسی درەختەوە

عاشق بە سنگی تووکاوی

قەفەزی با پێچو

قەڵبەزەی باهۆز ...

ناگونجێ لەم دەفتەرەدا .. توحفەکانی نوور

پەرداخێك لە باران بسووتێنێو پێکێك لە بەفر ،

بکاتە خۆڵەمێش ..

ناگونجێ شنە بایەك تا ئەوپەڕی

شەهید بوونی تەجرید ...

هاژەی گەڵایەك لوول کاو

دیالۆگی زەڕنەقووتەیەکیش

بکاتە فەرموودەی فتوحات ..

*****

تۆ لەم کاڤاری بێ جوگرافییەدا ..

هەموو رۆژێك لە نوێژەکانی عیشقا

وێردەکانی سەرابت گرێ دەدا ..

ئیتر چۆن دێڕەکانی عیشق دەچێنی ...

لە یادی نەکەی ... ئەمە بایزی جەدەلێکە تەجرید

دڕکەکانی زیخە شینکە ،

بە تەقەڵی دەستەکانتەوە دەدوری

لە بیرت نەچێ کە عاشق نەبووی

هەر دەچیتەوە سەر ئەو ڕێگایانەی

قەرەج لە ناویا ، پریاسکەی هەنگاوەکانی

کون ، کون دەبێ ...

هەر دەڕۆیتەوە سەر ئەدگارێك

نە پەیڤەکانت پێ دەگرێو

نەهۆشت نیشتەجێ ...!

ئەو هەموو خەڵوەتانە لە خۆت بتەکێنە

تازە عیشقی چی ؟!

ڕاڤەی بەهارێك نەماوە

سەمای باخچەیەك بنووسێ ..

ووتاری گەڵایەك نەماوە ،

درەختێك ناو بنێ ..

تازە عیشقی چی ...

دەست نوێژی هەموو ئەو شەوانەت شکاند

بێ نوێژ بوون لە درزی پیاڵەیەك تاریکیا

ووردیلەکانی تیشك لەت بوون

لە چرکەیەك خووسانا ...

تازە عیشقی چی ..

ئەمە پایزی جەدەلێکە تەجرید

سەرخۆش مەبە بە شنەی شەتاوی پرچێك

وێڵگەر مەبە ، بە دەستی بلورینی تاڤگەیەك ...

*****

کە هاتم سیمینارێك ڕووناکیم پێ بوو

کەچی دەستەکانم نغرۆ بە جەدەلەکانی خنکان ...

خنکانی کانییەك بە لم

خنکانی لم بە لافاو ،

خنکانی لافاو بە فۆتۆ کۆپی ،

ئەو هەڵۆیانەی ، مەمکەکانی شاخیان

مەحکوم کرد بە زیندان...

ئەو هەموو جەدەلە فوارەی گوزارەیەکە

لەو ئازارە پەناهەندانەم ،

کە خوێنیان پڕ بووە

لە مەرەکەبی عاتیفە ...

نەتزانی بە پەیامبەری چاوا بۆم ناردی ...

نەم زانی تۆ موتەنەبییەکی نەزانی ..!

هەموو دەرگاکانی برینو

هەموو لۆچەکانی مەراق

دەچنەوە سەر گەڵای زمانێك

درەختی نیهادێك ڕەنگی سواغە،

به ئەدرەسی تەوتەمی تارمایی...

بەکوشتنی هەموو ئەو تەریقە تانەی دەچنەوە

سەرناسنامەی تەنهایی....

تێبگە لەم جەدەلە...تۆ ئینتمایەکی تۆخی

بەتەنهایی....

تۆ چڵێك باران لەکوێ ئەدۆزیتەوە،

بیدەی لەیەخەی ئەو ئاگرانەی

کۆلاجن بەئیغتیساب،

تێ بگە لەم جەدەلە...!!

سلێمانی

٢٠٠١/٤/١

قەتمەر: مۆرێکی تۆخ

کەپێکەنینێك لیوەکانم دائەگیرسێنێ،

ئەوە پۆستی گریانێکە

لەناوجانتای دڵما قەدەم کردووەو

پڕە لەخەڵتانی تەنیایی...!

هەندێ جار قوڵپی ئەم تەنیایە دەڕژێنمو

لەپەنای عەرشی خەمێکی ساردا

جەسارەت دەکەم نهێنییەك،

لەوانەی حوزنا وردبکەمەوە..

تنۆك،تنۆك فڕین لەو باڵندە عەجولانەبکڕم،

کەبزەیەکی مزر،

لەئاسماندا دەچێنن...

جەسارەت دەکەم چڵێك ڕەنگ،

لەتابلۆیەکی تۆش بدزمو لەپەڵە دووکانێکی خەیاڵمدا

بیکەمە گوڵە گەنم....

ڕوخسەت لەحزووری چەترێکا وەرگرمو

تۆپەڵێك سێبەر،

بوەشێنمە ئەونیگا بەریئەوە،

واخەریکە گەرمی شارەکچ دەیخۆنەوە...

ئەی گوڵی پێشانگە...

تۆ خۆت لەتابلۆکانت تابلۆ تری

گرەو دەکەم مێرووولە کچ

بۆ خۆت دێن،

نەك بۆ شیلەی ڕەنگێك

لەبەهاری پێشەنگە....!

نەكەی پرمەی پێكەنینەكانت،

بەودەموچاوە ماسكانە بشۆی،

لەحزەیەك لەڕۆژوبوونی،

ڕەنگی قەڵەمێك نازانن....

چاوی گۆڤارێكی سیس ئارایشت ناكەن‌و

لەگەڵا دەستی ڕۆژنامەیەكی هەتیوا تەوقەناكەن...

ئەوشارە كچانە چی دەزانن،

واپۆستەری پێكەنینیان

بۆ ڕەنگ دەكەی؟!

****

كەهاتم بەچەپكێك گوڵەوە هاتم..

بەهاژەی پەنجەكانم دركەكانیم بەست‌و

بەفوارەی ڕۆح تێكەڵم كردن...

چۆن یەقین بینم ئەی خودا

چۆن ئیمان بگوشم،

لەكاتێكدا گوڵێك لە كەڤاڵێكی پەژمورردەدا،

دەڕشێتەوە...لەكاتێكدا ڕۆحی گوڵێك

بەئازارەوە پێكێك لەمەرگی نۆشیووە...!

تووڕەم...وەلێ تووڕەبوونم

بۆنی مناڵی لێدێ...

باش بزانە گڕوگاڵی ئەوتووڕەبوونە

تیشكی چرایەك ناڕوشێنێ

ئاژاوەی ئاوێك هەڵا ناكا...!

پرچی قاقایەك گرێ نادا..

هەموو دەرگاكان پڕلەقفڵاو ژەنگ ناكا...!

تووڕەم....وەلێ تووڕەبوونم،

چێنراوە بەتەقسەكانی ئەوین‌و

بەناسنامەی خواو

بەشۆڕشێك دژی یەهودا...!!

تۆ بۆ لەدایك بوونی شەوێك

بەرۆكی هەموو زەردە پەڕەكانت،

تەكاند لە عومری مناڵی‌و

لەتەختەی ڕەش‌و لەتەباشیرە

گەچاویەكانی دەستی كورسییەكان

دێڕی ئەوقسانە چەند ڕووناكن

دەوباتەوە بۆ لەتێك فكر،

بۆ زەڕەیەك نیشتمان...!

دێڕی ئەو قسانە چەند تاریكن

دەم‌وچاوی بەرائەتت،

لەژێر لێفەی هەوری هەندەرانا

بەچەقۆی بارانە كچێك هەڵدەكا...!

چەند خەیاڵت بنوێ‌و

چەند یادەوەری چڕنووك،

لەگزنگی هزرت بدا

نەكەی ئەو گوڵەسەربڕاوانە

جارێكی تر شنەیەك لەهەتاویان بۆ قەرزبكەیت‌و

بەچاوەکانت ئینجانەیەك

لەگڵی ئەوینیان بۆ ڕۆکەیت،

ئەمە شەڕی جاویدانییە ئەزیزم

ئەمە مانای ئیمانە،

بەبەرایی کتێبخانەی داهاتوو...

ئەمە گۆچانی خۆرەتاوە،

بۆ سێبەرێکی پەك کەوتوو...!

بەدوعات ئەسپێرم

نەکەی بەدوعای ڕەنگەکانت

دیواری ئەم ووشانەم بڕوخێنی

کە لەدەستێکی ساردەوە هەڵدەقوڵێنو

لەدەرونێکی گەرمەوە دەڕژێن

بەدوعا...بۆ لەدایك بوونی شەوێکی تر

مەراقی لوولی هەورێكو

گریانی تاڵێك لەبارانو

شینی شەڕی کچێك، بەتاریکی ڕەنگ بکە..

بەقردێلەی شەویش،

بیانخەرە ڕستەی چوارچێوەو

ووشەی ئەو ڕستانەی ناچنە،

ڕەوەزی ڕەنگتەوە...

بەدوعا...!!

٢٠٠١/٥/١

"تاخەو دائەگیرسێ بنوو"

من ئەمشەو دەڕۆمەوە ئەلبومی خەوێك...

درەنگە بۆ شکۆفەی شەو..
خەوێك پەنگی خواردۆتەوە:-
لەلمی گمەو لەگریوەی بەردو
لەزیخی چرپەو لەقوڵپی چەو....
ساڵانێکە بەتاڵی بارانی تەمەنمەوە
لە پەڵەکانی پایزدا ووشکە خەوی تەنیایی دەچێنمو
لەکێڵگەکانی حەسرەتا شەتڵی بێ خەوی....
ساڵانێکە عەتفم قەڵەمێکی بێ ڕەنگە،
بۆلێوی ڕەنگاڵەیەك، کە لەپۆلەکانی پایزدا
چوو بووە پێنجەم وەرزی سکوت...!
من ئەوەندە عاتیفەم بەکەسەر شێلا،
پێکێك ئیمان لەکانی چاوەکانمەوە هەڵخلیسکا،

بۆ دەستی ئەو بولبولانەی،
لەخوێندنەوەی ئینجیلا دەبنەدووەم ڕاهیب
لەوەسێتی مەسیحا....!!
من ئەم شەو دەڕۆمەوە ئەلبومی خەوێك
درەنگە بۆ شکوفەی شەو....
خەوێك ساڵانێکە بۆتە ئەڵقەڕێزی
ئەندێشەی پەنجەکانم
من دەزانم خەوبینین چڵکی پێی پیاسەی شەوە...
حەقیقەتیش دۆسیەکانی بزمارە..
لەباکوری ئەسرینی ئاوێنەدا بینیومە،
بزمار چ هەڵوەدای ئاشوبێکە،
کە قەفەسێك مان دەگرێ

باڵێك بەخاچەوە دەوەرێ‌و

هاڕەی مەقسەلەیەكیش،

ئەزبەر لەخوێن...

تۆ حەقیقەتێك بووی یاخەوێك؟!

دەزانم لە حاشیەكانی حەقیقەتەوە هاتی..

پەنجە بزمارییەكانتم بینی،

لەحزەیەك لەشەرمیان نەچۆڕاند..

هەتا جۆگەی خوێنی سێوێك،

بەلەفافی عاتیفەیەك بپێچرێ...!

مەیەرە خەوم..ئەم خەوە مەعنایەكی نییە

تا لەڕەفەكانی تەئویلدا بێتە ئارشیفێك

درەنگە بۆ شوشەی لۆژیكێك چرۆبكاو

باڵندەیەكی وەفا بوەشێنێ...

تازە خەوی چی؟ بڕۆرەوە بۆ شلوێ بوونی ئاوێنە

ئاوێنە سومبولی حەقیقەتە...

لەوێ شەبەیخونی عەڕافەكانی زەندیق

تەماشای تەفرە دەدەن‌و

زیخی دەڕنن...!

لەفەسڵی ووشكە ساڵیا پرسێكت بەزەمەن نەكرد،

چی كرد لەشەو...

ئەی پایز بێ دەنگی، زەمەن پێناسە

بەعەقیدەی گەنجی...

مەیەرە خەوم...چ خەوێك بوو

نەتزانی پیری بەنمەی گۆچانێکەوە هاتو

دەستی لێ وەشاند...

پیری لەدەموچاوتا خۆی ڕژاند..

ترپەی چاوەڕوانیم ڕووخا...تازە خەوی چی

تەمەن بەشی ئەم هەموو حوزنەناکا...

بایەك نەبوو دەستم بگرێ..

پاڕانەوەش لەم هەمووبایانە

گەرا پووچێکە لە هیچی...

لەخەوما...باوەڕم هێنابە تۆی (با)

تۆی (با) لەم پایزەدا

گەر بڕۆیتە حوجرەی گوڵاو

ڕێزمانی باخچە بخوێنی،

لەوەئەچێ نەشئەی ئاو لەئیعتیرافێکا

لەسەر هاژەکانی خۆی سکون ئاوەدانکا

تۆی (با) گەر پسوڵەی متمانە،

لەفڕکەی فنجانێکا ڕاڤەکەی

ئەوا قانوونی کۆچی پەڕەسێلکەیەك

لەکانوونی سێیەما،

گوزارشت لەبەهارەکا...

تۆی (با) گەر لەفرمێسکی شەکری شەکردانێکا

خۆت ئینتحارکەی

ئەوا تاڵێك لەکسپە سەرئەکا

کشتەکی کسپە کسپەتر دەڕوا...

پەروانەکە ڕۆندگی چراجەم ئەکا

## کەشەهادەتێك شنەی دێ

قەقنەس لۆژیکێکە قاف دەگرێ...!

مەیەرە خەوم...ساڵانێکە ئەغیار،ئەغیاری

ئەغیارم بە گەمژەیی شەو

کەپێی هەڵدەکەوێت لەقیژەی پرچێك

زنەی تاریکی دەڕژێ....

کەمانگ سەفەردەکا،

تەسلیمە بەبانگی کەڵەشێرێك...!

ئەغیارم بەسپی بوونی ڕیشی بەرد

لەدەقی دەستنووسی ڕابردووی خۆیا

گاشەبەردێك بوو دەستی دەکردە ملی هەورو

تەزبیحی (باران) لەناو گیرفانەکانیا

توحفەیەك بوو ئایەی نان

مەیەرەخەوم...تۆ ئەغیاری

تاخەو دائەگیرسێ بنوو

تاجەسارەت لەت دەکەی

درەنگە بۆ شکۆفەی شەو...!!

سلێمانی

٢٠٠١/٦/٢٢

""شەهادەت

درۆی چ تەقسێك بۆباخ دەهێنیتەوە...

کەبڕوانامەکەت پووچە بەمەوسمی،

غەزەلوخەیاڵا....

وەرە لە کۆڵانەکانی لەپی دەستمدا

ڕۆمانسییانە شەتڵی تەماشایەك بچێنە...

من قەهری ئەم هەموو سێبەرانە کوشتمی..

کە لە کتێبێکدا ڕوابوون،

بەرگی یەکەمیگریانی حەوزو فوارەیەکیکلاسیكو

دوابەرگ بارانێك تەڵخ بەدرۆ...

لەناویا خوێنی ئەو دارسێوەم بۆ تەئویل مەکە،

پیاسەی باڵا لەسەریا لەت، لەت کراوەو

سیاسەتی جەنگەڵا لەگەڵاکانیا،

قەدەرە بەقیامەتی خوێنو

مەشهورە بەئینقیلاب...!

ئێمە لەجەنگەڵاین...لە جەنگەڵا

هیچ شتێك ناچێتەوە سەر شەهادەت...

لەمەحشەری ئەم جەنگەڵەوە،

وەرە بابڕۆینەوە بۆ وێردی

لێوی سۆفییەك...

ئەشێ مشتومڕی کانییەکی پێخاوس

بکاتە مەکۆی نزا...

پێدەچێ دارشەقێك پێڵاوەکانی دزیبێ...

بیسمیلای ڕووبارێك دەڵێتەوە،

پێدەچێ لافاوێك لەکەنار لێوەکانییەوە

سەحرایەك لمی جێهێشتبێ...!

ئەمە ئیفلاس بوونی ڕۆحە لەهەڵاتناو

عورفی شەهید بوونە لەئاوابوون...

نازانم ئەم هەموو شەهید بوونە، دەمباتەوە بەرقاچی چ زاهیدێك...؟!

من هەنووکە ڕۆحم ئەو کوفرە ماشۆشیانە دەکوژێ

بەشەهید بوونمەوە ئازار دەپێچن..

ئافریدەی چ ئازارێکە، کەبارانێکی خەواڵوو دەبینم

لەزەینییا هەوداکانی پرچی دەسوتێنێ،

پێش ئەوەی سەربدا لەماڵی ئەو

چۆلەکە مەغرورانەی هەر لەتافی هەرزەکارییا

تەمەنیان دۆڕانو نەگەیشتنە،

جریوەی کەروێشکە گیایەك!

نازانم ئەم هەموو شەهید بوونە

دەمباتەوە تێفکرینی چ عیرفانێك؟

من عاریفانە دەگریمو گریانم کامڵا بووە..

ئاخر چۆن گریانم شکۆفە نەگرێ

پەراسوەکانی پەروانە دەبینم

لەسەر ئیقاعی فەرموودەکانی گوڵا

نوێژێك پڕدەکا لەووردەسەماو

نووچی عیشقێك بۆ نووری خوا...!!

ئاخر چۆن شەوم شەربەتی خەڵوەت نەنۆشێو

نەبێتە سومبولی شەهادەتێك

درۆی ئەم تەقسە کوشتمی،

بۆ بڕوانامەیەك بێ بەقابوو بەخەیاڵات...

گەردەلوول کەی چۆتە دۆسیەکانی قانوونەوە

کەی ئیمانی هێناوە گوڵەکچێك مارەکاو

لەسەر سەحرای باخێکی بێوەژن

مەرەکەبی ئاوەدانی بڕوێنێ..!

تەرجەمەی گەردەلوول:-

لەشەوی ئینجانەی قژو

لەرنەمە گۆرانییەکانی ستیانو

لەنۆ تەڕەنگاو ڕەنگەکانی کەمەرو

لەشنەشێدارەکانی گەڵای دەستو پەنجە...

هەر هەموویان دەچنە لەهجەی

یەخەی سمێڵێکی ئیغتیساب ...!

ئیتر چۆن بگەمە کامڵا بوونی گریانو

مزربوونی شەهادەت..

ڕەشنووسی ڕیوایەتێك نییە

بمباتەوە سەر ئیمامە شێتەکانی پێکەنین

حزووری گەڵایەك نییە

بمباتەوە سەر سەوزبوونی ئەندێشەی یەقین..

کتێبەکانی غەزەل تەواو

مێژووەکانی عیشق تەواو

درۆی چ تەقسێك بۆباخ دەهێنیتەوە...

کەمن درەختێك بم،

لەهێلانەی قژما، ویتەویتی دەنووکو باڵا

بچێتەوە سەر وەهەو وڕێنە...

کەمن درەختێك بم،

دێرۆکی دەنوکێك‌و

تەزبیحاتی باڵێك

نەبێتە فتوحاتی ساباتێك...!

ئەم هەموو گرینە سپییانەش تەواوو

نەگەشتنە غەریزەی فڕین...!

کتێبی ئەو غەزەلانەش تەواو

کەپڕبوون لەدێراوی درۆو

خیتابی ژەنەراڵە پیرەکان...

کتێبی ئەو عیشقانەش تەواو،

کە خاڵی بوون لەخەتای پێغەمبەرەکان‌و

دووربوون لەحەرف، حەرفی خواو

نەگەیشتنە شەهادەتێکی جوان...!!

سلێمانی

٢٠٠١/٧/١٩

" من کتێبێکم ژنستان"

من وورده قیژە یەکم لەپشت عەزابە

کەسکەکانی،

ئازارەوه چاوم هەڵهێناوه..

کچی شەرعی ئازارێکم هەموو ڕەچەڵەکم،

دەڕواتەوه سەر پرچی پەلکە ڕێحانەیەك...

دەنووکی دڕك شلوێی کردووەو

قوڵپی دڕکەزی لەباڵایا زیندانی ڕواندووە...

بەچاوێکی کپو بەجیلوەیەکی کوتراوەوە

لەدرزی کۆڵانەکانی چاوەڕوانیا

دەنووکی ئەومەلانە،

لەقسەکانی قەفەس بەتاڵا دەکەمەوە

نەیانوێرا...لەژێر باشوری غەریزەکانی ئاوەوە

زامی قژەگیایەکی پەمەیی،

بەجریوە ببەستنو

بەنازو عیشوەوە سەر لەکۆماری،

ئەوکچەکە ئابانە بدەن

ماشۆشیانە لەزەتەکانی پاکیزەییان

ڕووخێنراو

پایتەختی بێوەژنیشیان،

بەمەراسیمی تیرۆر ئاوەدان..

هەموو خەتای تۆ بوو ئەی شەڕ،

فێری قیژەت کردم، لێنەگەڕای

جوگرافیای ئەم دەستانەم،

خەریتەیەك ماچ بکا،

ئازار پەی پێنەبردبێ...خەتای تۆ بوو ئەی شەڕ،

لەسەر شانی قیژەیەکی کەنەفتا

گوزەیەکم بینی بەگریان خۆی پێچابوو..

ئەوە حیکایەتی کانییەك بوو،

بەدەم مۆسیقای ئازارەوە دەڵێ:-

پێش ئەوەی شووبکەم بەقەوزەی جۆگەیەك،

عاتیفەم چرچولۆچ بوو،

بەتەڵاقی ئەو پەڕەسێلکانەی

هەر بۆ ئەوەی سەفەربکەن، سەفەر

هەر بۆ ئەوەی کۆچ بکەن، کۆچ

نیشتمانیان لەجانتایەکی سەرئێشە،

هەراج کردو..لەپەنا

دووبڕگەی شەرەفیشا،

منیان کوشت.....!!

****

من قیژەی ژنێکم لەزەمەنی ڕشانەوەدام،

پشوویەکم نییە بۆ خۆشەویستی...

شەوانە دڵی نیشتمانم پڕە لەحوزنی کاڵاکاڵاو

ڕۆژانە قژی شانەدەکا.

بەقیژەی ترش‌وتاڵا.....

من کتێبێکم ژنستان..

ئاخی لاپەڕەکانم تژییە لەقیژەی هەمەڕەنگ

قیژەی سپی دەڵێ:- سەرپۆشی هەورێکم بینیووە

لەژێریا مەمکە پەناهەندەکانی خۆر،

لەبری قریووە

گژوگیای گریانی گرتووە...

قیژەی ڕەش دەڵێ:- شاڵی شەمێکم بینیووە

لەباوەشی وەلییەکانی دیوارا

قیژەی لێ وەریووەو قەفەسی لێچنراوە....

قیژەی سەوز دەڵێ:- گسکێکی لاسارم بینیووە

پرخەی پاکژی شەقامێك،

لەچاوەکانیا دەدڕێنێو

بەئیمزای ڕەشەباش،

چینەدەکا لەباڵای درەختێکا...

قیژەی سور دەڵێ:- کچێنی پشیلەیەکم بینیووە

لەڕەحمی پیاڵەیەك خوێندا،

دەچێتە خەوی ئەبەدییو خنکاوە...

قیژەی شین دەڵێ:- نەوڕەسێکم بینیووە

تادوا گیانەڵڵای سجود،

بەعیشقی نوێژەکانی دەریاوە،

ڕۆحی شینی لەناو لەهجەکانی،

شەپۆلا جێهێڵاوە...

قیژەی زەرد دەڵێ:- ئێوارەیەکم بینیووە

لەقەهری مانگ خۆی کوشتووە،

لەهاڕەی دەستەهارو هاجەکانیشیەوە

خوێنی خۆر نشین،

لەپەنجەکانیا تکاوە....

****

ئەدرەسی ئەم قیژانە دەڕواتەوە،

سەر نەسلی ئینشایەك

گڕوگاڵی دەرگایەك نییە

بەووتاری قفڵا گۆش نەکرابێ..

گوڵدانیماڵێك نییە،

خورپەی چاوەڕوانی تیایا چرۆی نەکردبێ..

ئاسمانی دەلاقەیەك نییە،

بارانی ڕوئیاسەر لەئینجانەیەکی پیر بدا...

پایپی شەمعدانێك نییە،

بەپەروانەیەکی پەڕەوازە بڵێ:-

سکوت بەسکوت کەسكوسوری عاتیفە،

قیژەیەکە لەبار چووە....!!

قرچەی ملوانکەیەك نییە،

بەگەردنێکی چرچ بڵێ:-

سەر خەوێك بشکێنە ئەزیزم

لۆچی ئازار دەسڕمەوە..

هارمۆنی گۆرانییەك نییە،

بەگمەی کۆترێك بڵێ:- هێواش بەهێواش

نۆتەکانی سەفەر لەبیری نیشتماندا دەکوژێنمەوە...

نەشئەی نیشتمانێك نییە،

بەشەڕبڵێ:- شەرم کە، شەرم

تازە دارشەقی چی؟!

من کەم ئەندام ناخەمەڕۆحی ڕستەمەوە،

من شومکردووە بەتاڵێك لەپێکەنین...

****

ئەدرەسی ئەم قیژانە دەڕواتەوەسەر،

میزاجی جەنگەڵێك

دیالۆگی بەهارێك نییە،

هەتازمانی گەڵا،

بەپاسارییەك بڵێ:- بەیانیت سەوز هەناسەکەم

وەرە بەدەنووك لەتابلۆکانی تیرۆر

ڕووت،ڕووتم کەرەوەو

لەبناری قسەکانی فڕینتا

کات ژمێری قیژە قەفکە....

هێشتا بەرچینەیەك لۆژیك،

مشتێ ماچی سەوزە...

دانووستانی ئەلفابێتێك نییە،

بەخەیاڵی جەنگەڵا بڵێ:- قەسابخانەی قیژە لوولکەو

عاشق بە...

هێشتا عیشق لەسنگی دوو داری ووشکا،

شنەشنی ستیانێکی سەوزە...

لەجەنگەڵا خوڕەیەکی سەوزنییە،

سورە چەتاڵێك چنگی لێ گیرنەکردبێ

هەتا بەپێیەکانی ئاو بڵێ:-

ئێوارەیەکی سەوزتان سەوز

گەرهاتن...سکون،سکون

لەهەنگاوەکانتانا بوەشێنن...

باسوهراب خەوببینێ:-

ئەوانەی قیژەی بەرد دەگرنە پەنجەرەکەی

وابزانێ قاقای کچانە!

باگۆران ئارام بگرێو تۆزێك سروشت،

لەو قیژانە هەڵکێشێ،

کەلیستی سەربڕین،

ناو نووسی کردن...!!!

سلێمانی

٢٠٠١/٩/٢٩

وچانێکم بەنێ ئەی هەورەکانی باران...و چانێك

هەتا لەهەڵوەرینی گریانی ئێوەی بارانەوە،

هەموو یادەوەرییەکانم بشۆمەوە... کەشورەییەو

بەندە بە ئەحکامەکانی شورەیی....

کەلەدایك بووم، یەکەم قەترەی گریان

پێش ئەوەی ماچی کا،

خاکی کوڵمم پێچرام بەپەڕۆیەکی شینی شورەیی...

کە مناڵا بووم، کە گڕوگاڵم لەخۆم تەکاند...

ماڵە باجێنەیان حەرام کرد،

لەبووکە شوشەی شورەیی..

کە گەورەبووم بەناوی نمرەی ڕەوشتەوە،

هەرچی هەڵماقۆی هاروهاج هەبوو

خەفەم کرد، کەچی دووپلە لەسەرووی هزرەوە

نەرمی ئەو هەڵماقۆیانە،

پێناسەن بەشەڕی شورەیی...!

شورەیی بەهەمووتەمەنمەوە پێچراوە

وچانێك ئەی باران...بم شۆرەوە،

لەویادەوەرییانەی کە ئینجانەی عاتیفەم،

سیخنناخە لەو گڵە گریاوانەی،

فرمێسکەکانم تەرجەمەی عەیبی عەیبەن...

کەچاوی عاتیفەم پڕدەکرێ،

لەوپێکە ژەهرانەی

بەئیمزای خێڵەوە سونەتی سونەتن..!!

ئەی باران بمشۆرەوە لەویادەوەرییانەی

دەچنە لیستی هەمیشەپایز...

لەم نیشتمانی خێڵاو برینەوە،

پێش ئەوەی ببمە دایکێکی بەدبەخت

هەمیشە پایز:- گەڵا ڕێزانی کچێنیم دەکا

بەهەڵوەرینی هۆژانی ئەو ستیانانەی

پێش ئەوەی چاو داگرن،

شەرم هەڕاجی کردن...

دوای ئەوەی بوونە فریکەسێو،

لەباخچەی کراسێکدا

جەندرمەکانی باڕێزە وەراندنی..

هەمیشە پایز:- پرچەکانم بەفەرهودی

هۆرەیەکەوە دەبەستێ،

کەدەچنەوە سەر ئەو دەستو پەنجانەی

حەسرەت گوشینی..

هەمیشە پایز:- پرچەکانم بەهوتافی

ئەو قردێلانەوە دەبەستێ،

بەدرۆی گرێکانی عەیبەوە،

خۆیان دەسکەنە دەکەن....!!

ئەی باران قریوەی چەترەکان،

لەحزوورتا ئەنوشتێنمەوە

بەس بمشۆرەوە لەو یاداشتانە،

ئەی باران...

****

لەم نیشتمانی خێڵاو برینەدا...

هەموو یادەوەرییەکانم شورەین...

شورەییە وێنەیەکی فۆتۆگرافی منی ژن،

بەپێکەنینێکی ڕۆمانسییەوە،

غوربەتی دیوارێك داگیرسێنیٚو

ئاوەدانی بخاتەوە...!

شورەییە لەدوای تەرمی خۆشەویستەکەمەوە،

چەند قیژەیەکی شکاو،

لەقەفەسی دەسرێکا،

بخەمە ناو شوشەی هەنگاوەکانمەوە...

شورەییە لەخەمێکی یاخییەوە،

بۆ سەرشانی شەمو شیرینەکان

گۆزەیەك لە لەزەتەکانی خەیاڵا تل کەمەوە...

شورەییە چەقۆ لەبەرۆکی ئێوارەکان داماڵمو

(با) بەلۆژیکەوە فێرکەم،

هەر ئێوارەیەك لە بەرۆکیا چەقۆی ناشت

تریفەکانی مانگی لیٚ کەنەوە..

شورەییە بەکەنارییەکی دەنگ نووساو بڵێم:-

وس بە، وس..

لەماڵەکانی شەرەفدا،

تەنهاییم چووە وەجاخەکانی کوێر بوونو

تەنها هۆگرم بەفەلسەفەی خشتی دیوارەوە..

ئەی باران بمشۆورەوە، هەموو ئەویاداشتانە،

لەباخەڵی چەترێکا ئەشارمەوە،

کە بۆمنی ژن شورەین...

بمشۆرەوە ئەی باران..

****

لەم نیشتمانی خێڵاو برینەدا

هەمیشە برین:- منی ژن پڕدەکا،

لەموسافیرەکانی گوناەو

بێ دەنگییەکانی زەعیفە...

هەمیشە برین:- کردەی تفەنگەکانە

تفەنگەکان کە لە جەنگی هەوەس دەبنەوە

منی ژن دەچمە خانەی بێوەژنەوە..

بەناوی بێوەژنەوە بۆ پەرچەمی کولێرەێکی گەرم

هەرچی گۆرانی گوڵە گەنم هەیە

ئەتەکێنمە فرمێسکە دڕاوەکانمەوە...

بەناوی بێوەژنەوە بۆ هەنارەکانی باخچەی شەرەفو

بۆسەر پۆشەکانی حورمەت،

لەجزوی تانووت

دڵم لەقوڵای جانتاکەمدا،

زیندان دەکەمو

بەدەم باوێشکی شەوەوە،

بەسادییەتی دووکەڵی جگەرەوە،

تاریکی تەفرە دەدەم...

تەفەنگەکان کە بۆشەهوەت سەفەرئەکەن،

منی ژن دەچمە میحنەتی گەڵایەکی وەریوەوە

لەنێو جەنگە ساردەکانی:- کڕیوەی دیوارو

کەسیرەی تەنهایی..

لەنێو جەنگە ساردەکانی: سەرئێشەی فاکس‌و

دوو دڵی تەلەفون..

لەنێو جەنگەساردەکانی:- خورپەی تەڵاقنامەو

قەوزەی ئەوقسانەی،

شەرحی دەکەن گومان‌و منی ژن،

دەکەنە کۆتەرەو قەترانی قەرەبووت...!

نیشتمانی خێَڵاوبرین کردەی تفەنگەکانە...

تفەنگەکان کە بەجیلوەی عیشقەوە،

سەرمەست دەبن...

منی ژن بەزەمبیلەی چوارینەیەکی خەییامەوە

عیشق کۆ دەکەمەوە...

تفەنگەکان کە بەپیربوونەوە خەڵوەت دەکێشن،

منی ژن بەگەنجی چەترێکەوەو

بەمۆمەکانی نزاوە دەپاڕێمەوە:-

تۆبی خوا ئەی باران..

لەکردەکانی تفەنگ‌و

لەنیشتمانی خەساو بەخێڵاو

لەنیشتمانی داخراو بەبرین

بمشۆرەوە ئەی باران،

بمشۆرەوە....!!

سلێمانی

٢٠٠٢/٢/١٠

نەورۆز...لەنێو قسەکانی باران و خوێنی گیاوگەڵا

نەورۆز... وەرە پڕمکە لەو توێژی، گوڵاوگیا...

حەقیقەتێك باڵەکانی دەکاتەوە..

ئەشێ ئەوە پەیامەکەی ئاڤێستابێ‌و

تاریکییەکان گڕێ بداو

پەنجەکانی زەردەشت خۆی بێچێ لەبەرچینەیەك ئاگر،

بۆ دەستی ئەو موغانەی،

فەرموودەی قەدەرێك رێی نەدان

قەترەکانی وەنەوز

پشکۆی باوەشێ جێهێڵن،

لەچاوەکانی خانزادا...

ئێی خاتوو خانزاد تۆ بەکوردبوونەوە،

گیرت خواردو

زەردەشتێ چرۆی نەکرد

لەڕەختی نووستنتا

پێڵاوەکانت لەفەرهەنگی پیاسەی شەوا

تینووبوون بەخەونامەی خەم

خەمی پرژەی پرچێ لەژێر پێیەکانی کفرا،

هەناسەدەدا..

خەمی ڕنینەوەی قژی ئینجانەیەك،

بەدەست فۆنە تیکەکانی سەرما..

خەمی هەواڵی لاولاوێك،

بەچڵی پەنجەرەیەکی شکاوەوە مۆمیا..

خەمی سێوەکانی چاوەڕوانی دەسخەڕۆ،

بەوعاتیفە ماسکانەی پڕن لەئاوەڵناوی درۆ..

خەمی گمەی لێوی کۆترێك،

کە لەکێلانەکانی خەنجەرا دەڕوێ..

پێش ئەوەی دەستت بینای کا، زەخرەفەی ئاوەدانی

تەماشایەکی نەرمت ئەوەبوو،

لەجەژنی نەورۆزا

مەرقەدی درەختێك بەڕێزمانی کوردی،

مینا تۆرکەی...

قاقایەك لەمارکەی ژەهر،

بنێری بۆ لێوی سوڵتانەکانی عوسمانی...

بەکوردبوونەوە گیرت خوارد

کەچی نەورۆز ئەو ڕەنگاڵەیە بوو

لەگوڵستانی دەسماڵەکەتا،

چینەی ئەو پێکە نییە زبرانەی دەکرد،

قۆڵپیان دەدا لە خەما...!

نەورۆز... خانزاد شکستێ بوو ڕاپەڕی..

ئێستا وەرە هەر بەخەمی کورد بوونەوە

پڕم کە لەوتوێژی گوڵاوگیا

پڕم کە لەنۆتەکانی ئاو،

لەپەنجەی جۆگەیەکا...

****

نەورۆز وەرە پڕم کە لە قسەکانی باران..

حەقیقەتێك تاریكی ئەنوشتێنێتەوە..

لەوەئەچێ ئەوە خرمەی پێی ئەسپەكەی سمكۆبێ..

بەشادەماری كوردبوونەوە گیردەخواو،

سمكۆڵانیەتی لە كۆڵانێكی مێژووا

ئەو لەباخچەیماڵەكەی خۆیا

چاوی بەهارێكی نەبوو،

هەتا سەیری نەزیفی ئەو

هەموو هەنارانە بكا،

تاریكی ئەتكیان ئەكا..

ئەوبەهزری قوڵترین تاریكیو

بەفەلسەفەی تۆخترین بەربەری

لەشەقژنی جەدەلێكدا

ڕەوەزی گوڵەی كێشاو

بەدوكەڵی پایپی (ماری شەمعون)ەوە خنكا

بەكورد بوونەوە سەری نایەوەو

فەنەری نەورۆزێك نەبوو بۆسورمەی چاوەكانی،

هەتا ئۆرجازمی ڕۆحی بگاتە لوتكەی سوتان..!

نەورۆز...سمكۆ شكستێ بوو،

لەفەسڵەكانی باشوری مێژوو..

ئێستاوەرە هەربەزوهدی كورد بوونەوە

پڕم كە لەڕەوانبێژی هەورو

لەقسەكانی باران...

****

نەورۆز..وەرە دەست بكەرە ملی خەونێك

که تەقسی تەفسیرەکانی مەیی..

حەقیقەتێك نەشیدەکانی نیشتیمانی دەڕوخێنێ....

ئەشێ ئەوە کۆمارەکەی مەهابادبێ...

قازی بەپەیامی کورد بوونەوە،

نزیك بوولەخوا

ئەو کوردییەت لەلای ئەرکێك بوو

دەچووە ڕەحمی ئایەتێك لەسورەتەکانی خواو

جاڕنامەی پێغەمبەرێك،

لەچاوی فەرموودەیەکا..!

نەیان هێڵا چۆلەکەکانی فەساد، نەیان هێڵا

شپرزەیی خۆی تێکەڵا،

بەلافیتەکانی بەهارەوەبکاو

لەوپەڕی خەڵتانی نوورەوە، لەمشتومڕی نەورۆزێکا

ئەی ڕەقیبێك لەپەنجەکانیا بچۆڕێو

لقێك لەسروتی ئاگرو

لقێك لەچوار چرای مەهاباد

لقێك لە لەچکەکەی قەدەم خێرو

لقێك لە پشتێنەکەی مامەیارە..

لقێك لە ناڵەی ئاگری داغو

لقێك لەئەڵهای ئەنفال

لقێك لەقەموربوونی بەردەقارەمانو

لقێك لەڕیشی شێخ سەعید پیران..!

بکا بەسنگی ئەو خائین زادانەی:-

خەونی کورد لەباڵای سیڤەرەوە

دەکەنە گوارەیەك بۆ گوێچکەکانی لۆزان...

خەونی کورد لەسەرمێزی مەسڵەحەتەوە،

قوربانییە بۆ پێکێك نەوت...!!

نەیان هێڵا چۆلەکەکانی فەساد، نەیان هێڵا

قازی بەکورد بوونەوە گیری خواردو

کورد بوونیش خنکاندی..

نەورۆز..قازی نەك شکستێ،

چەرخی ڕاپەڕینێك بوو ووروژا...

ئێستا وەرە هەر بەخەڵوەتی کورد بوونەوە

پڕم کە لەتەقسەکانی ئەو تەفسیرانەی

هەموو خەونەکانم دەبنە گوڵەماچ

بۆ خاکی یەخەی پێشەوا...!!

****

نەورۆز... وەرە بچینەوە لای خوێنی گیاوگەڵای چرا..

ئینجیل موتاڵای دەکا..

حەقیقەتێك تاڵی ڕوناکی لەقەفەسێکا کۆپی دەکا

لەوەئەچێ ئەوە (بێکەس)ی شاعیربێ

نوێژی نیشتمان لەسەر لەپی دەستەکانیا

هەردەم لەحزوری خوادا ئەیچریکاند:-

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم..

خوایە وەتەن ئاواکەی..

لەشنەی چاوەکانیشیەوە

بە(٢٧) ڕکات فرمێسك

(٢٧)نەورۆزی دائەگیرساندو

(٢٧)جار بەئاخی کوردەوە

بە(٢٧) ڕستەی توانجەوە

(داری ئازادی) ئەلاواندو

(٢٧) جار چاوە برسییەکانی ئەدمۆنزی،

پڕدەکرد لەپرووشەی دووکەڵاو

لەقیژەی ئاگر...!

(٢٧) جار، بەزەکیە ئەلکانی ئەووت:-

گەر بوویتە بوکی نەورۆز

(٢٧) جار، (٢٧) تاڵ لەپرچەکانت

بکەرە (٢٧) زیندان،

بۆ بەرۆکی ڕۆحی ئەتاتورك‌و جەندرمەکان...

نەورۆز گیان...ئێستا شکست مانایەکی نییە

خوێنی گیاوگەڵا، ئینجیل موتاڵای بکا...

حەقیقەتێك ڕوئیای نییە

ڕووناکی لەقەفەسا کۆپی کا...

ئێستا شکست مانایەکی نییە،

هەرناوت بنێ جەژنی دارودرەخت

نەورۆزگیان، نەورۆز...!

سلێمانی

٢٠٠٢/٢/٢١

"مارت لەوەرزەکانی هەڵەبجەدا"

هەموو ساڵێك وەرزێك دەمباتەوە،

بەرئاستانەی چۆلەکە وێرانەکانی باخی گشتیو

کە نەسمە کاولەکانی ماڵی پاشا....

هەمووساڵێك کلۆربوونی ئاسمانو

تینوێتی باران، بەهەوری پەنجەکانی هەڵەبجەوە هەڵئەکا

هەمووساڵێك عاشورای غەدرێك،

لەپێیەکانی عومەری شارەکەمەوە نەزیفەکاو

بەعاتیفەی خێڵەوە دەپێچرێ...!

هەموو ساڵێك ئاشوبی سەرمایەك،

لەودیو کۆڵانەکانی کانیەشقانو مۆردانەوە

پرچی ڕەنگاڵە قەیرەکان بەشەختەوە دەبەستێو

ناهێڵێ قژی گەنمێك لە کەروێشکەی،

شنەبایەکدا مەلەبکاو

شالورێك بەدەم حەسرەتی مارتەوە،

لەقەفەسێکی نەخۆشا،

دێری دەنگی خۆی ڕەش نووسکا...!

ئەی مارت...بانگی کات ژمێرەکانت بڕوخێو

چوار چێوەی جەندەڵەکانت ووردو خاش...

من بەم هەموو عوزلەتەوە، پارچە، پارچە بووم

ئیتر چۆن بچمەوە سەر وێنەیەکی ڕیالیزمی...

لەبازاڕەکانی وەسمان پاشادا..

چەند مسقاڵا عیشقو

چەند کولێرەی ڕۆمانسی،

چەند چەپك ماکیاجو

چەند کیلۆ هۆش بکڕم....!

هەتا عونەکانی هەڵەبجە بەناو هەموو ڕێگەیەکی بانەدا،

پیاسەی دووکەڵا لەچاوەکانیا هەڵنەگرن..

هەتا هیواکانی هەڵەبجە بەپەڕەمووچی شکستەوە

زەخرەفەی خانەقایەکی گریاو ڕوئیا نەکەن....

هەتا ماچەکانی هەڵەبجە، بەکفرەکانی سواڵەوە

فاتیحەی نوێژێك دەسڕێژنەکەن...

هەتا هەڵوژەکانی هەڵەبجە،

بەگێڕانەوەی نوکتەی ستیانێکەوە،

شوشەی قاقایەك نەشکێنن...!!

****

جەسارەت لەچی بکەم ئەی مارت...

بەم هەموو گروپی عیشقەوە هەردەچمەوە سەر

میتۆدی گوڵەکانی نائومێدی...

تەمەننا لەچی بکەم ئەی مارت...

بەم هەموو مۆسیقای گوڵە نێرگزەوە

هەردەچمەوە سەر کێڵگەی قاقڕی...

لەدەنگی چ چرایەکەوە پچڕانی دەنگم،

بەڕووناکی دەپێچی ئەی مارت..

بەم هەموو تۆفێقی کارەباییەوە،

هەر دەچمەوە سەر چەهچەهەی تاریکی ...!

لەنەخۆشخانەی چ خورافاتێکەوە هاوارکەم

ئەی مارت...

بەم هەموو فڕینی باڵە گەنجانەوە،

هەر دەچمەوە سەر برینترین فڕین...

لەتاراوگەی چ چاوێکەوە ژیرم دەکەیتەوە ئەی مارت

بەم هەموو وورشەی چاوە هەڵۆیانەوە،

هەر دەچمەوە سەر فەتوای کوێربوون...

لەحەرامستانی چ دەڤەرێکا دەمکوژێنێتەوە ئەی مارت

بەم هەموو زیکری ئاوەوە هەردەچمەوەسەر،

ناسنامەی سەراب...!!

بەئاوەدانی چ درەختێکەوە، ئەدەبو هونەردەکێڵی،

ئەی مارت.. بەم هەموو باخی شیعرەوە،

هەردەچمەوەسەر ئافاتی ئاوەقڵیشاوەکانی سوهراب...!

لەپەرستگەی چ کاهینێکاو،

لەپەنجەکانی کام نزاوە کۆم دەکەیتەوە ئەی مارت...

بەم هەموو خەڵوەتە سپییانەوە هەردەچمەوە

سەر، بەرماڵی شەوێکی شەمزاو...

لە گۆزەی چ سەرچاوەیەکەوە،

دەمدەیتە بەرهاژەی هۆش ئەی مارت...

بەم هەموو شەرابی ژەهرەوە هەردەچمەوەسەر

دەستو پلی کانییەکی کوژراو...!

****

هەمووساڵێك وەرزێك دەمباتەوە،

بۆ شەرحی خەوێك حەقیقەت،

لەچاوەکانی مارتەوە نابیناو تائەوپەڕی خەیاڵا،

خەراجاتی وەحشەت...

هەڵەبجەووتی:- مارت بەهەموو غەریزەیەکی خۆیەوە،

من لەگەڵیا بووم

کەچی ئەوە پێچی پێچەوانە...!

مارت منی هەڵەبجە پڕ لەو ئێوارە ناشەرعییانەدەکا

کەشەرع ڕێی نەدا،

شنیانێك بەدەم مژینی مەمکەوە،

لەدڵی سێوێکی ژەهرا ڕاکشێ...

کەشەرع ڕێی نەدا

فەریکە هەنارێك پێش ئەوەی مەمك بکا

چرۆی گوارەکانی پڕکرێ لەگللەی چەقۆ...

کەشەرع ڕێی نەدا

خرینگەی بازنگێك، پێش ئەوەی مەرگ سڵاوی لێ بکا

بەدەست ڕەشەباکانی فەسادەوە،

کچێنی بشکێ...!

هەڵەبجە ووتی:- مارت بەهەموو غەریزەیەکی

خۆیە هاوتای بووم، کەچی ئەوبێ بەقا..

لەدوای کات ژمێری یانزە بێ بەقاتر....

یانزە ئەوکات ژمێرە گەندەڵەبوو

هەموو بەیانیە جوانەکانمی پێچایەوەو

بەباوکێکی نەووت:-

هەڵەبجە کچ لەژێر خانەکانی قەسابخانەدا،

قەرزەکانی مەرگ ئەداتەوە..

هەڵەبجە ژن لەژێر پژمینی دیوارەکاندا

فەقیانەکانی مەرگی لێ ئەتکێ..

هەڵەبجە گەنج. لەناو چایخانەکەی خاڵەدا

قومارەکانی مەرگ پەنجەکانی تاڵان دەکا..

هەڵەبجە ساڵا خوردەکان هێشتا

کردارێکی تێپەڕیان لەت نەکردبوو

بەدەم مومارەسەی نوێژەوە، بەربەرییەکانی مەرگ

هەرچی ڕۆحو جلوبەرگو کڵاشوکڵاوجامانە هەبوو

لەپەرداخێك ئەنفالدا، نغرۆیان کرد...!!

ئەی مارت من بەم هەموو عوزلەتەوە،

پارچە، پارچە بووم...

گریانو شینم بۆ کۆناکرێتەوە

بڕۆ لالەزارێك بدە لەیەخەی شارەزوور،

بۆ ئەوەی پێنج هەزار گوڵا پێبکەنێ....

بڕۆچینەیەك بکە، لەڕیشی شنروێ،

بۆ ئەوەی پێنج هەزار کەو داوگە بروخێنێ..

بڕۆ هەڵپەڕە لەعەنەبو عەبابەیلێ

بۆ ئەوەی پێنج هەزار کانی چەپڵە لێ دا..

بڕۆ نوچێك بۆ خوا سەوز بکە

بۆ ئەوەی پێنج هەزار ئەحمەد موختار سەوزبێو

پێنج هەزار هەڵەبجە ئازاد....

ئەی مارت.......ئەی مارت

سلێمانی

٢٠٠٢/٣/٤

عونە: کەمئەندامێکی خۆشەویستی شاری هەڵەبجەیە

هیوا: مامۆستایەکی ڕۆشنبیر لەبواری هونەری شێوەکاری بەڵام بەداخەوە بۆ ئەبەد خەوی لێ کەوت.

مچە: شێتێکە لە شێتەکانی هەڵەبچە ئەویش نەماوە

تۆفیقی کارەبا:- ئەو بەڕێزە بوو لە هونەری کارەبا شارەزا ئەویش شەهید بوو...عەنەبوعەبابەیلێ: دوولادێی هەڵەبجەن

"پەراسووەکانی مێژوو"

تۆعەتری شیعرێکی

کەی لەزەمەنی ئێستا دەچی؟!

قەڵەمێکی مێخۆشی لەدەفتەرەکانی هەناردا..

مرواری‌ویاقوت‌وچاوەزاری دەریایی،

لەناوچەوانی کەشتیەکا..

تۆ هەمیشە تۆزی پەپولە،

لەڕۆحتا دەچۆڕێو

ئەسەف گوڵی مەعشوق،

لەباخچەی تەمەنتا دێڕێك

لەقەڵەمی پەنجەی نەڕواندووەو

ئیمانی نەهێناوە بەنەرمەڵانی عیشق...!!

لەسەر شانی ئەم پێکەنینە،

شیلانی فرمێسکم کاڵا، کاڵا بوویەوە..

چارەکێك باڵا نەبوو لە ئاسمانێکا،

میقاتی گریانێکم کا...!

تۆ بەعەتری شیعرەوە جامێك پەیڤت دامێو

ووتت:- ئێمە هەمووعاشقینو

قامەتی عیشقمان بیسمیلاکرد....

کەچی کفری ئەو قامەتە،

پێش کەوانو هێماو وێرگوڵەکان

بێ مانا خۆی شکاند..

من ووتم:- کە عاتیفە چووە،

کلتوری پەرداخێکەوە بۆ هەڵدان،

ئەوە هەڵەیەکە باجی بەختەوەری ڕووشاند...!!

تۆ عەتری شیعرێکی کەی لەزەمەنی ئێستا دەچی؟!

تۆ بانگی بایەکی سەرپۆشی سنەوبەرەکان،

لەهەور ئەتەکێنیێو لەپەراسووەکانی مێژووەوە سەردەکەی....

تۆ ئێشتیهادی بەزەمەنی پێغەمبەرەکان‌و

هێڵنج بەکۆمارەکەی ئەفلاتوون...!

تۆ عەتری شیعرێکی، کەی لەزەمەنی ئێستا دەچی؟!

عاشقی....وەلێ هەرگیز بەئێوارەیەکی بێوەژنت نەوتووە،

ژیان گەمەیەکەو مەگری،

وەرە بۆ لام تەنیایت گەرم، گەرم کەمەوە...

عاشقی...بەڵام هەرگیز لەئاوێکی لێژەوە،

موحیبەتت گرێ نەداوەو

کوچەکانی شەرم نەیان هێڵا

بگەیتە دەرگاکانی دەرەتان..

هەتا بەباڵای کانییەکی قەتمەر بڵێی

بەرائەتی دڵۆپێك تەڕایم بەرێ

چاوەکانم پڕن لەخنکان، خنکان...

عاشقی....بەڵام هەرگیز بەپەڕەسێلکەیەکی عازەبت نەوتوە

ڕایەڵی ئاسمان کۆن بووە،

ئیتر کۆچ هەڵناگرێ،

وەرە لە ئاوێنەی کانوونی دڵی منەوە،

تەراتێنی سەفەر ئۆخژن، ئۆخژنەکە...

عاشق بووی...کەچی هەرگیز،

بەپرچی کۆترێکی سۆفیلکەی دەوری قەڵات نەوتووە

نوێژی گەمەکانتان کۆکەنەوەو

هودنەی ڕۆژوەکانتان بشکێنن،

لەئاوابوونی مەغریبی دڵی من..!!

****

من لە حوجرەکانی بارانەوە گوێم لێ بوو

تۆ دەتەوێ موتاڵای ئەو درەختانەبکەی،

کفرێکیان دڕاندو،

قیژەی قژیان بەنەرمە باکانەوە کوشت...

تۆ دەتەوێ بچیتەوە لای  سوقرات،

پەرداخێك پرسیار ئەزبەرکەیتو

دووبست دوور لەلۆژیك

نامەی کچێك بناسیو

لەحیکمەتی پێکێکی ژەهرا هەڵیدەی..!

تۆ دەتەوێ بەئەدەبەوە حوزنی

حەبیبە کۆکەیتەوە،

کەنالی گەیاندە ڕیشی تاراوگەو

ئەو دیو دیوارە قەموورەکانی عەدەم..!

تۆ دەتەوێ دڵی کەربەلایەك ڕاڤەکەی

نەدەبوو حوسەینەکان لەوێڕا

بگەنە کاتەژەنگ گرتووەکانی  کاروانو

دوامەنزڵگەی هەمیشە برینەکانی عاشورا...!

تۆ دەتەوێ بزربوونی ناوێك،

لەدیوانێکدا کۆکەیتەوە

مەسیح بەخاکییەوە خاچ تەرجەمەبکاو

حەلاج بەموورادی عیشقەوە،

بگاتە (أنا الحق)و

فاتیمە بەئینجانەی چاوەوە،

بیڕوێنێ مەرجانی نارنجی تەسەوفـو

شەتڵی بەرمووری مۆر..

تۆ عەتری شیعرێکی، لەپەراسوەکانی مێژوو...

تۆ دەتەوێ بەچەرخو فەلەکی هوماو

بەجۆلانەی سیمرخ،

بچیتەوە لای عیشقی،

بەردەکەی سیزفـو

ئۆدیسەکەی چاوی هۆمیرۆس

پێشکەشە بەشاعیری خۆشەویست کاك

دڵشاد عەبدوڵا

سلێمانی

٢٠٠٢/٢/٤

"ڕەوێك پرسیارو...وڵاتێك ئەفسانە"

گریان وازم لێ بێنە...لەپشت ئەم چاویلکە بێ کەسانەوە،

دەست مەخەرە ژێر چەنەی خەفەتو

لەدرزی ئەم فرمێسکانەوە،

ئەم برینە نووستوانەم خەبەرمەکەرەوە...

لەناو ئینجانەکانی هەورا پیاسە دەچێنمو

چاوەڕوانی چۆڵەوانییەك  نییە،

هەنسکی هەنگاوەکانم بگرێتەوە...

بەناو مینەکانی باراندا دەڕۆمو

سەر ئێشەی ئەفسانەیەك نییە،

گریانم بپێچێ بەلێواری پێکەنینمەوە...!

خودایە، خودای من...

ئەم هەموو تینووی قینە چییە؟

بەربۆتە گڕوگاڵەکانی پرچم...

دەفتەرێکی شەکەتم پێیە،

ناونیشانی هەموو کەشکۆڵێکی تیایە

جگە لەحەوتەم تشرینی هەڵوەرین..

ڕەوێك پرسیارم پێیەو

ئایدیای ئاینێك نییە، بمباتەوە سەر،

سروتی گیایەکی ڕیشی مەولەوی...!

خودایە ڕەحمەتێ...ئەم هەموو سەرابی حەسرەتە چییە؟

بەربۆتە ئاوە شەفافەکانی ڕۆحم

من کتێبێکم پێیە، پڕە لەباڵە ڕەنگینەکانی خەیاڵ،

بەدار زەیتونێکی سۆفی دەڵێم:-

تەماشاکە گەو رەم

بەم هەموو سێبەری مەعریفەوە

گەڵایەکت نییە، بەجامێ شنیانەوە بچۆڕێ..

بەم هەموو خانەقای ڕۆمانسییەوە،

گوڵا بەڕێنوسی ڕەنگتەوە،

باخچەی زیکرت لەت ناکا...

ئیتر بۆ جامەکانی خەتا دەشکێ؟!

کێ گوێ لەئەڵهای کانییەکی شاعیر دەگرێ،
گۆزەیەکی شکاو دێتەو
زەمەن بۆ ئەبەدییەت نامەگەنجەکانی ناخوێنێتەوە
کێ گوێ لەپاوەنەکانی شەقامێکی خرپن دەگرێ،
سەفەری سپی بەناو پرچەکانیا گوزەردەکاو
پەنجەکانی مانگ لەناو ستیانەکانیا چاوناکاتەوە....
کێ گوێ لەناڵەی سپێدەیەکی قەیرە دەگرێ،
لەدەنگیا هەرتاریکی چریکەی دێو
لەنیشتمانی سەفەرا هەر بەڕۆژووەو
ناگاتە جەنجاڵی ئێوارەیەك...!
خودایە، خودای من ئەمانە هەموو
پارچەشکاوەکانی نیشتمانن... لەبانگەوازی فیراقا
خودایە ڕەحمەتێ بەزەڕەیەك تەجەللا..

****

بۆ دەبێ پۆلێك شەو، خۆی حەشاربدا
لەپشت دەفتەرەکانی خەیاڵمدا
بۆ دەبێ خەیاڵێك ئیفلیج بێو باڵانەکا...
تۆ خۆت کوشتو منیش بەدەستوری تۆ
تازە ڕامان لەچی؟!
لەمردنی عیشق یان لەبێوەژن بوونی
هەموو ئەو گوڵانەی هۆرەیەك،
لەتەڵاقنامەی ئاویان کردە ئیشتیها...!
لەچی ڕادەمێنی....لەنزاکانی عیشق یان
لەسەر سپی بوونی هەموو ئەو چەترانەی،

دیالۆك لەماچەكانی بارانا تەنیایی هێنا...!!

لەچی ڕادەمێنی.. تا كەڤاڵی كاول بوون،

تۆ ئەفسانەی وێران...تازە خەیاڵا لەچی؟!

ئەفسانەی ئەم خەیاڵانە، پاكیزەییمیان لەت لەت كردو

چوار وەرزیش لەتەمەنی پرچەكانم، وردوخاش

من لەبازاڕەكانی هەراجا، تەعبیری خەتام شكاندو

خەتام ئەوەبوو، لەجامێكی حەقیقەتا،

لێوەكانی ئاوم ئاوێزە كرد...

وەرە بكشێوببە بەدووكەڵی پرسیار

بڕگەی (بۆ) بخەرە ڕستەی تەفسیرەوە،

ڕەوێك پرسیار بڕوێنە...

ئەرێ گڤەی ئەم پێڵاوانە بۆ ڕەشەبایان خواردو

قودرەتی ئەو ڕەشەبایانە بۆ هەڵوەرین،

لەتووڕەبوون؟

خوایە هاوار...هەنگاوی ئەم بایانە بۆ پڕبوون،

لەتەمی گوێزانو

جگەرەی ئەو پێڵاوانە بۆ مودمین بەعیبادەتی

سواڵا؟

قژی ئەم ژاڵە كەسكوسورانە، بۆچۆلەكەیەكی

وەفای نەگرت؟

تۆ بڕوانە تابلۆی دوا عورفی درەخت،

خۆی دەشوا بەشنەی تەورو بەلەنجەی گسك!

خودایە..ئەرێ شەقام بۆ پیادە بوو بەمەرحەبای ژەنگ،

سەمای ئەسپێك دەبێ چیبێ جڵەو نەكرێ؟

تۆ بڕوانە تابلۆی شەوی دەرگایەك،

ڕووناکی دەخنکێو عاسی دەبێ..

کلیلیشی لەشەوی گیرفانی منا، ئەستێرەی لێ دەڕژێ !

ئەشێ مردن خیانەت بشواتەوە..

تۆ بڕوانە تابلۆی گرەوی پەنجەرەیەك،

گەر هەورەکانی ڕوانین، لەدرزی پەردەیەکا

بوەرن.. هەڵاوی تفەنگێ دەیجوێ...

ئیتر کوا خەتای من؟

لەخێڵی ئاشوبا خەتای کەس نییە،

کۆلارەی منالّەکان ئاسمان نابینن..

لەخێڵی ئاشوبا...قژی ئاویی ئەوکچانە،

ئاوێزان بەجۆگەیەکی چەتەوڵ..!

ڕەحمەتێ ئەی خودا..تۆ بڕوانە تابلۆی ئاشتی و تەبا

هەر ڕێژنەی قسەدەبارێوخۆش ناکا..

تەنها پینەی شەروالّەکانی شەڕ، ئەتەمین ڕێژ..

ئەمن کچی پرسیارو ئەفسانە...

پرسیار لەخۆم، لەتۆ، لەئەوان

تائەوپەڕی تەماشا پرسیار چەقین...

تەماشا سەنگەری ئەو سپێدانەم بالّندەیەك،

پاسەوانییەتی خۆی نادورێ،

بەچۆڵەوانی درەختێکا...

فرسەتێك ئەی خودا...

ئەمن کچی وڵاتی ئەفسانە،

لەئاوابوونی بینینما

لەحورمەتی بەرزاییەکمەوە، هەرگیز نەمبینیوە

فڕینی ئێوارەیەك،

بەدەنووك ئەوین هەڵكۆڵێو

قیژەی مانگ بەسیاسەتی مەمكەكانی كانییەوە،

ئاوێنەیەك بداتە،

كتێبی زیخوچەو...

ئەمن كچی پرسیارو وواڵتی ئەفسانە،

فرسەتێك ئەی خودا...!!

سلێمانی

٢٠٠٢/٥/١٥

"گەرووی قەفەسێك"

كە ئێوارە لەچاوەكانما هەڵدەقوڵێ

بێزاری لەولاوە پێڵاوەكانی،

تاكە پێكەنینێكم لەپێدەكاو

حەسرەت لەم لاوە دەسكێشەكانی،

تاكە خەیاڵێكم لەدەست دەكاو

ماندووبوون لەهەمووالایەكەوە مورووی

چەند خەندەیەكم ئەهۆنێتەوە،

بۆملی خەمێك...!

عەسر، عەسر کە خوا سوێندی پێ دەخوا...

من لەچارەکێکییا ئیمانم هێنا...

عەسر باخچەیەکە بێ جریوەی درەخت

عەسر:- ماچێکە لە لێوەکانی ئێوارەدا،

بێ شنەی باڵا...

ئێوارە باڵندەیەکە گوناە، باڵەکانی تژییەلەترس‌و

خەڵکی ووڵاتێکە قەفەس...!

بەناچارییەوە نوچ ئەدا بۆ مەزهەبی شەو

ئەی شەو، ئەی تەوتەمترین عەقیدە..

بەچ خرۆشی تەریقەتێکەوە لێت بڕوانم

من بەم بیرکۆڵییەی خۆمەوە لەوە گەشتووم

ئێوارە پایتەختی بێوەژنی پیرییەو

لەلەپی دەستەکانیا هۆرەی گۆچان دەچڕێ...

لەپشت دەرگاکانی شەویشەوە

ئەندێشەیەکی من میقات دەکا..

ئەندێشەم چەقیوەتە وێرانەی عیشقێك،

بەتۆمەتی ئەوەی، چارەکێك ئیمانم بەعەسر هێنا...

لەم عەسرەدا نازانم چەند هەنگاو لەخۆما بدۆزمەوە

هەتابگە وجودی ئاونگی گەڵایەك

خۆر واز لەگەورەیی خۆی بێنێ‌و

هەر لەوێدا وەنەوزێك بدا...

نازانم چەند خۆم لەخۆم دەرکەم

هەتا بگەمە وجودی هەورێك،

باران لەناو کڵافەی تووڕەبوونیا

فێری باڵەفڕبووبێ..

نازانم چەند ووردەتەماشا،

لەچاویلکە کانما کۆکەمەوە،

هەتا بگەمە وجودی عاتیفەیەك

بورجی سێویێك لەباوەڕییا

ئاینی وەهمێك ڕانەخا...

من لەم عەسرەدا هاوارم لەت، لەت بووە..

بەهیچ قەزاو قەدەرێك ناگەمە شەوی تۆ...

شەوی تۆ لەوە ناچێ هەرگیز

بەجگەرەی لێوتی وتبێ:- دوێنێ عەسر ئێوە

گەڵایەك بوون لەکێڵگەی توتن...

وەلێ هەژموونی سێدارە بەمانای کردن...!

تۆ بیرت چووە لەنیوەشەوێکدا،

بەپێڵاوەکانت بڵێی:- ئێوە سالگەرێك لەمەوبەر

کەخوا بەعەسر سوێندی خوارد

چەند پێستی مانگایەك بوون،

نزیك لە لەسورەتی (بەقەرە)

مەخابن...لەتاقیگەی لەوەڕگایەکدا

موحیبەتی غەدر،

بەئینشای کردن...!!

تۆ ئاوەزت لە کاڵبوونەوەدا بریقەی دەهات

تەنها شەوێك بەپێکێکی بەردەمت نەووت:-

ئەی شەراب دوێنێ عەسر،

ئێوە مەمکەکانی ترێ بوون

لەکۆڵانی چەند ستیانێکا بەتۆخی گوشران...!

****

بەم هەموو دۆڕاندنی مەوسیمی متمانەوە...

تۆ هێشتا لەسەر بانێژەی هەنسکێکما دانیشتووی..

تۆ هێشتا لەلقی قیژەیەکما، باڵا لێك دەدەی..

تۆ باڵندەی ئینجا نەیەکی لەئێوارەی پرچەکانما،

شەو دەڕوێنی...

دواجار تاچرکەکانی ئەبەدییەت، تەمێکی ناسکی

لەچاوەکانی ئاوێنەمدای..

بەم هەموو دۆڕاندنی چاوی چاوەڕوانییەوە..

کەخەیاڵا دەبێ بەگرەوی لم گەرا،

بەشوناسی وەهم،

بەسڵاوی تەپو تۆز،

بەمەرقەدی سێڵاو،

لەیەخەی خۆڵەمێشا...

هێشتا ڕادیکالانە گومانم گرێ دەدەم

هەتا نەگەمە عەسری یەقین..

لەگەردەلوولی قسەکانتا دیارە،

بەردەوام پەردەی پەنجەرەیەك...

لەودیو پەردەوە...کزی ڕووناکییەك دەفڕێ

لەم دیوو ڕووناکییەوە، تاریکی غرورێك

لەپلیکانەی پەنجەکانتا دەنیشێ

بەم هەموو نشێوی پیرییەوە کە ئاڵاوە لێم

بەدوورکات نوێژی بەیانی،

بەدوو هاڵاوی حەزرەتی کازیوە

بەدوو هاژەی کراسی ئاوێك

بەدوو بۆڵەی چڵی ڕەشەبایەك

بەم دوو دەستانەوە نزا دەکەم:- توبی خوا

تایمی تاریکی بشکێنە،

کەی کات خاوەنی عەقیدەبووە،

هەتا لە ئامێزت بگرێ؟!

تاریکی کاتێکە نەسەرەتایی هەیەو نەکۆتایی...

ئەویش ئێوارە ئاسا وەك عەسر

هەموو پەڕەندەی وەفایەكو

هەموو مۆمێکی دۆستو

هەموو تەرجەمەیەکی ئاوو

هەموو ئاسەوارێکی ئازادیی

دەکاتە گەرووی قەفەسێك...!!

سلێمانی

٢٠٠٢/٨/٨

"کەمەری وەڵامێك"

کە خۆشەویستی ڕۆشت...

چەند خۆری نووستوو لەپەنجەی گەڵایەکا هەڵسێنم،

هەتا بگەمە کەمەری وەڵامێكو

ژوورێکی هیلاك لەتەنیایی بتەکێنم...

چەند بانگی (با) لەمنارەی سنەوەبەرێکا ڕاژەنم،

هەتا زاهیدیك لەقەدی زیکرەوە،

بگاتە ئەوجی ئیحا...!

چەند دڵۆپ زەوی بەپێیەکانم بکوژم،

هەتا لەتارمایی هەنگاوێکا بگەمە تخوبی ڕێگا...

چەند ڕاوی خەیاڵا بکەم، لەهارمۆنیای هزرما،

هەتا بگەمە حەقیقەتێك نزیك لەخوا..!!

کەخۆشەویستی ڕۆشت..

چەند کاتم دەوێ، هەتا هەڵم لەقۆزاخەی هەوراگرێ دەم

چەند هەورم دەوێ، هەتا لەبناری بروسکەدا

باران بە ڕاڤەی خۆیەوە،

لەتاڤێکدا نەخنکێ..

چەند نەشئەم دەوێ، بۆ سەمای چڵەگیبیایەك

مەلەبکا لەویژدانی کێڵگەیەکدا

هەتا لە غەریزەی ڕەشەبایەکدا

چرایەك بەقامکی شکاوەوە،

شکات لەمەعریفە نەکا!

کەخۆشەویستی ڕۆشت

چەند پێچی شەوم دەوێ، ببپێچم لەسەر ئێشەی تاریکی

هەتا لەسەرشانی سپێدەدا،

بەگۆزەیەك ڕووناکییەوە، لەدەرگای گزنگ بدەم

چەند باڵی گزنگم دەوێ، بەشەپۆلی تریفەوە

ئاسمان جریوەی بێو

بەزەوقی فڕینەوە، دووبست چۆلەکە هەڵکەم...

کە خۆشەویستی ڕۆشت

قەدەر پێڵاوی غوربەتی دەوێ،

نیشتمان لە هەنگاوەکانی بکاتەوە...

قەدەر بەیانییەکی چرچی دەوێ،

بەتیشکی خۆر پرچەکانی نەشوا..

قەدەر ئێوارەیەکی تووشی دەوێ،

خۆرنشین لەخەیاڵی مانگدا نەنوێ...

قەدەر چیمەنتۆی باوەڕێکی دەوێ،

لەجیلوەی مەرگا دوا فاتیحە قبوڵا کا..

کەخۆشەویستی ڕۆشت..

تۆ لەوپەڕی قەیرانی ڕۆحەوە،

خۆت بەتاڵا کرد لەناسکی...

من لەمبەری ئینقیلابی ئەڤینەوە

شەرێکم پێ نەمابوو یەخەی گوڵا بگرم وبڵێم:-

بۆ تەرمەکانی بارانتان ناشت..

بۆ باڵی پەپوولەکانتان کوشت...

شەرێکم پێ نەمابوو شەپۆلی دەریا سەربڕم و بڵێم:-

بۆ چرپە تەڕەکانی نوێژی نەوڕەستان ڕشت...

شەرێکم پێ نەمابوو ماندوێتی لە لەشی پەنجەرە بکەمەوەو

بەخشتەکانی دیوار بڵێم:- مەخابن...هونەر

لەدرزەکانتانا ڕەنگێك ناکێشێ

هەتا (قیژەیەکی پیر) لەناویا ڕاکشێ...!

تۆ لەوپەڕی قەیرانی ڕۆحەوە،

خۆت خاڵی کرد لەخۆشەویستی

من لەمبەری ئینقیلابی ئەڤینەوە

بەکەندولەندی ئەو قژانەدا ڕۆشتم،

کە بۆ نخنکێك بوون لەگریان..

ئینجانەی ئەو قژانە چەند بێتاقەت بوون،

کەماچم تیاڕواند..

لەناو قسەی ئەو قژانەدا،

مناڵیم درزی بردوو هاڕەی کرد...

ڕۆحی پاکیزەییم پەرت بوو،

پڕبوو لە پارچە شەو...!!

ئەی خۆشەویستی تۆچ شۆڕشێك بووی

لەخەیاڵا هەڵم کەندی وتێنەگەشتم

لەماڵی کتێبێکا چاوم پڕبوو لەگڤەی فرمێسکو تێنەگەیشتم..

لەساپیتەی ووشەیەکدا،

دەستم بووە حەرفی کارەساتو تێنەگەشتم..

لەفەوتانی فەنتازییای فاریزەیەکا،

داوای لێبوردنم لێ کردیو تێنەگەیشتم...

لەبڵندگۆی ڕستەیەکا، دێڕێکم داگیرساند بەتۆو

لەناحاڵیما ووتم:- ئەم شەڕە تامی قورسە لێ گەڕێ..

عەیامێکی دەوێ بۆم ئەزبەرکرێ!

تۆ لەوپەڕی قەیرانی ڕۆحمەوە،

ئیفلاس بەنەرم بوونی خەمە جوانەکان..

من لەمبەری عورفی ئەڤینەوە

ئەم عیشقە لەخۆما دەکوژێنمەوەو دەڵێم:-

کە خۆشەویستی ڕۆشت..

لەتەنیشت خەمەوە شەڕێکم پێ نەماوە

یاری بەو پرسیارە شڕانە بکەم

دەنگێکیان بۆ نەهێڵامەوە گوێ بگرمو

بەکەمەری وەڵامێکا خۆم هەڵواسم..

ڕەنگێکیان بۆ نەهێشتمەوە

چاوم بۆنی بکاو

لەکوچەی بێ ڕەنگییا نەمرم....!!

سلێمانی

٢٠٠٢/١٠/٢

" گڕوگاڵەکانی دەست و دەفتەرەکانی نزا"

ئەمە چ پێشهاتێکە،

کفرێك بەدەم خەیاڵاتەوە سەری سپی بووە...

چونکە لەو دیو پەردەی گریانەوە،

لەمەعبەدەکانی پیربوونا، بەپیری نزایەکەوە ناچێ..

هەتا برینی ئەم هەموو تەماشایانە نەچنە،

ساڵنامەی ئاوێنەی کلاسیکەوە..

کفرجڵەوی سەفەر ناگرێو

لەپیاچوونەوەی نزایەکا،

دەستی کوێرە ڕێیەك چاوناکاو

عومری داوەتە بەرئاوێنەی کلاسیکی...

هەموو ڕۆژێك لەتەقسی ئەو ئاوێنەوە،

هەنوکە وجودی پایزێك لەگەڵایەکا دەبینێ،

تەرمی چۆتە تابوتی ڕەشەبا..

هەردەم وجودی هاوین لەمانگەشەوێکدا دەبینێ

ئەدگاری نووستووە،

لەقیژەی کانییەکا...

هەمیشە وجودی بەهار لەشکۆفەیەکدا دەبینێ

سێبەری سەوزی سوکنایە،

لەکتێبی باخچەیەکدا...!

هەمووکات وجودی زستان لەزەمهەریرێکا دەبینێ

لەگریانی بارانا،

لۆژیکی ئاگر بەیەخەی چلورەوە دەکا...!!

منیش پێشهاتم داوەتەبەر ئاوێنەیەکی ڕۆمانسی

لەخەزانی خەڵوەتێکا زنجیری خەیاڵا ،

بەئەفسونی سەفەرێکەوە دەپێچم‌و

دەچمە خانەقای باڵی کۆترێکەوەو دەڵێم:-

تۆ بڵێی لەپشت قامەتی شەوێکا،

درەختێك نوێژی نەکردبێ، هەتا لەدرزی گمەوە

چەند تەوارێکی بێوەژن، بەوەسوەسەی فڕینەوە

نەگەنە تروپکی ئاسمان و

پیاسەیەك لەگەڵا هەورا ناو نووس نەکەن

تۆ بڵێی لەزریانی کانونێکا،

بەفر لە هەڕەتی پروشەوە خاوبێتەوە،

هەتا سەرمایەك لەودیو پەنجەرەیەکی خەواڵووەوە.

بەسونەتی ڕەشەباوە،

لەڕنینەوەی قژی ئینجانەیەك ببورێ‌و

لەهەناسەی پەڕەسێلکەیەکدا،

ڕەنگی موحیبەت ڕاکشێ...!

****

ئەمە چ پێشهاتێکە و لەدەفتەری

چ نزایەکەوە دەست پێبکەین‌و

چ دەهرێك دەمانگرێتە باوەش

جگە لە دەقیقە قەمورەکانی تەنهایی...

جگە لەو چرکە گریاوانانەی،

لەبیابانی سەعاتە ژەنگ گرتووەکاندا،

بەپێخاوسی دەگەڕێن...

سەوز بوونی لمێك لە گۆرانی چ جۆگەیەکەوە لەرەی دێ،

هەتا ئیمانێك لەدەفتەرەکانی نزادا،

لەلێوی چرایەکەوە،

ڕێنوسێ بەتاریکی بکا...!

هەموو نزایەك لەڕۆحی عیشقەوە،

دەگاتە دڵی خوا...

کە عیشق چەکەرە دەکا،

دەهرێك لە دەقیقە قەمورەکانا پێناگرێ..

کە عیشق سەوز دەبێ،

زەنگی سەعاتێك، دڵی ئەوەندە گەورە دەبێ

داوای لێبوردن لەچرپەی چرکەیەك دەکا...!

کە عیشق گڕ دەگرێ، هەرچی ئیقاعی لمە باڵەفڕدەبن

لەسەر پۆشی جۆگەیەکەوە بۆ،

کراسی گوڵێك...!!

سۆفیستێك ووتی:- عیشق یانی ناسکی

ئەو بەو هەموو ناسکییەوە پڕە لە

پرسیارە ڕەنگاو ڕەنگەکانی عیشقو

خاڵی بە ئاوەدانی وەڵامە بێ خاکەکان...

ئەو بەو هەمووناسکییەوە بەناڵەی تەنهاییەوە پێچراوەو

نزا نامەیەك لەدەستی کانییەکەوە وەرناگرێو

مشتێ ئاو لەپەنجەکانی گۆزەوە،

لەختورەی هەڵم ناسڕێو

دوو دەنگ لەپەنجەی ئاوەوە

لەتراویلکەی چاوەکانییا ناکێڵێ..

خودایە تۆبڵێی ئەو لەناسکییا

لە لەرزووتای عیشقا ڕۆچووبێ؟!

خودایە ڕۆحی عیشقم بەرێ،

هەتا بگەمە دڵی تۆ..

خودایە چی لەتۆنهێنی بێ

گەر لەمانای عیشق بگەشتایە یەهودا

شوشەی زەردە خەنەی مەسیحی،

شلوێ نەدەکرد، لەدەفتەرەکانی مردنا

بەگڕوگاڵەکانی ئەم دەستانەوە نزا دەکەم

خودایە ڕۆحی عیشقم بەرێ

هەتا بگەمە دڵی تۆ....!!

سلێمانی

٢٠٠٢/١١/٧

" خەرابات تادەرگاکانی خنکان"

چەند عەجولە ئەم جوانییە..

چەند بەحوزنێکی هەرزەوە،

دەمباتەوە سەر ئیمانێك

حەقیقەت بەخونچەکانی خەیاڵەوە پێکراوە....

چەند مەدلولێکی ترسناکە،

خەیاڵا بەباڵەکانی پوچییەوە،

فڕین لەبیاباندا سەوزکا...!

چەند سەوزێکی باغەییە،

ئاوێنە بەهەموو نیشتمانی خۆیەوە،

لەباخچەیەك نەگا،

ڕۆژانە لەستیانی گەڵایەکا

گۆرانی باران دەپێچێتەوە،

بێ ئەوەی بڕواتەوە سەر پیاسەی دارستان..

لەسەروپێچی گوڵێکا،

بۆنی ڕێحانە دەچنێ،

بێ ئەوەی بڕواتەوە سەر هونەری گوڵستان

قژی هەنارەکانی هەڵەبجە،

بەگزنگی خۆر دەبەستێ

بێ ئەوەی بڕواتەوەسەر فەلسەفەی نوور...!!

لەئایدیای سنەوبەرێکیشا،

ئەو هەورانە قەدئەکا

هێشتا ئاوس نین بەباران...

دڵۆپی باران بەچڵی (با) وە گرێ ئەدا

هێشتا لەبناری حەرفێکی ئاودا،

گریان نەچۆتە گەروویان..

چەند عەجولە ئەم جوانییە...

تەڕ، تەڕبووم بەڕێژنەی حەسرەتێك،

پەنجە پەروانەکانی چەترێك نەکرایەوە..

مەلول، مەلول بووم بەپێکەنینێکو

فریاد ڕەسی فرمێسکێك نەبوو...!

بەخنکان بڵێم تەریق بەرەوە..!

ڕوانینم پڕبوو لەلاسکی وەڕسیو

خەمێك بەخاکی خۆیەوە،

بەنزای خاکی نەوت:-

چاوەڕوانم بە تائەوپەڕی کوچەی شەکەت...

لەکوێستانی تەمەنما،

لەگەڵا وەرزی حەوتەمی ساردەوە هاتمو

هیچ پەڕەسێلکەیەکم نەدی،

بەپێکێك شەرابەوە،

ڕاپۆرتێك بدەن لە حوزنی خەییام...

ڕیشۆڵەیەك بەیەقینی بەفرەوە نەهات

لەپاڵا گومانێکی کەسیرەدا،

یاخیبون شیبکاتەوە...

چەند دڵۆپێك لەپێیەکانی (فروغ)

بخاتە دۆسییەکانی خۆیەوەو

مەستو تا ئەوپەڕی مەستی

فڕینێکی تر بۆ ئاسمانێکی تر،

شین کاتەوە...

لەپێدەشتی زیخەکانی ئاوێنەوە

ژنێك لەباوەشی وەرزێکی ساردەوە

چرای پیاوێکی نەدی

منالّی بەفر بخاتە بێشکەیەك تیشکەوە...

دەرگایەك جیڕە سەلەفییەکانی نەخستەلاوە

تا بەچەقۆیەکی کەم خوێن،

تەبایی سێوێك لەت بکاو

تەنیایی بەلاستیکی هزرەوە خامۆش کا...

ژنێك لەچاوی وەرزێکی ساردەوە

شەقژنی مەلێکی چاونەکرد...

لەپشت تەقویمی حەوسەڵەوە

نوچێك بدا لەیەخەی فڕین...

ئاسمانێکی نەدی ساوێن، بەکاتی شنەیەکی شین

ژنێك هاتو لەپێچی کوێستانەکانی تەمەنا

بۆ ڕنینەوەی سەتڵێك ئاو،

تا تەلبەندەکانی سەراب

جانتاکەی لە هەنگاو پڕکردو

قسەی کانییەکی نەزۆکی نەبیست...

شەپۆلی ماچەکان لەلێویا نوستن‌و

جامێ ئاو بەعاتیفەی لارەوە،

گوێی نەگرت...

گیانەڵڵای ئێوارەی گرتە باوەش‌و

شەو بەلەرەی تاریکییەوە،

قیژە پرتەقاڵییەکانی نەنواند..

قیژەکانی لەفەوتانی گەڵای کچێنییا ناشت‌و

پایزێکی برۆنزی نەدی...

تەرمی حەشاماتێك لەگەڵا،

لەکریستاڵی پایزێکییان پرسی:-کات هێشتا زووە

بۆ كاسكێتێك لەباران چۆتە سەرت

بۆ مەمك بەندێك لە هەور چۆتەسنگت؟!

چەند عەجولە ئەم جوانییە..

کێ دەڵێ ئەوپایزە ژنێك نییە

ڕووت، ڕووت دێوانەو شێت...

ئاوێنە بەهەموو نیشتمانی خۆیەوە،

لەئاوەدانییا نەهاتە گۆو

نەیتوانی ژنێك بەجانتایەك خۆرنشینەوە،

بانگ بکا...نەیتوانی چڵی دەرزییەك،

بەلەپی خۆرنشینەوەبکاو

خەرابات تادەرگانی خنکان

لەپەنجەی شەوێکدا حەشاربدا...

سلێمانی

٢٠٠٣/١/٤

حەقیقەت تەفسیرێكی

نەبوو بۆ كوشتن

ڕۆژانە سروشتی چۆلەكەیەك ئەوەیە،

جریوەی خۆی دەبەسێ بەسەری گەڵایەكەوە،

بۆ ئەوەی هەرچی خەمی تەنك هەیە بەربێتەوە...

كە جگەرەیەكیش دەكێشێ،

بۆ ئەوەی هەرچی ڕاڕای كات هەیە،

بیپێچێ بەیەخەی دووكەڵەوە..

چەند خرۆشانە ئەوعیشقە،

چۆلەكە دوو قوم سێبەر كەفسەی درەختە

لەهێلانەی خۆیدا،

بەئازادیی ڕایدەخا...!

چریکەی گۆرانییەك بەڕێتمی مۆسیقاوە،

لەباوەڕی شەقامێکدا ڕێ دەکا

کوڵمی کچێکی گەنم ڕەنگ،

بۆ سوری گوڵێك دەباو

پێستی شەرابی یەك شەوەی مانگ

بۆ گوڵێکی پەمەییو

قریوەی خۆر ئاوابوون،

بۆ گوڵێکی زەردباو...

چەند نەشئەیەکی نەرمە ئەوعیشقە

گەرمی گۆرانی لەباوەڕی شەقامدا

هەرچی گریانی کرچە بەخاتری گوڵەکان

لەئارایشتی ئینجانەدا دەباتەوە،

بۆ قۆزاخەی هۆشی هەورەکان

لەنمایشی جەنگدا سپێدە ڕاچڵەکینەکانی،

شەوی کوشتو

هەرچی ناوی زۆر هاری ئەستێرەکان بوو

بەخاتری بولێڵا کاڵی کردنەوە..

چەند سەلیقەیەکی گەیشتووە ئەوعیشقە

سپێدە لە بیرەوەری تەم توومان‌دا،

داوای لێبوردن لەقژی مۆمێك دەکاو

مردنی خۆی بەماچێکی گزنگەوە دائەگیرسێنێ!

عەزیزم خەمەگیان..ئێمە بۆتاوێك چاوێكمان دانەگرت،

لەسروشتی چۆلەكەو لە ئەندێشەی شەقامو

لەشەڕی جوانی سپێدەو

شەوی ماڵئاوایی..

ئێمە شەڕێكی توخمان نەخستە،

خاكی ویژدانەوە،

تاخەمی ئاشبوونەوە لەوادەی پێگەشتنا

لەلەپی دەستماندا سەوزكاتەوە

خەیاڵمان بەئاقاری لەتبوونەوەدا ڕۆشتو

حەقیقەت تەفسیرێكی نەبوو كوشتن...

ئەزیزم خەمەگیان، كە هەمووومان مەحكومین،

بەشەرابی مەرگ

لەخەوی لەتێك ئاوێنەدا

ئیتر بۆ مەراق هەڵكۆڵین

ئاوێنە وولاتی حەقیقەتێكە،

تەلیسمی نهێنی لەناویا

ڕاكشانێكی نییە، خۆی حەشاربدا

كە شەوبەناو سوری خوێندا پیاسە دەكا

ئیتر بۆ پرچی ئەوتیشكانە لیڵ كەین

یاری دەكەن لەمەمكی ئێوارەدا.......

شەو جەنگەڵێكە مەرگەسات،

ترس پەلمان ڕادەكێشێو

هێمنی كوشتنێكە،

شەوق ئەداتەوە لەبێدەنگی!...

## ئەزیزم...ئێمە هەرگیز تێنەگەیشتین

لەڕۆحی سێبەرو لەخورافەی پایز
کەسێبەر لە کەژاوەی کاروانێکا دەوەرێنن
ئیتر بۆمەحشەری پایزێك،
لەتابوتی گەڵایەکا چێبکەین
پایز جەنگی مۆدیلێکە،
بەختەوەرە بەقیژەی ڕەشەبا
تۆ لێ گەڕێ لەسومبولی ئاوێنەو
لەسروشتی شەو
لەبەختەوەری پایز
فێنکایی ئەوقسانە درۆیەك بوون
لەناو باخی کتێبێکدا ڕۆشتنو ڕۆشتن
منیش لەدەرگای یەقینم دا
حەقیقەت تەفسیرێکی نەبوو بۆ کوشتن...!!

سلێمانی
٢٠٠٣/٦/١٢

"وڕێنە"

لەپشت دوندی عیشقەوە،

ویستم ئەوەبوو تەماشام

نەچێتە دووربینەوە

دووربین نشێوی ڕێگایەکە وڕێنە

گرانەتای هەورو گریانی (با)و

گڵلەیی باران نابینێ

کە هەموورێگاکان ماندوو دەبن،

دەرتانێك دەمانباتەوە بەرقاپی زاهیدیكو

ڕوانینم پڕدەبێ لەدیداری خوا...!

لەوێوە تەماشام پێدەگاو

دەگاتە پەرستگەی درەختێك،

هەرچی ئارشیفی سەوزی هەیە

لەژێر پێستیا زیکرە کاو

هەرچی باڵندەی خۆشخوانی هەیە،

بەدەنووك خۆری خەواڵوو

لەناوچەوانی گەڵایا دەسڕن..

من دەستەکانم لەغەزەلی ئەودرەختەوە فێربوو

ئیمامی توورەبوون لەچوارمەزهەبدا،

بسپێرم بەلاسکی ئۆقرەیەکاو

گڤەی گریانێك بەپلیکانەیکوشتنا،

بەرمەوە حزوری خوا..!

ماسکی کامەرانی کە سەوزی موحیبەتی دزی،

تەسلیم کەم بەدرزەکانی ئاشوب

بریقەی گوناهێك لەڕشانەوەی تفەنگدا سکوت کەمو

بیگۆڕمەوە بەپێکێك لەفەسڵی تەبا...

کوشتنی لەمپایەك بەشەکوای تاریکییەوە

بدەمە پاڵا پێگەیشتنی ڕالیستی ڕووناکی

ڕاکێشانی گومانێك لەدێڕێکی شکستەوە،

بەردەمەوە بۆ پۆرترێتی خوارووی یەقین

قەدی قیژەیەکی پێکراو لەباخچەیەکی کەنەفتا

بگوازمەوە لەوەڕگەی پێکەنین!

تەرمی بارانێکی شەهید لە کۆتەڵێکی قاقڕدا

بەرمەوە بۆ هەناسە مۆرەکانی گەرووی گوڵا

****

لەپشت دوندی عیشقەوە ویستم ئەوەبوو

تەماشام نەچێتە پەنجەرەیەکی کراوەوە..

پەنجەرە لوتکەی ڕێگایەکە وڕێنە،

قوڵایی ئاوەدانیو قوڵپی خەمو

قەترەیەك لەدڵی خاك نابینێ

بۆیە ووتم:- هەمووكاتەكان بەشەوڕۆژەوە

كەڕەتی یەكتریان كەو، كاتژمێری دەست

ببەستە بەپێی بەیانیەكی سونەتەوە..

كەی عیشق پرسیاری لەسەرەتایی كات كردووە؟

تاكۆتایی بخاتە میرنشینی میهرەبانی...

خەتام كرد لەتۆ ناسین،

لەشاشەی دووربینو لەسەخاوەتی پەنجەرەوە

تۆ ئەوڕێبوارە بوویت وڕێنەو شكست،

لەكەلتوری تۆدا چڵی لەزەتێك بوو نیان،

لەئارەزوویەكی وەنەوشەیی..

جیرەی دەرگایەك بوو لەجگەرەكێشانی دیوارەكانیا

بێتاقەتی دەخەوت

ئیحای ئینجانەیەك بوو پێستی گوڵی خاڵی دەكرد،

لەبیرەوەری ڕەنگ

شەقژنی شالورێك بوو ئاسمانی پەرژینو

قەفەس لەكونجی خەیاڵیا دائەنیشت!!

كۆچی هەتا، هەتایی كانییەك بوو پێخاوس

شكست لەقەیتانی پێڵاوەكانیا،

زەمەنی ئەنفالی چێ دەكرد

لەڕوانینما من لەدووربینو پەنجەرەوە

وڕێنەم دەکرد

ئای! هاوسەفەرم ئەبوایە بمزانییایە

زامی ئەنفال فوارەی دێ

لەکانی ڕۆحتاو لەزەیتونی باڵاتاو لەقەدەری عیشقتا

چ قەدەرێ بوو من لەدوندی عیشقەوە،

بگەمە تۆی ئەفسانەو درامای ئەنفال...

چ قەدەرێ بوو تەماشام سپاردە سەهەندی

ئەوچاویلکانەی  کەبەخەم ڕەنگ کرابوون‌و

بەسەرێکی پڕلە وڕێنەوە بچمەوە پۆلی خوێندنی،

شەمزاوی ئەو قژانەی،

وانەی ماچم تیانووسی!

خەتام کرد ئەی درێژترین عەزاب،

عیشقم کردە پەنجەرەیەکی ڕەهاو

ڕێبوارانە لێم ڕوانی...

خەتام کردو نەمزانی عیشق شەڕێکە

خوا لەسەرمان دەنووسێ....

شەڕێك لەسوچی ئەو پەڕی سەفەراو

لەبنمیچی ئەوپەڕی گریاناو

لەدامێنی ئەوپەڕی شیعرێکی عەبەسییا

شەڕێك لەسروشتی کاتژمێرێکی درۆزنا،

بەناوی ژیانەوە جەنگەڵێك بوو وڕێنە

ئێمە هەموو خەتامان کردو نەمانزانی

عیشق دۆزەخێکە لەڕاموسانی ڕۆحمان

خوا دەینێرێ بۆمان!!

ڕالیست:- ڕەگەز پەست

کۆتەڵا:- پەیکەر، تیتاڵا

سلێمانی

٢٠٠٣/٧/٢٩

"کەجوانی کڵۆم دەدرێت...بەمەد

لولەکانی حەرام"

لەکام گەنجی سێبەردا هەتاو خۆی هەڵدەخا..

هەتا جوانی چاو داگرێ....

ئەشێ جوانی لاسکی ستیانێك بێ،

لەختوکەی تەنافدا هەوا کڕنوشی بۆ دەبا...!

ئەشێ جوانی درۆیەکی گەورەبێ لەهەڵکردنی پووچییا،

بولبولێك لەخوار عەسرەوە، پووچی ئێوارەیەك هەڵبگرێو

بیکاتە بەری درەخت...

ئەشێ لەباوەڕی چ چەترێکا،

کتێبی باران چاپ کرێ

هەتا لەژێر پێی حەسرەتێکا،

فوارەی جوانی هەڵقوڵێ...

کە چەتر خەو بەپێگەیشتنی کەماڵەوە نابینێ،

ئایدیای دوو دڵە لەنۆبەرەیخەیاڵا

ئەوە تەقسێکی بێئیحایە،

چەتر نووچ بدا و گڕوگاڵی باران ئەزبەرکا..!

من لەسروتێکی نەرما فڕینێکم دەوێ،

عیبادەتم بگاتە دڵی مناڵیو

ماڵە باجێنەیەکم بۆ چێ کا..

هەتا لەو گوزەرەوە بایی دووچرا پێکەنین بکڕم بۆ،

مەرقەدی ئەو زوڵمەتانەی،

بەگریان پێچرانو

بەقیژە ئاوەدان..

من بەم ڕۆحە ڕژاوەی خۆمەوە

گەرەکمە هەڵمێك ڕاکێشمو

لەناو مناڵانی ئەو هەورانەدا بیانچێنم

پێستی خەیاڵیان بریندار بووەو

مەرگ چۆتەسەر لێویان...

من ڕاپێچی ونیونێکم،

تائاقارەکانی جوانی...

تادرۆێنەی غەزەل

لەسەر باڵی کۆترۆکەناری..

ونبون تا دەڤەری گیا،

تاباخچەمیقات کراوەکانی غوربەت

تادەڤەری چاوەڕوانی تەڵخ،

بەچەقینی ڕۆمانسییەت...

کە ئاشوب هەموو جوانییەکانی کڵۆم دا

ڕوانین دوورە، دوور

زەحمەتە لەم سوچی پیرییەدا

غەریزەیەکی جوانی بتەکێنمە ناو خەونی ئەم دەستانەوە

ماندووبوون لەناویا گەییوە...

زەحمەتە دڵۆپ،دڵۆپ هزری جوانی

لەزەینی سێوێکی نەخۆشا،

بەئازادییەوە بەربێتەوە...

****

من لەگێژاویزەحمەت بونما

هەمیشە حەقیقەت دەمباتەوە سەرکوشتنێك،

جوانی درزی بردووە

وەك نوکتەی گوڵاڵە سورەیەك،

لەبیرەوەری چەقۆیەکدا دەم دەکاتەوە...

وەك چرچی سەرپۆشێك لەسەر ڕانی کانییا،

خۆی ئەتەکێنێو باسی پێخاوسی گۆزە دەکا...

وەك کلۆربوونی هەوا پشتی چەماوەتەوەو

دەستێکی پڕە لەپشکۆی خۆڵەمێشو

دەستەکانی تری لەبیابانی تەماشا...!!

وەك هەرزەیی مۆمێك ڕێگا دادەخا،

بەتیشکەکانی خۆیو مەعریفەی تاریکیەك

چین، چین لەسەبەتەی سبەینێدا گەورەدەبێو

قورسایی دەخاتە سەر ئاینی ڕێگا...

کەتامی جوانی تاڵا دەبێ،

قسەیەك لەکوێی خۆمدا هەڵکەنم

هەتاوەکو نەگەمە کوچەی کەنەفتو توڕەبوون...

توورەبوون لەتەرازووی لەرزوتادا

هاوتایە بەتوحفەی ڕەشەبا...!

کەجوانی تامی لەسەر ئێشەدەکا،

ڕوانینی پەنجەرەیەکە بۆ مانگێك دەگری

شەپۆلی ئێوارە لەمەلەی شەوا،

دەبێتە پەردەیی..

کەجوانیا داخرا بەمەدلولەکانی حەرام

موسیبەتی گوڵا ئەوەیە،

ئینجانە دەبێتە تابووتی..

کەپێکەنین دەچێتە سەر ڕەچەڵەکی خەرابات

ژیان ژوورێکە زیندان،

کەخەیاڵدانی جوانی هاڕەدەکا

وەیشومەی باهۆزێکی یاخییە تاسنوری دەمارگرژی گەمژە

تفەنگێ لەسەرشانیدایەو

بۆسە بۆ نوێژی ئەو جۆگانە ئەدا ئەکا

کەروێشکەی قەوزە دەبێتە قامەتی...

لەخۆرنشینیشا پەلی ئێوارە بەوەرین ئیستعارە دەکاو

بەپرخەی خەویشی سکێچی مانگ،

لەلێوی ڕووبارا دەکوژێ

من مەدلولەکانی جوانی فێری کردم

لەعاتیفەیەکی باریكو ناسکاو

لەمیراتی خورافەدا...بگەمە تۆ

تۆچەند جەستەیەکی سەراب ئاساو

چەند ڕۆحێك دوور لەخوا...

من چەند مەرکانەیەك ئاوی ، ئاویو

چەند خنكانێك پڕلە جوانی...

لەمیراتی خورافەوە نزیك بوین و

یەكتریمان ناسی..

كەمەدلولەكانی جوانی حەرام كرا،

تۆشەرمێكی شێت بوی،

لەكراسی ئاوێكی دودڵداو

لەناوپەنجەكانی شەودا نووستی...

من تاسەحەر بێدارو

لەهەنسكی سپێدەوە سەركەوتمو

لەماچی درەختێكەوە لێوم پڕبوو لەشەونمی نوورو

لەناو لەپی حەقیقەتێكیشا،

دڵم نزیك لەخوا....!

سلێمانی

٢٠٠٣/٧/٢٠

"دوورم لێت ئەی موتەنەبی!"

چەند قوماشی دڵم چنراوە لەزەخرەفەی گریان،

ئەوەندە زەنگیانەی هۆشم شکان بەسیلەی نیگەران...

زادەی چ عیرفانێکە

من فەلەك زەدەی خەڵوەتی گۆڕمو

بەرزەخی ئەو دەستوپەنجانە پڕم دەکا لەبەرامەی ئازادیی..

ئەی ئازادی بایی چەند شیعرو

بایی چەند بریقەی هاروهاجی هەش لەدڵتا دەرکەم،

تا لەڕەهەندێکی نزیکا هەموو دوورییەکان هەڵوەشێنم..

دوورم لێت ئەی موتەنەبی فریام کەوە..

ئەم هەمووبستە شەرمانەچین؟

ڕاکشاون لەقوڵپی قسەتا...

دوورم لێت ئەی بێدەنگی..

ئەم هەموو دیوارانە چین لە گوزەرێکدا،

فاریزەی ووشەو فۆرمی ڕستە،

مووبەموو دەدەنە بەر ڕێژنەی پشکنین..!

بەئیرۆتیکای شیعر قەسەم دوورم لێت....

وەك دووری لەپی شەرابێك

ڕژان فێری دەکا،

لێو پڕلەماچ نەکاو

ڕەگەزی نەچێتەوە سەر بەرسیلە...!!

وەك دووری تاڵێك باران، تەرمی خۆی نانێژێت

لەلێوی لمێکاو

مناڵی سەحرایەك کەدەگری

بەدڵۆپێکی کەسكوسوری شینی ناکا...

وەك دووری پێکەنینی گوڵێك لەختوکەی ئاونگدا،

هەنسکی دڕك ناسڕێ

مەودایەك نییە بۆ ئاوەدانی دۆستو

شەرعییەتی خۆشەویستی...!!

وەك دووری ڕێگاکانی فڕین

مشتێك ئاسمان لەدەفتەری جریوەیەکدا

ناشنێو

ناچێتەوە قیامەتی قەفەس...

دوورم لێت ئەی موتەنەبی..

بەبێ ئەوەی باوەڕبهێنم بەمەوسمەکانی حەقیقەت

من دەزانم خەرمانی حەقیقەت

سونەتێکی پیرە لەئابڕوو

کاتێك ئەو هەموو ڕوانینە نەرمو شلانە دەڕژێن،

بەپەتووی پەیڤێکی حیشمەتەوە کفنیان دەکەیتو

لەفەتوایەکی حەرامدا دەیانسپێریتە شەرەفی نیشتمان..

من دەزانم حەقیقت شەربەتی مردنە تاڵا،
لافاوی ئافاتێکە نێرگزی
کاتێك ئەو درەختانە قامەتی نوێژێك دائەگیرسێنن
لەبیسمیلای فاتیحەیەکدا

گمەی کۆتر دەڕنن،
لێزمەی سکون بەرئەدەنە ئەندێشەی ئاو..
لەچ مەوسمی حەقیقەتێکا بتوانم
مەودای دوورییەکان هەڵوەشێنمو
بگەمە پارچەیەك لەپایزی زەردەخەنەت..
لەچ دەروازەیەکی ڕەوشتا خێڵا تەوەلاکەم،
جانتاکەم پڕکەم لەتینوێتی پیاسەو
تا ئانیشکەکانی شەو پرتەقاڵە شەرابییەکان
لەجولانێکی عاتیفەدا سەوزکەم....
لەچ مەراقێکی شینا برینی خێڵا بدەمە بەرهاژەی تەجەللا
خۆم قەرزکەم بەقریوەی گژوگیا...
لەچ فەلسەفەی سێوێکا باڵاپۆشی پەرژین بڕنین،
تا تامی ئازادی بگاتە ئینقیلابی ئەڤین...!!
دوورم لێت بهێڵە باترێی ئەو چاوانەت
شاعیرانە تامکەم...تانەچنەوە فیردەوسی خەزان...

بهێڵە باپەڕەندەی ئەسمەری ئەوسیمایە،
کەشەوتیایا ڕاکشاوە
بەفڕینێکی شاعیرانەوە بەرمەوە هێلانەی خەیاڵا...
من چیم تابەرگەی ئەو چرپە عەجولانەبگرم،

هاتووچۆ دەكەن لەچاوێكی مزردا...

ئەڵهای ئەوتەماشایانە چەند قورسن،

بڕوانە موتەنەبی چۆن ڕووناكی دەخەوێ،

لەكۆڵانی پەنجەكانتا...

خودایە چۆن ووردوخاش نەبووم

لەشەمعدانی شیعرا،

ئەو مۆمی پەیامێك بوو مەسیح

توێكڵی قسەكانی لەشكۆفەی لۆكەو

لەچیمەنی زەردەخەنەیەكیدا، جۆگەلەیەك گریانو

لەفوارەی حەوزی چاوەكانیا،

كانگایەك ڕۆح سەربەشانەی ڕۆمانسییەتو

لەخاچیسیمایا تەجریدی ئینجیلێك،

جاوید بەبەرائەت..!

دوورم لێت بەبێ ئەوە ئیمان بهێنم بەمەوسمەكانی

حەقیقەت....دوورم لێت

بەبێ ئەوەی لەكەنارەكانی تاریكیا،

شەو جێبهێڵم و ڕووناكی لەسنەوبەری،

ئەم دەستانەدا بەڵین بدا...!

دوورم لێت ئەی موتەنەبەی...

هەرگیز قوڵایی ماچێكم ناگاتە

نزیكترین لێوی شیعرت...

بەم هەموو ئەهلی عاتیفەیەوە هەردووم لێت

عاتیفەم كاڵە، كاڵا ئەی موتەنەبی

تاحەقیقەت چەند چاوێكی ئەوق بن،

سیخناخ لە سەنتەری ئاشوبەو

لەسورمەی قین...

تاحەقیقەت چەند حەرفێکی خۆڵەمێشی بن

ئاوس بەخورافەکانی مردن

دوورم لێت، دوور...!!

سلێمانی

٢٠٠٣/٨/٢١

"ڕەنگاڵەکانی درەختیخەیاڵ"

(١)

بەپەیژەی ئەندێشەدا کەسەر دەکەوم

ڕامان مشتێ تەیرە، لەڕێگەوبانەکانی درەخت،

ڕامان لەوەرگەی مانگە لەچیمەنی ئاسمان،

ڕامان حەوانەوەیەکی زمانەوانییە،

تەسلیم بوون بەباران،

ئیکمال بوون بەچەتر

چەند شکانە پەیژەی ئەندێشەم

(٢)

چ هەرایەکە قەفەس؟!

لەفڵچەی ئەم دەستانەوە غەریزەدڕان

مەلەکان نۆتەی کلکیان دەفرۆشن

تابگەنە ڕاکردنی گیا... لەمەرقەدی پەرداخێك ئاو

تاڕاکردنی ڕووناکی... لە ئێوارەیەکی کوژراو

تاتیرۆرکردنی ژنێك لەسەرپشتی (با)و

دەنگدانەوەی پێڵاوەکانی لەتۆفانی ڕۆح،

تاپیربوونی ڕەنگێك لەپەناو پەسێوی هێشووەبەرد

چەند فولکەیەکی زیرەکە قەفەس...!!

(٣)

کچێك لەبێستانەکانی خۆزگەیا

شەمامەکانی شەڕدەکەن لەگەڵا گەڵای قژیا

کەپشوویەکی پەمەیش سەری لێئەدا

وەسوەسەی ڕاهیبەیەك دەڕژێ

تاحەشر نەعلەکانی نەزۆك

تا ئاوسانی شەڕ ڕابێعەی عەدەوی...!!

(٤)

هێڵێکی دووکەڵا دەمباتەوە بۆ

بەهەشتێك لەئاگرو

بەنێرگزییەتی پیاوێکدا موڕاجەعە دەکەم

غیرەتی دەپێچێ لەسوچی سیگارێك‌و

دووکەڵێك دروست دەکا لەبەژنی ژن...!!

(٥)

چ واتایەکی هەیە مردن

هێشتا لەزیكرێك نەگەڕابوومەوە،

كاتژمێرێك سروتی ئەو گەلایانەی دەخوێند،

بولبول دەچوویەوە سەر سوتوی چەهچەهە

چ  ئیعتیرافێكە مردن

ڕەشەبا لە پەپولەكێشانی هەر نەفەسێكییا،

چاوەڕوانە بۆ ژووانە نەرمەكانی چرا..!!

(٦)

منالّیم تابلۆیەكە سوریالی

لەناو ئاوێنەكانی ئاسماندا دانیشتووموو

مەسیح بەمەعریفەی خاچەوە نووچ ئەدا...

لەسەر فەرشی هەورا، ئایەتێكی كریستاڵیموو

لەبیرەوەری بووكە شوشەكانیشەوە،

نزیك بەمەلە كوتەكانی خوا

كە بەقەدەری گەورەبونیشا دەڕۆم

گوزەرێك دەكەم بەكوچە شەیتانییەكانی،

خەتاو خیانەتو خەمۆكی،

لەنەستە شەقامەكانی، سمێڵی سلڤادۆر دالی....!!

(٧)

من گرێی پرسیارێكم كرانەوەم مەحاڵا

چوون چنینی سێوێكی سوور،

لەدەماری (با)

جوتبونی گوڵێك لەڕۆشنبیری مەرگا

چوون ڕاخستنی درەختی خەیاڵا

لەحەوشەی بیابانا

(٨)

پەنجەرە یانی بینین

لەناو هەناوی هەموو هاوینێکدا

جووتێك جزمەی زستان

لەناو لەپی هەر ستیانێکدا

دووپرتەقاڵی مناڵا...

لەناو گەنجی چەمێکیشا

پایزێك بەخەبەردێ

گۆچان چرۆدەکا لەدەسیا...!!

(٩)

کە کوێر بوون پێدەگا،

ڕیشۆڵەیەك لەبازگەکانی گەرمادا دەچەقێو

شاعیرانە لەخەوی بەفرا

موویەك ماڵا چێ ناکا

پەلکە گیایەك لەمەغریبدا سێبەر دەباتەوە سەر چرپاو

عاریفانە گوێ لەفێنکایی بەیانیەکی هاوین ناگرێ

ڕەشەبایەك پیرێتی تاچاوەکانی چووەو

حەکیمانە بەگەڵایەکی پایز ناڵێ سڵاو...!!

(١٠)

کەعیشق نابووت دەبێ

دەریا دوا سەفەر ئەکاو

خۆرنشین دواجگەرەیەکی پیرە دەیکێشێ

تەوار مەمکەکانی شاخ جێدێڵێو

ئازارێکی قەدباریکیش

ئێلاخی خەیاڵەکانی ڕاو دەکاو

سەڵای باڵەکانی سندم....!!

(١١)

سۆفیستێك تێکەڵاوە بەڕۆحی خواو

کاسێك شەراب لەمەکتەبەی پەنجەکانیا دەلەرزێ

ئەوە چەکەرەی فڕینە عیرفان

لەڕەزی باڵێکدا دەبزوێو

ناچێتەوە سەر دەنکۆڵەکانی ترێ...!!

(١٢)

بێ دۆستی ڕەهابوونم بەر ئەداتەوە

نەگەمە تۆ ئەی حکومەتی عیشقم

سۆمای دەنگم سوا،

سەتڵێك تەماشام خەرج کردو

مامەڵەم کرد سەبەتەیەك وڕێنە...

ئەی حوکمەتی عیشقم لەکوێوە بگەمە

کڕینی شەرەفی هەنار،

لەحکومەتی باخچە...

(١٣)

حەبیبە شیعرێکم پڕم لەقافیەی چاڵاوچۆڵ

بی نالییە زەمەنم

وەزنم ناچێتەوە سەرکێشی

کەشمونەشمو

پەرجۆی پەندو

فوارەی فەلسەفەو

مەکۆی میناتۆر...!!

(١٤)

لەئاوا بوونێکدا هەرچەند دەکەم هەڵنایەم

وەك بیرەوەری گەڵایەك

کە هزری ناچیزەی ناچێتەوە سەر

نوکتە مێخۆشەکانی باخچە

وەك رۆژێکی پیرە زستان

پێڵاوەکانی لێی دەچۆڕێ

ووردە عەسرو قوڵپی ئێوارە...!!

(١٥)

هەمیشە لەسبەینێ دەترسم

خەیاڵا دەیکێشێ

کەدەچێتە پاڵتۆ هەرزەکانی زەمەنو

دەستی دەخاتە سەرشانی دەقیقەو

جانتاکەی پڕدەکا لەقوڵایی عاتیفە

ئەوە گەلەرێکی حوزنە،

ڕوومەتی پێکەنین بەدوای خۆیا ڕائەکێشێ...!!

کەشمونەشم: لەنجەولار

سلێمانی ١٨/١٢/٢٠٠٣

دیوانی چوارەم

# ئەو موناجاتێکە

# لەچاوەکان...!!

رۆژ هەڵەبجەیی

کچە شێتو چەتونەکەی

دنیای شیعر

چاوەکانت لەجیاتی کل

پڕن لە حەرفی هەڵەبجە

گەر بێسارانیو مەولەیم

بمانایە ئەم ئێستاکە

بۆ گۆرانیەکی لای خۆمان

تۆیان ئەکردە شیعرێکی وەزنی پەنجە

حەسەن هەڵەبجەیی

(٨٨) زەردەخەنەی هەنار بۆ لێوی هەڵەبجە

هاتنو بەقوژبنەکانی

هەناسەی(با)دا هەڵگژانو

قوڕگی کاتژمێریان کوژانەوە لەچرکەو

هەرچی پەشمەکی پێکەنینی هەور هەبوو،

نەزۆكیان كرد لەنوقڵی بارانو
باڵای مانگیان بڕی بەبالیفی شەوەزەنگو
ئەندێشەی خۆریان سڕی،
لەسەرچاوەی تیشكو لەجۆگەی گزنگ..!
هاتنو هەرچی لاسكی بەزەیی تۆخ هەبوو،
لەچاڵی رۆحیانا گرمۆڵەیان كردو
هەرچی ئەلیفی قیژەی قەدباریك هەبوو،
بەقولاپی سمێڵیانەوە هەڵیانواسیو
لەپێكی غەریزەیەكی سفر سلوكدا فڕیان كرد...
ئەوان لەفەرهودی بەربەرو لەچەمكی
عروبەو لەقۆزاخەی لمو لەقەناعەتی
هستریاو
لەودیو جەنگەڵە سوتماكەكانی عەرعەرەوە
عەرعەری بوون..
ئەوان لەنەسلی چەهرەی چەتەوڵاو
لە ئافاتی ئەنفال ئەوان...
ئەوان نامۆ بەچنینەوەی نزا نسرمەكانی
پەپوولە پایزەیەكو
بەعیشقی ڕەهای ئینجانەیەكی هاوینو
بەباقەیەك رۆشنایی لەشەتڵی مۆمو
بەپیاڵەیەك خۆرنشینی سەر لەئێوارەو
بەدوو دێڕ شەوی ناو جانتایەكو
بەلاقە لاڤی لێوی شۆڕبییەك...
ئەوان نابینا بەروئیای زەمبیلەیەك
پڕە لەپرخەی میوە..!

ئەوان کەڕولالا لەمشتومڕی
چەند خەیاڵاتێك، بۆ پژمەی باران...!!
ئێی هەڵەبجە ئەوان چییان بینیو
چی دەزانن
جگە لەئارایشتی ئەنفالو
لە ئارشیفی کوشتن....
ئەوان کە تۆیان کوشت، بیریان لەحیکمەتی
ناڵەی کوپەڵەیەك نەکردەوە،
بەموناجاتێکی مۆرەوە،
شەراب لەناویا زیکرەکا...
ئەوان کەتۆیان کوشت، بیریان لەفیگەری
گوڵێك نەکردەوە.. دەستو پەنجەی،
بەگەڵا دائەگیرسێنێو
چەهچەهەی بولبولێك لەرەحمیا
رادەکشێ..
ئەوان کەتۆیان کوشت، لە لۆژیکی
پەنجەرەیەك تێنەگەیشتن
مینای دڵی، پڕە لەناسنامەی خواو
تەماشای بەتریفەوە سواغ ئەدا...
ئەوان کەتۆیان کوشت، لەمەعریفەی
دارچنارێك تێنەگەشتن.. خەیاڵی
ئاوسە بەموتالای جۆگەلەو
نەشئەی فڕین، لەمیحرابی لقو گەڵایا
بانگ ئەدا..
ئەوان کەتۆیان کوشت گوێیان هەڵنەخست

بۆ ترپەی ئەو تیشکانەی گەڵا بەحەزێکی مزر ئاسا

خۆی پی دەشوا...!!

ئەوان کەنتۆیان کوشت، لێ نەگەڕان کەلاوەیەك

هیلاکی خۆی بتەکێنێو لەشەرحی درزەکانیا

چڵە گیایەك پیاسە بکا...

ئەوان کەنتۆیان کوشت، چییان دەزانی،

لەپلانی رۆژانەی لاولاوێك،

کە ئاوێزان دەبوو، بەژنی دیواری

پڕ دەکرد لەپرووشە سەما

دەشتی ئیحا لەخەو هەڵدەسا...!!

ئەوان هەر دەچنەوە سەر ڕەچڵەکی

عیفریتێکی غەوارە تا ئەوپەڕی

رەگی سەحرا.. ئەوان..

ئەوان نەخۆشو شکستە،

بەحەرفە بزوێنەکانی هەڵەبجە...

هەر بۆ ئەوەی لە هەڵەبجە چاك ببنەوە،

هەرچی نەشێو بشێ کردیان..ئەوان

***

هەڵەبجە واڕاهاتبوو بەکۆکردنەوەی گازندەی کەسكو

بەدەم گللەیی سورەوە دەیووت:-

کەخیانەتی دوو کەڵێك لێوەکانی چرا تەرجەمە دەکا

بە(٨٨) تروسکەی راسپاردەوە نابمەوە بەهەڵەبجە..

کە کۆترێك گمەکانی فڕێ ئەدەنە لەوحەی عەدەم،

بە(٨٨) باڵەفڕی فیردەوسەوە نابمەوە بەهەڵەبجە

که کانییەك عیشقی دەپێون بەپیاسەی هەڵمو هەڵاو،

بە(٨٨) دڵۆچە مەمی ئالانەوە نابمەوە بەهەڵەبجە

کەبیلبیلەی جریوەیەك دەنێژن بەزەنگیانەی خووساو

بە(٨٨) ملوانکەی دوورو گەوهەرەوە نابمەوە بەهەڵەبجە

که دار بەروویەك سەرشانەکانی تژی دەکەن بەئەستێرەی برین

بە(٨٨) لووتکەی لووتکەشەوە نابمەوە بەهەڵەبجە..

که گژەبایەك لە لەشکری گوڵاو

لەخەرابستانی خەزان مارە دەکەن

بە(٨٨) قاپە شیعری رەنگی رۆمانسییەوە نابمەوە بەهەڵەبجە

که هەنگاوی پرچێ جانتاکەی پڕدەکەن

لەدووریانی مەنتقی مەقەست

بە(٨٨) خانەقا حوزنی مەولەوییەوە نابمەوە بەهەڵەبجە

که کەنارییەکی ساوا لەژێر ساباتی بەربەرا،

سێبەری گڕوگاڵی دەڕووشێ

بە(٨٨) ئەی رەقیبی دڵی دڵداریشەوە نابمەوە بەهەڵەبجە

که کچێنی گوڵاڵە سوورەیەك کۆپی دەکەن بەفەجری فتوحات

بە(٨٨) مەشخەڵی زەکییە ئەلکانیشەوە نابمەوە بەهەڵەبجە..

که قاسپەی کەوێك بار ئەکەن بەقورسی سەحرا

بە(٨٨) رەنگاڵەی مەشایەخی شنروێیەوە نابمەوە بەهەڵەبجە

***

هەڵەبجە پێی وتین تەماشا

بەو هەموو توخمی مەرگەوە کەتێم ئاڵاوە

هەر دەچمەوە سەر ژیان دۆستی...

ئیرۆسیم بەقافلەکانی قەدەرنامەو

بەسێڵاوەکانی سەرابنامەو

بەشەهادەت نامەی شکست...

وەلێ یاخی، نەفرەت لەساڵنامەی هەشتاو هەشت...

ساڵی هەشتاو هەشت ساڵی کفری پۆستاڵا:-

قیژەی سوتاوە لەسەر پۆشی شاخو

پلیشانەوەی تریفەی مانگە لەپشتوێنی دۆڵاو

ناڵەی گیایە لەکراسی دەشتو

تاڵبوونی تەڕاییە لەمەمکی کانی..

ساڵی هەشتاو هەشت:- ساڵی تەجویدی ئەنفال

دەچێتە بیرەوەری شەقشەقەو

بووکە شووشەی مناڵا..

ساڵی تەرجەمەی عەفلەق:- سەری دەبڕێ

لەنجەی درەخت و گەرووی ئاو...!!

هەڵەبجە واراهاتبوو بە کۆکردنەوە گازەندەی کەسك و

بەدەم گڵلەیی سورەوە دەیوت :-

من پاشماوەی پێنج هەزار کاوڵاش،

ئیتر لەسروتی هەشتەمی چ عیبادەتێکا

شلوێ بوونی شەو بەتەجلایەك بێچم،

لەهەشتا مەزهەبی چ عیشقێکا میلۆدیایەك بنوسمەوە

بەشەرعی چ جاف و گۆرانێکەوە،

بڕۆمەوە سەر یەك ئیمام هەڵەبجەیی،

یەك ئایدیا کوردستانی...

منی هەڵەبجە لە هەشتاو هەشتا، عیشقم ئاسەواری نەما...

کە عیشقییەتی تەمەکانی سێو، لێوەکانمی کوژانەوە

پێنج هەزار خەیاڵم لێ کەوت،لە پاشەکەوتی ژیاناو

هەرچی پرتەقاڵی پەمەیی هەبوو

لە باخچەی موحەجەبەدا قیژەی وەریو

لەتل بوونەوەی بەیانییەکی کەم هۆشا

هاڕەی کردو

هەرچی ئاوەڵناوی ئاویم هەبوو

لەدرزی پەچەکەی گۆراندا کەم ئەندام و

هەرچی چرپەی ناوقەد زراقم هەبوو،

لە چاویلکەی جادەیەکی ژەهرا، سێبەر قفڵ کراو

رژانە نونێکی نوونئاوای رێنووسی نووستن..

من ئیتر تەواو ئیفلاس بە ئاوڕدانەوەی چۆڕێ ئاو..

چۆڕێ باوەش و کۆش و کورسی..

چۆڕێ دوعاو نزاو فریا..

من ئیتر تەواو ئەنفالم بەدوا چۆڕگەی چاوەڕوانی

لە ژێر پەرچەمی کام چەتراو

لە سەر رانی کام چرپاو

لەجلیوەی کام کۆڵانی کچێنیاو

لەنۆژەنی کام درەختی ئاوەدانییا

هەڵەبجەیەك کۆکەمەوەو

هەموو گریانە لەتکراوەکانی مارت لەڕەگەوە هەڵکەنم،

بۆباوەشی ئینجانەیەکی نەخۆش و

بۆ کەمەری باخێکی بێ تاقەت و

ٍبۆ داهۆڵی کێڵگەیەکی قوپاو..

تۆ تەماشا شەهیدبونی شارێك،

چۆن مەرگ دروێنە ئەکا،

ئێستا، ئێستا لە چەمەکانی عاتیفەوە هەڵدەقوڵێم

(٨٨) زەردەخەنەی هەنار بۆ لێوی هەڵەبجە .

ئێستا، ئێستا لە چەمەکانی سەرابەوە هەڵدەکشێم

(٨٨) گریانی (٣/١٦) بۆ

ئەنکێتە ئاشناکانی ئاشوب

ئێستا، ئێستا...!!

سلێمانی ٢٠٠٤/٢/٢٠

جەنجاڵی تێی داوم

تەماشا لەجەنجاڵی نیشتمان...

لەتەنیشت قاقایە کییەوە پردی شانی،

تژییە لە تابووت گەرای حەسرەت...

لەناو قەدی ئومێدێکی کاڵیشییەوە،

پەرداخێکی نهێنی بەشکانەوە چۆتە،

یادەوەری درەخت..

ناخوداکان ناهێڵن... تۆزێك

لەسمۆرەی سۆفی

خۆی شەتەکدا لە سورمەی ئەستێرەو

دەست نوێژ بگرێ بەنەرمە باو

تەهلیلەیەکیش بۆ فەتحی فڕین...!!

ناخوداکان دڵی ئەم نیشتمانە نەخۆشە

دەشکێنن

وەك شکانی شوشەی عیشقی من

تەماشا شەوی بەلەرزوتاوە

جانتایەکی نیوداشتی لەشاندایەو

هەنوکە سەفەر دەفرۆشێ..

تاقیامەت جگەرەیەکی خائینیش

لەمەلەفی لێوەکانیا نوستووە..

خیانەت تا ئەوپەڕی پاڕانەوەی نیشتمان،

خیانەت تا حزووری خوا..!!

خیانەت وەك نەخۆشبوونی،

دوێنێی من..

***

سپێدەیەکی ئەم نیشتمانە کۆنە

هێشتا مەمکی نەگەییوە،

بەر ماڵی عومری ڕادەخا،

لەقیبلەی قەسیدەیەکا،

ئەوە گرمۆڵەی زکرێکە تا ڕاکشانی کازیوە

تا لەخەوهەستانی گزنگ

ئەوە ئومێدێکە دوور... ئەوە ماتڵا بوونی

هەموو ئەو دیوارانەیە رایەڵی شەکەتیان،

پڕە لەدەرگای داخراو..

ئەوە پیادەڕەوی هەموو ڕێگاکانەو

چۆڕی(بانە) فڕناکا!

ئەوە ڕۆحی مەلوولی پڕە لەنەزیفی تاریکی

و مەحاڵە بەئاشتبوونەوەی

لەفافی نوور...!!

ئەوە جەنجاڵا گەرایەکە مەرگ،

تا(حبل الوريد)ی نیشتمان

وەك مەرگی شیعرە شپرزەكانی من...

***

شەستە هەنگاوی پێی خۆر،

بە چاو برۆیەكی مەستەوە

لەدەرگای چێشتەنگاو ئەدا

ڕۆژانە كارتۆنێك متمانە ڕۆدەكا،

جێمان ناهێڵی..

شەوانە پاڵتۆیەك لەلا شانێكییەوە

سێبەر لێ دەكاتەوە،

جەنجاڵمان ناكا..

كەچی هەر نقێمی خۆری دەلەرزێ

ئەم نیشتمانە كزۆڵە

وەك دڵی من..

تاقەمبوربوونی نزا، تا كوشتنی

تیشكی هەناسەكانی

لەپەتووی عەسرێكی خائیندا

نەزەر دەكاو دڵی دەلەرزێ،

وەك نەزرە پووچەكانی من..

من-من منیش لەنیشتمانی جەنجاڵا

جەنجاڵا..

كچی دایكێكم وەزیفەم دەچێتەوە سەر

ڕۆژهەڵاتی قیژە..

ئازاری دایكێم مەیلم دەچێتەوە بۆ،

كۆمەڵەی بێوەژن كۆشی..!!

بەدەم هەڵگرتنی وڕێنەکانمەوە

کەزەمەن بۆیاخی دەکا بەئاخەلێوەی

خەیاڵ..

پیاوێك دەیەوێت بەڕێکخراوی تەنهایمدا

بفڕێو ردێنی بشوا،

بەجوگرافیای پێستم..

من دەڵێم لێم گەڕێ ئەی پیاو

من دوورم لەتۆ، دوور، دوور

تێگەیشتنم دەفتەری ئاسمانێکە

کرانەوەی مەحاڵە...

چوون جەحێڵی کۆترێك

لەباکووری خەونیا گمەی لێ بدزرێ

چوون پەرسێلکەیەکی شکۆفە

بۆ هۆنینەوەی رستەی بەهار

کۆچی کۆپی کەن لەدەیەم کانوونی ساڵ...!!

جەنجاڵم ئەی پیاو جەنجاڵ..

وەك رووتانەوەی قژەسەری نیشتمان

وەك بورانەوەی دایکێك

لەخەوی ئەبەدی منالەکان

ئەی پیاو تۆ لەکام گوێچکەی رەشەباو

لەکام درزی گریانەوە بۆ فەنتازیاو

لەچەند ئازاری کەناری بۆ،

شکانی قەفەسی دیلی

لەچەند راکردنی تریفەی مانگ،

بۆ هەڵمژینی لێوی کانی

تۆ، تۆ لەکوێوە دەگەیتە

(ئەلیف- لامی) لێوو دەستەواژەی

دڵی من... ئەی پیاو!!

***

حوزنم بەقەد حوزنی پێغەمبەرێکی شەهیدە،

لەهۆزی گومڕاو

خۆرێکی گریاوە، لەژێر سەرپۆشی هەوراو

هەڵوەدای هەڵۆیەکی پیرە،

لەپایتەختی لوتکەدا نەبێ،

خۆی تیرۆرناکاو

تیشکی بارانێکە لەمناڵانی سەحرا،

کە هەر لەدایك نابێ

ئەوە تۆی ناگەیتە دەروازەی حوزنمو

رەنگ کردنی رۆحم ئەی پیاو..!!

جەنجاڵی تێی داوم، تەمەنی خەیاڵێکی

ئاوییم نییە، تا بگەمە

سونەتە مۆرەکانی حەقیقەت

تۆ چوزانی ئەی پیاو

من پاڵتۆی حەقیقەتم لەبەری لۆژیکادڕاندوەو

هەموو ئارەزووەکانم سەر بەتوخمی تراویلکە...

ئارەزوومە بگەمە ئاستانەی،

بۆنی ئیرەمستان

گوڵێك بانگم کا بۆ مەعشەری ئینجانەو

حەرەم سەراکانی لاولاو...!

ئارەزوومە بگەمە حەزرەتی دوو چەهچەهەی

شین...بولبولێك فێرم كا چنینی فڕین...!!

چێم لێ هەڵدەوەڕێت ئەی پیاو

من لەنیشتمانی جەنجاڵا، جەنجاڵا

حەقیقەت عومری ئێوارەیەكی،

بۆنەهێڵامەوە

زەردەپەڕ لەبەركاو لەسەر كورسی رۆحم

دانیشێ...

كەچی هێشتا دڵم دەلەرزێ..

چوون تەرزی مێو دڵی دیوار

دەخورێنێ،

گەڵای عیشقی ختوكەی ئەدا،

سەری سەودا...

***

پیاوێك بەفری نیشتمان كپ كپی كردووە

ئەو پێم دەڵێ ئاوێنە درۆناكا..

چوون ئاوێنە منم..

ببینە ئەی كچی جەنجاڵا،

چەند گوناهم بەتۆمەت،

بەتۆمەتی تەنزیم بەڕیشۆڵەی سیاسەت

لادێیی چاوەكانم ئەنفال كراو

شارەكانی دڵم كورد كوژی...!

منیش دەڵێم:- ئەو پیاوە لەئاسمانی داخراوا

نیشتمان چووە بەپیری پیربونییەوە..

هەمووجارێك دەبێتە مامانی باران

مناڵی باران هەڵدەگرێو

ئەدرەسی رووخاوی باخچە بێوەژنەکان

نادۆزێتەوە..

جانتایەکی کەسکی باران هەڵدەگرێو

چیمەنە رەشپۆشەکان لەدەغیلەی،

ستیانەکانیان سەوزی ناشنێ..

ڤیتارەکان پڕدەکا لەئۆرجازمی بارانو

لەهیچ وێستگەیەکدا،

کچێنی گوڵێك بەعاتیفەوە هەڵناچێ..

ماچەکان دەبنە دەزووی هەڵمو

باران بەئەفسانەی  هاوینەوە دەخنکێ...!

ئەوپیاوە لەهەڵخلیسکانی عیشقەوە

دەیەوێت پیاسە بکا بەکلۆربوونی خەونەکانمو

پێکەنینم ببەستێ بەمۆمیای مۆزەخانەو

گریانم بەشنەشنی حەوسەڵە..

من لەنیشتمانی عیشقەوە دەگەمە لای

تۆ ئەی پیاو..

لەنیشتمانی جەنجاڵی چاوەکانما

جلیوەم شەلاڵە بەفرمێسکی سورو

پرچم دڵۆپ، دڵۆپ سپی..

تۆ ئەوەندە بەکلۆربوونی خەونەکانما

رۆچوووی..

وێردەکانی ئیمانم کەوتە خواروی ئەژنۆو

ماچەکان بەدەم رەشەبای شبرەوە،

نەگەشتنە پایزی لێوەکانو

بەدەمدا کەوتن...!!

***

من لەنیشتمانی جەنجاڵا

باوەشێك نەبوو خەمم بەخێوكاو

گریانم ئارایشت..

كەچی ئێستا لەكەنار بۆنی پیاوێكا راوەستاوم

نیشتمانم بۆ شیتەڵا دەكا..

تەماشام دەگوازێتەوەو جەنجاڵیم

دەسڕێ..

تەماشام دەكڕێو پێكێك پایز،

لەئۆقرەی كاسێكا

دەیەوێ دەستو پەنجەكانم سەرخۆش كاو

بمباتەوە بۆ جوانی زەمەنێك،

ئاشنا بەموتوربەی ئەوین لەدرەختی عیشقا

دەڵێن عیشق یانی خودا..

كە گەلایەك تەماشام ئەدزێ،

پێی دەڵێم ئەم هەموو تەرمی تنۆكە

پێكەنینانە، لەسەحرای چ حوزنێكا بنێژم

ئەی دڵی من خودا..

گیا فێری گومانم دەكا، یەقین نەبم لە كێڵگەی

گڵۆبەرۆژە- لەژێر بنچكی تاریكییا

دەبورێتەوە..

یەقینم سەوزكە ئەی خودا..

چاوی چەمێك كە پایزی لەسەر نیشتۆتەوە،

تەڕی برژانگی لەئاویلكەی هەناسەمدا،

دەگاتە سیس بوونی ئاو..

دڵۆپێك ڕەحمەت ئەی خودا..

ترێ لەباخی مێودا کە دەمو چاوی

بەنوتفەی خەزان ئەشوا

لەسوچێکی ڕۆحمدا،

بەرسیلەی دڵەراوکێم،

دەگاتە شلۆی بوونی شەراب

جەنجاڵی تێی داوم

کاولم مەکە بەتامی شەراب ئەی پیاو،

ئەی عیشق، ئەی خودا..!!

سلێمانی ٢٠٠٣/١١/٢

لەوسەری ونبونەوە دێمەوە

تکایە بوەستە ژیان..!!

لەوسەری ونبونەوە دێمەوە،

لەنەسلی ئەو نامانەی پەنجەکانی ئاگر ئاوەڵای کردن،

هەنگاوەکانی دووکەڵا موتاڵا..

لەبورجی ئەو سێبەرانەی گوڵێك،

سەری دێشێو

باخچەیەك ناڵێت مەرحەبا..!

بولبولێك گێلانە بۆ چڵا دەخوێنێو

چڵا بەپایپی نەفەس کێشانی خەیاڵەوە

شعوری پڕە لەچنینی قەفەس..!!

لەیەقینی ئەو چیمەنە قژمۆرانە،

دوگمەی کراسەکانیان دەکەنەوە بۆ دەستی

سەرابو دوو دڵن لە دڵۆپێ ئاو...

لەبێ ئاگایی ئەو مۆمانەی،

لەناو تۆخترین تاریکییا زیکرەکەنو

تەبا لەگەڵا شەمەنەفەری کزەبایەکداو

رەشەبا دەکەنە بەرماڵا...!!

لەوسەری ونبوونەوە دێمەوە..

لەگەورەبوونی ئەو ئازارانەی، قیژە تۆخەکا

ئەوە قاقای پێڵاوێکە، بەهەنگاوی کونکونەوە

دەچێتەوە سەر لارترین عاتیفە...

لەگەوجێتی دەزووی باران، کە ئەدا لەقژی

سەحرا، چما سەحرا چ مانایەکی هەیە

ئەی باران...

جگە لە لەشکری لەو لەنوتفەی غورباو

لەچوار گۆشەی گەردەلوول...؟!

لەکاڵفامی ریشۆڵەیەك،

تەریقەتی بەفر جێدێڵێو

رەچڵەکی فڕین دەباتەوە ناو پێستی شەوو

داگیرسانی خەو...

لەبیر کۆڵی شکۆفەیەك خۆی رووت

دەکاتەوە، لەشەونخونی گەڵاو

نیگای پڕناکا لەفرمێسکی ئاونگو

گوێ ناگرێ لەمشتومڕی جۆگەلە..

لەوسەری ونبوونەوە دێمەوە..

لە کوچەی نیوەڕۆدا،

سێبەر قوڵبەست دەکرێو

نۆتەکانی ئاو قفڵاو

ئەندێشەی درەخت ئارشیف و

زاکیرەی گوڵ تینوو..

ئەم هەموو کەڕەتی مردنە دەکاتە چەنی ژیان،

ئەم هەموو پاڕانەوەی چەترانە،

دابەشە بۆ چەند قوومی خورافەو

چەنی دەگاتە ماچی باران؟!

ئەم لێ دەرکردنە لەماچی بارانا،

یەکسانە بەچەند شینبوونی شەریعەت،

چەند یاسای بێ یاسا...

چ یاسایەکە نابینا لەقوڵایی نیوەڕۆدا،

دانەوێڵەی چاو هەڵۆیی بکەینە داوێك،

بۆ پەڕەندەیەکی تازە ڕوواو

چ شەریعەتێکە شێت گەرا،

زستان بەڕیشی بەفرەوە،

بەعوملە پەڕەسێلکەوە قومار بکاو

بەهاریش بڵێ لەم قومارەدا،

هەرمن براوەم..!!

چ تاوانە ئەو دەستوورە بەچاندنی،

شتڵی عاتیفە،

لەبژوێنی کۆترە تەرییەکانی ماتماتیك..

لە هەڵکردنەوەی فڕین،

بۆ پەپوولە شیفۆنەکانی
لوغمی چرایەك...
لەزەخرەفە کردنەوە ئەو کۆلارانەی
پێدەکەنن، لەئاسمانی ئاشووب..
لەهۆنینەوەی ئەو ملوانکە پچڕاوانەی،
چۆگەلەی(با) دزینی...شەو،
دەیکاتە ملی..
لەبەد حاڵیبوونی گوڵەبەڕۆژەکان،
چاو بۆ خۆر دەکەنەوەو دەیپەرستن،
کە دەشمردن ئێوارە دەبێتە تابووتیان..!!
لەوسەری ونبونەوە دێمەوە..
چی لەمەرحەمەتی ئەم حیکمەتە بکەم
کە دەڵێ(مردن ئەنجامی ژیانە)
مردن چەند جوانترە،
لەدرزی فرمێسکی ئەو کچانەی
ماڵە شوشەییەکانیان،
کۆپی کران لەهەناسە بڕکێی خوێن...
مردن چەند گرانترە،
لەهەڕاج کردنی عومری ئەو بێوەژنانەی،
چەتری ئومێدیان چنی،
لە قامچی نیتشەو لەقوڵپی شەوەزەنگ!
مردن چەند بەتامترە
لەمیمە مزەرەکانی نارنجو لیمۆ،
کە دەچنە تەمەنی تامەزرۆ
موحیبەت مەودایەکی نییە،

بۆ بەرچینەیەك گفتوگۆ..

مردن چەند بە ئەمەكترە،

لەناڵەی ئەو گۆزانەی،

بەدەست ئەنقەستی

كانییە كەلەپووتاكەنەوە دەشكێن‌و

ناچنەوەسەر ئاهو نزولەی،

دەنگ‌و ڕەنگێ لەدڵی خەییام..!!

مردن چەند ئاشتی ترە

لەهەوری هەنارێك

دەچێتە شەڕی دانەكان‌و

لەجوانییا سوهراب وێنای دەكا،

نەك قڵیشانی بەدەم گللەییەكانی

چەقۆ، شەڕ شەرم دەكا...

مردن چەند ئازیزترە،

لەتینوێتی گوڵە شەوبۆیەك،

گەر لەیادی جۆگەلەیەكا،

مەلە نەكا..دەشتی شەهوەتەكانی،

لە ئینجانەی چ سەفەرێكا ئاو ئەیبا؟؟

مردن چەند نیانترە،

لەبەیانییەك لە هەموو تەمەنیا،

دەستی گزنگی گرت‌و

بیری چوو نامەیەك بۆ ئێوارە بنێرێ‌و

لەكوچەی مانگدا، مناڵی ئەستێرە،

بەگڕوگاڵی شەو بشنێ..!!

مردن چەند ئاوەدانترە،

لەڕستەی ئاوێك مانای خۆی،

لەدێڕی درەختێكا ڕەشنووس ناكا

هەتا مەرحەبا لەو چۆلەكە عاریفانە بكا

بەپۆستی جریوەوە،

ئاسمان دەكەنەوە...!!

لەوسەری ونبوونەوە دێمەوە،

تكایە بۆستە ژیان..

ئەم هەموو حەقیقەتە دەمانكوژێ،

چ كوشتارێك ڕاڤەكەم

تەماشا هەموو ڕۆژێك،

سەر یاسەكانی سیاچارە ناتوانن،

حەقیقەت ڕاوبكەنو

نەزیفی دواهەمین هەنار دروێنە...

چ فەرەیدونێك بكەمە ئینشا،

لەجەنگەڵستەكانی عیشقا،

هەموو فڕینەكانی پەروانە لەئێوارەدا

وەهمی هێنا...!!

وەی! چ فەرتەنەیەكە عیشق،

سێبەری باڵای خۆی بڕنێو

چاوەكانی بڕێژێ بەمیقاتی چۆڵەونیو

نوسخەیەك لەچاپی نائومێدی...

لەوسەری ونبونەوە دێمەوە..

ئاخر حەقیقەت بەكاشیفەی

چ زمانێكو

بەمۆدێرنەی چ عیرفانێكو بەوێردی چ مەسیحێكو

بە ئایدیای چ ئەفلاتۆنێكو

بەسۆفیستی چ رابێعەیەكو

بەقوڵنگی چ فەرهادێكو

بەموبارەزەی چ دۆنگیشوەتێكو

بە زۆربای چ یۆنانییەكو

بە ئەلیف لامی چ ئایەتێكو

بەسیخوڕی چ یەهودایەك

حەقیقەت دەكرێتەوە...حەقیقەت؟

ئەو هەموو ستایشەی حەقیقەت دەكەمو

كەچی داڵغەكانی لەگۆمی چاوەكانمدا

شەو دەچێنن..

كەچی ماچەكانی لەسێوی ستیانێكدا،

لاستێكی پەشیمانی،

كرماندن لێ دەدا..

كەچی ئیمامەكانی لە كلۆربوونی هەورێكدا،

دانی گەڵایەكی پایز دەكێشن...

كەچی عاریفەكانی لەگوشینی باخێكی رەزدا،

تامی شەرابێكیان نییە،

بچێتەوە سەر ئاخ هەڵكێشانی ترێ

ئێی حەقیقەت تۆ تەنیاییمان،

پڕ دەكەی لەتۆنی نای

بەردەكان بەدەم ژەنینی فلوتی خۆیانەوە

دەمانبەنەوە سەر ئەبەدییەتی سكون...

تۆ ئیعرابی ئاودێنی بۆ خنكانو

خۆر ئاوابوون دەمانباتەوە

سەر تینوو بوون...

تۆ قافڵەی عیشقمان ئاوێزان دەکەیت،

بەخەوی نەعنا

کەچی هەر دەچینەوە سەر هیجرەتی،

وەلی دێوانەو قەیسی مەجنون،

تۆ پێمان دەڵێی چ شەڕێکی دۆڕاوە،

بێ هۆشانە دژی یەك بین

کەچی هەر گرێی ئۆدیب

تا ئاوسانی هۆش،

دەمانباتەوە سەر هەوکردنی،

زەلکاوترین کوشتن...

لەوسەری ونبونەوە دێمەوە..

قەدەرێکم بەرێ ژیان،

بوەستە قوڵانجێك تێڕامان..

قەدەرمانە بگەینە سروتە ساراکانی کەندەڵان

بەبێ ئەوەی چاویلکەکانی چاومان،

تۆزێك خەیاڵ لەجامی مەعریفەدا،

هەڵگرێ..بەبێ ئەوەی خەیاڵا مەلە بکا

لەئاوی تێگەیشتن...

قەدەرمانە مردن سەفەر بکا،

بەکۆڵانەکانی بیرەوەریمان

بەبێ ئەوەی شوێنێك هەبێ،

بەمردن بڵێین بەقەدەر دوو باوێشکی گیا

بچۆرەوە سەر باڵی زاهیدبوونی ڕەشەبا...

بەبێ ئەوە زەمەنێك هەبێ بەمردن

بڵێین..بەقەدەر دوو سڵاو

بە قریوەی مناڵییەوە دیلانێ بکە،

لەناو دەقیقە پشت قەموورەکاندا

قەدەرمانە بڕۆینەوە بۆلای

مەنفاکانی رۆح

چوون هاژەی باڵی پەلەوەران و

پژمەی گوڵان تێکەڵاو کەین و

لەناو موحازەرەکانی باخدا،

فێر نەبین پەرداخێك ئاو بدەینە،

چاوەڕوانی چاوەکانی دار چنار...

چوون دەست لەهەمەڕەنگی گوڵەکانی

عاتیفە بدەین و لەعەتری گولستانەوە

فێر نەبین قاپێك پەشیمانی،

بدەینە لەوەرگای زیندەوەرزانی...!!

لەوسەری ونبوونەوە دێمەوە،

تکایە بوەستە ژیان

قەدەرێ قەدەرێکم بەرێ ژیان...

ئەم قەسیدەیە خەڵاتی یەکەمی وەرگرت بەهاوبەشی لە ڤیستیڤاڵی ڕۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٤

سلێمانی ١٥/٥/٢٠٠٤

کەهاتی بەناو مندا سەفەر بکە

لەم بەیانییە خەواڵوووەدا،

سەفەربۆکوێی خۆم بکەم،

هەناسەکانی ئەم بەیانییە،

تەماشاکانم دەڕنن،

هەنگاوەکانم لەت دەکەنو

لەزیندانی جانتایەکدا بەشەو دەیبەستنو

لەسونەتی گریانێکدا،

بەترسو تۆقین...!

بەم هەموو قۆپی کردنەی تەمەنەوە،

هێشتا رۆحم دەستی یەقینی نەگرتووەو

فنجانێك لەقورسی ئومێد،

پێکەنینی لێوەکانی شەتەك نەداوە..

بەرەو کوێی خۆم سەفەر بکەم

هەر بەهار رادەکێشمو

گوڵاو لاولاو نەخۆشە،

بەخەزانی ئێوارە..

هەر چۆلەکە زاهیدەکان بانگ دەکەمو

سەرشانی باخچە پڕ لەتەرمی

چوارگۆشەی جریوە...!

هەر بەئێوارەی مودمینەکانەوە مانگ ئەدوێنمو

دڵی چوارینەی کانی پڕە لەگەوجی سەراب

گوێ هەڵدەخەم بۆ تەفسیری بارانو

بیابان بەقسە نەزۆکەکانییەوە

دەفتەری شیعرم تینوودەکات...!!

بەو هەموو رەشنووسی تەمەنەوە،

چەند راستو چەپ بەسەر موحیبەتێکی

هەڵدێرا بهێنم...

چەند فرسەتم دەداتێ قەدەر،

لەتۆ ئاوابم...

تۆ گوناهێك بووی لەكتێبی سێوو

نەزیفێكی درێژ،

لەدەستنووسی هەنار

لەفەراخماڵئاواییەكا،

ئەو عیشقە خورافییانەم داگیرسان،

كە لەبیرەوەریما راكشان...

كەچی تۆ هەموو ترپەی،

عیشقی منت كوژانەوە...

بێستانی خەونەكانمت پڕكرد لەو،

داهۆڵانەی شپرزەیی شیتەڵا دەكەن و

عیشق چۆڵا دەكەن،

لەشنەی شەهید...!

هەرچی رۆشت بابڕواو

لەو مەلەفی رابوردوانە گەڕێ

كە ئیتر تیتروا سكێ لە پۆلەكانی درەختدا،

وانەی نەخوێندووە...

كە ئیتر درەختێ بەڕیشی سپییەوە،

دەستنوێژی بەووژەی(با) نەگرتووە..

كە ئیتر(با) بەهێواشی قژی

چڵە گیایەك بەڕەوڕەوەی خۆر

پێی نەگرتووە...

لێ گەڕێ لەڕابردوو،

لەبێ رەنگی كات

لەو نەسیمانەی تامی پایزیان نەداو

لەو تیشکە بێ تامانەی،

گڵۆبەڕۆژەیەکیان ئاشتنەکردەوەو

لەو باخچە خەرابانەی فەرموویان نەکرد،

لەپەڕە سێلکەیەکی پەمەیی...!!

***

لێ گەڕێ ئەی ئیمامی عیشقم کە هاتی،

بەهەناسەی بەیانییەکدا وەرەو

تەماشات بخەرە مەرحەبای،

دوو کەناری کە درەختیان زاخاو داوە بە گۆرانی...

تەماشات هەڵخە لەغەریزەی رووبارێك،

نووچ ئەدا بۆ لێوی گۆزەیەکو

قەترە، قەترە بازئەدا لەپێچی تەنهایی

تەماشات بنێژە لەمەرگی ئینجایەك

گوڵا دەگریو چاوەکانی پڕ بووە لە(تا)و

دەستو پەنجەکانی ئاشنان،

بەوێرانەی پێکەنین...

ئەی حەزرەتی عیشقم... کەهاتی،

لەبارانێکی پاکییزە مەپرسە، کە کچێنی خۆی

لە گوزەرێکی ئازادییدا تەسلیم دەکا...

کە هاتی لە هاوینێکی هار مەپرسە،

دەبێتە دۆستی هەنجیرێکی جرپنو

ماچە گەرمەکانی لەنامەیەکی کراوەدا،

بۆ لێوەکانی پۆست دەکا...

کە هاتی ئیرەیی مەهاوێژە بۆ شەوێکی

درێژی یەڵدا،

مەنەلۆژەکانی سپێدە، بەدوورکات نوێژ،

شەپۆل ئەدەن لەڕەحمیا...!!

کەهاتی بەهەناسەی بەیانییەکدا وەرەو

بڕوا بهێنە بەعیشقی ژنێ،

لەجوگرافیای مەراقەوە هاتووەو

تەوەلا لەدوێنێی دۆڕاو

لە گەمژەیی گوناهەکانو لەتۆفانی تاوان...

لەم بەیانییە خەواڵووەدا

سەفەر بۆ کوێی خۆم بکەم

هەناسەکانی ئەم بەیانییە،

تەماشاکانم دەڕنن،

هەنگاوەکانم لەت دەکەن..

گەر لەم بەیانییەدا سەفەر بکەی لەگەڵما

سروتەکانی عیشق بە بولبول ئەسپێرم

کە من نەمتوانی راڤەی کەم،

لە کوچەی چەهچەهە...

کەمن نەمتوانی بەتیشك بڵێم بەپێکێ فڕینەوە

لای ژنە قەرسیلی کێڵگە...

کەمن نەمتوانی بە کەروێشکەی چیمەنێك بڵێم

قومێك ئاوڕدانەوە،

بۆ بیرەوەری جۆگە لە...!!

لێ گەڕێ ئەی ئیمامی عیشقم

لێ گەڕێ لەسەفەری بەیانی خەواڵوو

لە ئێوارەی کەوتوو

لەشەوی نووستوو

عیشق وادەیەکە بێ زەمەن...

جوکەی جیوەیەکە کە ئێستای نییە...

کە هاتی بەناو مندا سەفەر بکە...

مەچۆ بۆلای چرایەکی بێتاقەت،

کە تاقەتی بوو پڕە لەڕەنجی ڕووناکی...

مەچۆ بۆلای بەردێکی تینوو،

کە دەستت لێدا پڕە لەچەمی چاوەڕوانی..

سەیری زیکری پووشێك مەکە،

کە چاوت تێبڕی،

نوێژ دەکا لەسەر بەرماڵی(با)

ئاوڕ مەدەرەوە لەپایزی تەمەن،

کە کاتژمێر زەنگی لێدا

خۆی موتاڵا دەکا، لە پاڵتۆی مەرگا..

ئەی ئیمامی عیشقم لێ گەڕێ...

ئیمان بهێنە بەسەفەرەکانی من...

بەناو مندا سەفەر بکە،

من دوا سەفەری تۆم ئەی ئیمامم..!!

سلێمانی ٢٤/٣/٢٠٠٤

ئێوارەی هەمەدان موناجاتێکە لە چاوەکان

بەڵام موناجاتی چاوەکان...!!

خۆزنشینی ئەم هەموو گوناهە،

دەڕواتە کەلی چ ئێوارەیەکەوە..

ژیان چەند دۆڕاوە بێ خۆشەویستی،

چەند بەلەمێکی خنکاوە بێ سەوڵا...

تەماشایەك لەسمکۆڵانی(با)

چۆن پێڵاوەکانی دەبەگن لەڕۆشتنا

ئەوە چۆلەکەیەکی ووتاربێژە، ئەوەندە خەیاڵا شك نابا

رستێك جریوە بکاتە جۆلانە،

بۆ لەرەی درەخت...

ئەوە پەڕەندەکانی ووڵاتی منە هەمەدان،

هاتووم بۆلات باڵم پڕکەیت لەئەفسانەی

ئێستاو فڕین لەئاسەواری زمڕوت...!

روانینێك لەئاشوبی ئاو،

چۆن چۆته دەستی ناخودا...
ئەوە کانییەکە قەد زراڤ
ئەوەندە ئۆقرەی پێ نەماوە
لەجامێك ئاویدا، تریفەی مانگ مەلەبکا...
ئەوە ئەفسانەی نوتفەی ئاوی منە هەمەدان...
هاتووم بۆلات پەڕەمووچی ئاو بانگ کەی،
بەتریفە سواغی بدەی رومەتی پەنجەرەم...
چۆرێك لە تەریبی تاریکی چۆن هەڵدەقوڵێ،
لە هەندەسەی مەرگ
ئەوە ئەستێرەی دەڤەری منە،
لە پێدەشتەکانی ئاسماندا، ئەوەندە
رووتبوونەتەوە...مەعریفەیان بەشی ئەوە ناکا،
سەرێك بدەن، لەکۆڵانی شەوەزەنگ...!
هاتوم بۆ لات هەمەدان بزەی ڕووناکیت بگرم و
بۆنی ئەستێرەت ئاوڕشێن...!
ئاوڕێك بۆ پارکێکی پەژموردە،
لەناو پێخەفی ئاسمان چۆن گریان عبوردەکا
ئەوە قیژەکانی هەوری وڵاتی هەناوی منە
ئەوەندە نوستون،
باران لەدەفتەری چاوەڕوانییان
روئیای دەڕۆێ...
هەمەدان هاتوم بۆلای ئەو پارکانەت،
نوقمی سەوزینو درەختێك نیە ئەڵهابکا، لە باڵندەی باران!!
چاوێك داگرە لەتەرازوی لەت،
چۆن بیسمیلای ئایەتێك دەڕووشێ..

قەفەس ئەوەندە قورس بووە بەباڵندە،

بیری چووە پەنجەرەیەك لەناویا

شەپۆل بدا...

ئەوە قەفەسی تاوسەکانی منە هەمەدان

فێرم کە رەنگی ئەو قەفەسانە چۆن،

بکەمە دووڕیانو گڤەی باڵی تاوسەکانیش،

بەموناجاتی چاوەکان...

گرێیەك بکەرەوە لەپێستی ئینجانە،

من پێناسی بیابان چۆتە دەمارەکانم،

بیابان هەر لەمناڵییەوە تا کامڵا بوون،

هەر بەدوای لمدا دەگەڕێ

دڵۆپێ ئاو چییە لە مەتارەی خەویا،

نزا ناکا...

هاتووم بۆلات هەمەدان...

توو موناجاتی چاوەکانت

فێرم کە لە ئاوێنەی ئاوەکانتەوە بەجۆگەم بڵێ:-

ئاو چۆن نووچ ئەدا بۆ لمستان...!!

* * *

خۆرنشینی ئەم هەموو گوناهە،

دەڕواتە کەلی چ ئێوارەیەكو

سەلیقەی ئەم هەموو گوناهە لەکوێوە دێن...

دەخیلتم هەمەدان ژیان کەی گرەوی بردۆتەوە،

جگە لەدۆڕان..

تۆ دەتوانی ئەم هەموو کەڵەکەی بینینە،

بەختوکەیەکی چاو بیناکەی

تۆ دەتوانی ئەم هەموو خەیاڵاتە زەردو سورانە،

رژاونەتە ناو بەلەمێك،

بەقاقایەك بیانکێشی....

بەڵام ناتوانی عیشق رەنگکەی

عیشق گەمەیەکە زووتێك دەچێ

ئاگرێکە شیفۆنی...

ئاوناتوانێ دەستی لێبدا،

ئەلیفێکە دەبێتە تۆز

بەلەم ناتوانێ رای ژەنێ،

نونێکە ناسك هەڵدەوەرێ

چەند دوور ئەڕۆم.. لەناو موناجاتی ئەو چاوانەدا

دەڕۆمەوە بۆلای خوا...

کەچی عیشقم زەمەنێکە خەوی لێ دەکەوێ..

لەناو بەلەمی ئەو چاوانەدا هەموو

هەمەدان دەبینم،

کەچی بەلەمی رۆحم لەناوهەڵمدا باڵا دەکا...

کەی خەتای ئێوەیە ئەی موناجاتی چاوەکان

ئاشنایەتیم لەگەڵا ئێوەدا

قەدەرێکە دەڕواتە سەر قریوەی مەرگ...

قەدەرێکە دەڕواتە سەر قەسابخانەی زەمەن...

بریقەی دێ لەتەنیاییو

لەزەلکاوەکانی وەهەمو

میهرەبان بەگۆڕستانەکانی ئومێد...!!

کەی خەتای تۆیە ئەی خۆرنشینی ئێوارە..

شوشەی قسەکانت،

لەموناجاتی گوێکانمدا دەشکێ...

بارانی قسەکانت لەقەوزەی پەنجەکانەوە،

تەڕبوونێك زڕەی نایەت..

خەتای کەس نییە.. ئەوە موناجاتی چاوەکانی تۆن،

دەمگەیەنێتە لای خوا...

ئەوە قەدەرەکانی منن.. لەترپەی پێڵاوێکەوە

هەر زەمەن شەهید دەکەن و بێ کەوشەنن...

هەر دەڕۆن و بێ ئاگا،

ناگەنە لاپەڕەیەك ڕێگا...!!

*   *   *

جارێکی تر دەڵێم ژیان چەند بەرەڵایە،

بێ خۆشەویستی..

هەق وایە دڵۆپە ئاوەکان تەڵاق بدرێن،

گەر بۆنیان نەچێتەوە سەر لەنجەی گوڵێك

هەق وایە تەرجەمەی چرا جەلادێك بینوسێ

گەر پێکەنینی تاریکی لەت، لەت نەکرێ

هەق وایە سێوێکی سوور لە باخچەی ئەندێشەدا

بانگ نەکرێ،

گەر باران ڕەنگی بۆ نەنووسێ...

هەق وایە شەرابێك پیاسە نەکا،

لە ناو تونێلی کوپەڵەیەکا

گەر ترێ لە مەکتەبەی باخچەیەکدا ئارشیف بێ!

هەق وایە بولبول لە گەڕەکی چەهچەهەدا بمرێ،

گەر نەغمەیەکی نەچێتە گەروی کەمانچەیەك...

چیت پێ بڵێم هەمەدان...من شەهرەزادێکم،

لەو عیشقە کە بۆم باسکردی...

تۆی شەهریار چاوەکانت موناجتێکە،

تاریکی تیا راکشاوە..

لەوەناچێ خەیاڵێکت بچێتە سەر کتێبێك،

رووناکی عیشقی تیا ببینیت

لەوەناچێت ئەزمونێکت بچێتەوە سەر فڕین..

باڵندە لە کۆنکرێت دروست نەکەی

لەوەناچێ تەکبیرێکت بچێتەوە سەر شانی

رەشەباو بەکزە بایەك بڵێی

کە کەوتنە کەمین بەتۆمەتی ماچ،

گەڵالە قاموسی وەرینا تۆمار مەکەن...!

چیت پێ بڵێم هەمەدان،زەمەن چەند رەقە

بێ خۆشەویستی...

ئێستا زەمەن ئێوارەیەکە سەرما دەیشێلێ،

لە دەفتەری ئەشکەوتەکەتا...

ئێوارەیەکەو تاوێکی تر ، ئاوسە بەجێهێشتنی

رێگا...

تاوێکی تر جگەرەیەکە لەپاپپی تاریکییا،

دووکەڵا چڕ ئەکا،

تاوێکی تر بێدەنگی لەرۆحما ئابلۆقەم ئەدا...

دەستم دامێنت هەمەدان...

کاتژمێر کەی بیری کردۆتەوە بۆ دواوە هەڵفڕێ..

مێژوو کەی بیری چووە، رەوڕەوەکەی لەدواوە

هەڵکا...ئێوارەیەکی دۆڕاو

سروشتێکی بێ متمانە،

دەكاتە چەنی بێزاری...چەنی ونبوون لە هەمەدان..

من بۆ مشتێك چاو دەگەڕام نوێژی تیابكەم،

تۆ بە غەدری ئیلحادەوە،

ئاسمانی خوا كە دەیجریواند،

لە بنی پێكێكدا دەوكردە بستێك شەوو

لە قومارێكدا دەودۆڕاند..

من بۆ پەرستگەی چاو دەگەڕام و

تۆ بەغەدری بەڵەمەكانەوە،

لە منارەی ئاوەوە شەپۆلی جێهێشتنت،

لە هەناوی هەورە هاوینەیەكدا، دەناشت

ئاخر لە چ گوناهێكدا، گێژەنی پرسیار

بۆسەی مەراقی بۆ نامەوە...

ئەوەیان نازانم موناجاتی چاوەكان بوو،

یان چرپەی كفری دارچنارێك،

لەتەنیشت ماڵەكانی ئاوەوە...

ئەوەیان نازانم،ئەوەندە هەیە

بەم هەموو مەراقی ئیمانەوە

ئیمان راو دەكرێ بەچاوەكانی تۆو

دڵنیاییم جەهلێكە پڕ لە پێكەنینی تەڕو

مومارەسەیەكە بۆ دراوسێ بوونی گریان...

دڵنیاییم لەسەرپۆشی هەمەداندا،

لەئۆخژنی تابوتێ دەچێ،

خەیاڵێكی رووخۆشم نییە بۆ سەبوری مردن...

پەرداخێك ژیانم پی نییە بۆ ئاشبونەوەی

قاژێك چاو.. بۆ هەواڵێك سەبەتە

پڕ لەزەردەخەنەی ترشو شیرین..!!

ئای! هەمەدان موناجاتی چاوەکان،

ئەوەندەی باڵەکانی ئومێدیان لەفڕین کردەوە،

ئاسمانێکیان نەهێڵا نوێژێك

بە پۆستی درەختا، بگاتە لای خوا...

زەمەنێکیان نەهێڵا، خۆرنشین

دەستنوێژ بگرێو بچێتەوە سەر،

مەزهەبی ئێوارە ئاسا...

خودایە.. گەر عیشق لەیەخەی هەمەداندا،

ستەمی لێنەکردمایە...

لەوانەبوو موناجاتی چاوەکانی ئەو،

لەئێوارەی شیعرێکمدا

لەرۆحیانەتی گەڵایەکی بچووکدا،

ببوایەتە دەرگا بۆ دارستان

لەوانەبوو شیعرم کە کەرنەڤاڵی ئێوارەی تیاخنکا،

بەموناجاتی چاوەکانی ئەوەوە،

بڕۆشتمایە بۆناو مەرقەدی تاریکیو

سەمایەکم راخستایە لەپەراسوی سپێدەیەکی

ساوا...لەوانەبوو هەمەدان

گەر دوو دڵی نەکردایە بەیەخەمەوە

گومانی نەپێچایە لە پێکەنینم

هەر لەبەر خاتری موناجاتی چاوەکانی ئەو

ئیرادەی ئێوارەم لەستیانی

هەنارە هەڵەبجەییەکاندا

حیجاب بکردایەو

بۆ هەتا، هەتایە گاڵتەی گوڵاو

گللەی گیاوباوێشکی بەلەمو ئاژاوەی ئاو...

لەرۆحمدا بڕوایە..

هەمەدان..ئەی موعەدەلی خەسڵەتەکانی

خەیاڵاو هەشتەمین،

خولی سەر سوڕمان..

نمەنمی تێڕامانو فەجری فەلسەفەو

ئەفسانەی ئەفسون..

جارێکیتر موناجاتی چاوو

ئیحایەك لەئەدرەسی ئاو

یاداشتی...یاداشت...!!

٢٠٠٤/٨/٢٦

ماتڵم بە ئەی مەرگ... تەنها هیوایەکم هەبێ هەر تۆی

چاوەڕێم بە ئەی مەرگ،

تا لەخەوێکی باریك دەگەڕێمەوە..

لەخەوما شنەبایەك گۆزەیەکە،

لەسەر شانی درەختاو

چل قولپی جۆگەیەو

پەڕەندە شکۆفەی لقو گەڵا...!

لەخەوما ئەستێرە ئەو گڵۆپە رەنگاو رەنگانەن،

لەحەوشەی ئاسماندا،

تاریکی راودەنێن

کانی ئەو پەنجەرە بزێوانەن،

لەناو ئینجانەی کەمەریانا،

قریوەی مانگ رواوە..!!

گوڵا ئەو ئاوە رۆشنانەن،

لەناو گژوگیای تیشکا،

موتاڵا دەکەن و

لەباخی چەهچەهەشدا بولبول دەچێنن....

پەپولە پایزە ئەو هەورە وێڵگەرانەن،

هەر سکێچی(با) دەکەن و

نەغمەی باران دەقرتێنن...

لەخەوما گیانبازی مناڵان گلۆڵەیەك پێکەنینن،

بۆ کەندەڵانی رابردوو تل نابنەوە...

ئێستا بەپەیژەی پەلکە رەنگینەدا سەردەکەون و

سبەینێ لەشەقامەکانی عەرشەوە،

گریان لێدەخوڕن...!!

ماتڵم بە ئەی مەرگ تا لەبیسمیلای

نوێژێك دەگەڕێمەوە... با پیاچوونەوەیەك بە بیسمیلی

ئەو ریشۆڵانەدا بکەم،

کە چوونەتەوە سەر تەریقەتی خەتا...

خەتا... بۆن و بەرامەی ریشی بەفریان ڕنی و

رەنگی سپییان رەشنوس کرد،

بەچاوی هەڵەکۆکەوە.... خەتا رێپێوانی ئاویان کوشت و

چریکەی شەپۆلیان تاڵان کرد،

بە چاوی جۆگەلەوە...

ماتڵم بە بادەزولەی خەیاڵم گیر کەم،

لەکفری ئەو کۆلارە پچڕاوانەی،

لەگەڵا قەفەسدا بونە ئاشناو

یاداشتی کەنارییان بەتاڵا کرد،

لە ئاسمانو باڵیان هەڵکێشا،

لەفەرشی فڕین...

باخەیاڵێکی سەوز بەرمەوە،

حزوری ئەو زەیتونانەی

بەڕێگەی کاڵفامیا چوونو

رەنگیان بردەوە سەر کوێربوون... با بەگۆچانێك بڵێم:

کە مەرگ ماڵئاوایت

لێ دەکا، لە نێرگزییەتی خۆت ببورەو

ببەرەوە بەلقی درەخت..!

با بەسەرە نوێلکێك بڵێم: کە مردن،

لە کەمەرت خۆی دەپێچێ

خۆش بەخت بەو خۆبەخش بە،

کە دەستت دەگوشێ،

گوڵا لەسەر پەنجەکانتەوە،

گۆرانی دەچڕێ..!

*       *       *

مۆڵەتم بەری ئەی مەرگ،

تا لەگوناهەکانی سێو دەگەڕێمەوە...

با لەدالی سێوەوە گەشتێك بکەین،

بۆ ئاستانەی مەدلولەکانی...

کە چونەتەوە سەر گۆشەکانی گوناەو

رەهەندەکانی فۆبیاو

مۆمیابونی ئەندێشەو

کرداری رابوردوی سەر ئێشە...

یەکەم چیرۆك لە مەدلولەکانی

فرمێسکی ستیانێکە بەسەر لاسکی

تەنافەوە مەلە دەکا...

کە خۆر ماچێکی بە پۆستی تیشکا بۆ دەنێرێ،

لەناو قەدی زریکەیەکدا هەڵم دەپۆشێ..

ئەو گوناهێکە سکوتی سێو...

دووهەم سەرگوزشتە دوو پرتەقاڵی مناڵە

لەکوچەی قیژەدا دەسکەنە دەکرێن..

ئەوە گوناهێکە سروشتی سێو...

سێهەم پێشبینی دوو فەریکە گوێزە

لەباخێکی خەساودا پاشقو لەکانی بارەش‌و

دەستەکانی کڕیوە،

تۆپەڵی زەمهەریریان تێدەگرێ...

ئەو گوناهێکە سەرماوەرزی سێو..

چوارەم بەسەرهات دوو هەنجیری کەسکە،

هەورە هاوینە لە گەردنی گزنگ‌و

لە دەزولەی گەرما،

چەتریان بۆ دەچنێ‌و سور دەچنەوە

ئەو گوناهێکە سونبولی سێو...

پێنجەم هەواڵ پەشیمانبوونەوەی،

دوو هەڵوژەی چاو رەشە لە خەلیفەت،

شەرم دەکەن‌و تەریق دەبنەوە،

بە سورِی مانگانە...!

ئەو گوناهێکە سورستانی سێو...

شەشەم نوڤلێت کە سەفارەتی،

باخچە شینەکان ئاسمان تەیدەکاو

دەقیقە گەنجەکانی دڵی دەریاکان پیر...

نوڤلێتی دوو هەناری هەڵەبجەن،

لە فەتوای خنکاناو

لەسوالّی نزایەکا،

فرمێسکی دەنگیان دەنوێ...!!

ئەو گوناهێکە بۆنستانی سێو...

حەوتەم رۆمان پەڕەکانی لەتەپو تۆزو

بەرگەکەی لەدوکەڵاو

دێڕەکانیشی لەسەرچڵی حەواو ئادەم

لەو نمایشی گومڕابوونەدا،

دڵی خوا گریا...!

ئەوە گوناهێکە سەهوی سێو...

* * *

ماتڵم بە ئەی مەرگ تەنها دوو چرکە کاتم بەرێ

با سەفەر بکەم بەکوچەکانی ژیانا...

ژیان...لەوکاتەی مێوێکی هەرزەکار سەفەر دەکا،

بۆ دەڤەری بەهار،

کەپشتی دیوار دەخورێنێ

گەڵا فەرشێکی فێنك رادەخاو

قەدو لقو چڵا باڵندەی تیا دەڕوێ..

ژیان لەوکاتەی ئێوارەیەك سەفەری،

پیربوونی خۆی نیشان دەدا..

بورجی بولێڵا دەسنوێژی دەگرێ،

بەمەرگی زەردەپەڕ...

ژیان... لەوکاتەی هاوینێك،

بەسەفەری گەرماوە جەنجاڵە...

هێشووە ترێیەك لە گەڕەكی لەزەتەوە بانگی دەكا،

تا نامە داخەكانی عاتیفەی بۆ راڤە كا...

ژیان... لەوكاتەی روبارێك سەفەر دەكا،

لەدرزی پێڵاوەكانیەوە تا پێچی پشتوێن،

زیخو چەو حونجەی زەوق دەكەنو

لەدەمارەكانی قەوزەشدا ئارشیفی ئارەزوو....!!

بوەستەی ئەی مەرگ ئەمن خۆم ناكوژم،

تەنها هیوایەكم هەبێ هەرتۆی...

كوشتن مۆدێلی كەسێكە هیوای پێت نەماوە...

بەس تەنها چارەكێ لەتەمەنم

بە ئومێدی ئاو بسپێرە...

كە رۆحم تەماشای دەسپێرێ،

بەخێڵی دارچنارو بەتایفەی شۆڕەبی،

بەتەنیشت تاڤگەی فڕینەوە

جەستەیەك رۆشنایم هەیە

تێر بە ئامۆژگارییەكانی ئاو...

كە روانینم ئاوێزان دەبێ بەپیاسەی گیا،

لەهەموو چڵی رێگایەكەوە

هزرێك دەپژمێ، پژمەی ئاو..

كە قسەكانی سەراب روانینمان دەخنكێنێ،

لەهەر تنۆكی تراویلكەیەكدا،

ئاسەواری ئاوێك هەیە نوستوو...

كە قاقای ئاگرێك دەمرێ

لەكوژانەوەی هەر كڵپەیەكدا،

هەناسەكانی دەبنە شەربەیەك ئاو..

كەتریفەی مانگ پێڵاوەكانی شەو حەشاردەداو

سكونێك دەخاتە سەر ئیعرابی تاریكی،

ئەڵهایەتی مەلەبكا لەحەوزێك ئاو....

كە پرچەكانی یخۆر بەقردێلەی هەڵم

خۆیان گرێ ئەدەن

بۆ هەڵكردنی پێكەنین تامەزرۆن،

بگەنە دوو نوكتەی ئاو..

كە تاریكییەك تەنیایی تیا راكشاوە،

گەر هیوای بەمردن هەبێ

دەزوولەیەك رووناكی،

لەدڵیا هەڵدەقوڵێو دەبێتە باڵەفڕی ئاو..

كە بەردێك بە ئازارەوە تل ئەدا،

گەر پشتی بشێلیو بیخەیتە سەرپێ

چەمێكی ئاوییە ئاو....

كە بەلەمی پوشێك لەدەشتی(با) سەوڵا لێدەدا،

گەر ماندووبوون لەدەستەكانی بتەكێنی،

مردن لەدڵیا زیكر بكا،

بە ئەوینی ئەفلاتونییەوە تا ئیلاهی،

دەگاتە ویساڵی ئاو....

بوەستە ئەی مەرگ تەنها چاندنی

قسەیەكم ماوە، بۆ وەرزی وتن...

قسەیەك... دەچێتەوە سەر خەیاڵدانی چیمەن

تژی بەفوارەی سەما...

ئەوە فەرموودەی چەپكێك ئاوە،

چاوەڕوانی بەر ئەداتەوە...

قسەیەك.... دەچێتەوە سەر قڵیشانی

پێیەكانی هەرمێو هەنار

حەقیقەت پایپی پایزێكە ئەبەد ناكێشرێ،

تا قەڕنی قیامەت نادۆزرێتەوە...!!

قەسەیەك... دەچێتەوە سەر شەرمی گێلاسێك،

سیخناخ بەسوربوون...

ئەوە موچڕكەی لەزەتی عیشقێكە كە دەستت لێدا،

بۆ گەمەكانی مەرگ ماتڵە..!

قسەیەك... دەچێتەوە سەر،

هەوری گۆزەیەكو دەڵێ:-

ئەوین شەرابێكە رەچەڵەكی،

هەر دەچێتەوە سەر تەنهایی...

كێ پرس بەبروسكەی دڵی خەییام دەكا،

هەوری گۆزە پارچەیەكە لەدڵی؟!

ماتڵم بە ئەی مەرگ ئەمن خۆم ناكوژم

تەنها هیوایەكم هەبێ هەر تۆی

كوشتن مۆدێلی كەسێكە هیوای پێت نەماوە

بوەستە ئەی مەرگی ئەزیزم بوەستە...

ئەم قەسیدەیە خەلاتی یەكەمی وەرگرت،بەهاوبەشی لەفیستیڤاڵی گەلاوێژ ساڵی ٢٠٠٤

ساڵێکی نوی، ساڵێك مناڵی کاڵدەکاتەوە

لەدیسمبەردا هەموو خەیاڵێك دەمباتەوە،

سەربازگەی کۆتایی..

چۆن ئەو خەیاڵە بشارمەوە،

پێش ئەوەی دەستو پەنجەکانم، خاڵی کا

لەزریانی نزا، دڵم دەگەزێ..

تۆ سەیرکە لەباشووری وەرزەکانەوە،

چ مەحشەرێکە دیسمبەر؟!

هێشتا سێو بەفریکەیی قسەی دەکرد،

کەچی نەرم، نەرم دەچوویەوە سەر،

گوناهێکی سوروسپی!

پرتەقاڵا بەپێکەنینەوە مزر بوونی،

خۆی دەگێڕایەوە،

کەچی ورد، ورد دەچویەوە سەر حوزنی حەبیبە...

گێلاس بەکوڵمی سورەوە دەگەڕا،

کەچی کەم، کەم دەچوویەوە ناو

دەهلیزەکانی دەموەدان...

هەرمێ بەگرفتی زەردبوونەوە،

ئاخی هەڵدەکێشا،

کەچی دەم، دەم دەچوویەوە ناو پەراسووەکانی حەوا

ترێ لەبەرسیلەوە پیادە دەبوو بۆ پێگەیشتن،

کەچی هێشوو، هێشوو،

دەبووە زیندانی کوپەڵە..!!

لەدیسمبەردا حەزێك هەیە کۆتایی

(با) هاتو چرپەیەکی لەدەست کەوت و ووتی:-

حەزم لەڕنینەوەیە، سەری سنەوبەر،

لەسەرپۆشی هەور فڕی دەم...

باران هاتو لەدوگمەی دڵۆپێکدا،

وتی:- حەزم لەڕوتبوونەوەیە،

لەستیانی خاکدا گازێك بگرم،

چەتر هاتو ووتی:-

ئیکمال دەبم بەدیسمبەر

پێکەنینم درێژبووە وە ئەم دەست لەدیوارە،

چۆن هەڵکەم؟؟

خۆر هاتو وتی:- لەم ئەزمونی

دیسمبەرەدا دەرناچم،

لەدێڕی گزنگێکدا،

بەیانی چۆن هەڵگرم، لەتوحفەی ماچێکدا..!!

زەردەپەڕ هاتو وتی:- بەم هەموو ئاوابوونەوە،

حەزێکم نییە نەچێتەوە سەر پیری..

دیسمبەر چی نەکرد،

ساڵی نوێ مانای چی؟!

وەی لەڕۆحم، بەم ئاوابوونەوە بەردەبمەوە..

نام پەرژێ نامەیەك بۆ دڵی شەوبنووسم،

باوەڕ نەهێنی بەدڵی یەڵدا....!!

* * *

دەخیلتم دیسەمبەر ئەم هەموو تەرزەی بیرەوەریانە

بۆ لەکۆتایی تۆدا دەبارێنو

دەگەنە کونجی قەناعەت...

تەماشاکە مناڵی لەکانوونی حەوتەمەوە دێت،

کەدێت دەماری شەقامێك لەپێیەکانیدا،

مێرولە دەکا،

کە دەگاتە تۆشتێك نییە ناوی پیادە بێ...

گوڵا لەئینجانەدا ئاوەدانی تەڕدەکا،

کە دەگاتە تۆ ئینجانە دەبێتە تابووتێك!

جۆلانە لەکاتی فڕینا چاوی لێ دائەگرێ

کە دەگاتە حزووری تۆ،

لەباخچەی ئاسماندا بەتاڵە لە کۆمەڵەی فادا...

مەساسە بەزمانی لوسەوە، پێکەنین دەباتەوە

چاوەکانی.. کەدەگاتە حەقیقەتی تۆ

زمانێ نییە لەتەرجەمەی پێکەنین بگا...

مناڵی لەکانوونی حەوتەمەوە دێت...

بەڵام کە لەڕوانینی کتێبێکدا مەتەڵی عیشقی زانی

ئەوە سەرەتای کانوونی حەوتەمە،

بەرەو قاقای دیسەمبەر

لەدڵی دیوارێکا چاوشارکێی بینی،

ئەوە دوا خشتی کانوونی شەشەمە،

لەڕۆحیانەتی ڕووخان...

لەگۆمێکا گۆرەویەکانی مانگی دی...

ئەوە دوا ماچی کانوونی پێنجەمە،

لەمەرقەدی لێوەکان...

لەکێلۆنی دەرگایەکدا، کلیل کرانەوەی پێ ناساند

ئەوە داخستنی کانوونی چوارەمە

بەڕووی پیری...!

لەناو پشتێنی پایزێکدا،

قژی ئاڵۆزکاوی ئینجانەی بینی،

ئەوە قەدەری کانوونی سێیەمە، قیامەتێکە گریان!

لەناو فەرشی دەشتاییەکدا، ڕەنگی ناسی

ئەوە دابڕانی کۆی کانوونەکانە،

لەهۆزی گیا...

لەناو حەشامەتێك شەودا، کە ڕوانی

تاریکی دەکەوێت بەدەمدا

ئەوە باجی کانوونی حەوتەمە،

لەسەعات دوانزەدا...

*      *      *

مناڵی لەکانوونی حەوتەمەوە دێت...

هەموو مانگێك نوقڵی بیرەوەری،

دەخستە گیرفانی،

بەڵام کە دیسەمبەر هات...

(با) نامەکانی گوڵی دڕاند...

فڕین لەباڵەکانی جۆلانەدا کوژایەوە....

جیلوەی عیشق بەجێماو

تەمەنی کتێب زەردهەڵگەڕا...

دڵی دیوار بەشەپۆلی پەیژەوە،

هەناسە سوار...

چاوی گۆم تفی کردە گۆرەوییەکانی مانگ...

قفڵا بەژەنگەوە، گەنجی دەرگای تەکاند...

ساڵی نوێ دێت، ساڵێك مناڵی کاڵدەکاتەوە،

سەختە مناڵی بەجێهێشتن ئەی دیسەمبەر

سەخت وەك قسە خۆڵەمێشەکانی بەرد،

کپ لەئازارەکانی...

سەخت وەك قەمبور بوونی ئێوارە،

هەر گۆچانە دەبێتە هەمیشە سەفەری...

سەخت وەك وێرانی بوونی خۆم،

حوزن گرێم ئەداو دڵە ڕاوکێ،

بە بەرۆکی تاڵی  قژەکانمەوە تەسریحەی گریانو

دوودڵی لەماڵی ئەندێشەدا،

سەودای گەڕان...!!

مەیە بۆلام ئەی دیسەمبەر...

مشتێ تەمەنم بەقەرز بەرێ،

بۆ سەیرکردنی هەنارێك،

کە قریوەی درزی تێ دەکەوێ،

پڕ لە نوکتەی سورو

پێستی لەقوڵپی ئارەزوو..

مەیە بۆلام پێکێك تێڕامانم بەرێ

با جوانی لەدرزی ئاوەڵناوەوە،

چاوبڕکێ بکا...

کە عیرفانێك عاریفانە پێم دەڵێ:-

(ڕۆژ) تۆ لەنەسلی بارانێکی شینی

لەڕەچەڵەکدا، دەچێتەوە سەر کەناری...!!

عیرفان.... من مناڵانە دەگەم لەژیان

لەوێوە هەنگاوەکانم کۆ دەکەمەوە،

کە گۆزەیەك بەکانیەکی وتووە:-

دڵی مانگ وا بەکەمەری مەغریبتەوە

مەترسە لەچاڵو چۆڵی شەو

لەقافیە قەبەکانی تاریکی..

عیرفان... من منالآنە زەنگیانەی

زەردەخەنە ڕۆدەکەمە قۆپچەی

تنۆکێك ئەسرین،

مەرگ لەکراسی ژیاندا،

بەتۆخی ڕەنگم دەکا...!!

ئەی هەموو عاریفەکانی دونیا،

بەدیسەمبەر بڵێن:نەیەت بۆ لام،

کەهات بەرە بەرە منالێم کاڵ دەبێتەوە

سلێمانی ١\٢\٢٠٠٥

پروشە بەفرەکان لەسەر لەپی دەقیقەیەکدا

-١-

کە لەدامێنی سەرەتاوە،

کۆتاییەك چاو دائەگرێ...

ئەوە لقی درەختێکە،

کە لەگۆرانی وتن دەکەوێ،

لە کلکی تەورێکا

بەهێواشی ڕۆحی دەنوێ..!

-٢-

لەپایپی پێکەنینێکا،

دووکەڵی گریانێك...

لەدووکەڵی گریانێکا،

چڕبوونەوەی پرووشەی دڵی شەوێك..

-٣-

که ئاسمان پڕدەبێ لەڕەگی قەفەس

مانگ شکات دەکا، لەچڵی درەخت،

چڵی درەخت لەومەلانەی، دەنگی خۆیان ناشت،

لەترۆپکی ترسنۆکییا..!!

-٤-

که جگەرە لاسای شەو دەکاتەوە،

لە کۆڵانەکانی ئاسماندا،

تاریکی دەچێنێ..

که تاریکی باڵا دەگرێو

لاسایی فڕین دەکاتەوە

تەنها هاوڕێیەکی هەیە،

ئەویش شەمشەمە کوێرە..!!

-٥-

کەخۆر جۆلانە هەڵدەخا،

بۆ پەلکە ڕەنگینە،

ئەوە پروشەی ئاوێزەیەکە هەڵە...

که پەلکە ڕەنگینە دەبێتە پەنجەرەی حەوت ڕەنگ

لەوێرا مناڵان،

بەهاژەی قریوەیان

ئاوێزە ڕاودەکەنو،

لەپێچی دەقەیەکیشدا پشتوێنی خۆر،

دەگاتە مەنزڵی مەرگ...!!

-٦-

زۆرجار تفەنگ خۆی گەمژەدەکا...

دەیەوێ لەناو باخێکدا،

شەتڵی خۆی بڕوێنێ،

کە دەڕوێو دەبێتە گوڵێکی ناچیزە

هیچ لە پروشەکانی عیشق نازانێ

هەر باڵندەیەك کە تێیدەڕوانێ،

لەتێڕامانی دەقیقەیەکدا

دڵۆپەی دڵی ون دەکا..!!

-٧-

کە قامچیەك دەبینم...

خەیاڵم تەرجەمەی دەکا:- ئەشێ زنجیرێکی

ڕەشتاڵەبێ لەدەستی ئازادیا... ئەشێ توولەمارێکی چڵکن بێ،

لەهەناوی بەردێکا...

ئەشێ لافاوێکی قوڕاوی بێ،

لەمەرەکەبی خاکێکدا... قامچی هەردێودەچێ،

کە دەکەوێ بەدەمدا، هەڵسانەوەی نییە...

لەیەخەی مەرگا پێچ ئەداو

لەناو تابووتی ئازادیا ڕادەکشێ..!!

-٨-

نان لەڕەچەڵەکدا،

دەچێتەوە سەر گوڵە گەنم

ئەوە حیکمەتی خەیاڵەکانی کێڵگەیە...

تەناف دەچێتەوە سەر سێبەری سێدارە

لەوێدا گەروی ئازادی هێلنج ئەدا

ئەوە مەعریفەی وڵاتی وەحشەتە...!!

-٩-

دەستی سڵاو پڕە لەپرووشەی خۆشەویستی

هەنگاوی ماڵئاوا، لەکوچەی دابڕان... کەمەرگ دەفڕێو ڕۆح دەبا،

بۆ کۆشکەکانی عەرشی خوا

لەفرمێسکەکانی خواشەوە، بارینی تریفەی ژیان...!

-١٠-

هەڵۆ گەر خەیاڵ بکا،

هەر بەرز فڕینە

ماسی هەر خەریکی سواڵکردنی،

دڵۆپێك ئاویترە...

لەژێر سەرینی گەڵایەکیشا،

بەدیل گرتنی وردە شەماڵە

لەدەفتەری پاسارێکیشدا

چۆلەکە ئیملای جریوە دەکا....

منیش لەمەزاری خەیاڵ

تەنیاییم جووت ئەکەم،

-١١-

ڕازێك ڕاناكشێ لەئاوێنەدا..

تەمەن كە چووە باشووری ئاوێنەوە

ئەوە فرمێسكێكە هەناسە هەڵدەكێشێ،

لەسیەكانی مەرگا ڕەشپۆشی،

لەبیابانی پرچی منیشا،

تنۆك، تنۆك پروشەی سپی...!!

-١٢-

عیشق لێوی گێلاسێكە،

تژی لەسوری

كە چزوی ماچ پێوەی ئەدا

هەڵدەفڕێو هەڵدەوەرێ

لەسەر لەپی دەقیقەیەكدا...!!

-١٣-

كە گوڵەبەڕۆژەیەك دەبینێ خۆر كۆچ دەكا

لەداخا پێكێك لەئێوارە هەڵئەداو

لەچاوی دەقیقەیەكدا مەست دەبێو

دەبورێتەوە لە ئەلیفی شەوێكدا...!!

-١٤-

كە بولبول ئاسمانی پەرژین دەكرێ

هەردەم گوڵێك،

لەكوچەی گوڵستانەوە،

لەقەراخ لەپی زەمەنێكدا،

یەك دەقیقە لەخۆشەویستیو

هەزار دەقیقە لە ئازادی

دەچێنێ لەخەویا...!!

-١٥-

كە ئاو پیر دەبێ

برژانگەكانی پڕ دەبن لەئاویلكە

ئەوە پرووشە فڕینەكانی پایزە،

باڵا لێ دەكاتەوەو

لەسەر دەم وچاوی چەم دەنیشێ....!!

سلێمانی ٢/١٠/٢٠٠٥

بارانێكی خەوتوو لەدەستنووسی هەورا

من نامەوێت لێمبگەی...

فڕینی ئەم موحیبەتە بڕوشێنیو

لەملپێچی هەورا نامەیەك پۆستكەیتو

لەدەنگی ئەستێرەدا تاریكی بسڕی...

لەپەیژەکانی پەلکەڕەنگینەدا،

نەختێك دابەزین بگریتو

لەئەندێشەی درەختێکا،

جریوە تەفتیش کەی...!

تێمەگەلێم.... کەتێگەیشتی،

هەمووشتێك دەچێتەوە سەر،

قوڵپە، قوڵپی گوناە

چوون گوڵێك کەم ئەندامەو

ئاو لەمەراسیمی رێپێوانا،

تەفسیرێکی نییە بۆ پرسیار...

چوون گەڵایەك سەری دەشکێو

پایز لەدەوارانی خۆیا،

گللەییەك ناکا لەپیاسەی(با)

چوون پەنجەرەیەك سەرنخونەو

بەرچینەیەك بینین رێدەکا لەدەلاقەیەکدا...

چوون پێڵاوی عەسرێك مێروولە دەکا،

لەهاتوچۆی ئێوارەداو

زەدەپەڕ بەبێژنگێك شەرمەوە

ناپرسێ لەدوا هەواڵی هەتاو...

قیامەتە تێگەیشتن ئەزیزم... قیامەت

قاسدێکم شپرزە... قریوەم لەت، لەت بووە

چونکە کەوتووم بەسەر لوغمی شیعرا...

قاسدێکم عاشق،

وەلێ کانییەك نیم رۆژانە بیرەوەرییەکانم

لەجامێك ئاودا ناونووس کەم

کۆترێك نیم لەسەرشانی منارەیەکدا،

عیشق ناو بنێم خودا...!!

کەوێك نیم لەمیحرابی شاخدا،

سپێدە لەخەو هەڵسێنم...

کەنارییەك نیم لەباخچە هاروهاجەکانەوە،

جانتایەك رەنگ لەباڵەکاندا،

ئاوڕشێن کەم...

* * *

من لەدیکتاتۆرییەتی تەنیاییدا بەردەبمەوە،

تێمەگەلێم ئەی بارانە خەوتووەکە،

من لەماڵەکانی باراندا تەنیایی چاوەکەم

کەپڕن لەلێوی لەتو لەماچی بەجێماو...

لەماچی ئەو گوڵانەی نەچوونەوە سەر،

خێڵی رەنگ... لەماچی ئەو مەلانەی لەشەقامەکانی ئاسماندا،

هاواریان وردو خاش بوو...

لەماچی ئەو بایانەی بەلێوی هەورەوە،

گەشتنە ئۆرجازمو

لەرەفەی ئارشیفدا رانەکشان...!!

هەموومان عاشقینو کەچی هەر دەچینەوە

سەر رەوتی تەنهایی...

بۆ ئەوەی تەنیایی تەیمانی دڵمان نەروخێنێ،

دەبینە دۆستی تاریکیو

لەهەناویدا مۆمێك چێ دەکەین...

بۆ ئەوەی مۆمێك گڕی نەخورێنێ،

لەگەڵا پێکەنین دەبینە هاوڕاو

نوکتەی ڕەنگاو ڕەنگ بەیەخەی مەرگەوە دەکەین

کەچی هەر تەنیاین لەژیان...

چ مانایەکی هەیە ژیان؟!

ئەشی ژیان دوا هەناسەی کەلاوەیەك بێ،

دانیشتووە لەسوچی نووستن

ئەشی ژیان مەرحەبای درەختێك بێ،

لە سەبەتەیەك فڕین...

ئەشێ ژیان جیرەی دەرگایەك بێ،

بەدەم کلیلەوە گریاوە...

ئەشێ ژیان تووڕەبوونی هاوینێك بێ،

گاز دەگرێ لەشنەی بایەك...

ئەشێ ژیان چەپکردنی ئێوارەیەکی

ئەرخەوانی بێ لەبەرۆکی مانگ..

ژیان تەنها، عیشق تەنها، خواد تەنها...

من نامەوێت لێمبگەی،

خۆت مەخەرە حوزنی ئەم تەنهاییەوە

تۆ لەبارانێکی خەوتوو ئەچی،

لە دەستنووسی هەورا...

گەر بەهەورەوە هاتی، لاولاوی تەماشایەك

چاوبکە...

بزانە خەیاڵا چ مەحشەرێکە؟!

بزانە چەند زەمەن چەقیوەتە پاڵتۆکەی خەیاڵاو

پێڵاوە فڕیوەکانی...

چەند گومان پێخاوسە لەجادەی حەقیقەتو

چەند ڕێبەندان ئۆفی شکاوە لەسەر،

ئەژنۆی بەفرو

چەند بست ریشۆڵە دەنووك دەگرێ،

لەپێستی دەقیقەك درەختو

چەند بەهار هەراسانە بەچۆلەکە

سەلەفییەکانی ناوەخت...

تۆ تەنها، من تەنها، خەیاڵا تەنها

خودا تەنها عیشق تەنها..

ئەی بارانە خەوتووەکە،

تەنها تاوێك گوێ بگرە بۆ ئەم

قسە شکاوانەم

کە هەر بەحەرفی گۆچانێکەوە،

دەچنەوە سەر وەسوەسەی تەنهایی

کە هەر بەسومبولی نوێژی سەفەرێکەوە،

دەچنەوە سەر قامەتی تەنهایی..

بڕوابکە درەنگە بۆ ئەو وەهمانەی

لەدەفتەری هەوراو

لەدێری بروسکەدا دەیانچێنی...

بڕوابکە درەنگە بۆ ئەو خەیاڵانەی،

لە حەوزی حەقیقەتدا ماسییەك نییە

هەنگاوەکانی بە ئاو بشێلێو

جانتاکەی پڕکا لەژەمێ ژیان...!!

بڕوابکە ئەی بارانە خەوتووەکە،

وەهمە دەستنووسی ئەو هەورانەی

تەوقیت دەکرێن بەعاتیفەی تەڕو

بەئاونگی دڵۆپێك ئاو...!!

سلێمانی ١/٢/٢٠٠٥

((تۆش بەخامۆشی دەسپێرم))

لەشکۆفەی شادییەکەوە دێمەوەو

ڕێنووسی پێکەنین دروێنە دەکەم،

لەتیانووسی لێوا...

بەڵام لەپڕ، لەتەپو تۆزی چاوەڕوانییا

نغرۆ دەبم...

چاوەڕوانییەك دەکرا،

لەسەروی وەهمەوەو لەسەنتەری خەیاڵەوە

خامۆش بکرێ...

ئەوە وەهمە لەبەرگی مەراقدا،

خەیاڵێکی سەوزم دائەچڵەکێو

لەپێڵاوەکانی ئێوارەدا رۆحم پێشێل دەکا

ئەوە وەهمە بەناوی عیشقەوە،

باڵندەیەك دەواری باڵەکانی هەڵئەداو

سەحرایەك لم ناو دەنێ،

فیردەوسی ئاسمان...

ئەوە وەهمە خۆزگەیەك،

بەچەترێکی پشت قەمورەوە

نامە بۆ هەورو بروسکە بنێرێو

بگاتە گەڕانێکی ئەبەدی،

لەدەڤەری باران...!

ئەم مەراقە لەهاتوچۆدا،

بۆ نەگەیشتە کۆچەکانی کۆتایی

ئەم هەموو تراویلکەی تەمەنە

بۆدەبێ لە ئەزمونی ئینشایەکدا

پرسیار بکا لەسەری ساڵا؟!

تۆ لەمەراق مۆرترو

لەخەم خامەکترو

لەگریان گرانترو

لەخەفەت خەستر

بەدەم وڕێنەکانتەوە

چرپەی هەڵمێك لەدەستەکانتەوە

هەڵدەساو دەیوت:- تەماشا من

دەچمەوە سەر بورجی کانی...

تۆ دڵت ون کرد،

چ درۆیەکی شاخدارە،

کانی دڵی ونکا..

کە کانی دڵی ون دەکا...

هەموو مەراسیمی گۆزەکان،

پێڵاویان دەدڕێنو

بەدوای خاکی خەییامێکدا دەگەڕێن...

کە کانی دڵی بەفەنابوونی تەجەللایەك

ئارشیف دەکا،

هەموو تریفەکان پەنجەرەی چاویان،

دەنێژنو دەچنەوە چۆڵەوانی،

گەڕەکی مانگ...!

کە کانی دڵی هەمەڕەنگی دەمرێ

هەموو(باکان) قاچیان،

لەقاقای پایزێك هەڵئەخلیسکێو

بۆ نوکتەی زریانێك

دەچنەوە پاڵتۆ بەرینەکەی باران...!

*       *       *

هیچ شتێك تاسەر پابەندی،

هیچ کەسێك نییە...

هەموو شتەکان زیخنو

لەچاوی جۆگەیەکدا،

کەلتوری کەشکۆڵاو کەرەسەی ئاسەوار

هەموو کەسەکان سەرابنو

لێوێك ماچی ناکا پەرداخێك ئاو

ئەوە گوزەشت ئەژنۆی سوراحییەك،

نووچ بداو

پیاڵەیەك بەدەم پڕبوونەوە بگری...!

تا بازنەکانی موحیبەت لەمەچەکی لۆکە...

تا ملپێچەکانی زستان لەسەمای سەرما..

تا سێبەرە لەرزیوەکان لەسەرپۆشی هەتاو

تا پێگرتنی گوڵێك بەدارە، دارەی ئاو

تا گڕوگاڵی کۆلارەیەك،

بەداگیرسانی مناڵا...

تا عیشوەی نازنازێك بەقریوەی خۆر...

تا پیاسەی لاولاوێك،

بەفەتوای دیوار...

تا لێوارەکانی حەقیقەت ئەبەدییەت،

درز ئەبا...

تا خیانەتی تاریکی کەبێهۆشە رووناکی

هیچ شتێك کەس نابێتە خاوەنی

کەچی من خاوەنی خەمێك بووم

تاسەر ژیان زاخاو بەدرۆ

تاسەر مەرگ تاساو بەدرۆ

ببورە... ئێستا گەیشتومەتە،

ئەودیو لادێ شکاوەکانی یەقین

ئێستا ئەو هەموو گەردی گومانە

لەشاری دەستەکانم دەکەمەوە

تۆش بەخامۆشی دەسپێرم

خامۆشی تا کێوی توور،

بەنووری خوا...

خامۆشی تا رەنگی بەرد،

کپ لەژانا...!

((چەند پۆرێتێك بەڕەنگی بێدەنگی))

-١- شێت

شێت نیم گەرچی پەرۆشی ئەو شێتانەم

هەتا شویان پێبکەم، بەڵام بەڕەنگی بێدەنگی

چونکە ئەوان ژیان لەلایان گەمەیەکە،

لەموتڵەق...

عیشق لەلایان گەمەیەکە لەموتڵەق

مردن نەك گەمە،

نەمرییە کە لەموتڵەق...!!

-٢- وەرزی ووشك

کەباسی شەرەف دەکەن

خەیاڵا دەمباتەوە سەر رابردوویەك

بەڕەنگی گریان...

کاتێك هەنارە نەگەیوەکان

قیژەیان بارکرا...

لەناو گۆڕەپانی زیللەکاندا،

بەدەستی چڵکنی پێخاوسەکان

یارییان پێکرا...

دووکەڵی ئەم خەجاڵەتییە ئەوەندە

مەدلولی کردم بەلوولی

سەرئەنجام ئازادیی پێ ئەزبەر کردم...

دەڵێم ئەی ئازادیی

تۆزێك سەرت نەویکە

گەر شەرەف ئەوەبێ پەردەی زرکی کچێنی

تینوێتی ساراکانی نوگرە سەلمان بشکێنێ

تف لەشەرەف چەند وەرزێکی ووشکە...!!

-٣- لێك ترازان

کەخنکان لەمەکی درەخت دەچۆڕێ

ئەوە کەنارییەکە بەسەر کفری گەڵاوە،

گیان دەبەخشێ

ئەوە مەرگی منە

چاوەکانم بەڕەنگی چاوەڕوانی تژی...!!

-٤- دیکتاتۆر

لەوکاتەی گەڵای بووکی گوێزەکان

هەڵدەپەڕێ، فێر دەبی بەبێ دەنگی

گوللە بگریتە قریوەی...

لەوکاتەی پرچی رەشەبای شەڕ،

دەئالۆزکێ فێر دەبی،

بەڕەنگی خۆت،

گوڵەو مرۆڤ بکەیتە هاوتا...!!

-٥- بزمار

سەردەمێك هەرچی دەستی هەوری
ئەم نیشتمانە هەبوو،
کەلەپچەبوون...
رەوەزی ئاهونزولە ئەمەندە سەری کرد
هەور ئاوس بوو بەئازادی
دوای نۆ سەدە، قژمژنێك
لەدایك بوو.. قرمژن
ئەوەی دوێنێ بەر بەرۆکی
جەندرمەکان زەردی دەنواند،
ئەمڕۆ بووە بزماری ژێرکەوشی
مناڵێکی لاسار
گەمەو زرمەی بزمارەکەی دەسواند....!!

-٦- سەرماوەز

چ ئێوارەیەکی ئەرخەوانییە بەڕەنگی ئۆرگانی
لەکەناری زریکەی بۆریا
ئەسپم دی.. ئەوینی ئاڵشت دەکرد،
لەگەردنی رەشەبا...
گەڵایەکی تەزیوم بینی، بە بەژنی مەراقەوە
لەنجەی دەکرد، لەکراسی کڕێوەی شەودا
بەورێکم بینی لەناو مشتی شەوێکی برسییا
کزۆڵە هەڵتوتابوو

بۆ ژییرکردنەوەی نێچیرێك،
بەنمەی تەم خۆی دائەپۆشیو
بێشکەی کزەیەکی رادەژەند..
لەوکاتەی مانگەشەو لەناو
هەمەڕەنگی بێدەنگییاو لەسەر چڵی
سەرو ریشی مەزرایەکی بەفرا
قەترە، قەترە دەسووتا..!!

-٧- ئەدرەس

شەڕ من پێدەشتی شارەزوورم
لەحەرەم سەرا رووخاوەکەی ئەحمەد موختارا
هۆرەی قاچو دەستم بەجێماوە،
ئەتناسمەوە..
لەسەر کاکۆڵی لوولی سیروانو
لەناو بسکی بژاوی زەڵما،
تروپکی کۆچە بێ وادەکانو نووسراوە
ئەتبینمەوە...
گەر تۆنەبای لەسەر لقی تاراوگەدا
هەڵنەدەزنامو
دەنگم نەدەبووە پەرەسێلکەیەکی بێ جێگە،
رۆحم بەرەگی ریشی مەولەوییەوە نەدەسپاردو
مۆمی هەڵچووی توو لەرێگەی
منالّیو هەرزەکاریم
نەدەبووە ئەدرەسی مەراقی

-٨- حەسرەت

ئۆی حەسرەت چ رەنگێکی بێ رەنگی

نە لەخاك دەچیو نە لەخوا..

لەباڵای کچێکی عازەب دەکەیت

دەزوولەیەك رووناکی،

لەشەوی جەستەیا، شك نابا

دەستم دامێنت حەسرەت،

دەستی لێ هەڵگرە...

-٩- دەرگا

یەك دەرگا بکەیتەوە، مەرج بی رەواجە

هەموو دەرگاکان ئاوەڵا...

تەتەر هەرچی پێکەنینی نامە هەبوو

لەتاجی سوڵتانەکاندا ناشتی...

دەستەکانی منیش پڕ لەپێچی تەنیایی

تەتەر نابێتە کەسێك،

زەنگی دەرگا بکاتە ئیحا

منیش ئەوەنەبووم، عارفێك لەدەرگا...

-١٠- گوڵە بەڕۆژە

لەمیزاجی وەختە ناوێزەکانمدا

شریخە لەزەنگی دەرگاکەم مەدەن

گەر کوشتنیشم روابێ،

دوا هەناسەی گیانەڵڵام

قومێك خۆشەویستییە

بەتیرۆر رەختی كچێنیم تێك مەدەن

بۆنی تیرۆژی گوڵ لەهزرتانا

مەپژێنن...من دوا گوڵی بەرۆكتانم

باسی چرپای تۆز لێنیشتوو مەكەن

كە خەوە بەرازانەی تیادەبینن

نەتان زانیوە كچم... وەلێ

گوڵەبەڕۆژەم...!!

ئەوە منم...

روخسەت لە ناڵینەكانم دەخوازمو هەردێمەوە بۆلات

مەرەكەبی ئەم قەڵەمەم لە ئاست ناڵینا دائەچڵەكێ...

هەر خەون دەبینمو قفلآ ئەدرێ

هەر چاو دەكەمەوەو ماندووبوونی تیا ئەچەقێ...

هەر دەست بۆ ژیان رادەگرمەو

پێناسەی مەرگم پێ دەڵێ...

ئەو پێی وتم:- تۆ نەوتوانی دڵێك بەدەست بهێنی...

ئیتر بۆ پرسیار دەكەیت؟!

من وتم:- دڵا ئەشێ پیاوێك بێ لەقەڕنی بەرد،

بچێتەوە سەر كاڵفامی...!

ئەشێ باخچەیەكی پیربێ، بچێتەوە سەر بێدەنگی...

ئەشێ دڵۆپێك شیعربێ، بچێتەوە سەر تەنهایی...

ئەشێ خاكو خۆڵی نیشتمان بێ،

كە بەگەورەیی دەچینەوە مناڵدانی...!!

لێ گەڕێ لەدڵا.. من هەموو ئومێدیك

بەناو داڵانە نسرمەكانی تەنیایی بەناو ژوورە مەكربازەكانی تەنیایی

وەك كتێبێك موتاڵا دەكەم،

بەڵام كەدەبینم نەورەسێك خۆی ئینتیحار دەكا،

بەدەریا دەڵێم گەر عاشق بویتایە،

لەسەر شەپۆلەكانت نەدەنوسرا،

هەموو مەخلوقێك قەرزارە بەخنكان...

كە كۆترێك دەبینم شاباڵی خۆی هەڵدەكەنێ،

بەهەموو منارەی مزگەوتەكان دەڵێم:- ئێوە چۆن دڵێكتان هەبوو،

هەموو شتێكی دەبینی بێجگە لەخوا...!

كە كەنارییەك دەبینم گەروی خۆی دەقرتێنێ،

بەهەموو درەختەكان دەڵێم:- ئەگەر عاشق بونایە

قەفەس چۆن دەبوویە ناسنامەی چڵتان...؟!

*   *   *

ئەم هەموو ناڵینە لەژێر پێستما سەما دەکا،

بۆیە دەجەنگم، بۆیە ئیرەیم باڵدەگرێ...

دەڵێم وەرە بۆلام، با لەم يارييە جوانەدا

کەپێی دەڵێن عیشق نەودۆڕێنم

ئاخرکەی عیشق براوە بووە؟!

عیشق گەمەیەکە مناڵانە گەر نەڕوخێ،

مناڵی لەزەتێکە لەبار ئەچێ...

ئاگرێکە گەر کڵپەکانی نەبنە تۆز،

لەسەر لەپی ئاوا بۆ ئەبەد دەخەوێ...

پەپوولەیەکە گەر بیەوێ براوەبێ، چرا دەیکوژێ...

گوڵێکە گەربیەوێ تاسەر گەشاوەبێ،

لەسەر شانی(با) تەرمی خۆی دەبینێ...!!

من بەم هەموو قوڵی ناڵینەوە بەردەبمەوەو

بەڕوخستەکانی شەڕەوە دێمەوە بۆلات...

مەڕۆ... بەلای جۆگەیەکی پیریدا مەڕۆ،

کە ئاوێکی تەمەڵی تیا خەوتووە...

ئاخر جۆگەی پیرو ئاوی تەمەڵا

گەمەیەکیان پێ نییە بۆ ئاشتیو شەڕ...

بەلای ترپەی دڵی درەختێکا مەڕۆ،

نیوەڕۆیەکی تیایە پڕە لەدوو دڵی...

ئاخر ترپەی دڵی درەختو نیوەڕۆ

ئاوێنەی هیچ شەڕێکیان پێ نییە،

بۆ ئارایشت بوونی ئاشتی...!

بەلای کانییەکی جرپندا مەڕۆ،

کەزیخو چەوە هارەکانی دەوباتەوە،

بۆلای سەتڵێك سەراب...

ئاخر كانی جرپنو سەتڵێك سەراب

ناوەندی هێڵێكیان نییە نەشەڕ، نەئاشتی...!!

تەسلیم بە بەمن تەسلیم من ئەگەر شەڕیش بم

ماڵێكت بۆ ئاوەدان دەكەم،

پڕبێ لەهەنسكی هەور،

چونكە گریانی هەور یانی:- سەرپۆشی چەمو كانیو

پشتوێنی جۆگەلە...

پڕبێ لەجریوەی باڵا،

چونكە رژانی باڵ یانی ئاسمانی دارستانو

شنەی باو وتەی هەتاو...

پڕبێ لەتوحفەی ئینجانە

چونكە رۆحی ئینجانە یانی فەرمودەی گوڵا،

لەكەنارەكانی بەهارستانو

لە ئاستانەی باران...

ئەی گەمە جوانەكە ئەوەمنم روخسەت،

لەهەموو شەڕەكانم دەخوازمو

هەردێمەوە بۆلات...

* * *

من گەرەكمە روخسەت لەناڵین وەرگرمو

ئەندێشەیەك وێناكەم...

نەچێتەوە سەر ژمارەی حوزنو

ناڵین جگەرەی عومرم نەكێشێ...

كەچی لەدواییین ئەندێشەدا هەر دەچمەوە،

سەر كەرەتی حوزنو دەرزەنێك ناڵین...

یەکەم ناڵین:- لەکاتێکدا(با) مەلە دەکا،

لەگەوجی گەردەلوولا،

لەگەرووی شمشاڵەوە ناڵین شەپۆل ئەدا...

پێم وت:- ئەم قەترەی ناڵینە لەقوڵایی چ ئاسمانێکەوەو

لەباوەشی چ خاچێکدا بەردەبێتەوە...

شمشاڵ وتی:- لەمەزراکانی سەمەرقەندەوە،

ئەوکات کچە قامیشێك بووم،

تەیمور لەنگ هاتو روتی کردمەوەو

جەستەی ئەنفال کردمو

ماڵە مۆرەکانی کچێنیمی بەتاڵان بردو

بەبستێك لەکفری شمشێرەکەی،

قیژەی رۆحمی قرتاند...

ئەوە سەربوردەی ناڵینمە، ناڵین...!!

دووەم ناڵین:- چ یاسای جەنگەڵێکە پەنجەرە دەناڵێنێ

ئەوە سەفەری عیشقێکی ناکامە،

ناخودا ئەشێ ئەو پەنجەرەیە شاژنە درەختێك بووبێ،

میراتی مردن هەڵی پاچیبێ...

لەوەئەچێ هێلانەی چۆلەکەیەکی هەتیو،

لەهەناویا جێمابێ،

یان چەهچەهەی بولبولێکی حەزین،

لەدەماریا رۆچووبێ...

بۆیە دەچێتەوە سەر ناڵین...!!

سێیەم ناڵین: وای لەسوری لێوی شاتوو،

لە گەردنی زەردی هەرمێ

لەشاڵە رەشەکەی سەرشانی ترێو

لەپێڵاوە دڕاوەکانی هەنارو

لەستیانە نارنجییەکەی قەیسیو

لەکوڵمە سورو سپیەکانی سێو...

گوێم لەچرپەیانە دەناڵێنن...

وەك ناڵینی لێوی شاتوو کە بەدەست

دارلاسیکی مناڵێکی چەتونەوە دەبورێتەوە...

وەك ناڵینی هەناوی هەرمێ کە بەدەست  خانمێکی عیلم بازەوە،

دەچێتەوە سەر فەلسەفەی مرەبا...

وەك ناڵینی پیاسەی ترێ کە لەسەحرای کوپەڵەیەکدا،

رێ دەرناکاو دەچێتەوە سەر سەفەری وەرین...

وەك ناڵینی هەناسەی هەنار،

بەنوکتەی چەقۆیەکی شەهوەتبازەوە،

دەچێتەوە سەر کڕیوەی خوێن...

وەك ناڵینی ستیانە نارنجییەکەی قەیسی،

لەکۆلانی گوشینا، ئەوەندە فاتیحە لەیەخەی ئەدرێ

هەتا دەگاتە عیشوە عەیارەکانی نانەقەیسی...!

وەك ناڵینی لەرزوتای سێو کە دائەچڵەکێ،

ئەوەندە گوناهی لێ بەرز دەبێتەوە،

چۆڵا دەبێت لەتەماشاو

زرم دەکەوێت بەسەر مەرگا..!!

چوارەم ناڵین:- لەتەنکترین جوانییاو لەشیفۆنترین بارانا

پارکێك جریوە دەچێتەوە سەر ئافاتی ناڵین

لەو شوێنەی گەڵای درەخت هەناسەی تەنگەو

ئیشتیهای ئاو زبرترین تراویلکە

لەوکاتەی خەیاڵی باڵا قاقرەو

نەشئەی فڕین پیادە...!!

پێنجەم ناڵین:- چ تەسلیمی ناڵینێکە چراچاوی دەچێتەخەو

ئەوە ئیحای عیرفانێکە بەناڵینەوە تاریکی دەجوێ...

تا دڵۆپەی ڕووناکی لەخەڵوەتا پیر نەبێ،

تا مەرحەمەتی دەستەکانی،

لەنزایەکی ئاوییدا باوێشك نەدا...!

شەشەم ناڵین:- چ دەهشەتی ناڵینێکە

ئێوارەیەکی بچووك سەرم لێ ئەداو

لەوێڕا بەلووتی حەپەسانەوە، شوشەی زەردەپەڕ دەشکێو

بەباڵەفڕی بیستنەوە مانگ، لەسەر بەرماڵی

تریفەوە نوێژ دەکاو

بەدەزوولەیەك بینینەوە، عەتری خوا بۆندەکەمو

بەئاوڕدانەوەیەکی شەلیشەوە، شیعر دەمنووسێ...!!

حەوتەم ناڵین:- شەڕ ئاوێنەیەکی کەڕوڵاڵە ئاوس بەدۆڕان

من هەر تەماشای دەکەم،

ڕۆحم ڕۆژووی ناشکێنێ

من هەر تەماشای دەکەم،

ئیعرابی گریانێك ناکا

کە مناڵیم ئومێدی بووکە شووشەیەك خواردی،

کە گەنجیم لەتەنیایدا ڕاکشا...!!

هەشتەم ناڵین:- پروشە فرمێسکی پەیکەرەکەی ئۆسکار وایڵدە

کەدای لەپەڕەسێلکەیەکی کۆچەری،

قریوەی تەڕبونێك لەچەتری باڵەکانییەوە نەڕووشا،

وەلێ دڵی دلۆڤانی خوساندو

دەقیقە لەتەکانی تەمەنی،

بۆ هەر نەدارێك كردە كانی هەڵقوڵاوی خۆشەویستی

لەڕێی ئەو ناڵینەوە تەریقەتی شەهید بوونی هەڵبژاردو

زمڕوتو یاقوتی ئەو پەیكەرەی،

كردە لێوڕێژی ژیان...!!

نۆیەم ناڵین:- هەیبەتی هاوارێكە، پڕە لەدەمەداسی پرسیار

چ نمایشی ناڵینێكە،

گەر دیوار بەپێوە لەدایك نەدەبوو

بوونی زیندان چ مانایەكی دەبوو؟؟

گەر هەمووكات حەوشەی ئاسمان مانگەشەوبێ

ئیتر تاریكی لەكوێ بنوێ؟

گەر بارانو تیشك هاوسێ نەبوونایە،

ڕێگەوبانی درەخت دەكەوتە كوێ؟

گەر ئاژاوەی ئاو تەرمی خۆی نەناشتایە

دوگمە سەوزەكانی چیمەن،

لەكوێ واز دەبوون و

لەبەر هاژەی ئۆرگازما چۆن رادەكشان؟!

دەیەم ناڵین:- دەستم پڕە لەقاقایەكی تاڵاو

گەرووم ماسكە بەدووكەڵی ئەنفال

ئەنفال مێخەكی لادێیەك بوو

تەجرید لەڕەونەقی رەنگو

هەناسەسوار بەكوشتنی ئینجانەیەك...

جۆلانەی مناڵێك بوو

تەجرید لەئاسەواری گڕوگاڵاو

لەئاخەلێوەی لای لایە...

ئەنفال سەعاتی مەچەكی كچێك بوو...

تەجرید لەهاتوچۆی چرکە،

کاڵبوونەوە لەهەژانی دەقیقە...!

درزی پەچەی ژنێك بوو

پڕ لەشەرەفی قامچیو

تەجرید لەهەموو قوڵپێکی جوانی

کە گۆران بووە دیلی...!!

ئەنفال چاویلکەی لاوێك بوو

تژی لەحەپەی حەجاجو

تەجرید لەناسنامەی خوا...

گۆچانی پیرەمێردێك بوو

سیخناخ لەفەتوای ریشو شمشێر،

تەجرید بەسەر گوزشتە!

یانزەیەم ناڵین:- چ کارەساتە بیرمان

بیری پەپولە پایزەیەك بێ بۆعاتیفە

چ ئینقیلابی ناڵینێکە،

رەنگمان لە پەپوولە پایزە بکا...

پەپوولە پایزە وێڵگەردە لە عیشقاو

دەچێتەوە سەر عیشقی نەزۆکی(با)

دوانزەیەم ناڵین:- حەقیقەت کەی روانینی هەنگاوەکانی

بۆ ژووانی مۆمێك دەچێت؟

کە هەردەم هێشووە گومانێك،

بەدیواری ئاسمانەوە دەلەوەڕێت...

ئەی ئاسمان لەجلیوەی ناڵینەوە

ئەستێرە بکەرە سەرینو

مانگ بەدۆشەك...

با تاریکی لەباوەشتا فێری ئەوەبێ

مەتارەیەك تیشك بخوا...!!

*        *        *

نازانم چۆن نەمردم لەناو ژمارەکانی ناڵینو

لەدوێنێی نیشتمان کەتووشبوو بەعەسکەرتاریو

لە ئەمڕۆی نیشتمان کە نەخۆشە بەتیراویی تیرۆر...

ئەوەمنم لەهەموو ناڵینەکان دەبوورمەو

هەردێمەوە بۆلات...

ئەی گەمە جوانەکە، ئەی عیشق...

دەگەڕێمەوە بۆلاتو بەلاستیکی عاتیفە،

هەموو ناڵینەکانم دەسڕمەو

ماڵێکت بۆ چێدەکەم، تێکەڵا بێ لەشەڕو ئاشتی...

با یاری مناڵانو کڵپەی ئاگرو

جەبەروتی ئاو گوێیان لێ نەبێ،

چونکە ئەگەر دڵیشیان هەبێ،

هیچ لەعاتیفەو عیشق تێ ناگەن...

باچراو گوڵاو پەپوولەو شەمە نەفەرەکانی(با)

بەچرپەکانی عیشق نەزانن،

چونکە عیشق رەها نییە لەلایان...

با جۆگەی پێخاوسو نیوەڕۆی ڕاڕا

پرسیار نەکەن لەعیشق

چونکە عیشق دڵی خوایە، تەفسیر ناکرێ...

با(کانی) چرپنو سەتڵێك سەراب

ئاوڕنەدەنەوە لەعیشق

چونکە عیشق شەڕێکی بەردەوامەو

ئاشتی پێشەکی بۆ دەنووسێ!!

ئەی گەمە جوانەکە، ئەی عیشق...

ئەوە منم رۆحێکم هەیە لەموناجات

روخسەت لەناڵینەکانم دەخوازمو

هەردێمەوە بۆلات...!!

سلێمانی

٢٠٠٥/٨/١

ئەم قەسیدەیە(بەهاوبەشی لەگەڵا قەسیدەیەکی دیدا) لەفیستیفاڵی رۆشنبیریی ساڵی٢٠٠٥دا خەڵاتی یەکەمی پێبەخشراوە.

کە زەیتونێکی سپی تووڕە دەبێت لێم

تۆ پێکەنینی کۆترێك راڤەکە،

وازبێنە لەتووڕەبوون...

بزانە چۆن نەسلی دەچێتەوە سەر،

کۆڵانەکانی درەختو

جۆگەکانی ئاسمان....

ئەمە وتەیەکە، منارەی مزگەوت

لەناو ئاخنی میناتۆرەکانیا،

بۆ عیشق دەگەڕا..!!

دڵی چۆلەکەیەك شەرحکەو

تووڕەبوون بتۆرێنە...

بزانە چۆن شەجەرەی دەچێتەوەسەر

چەپکێ ئاوەنگ لەپەرچەمی گەڵاو

سەبەتەیەك تامی غەریزە،

لەوێستگەی جریوە...

ئەمە دەستەواژەیەکە ئەودەمەی،

گوێسەوانەی لادێیەك

دوای ئەوەی فێری عیشق بوو

بە پەتای ئەنفال چوو..!!

ڕێزمانی ریشۆڵەیەك شرۆڤەکەو

تووڕەبوون بکە بەلقی ئۆقرەیەکا،

بزانە چۆن نوتفەی دەچێتەوەسەر،

لەرزوتای گەرماو

حیکمەتە نەرمەکانی بەفر

ئەمە لافیتەی ئەوشاخانەبوو،

ماڵێکیان هەبوو لەعیشق...

دەنووکی تاق تاقکەرەیەك بخەرە،

نێوان دوو کەوانەو

بۆشاییەکان پڕ مەکەرەوە بە تووڕە بوون...

بزانە چۆن بەمیراتی دەچێتەوە سەر،

دەمو لێوی درەختێك،

کەدانێکی کلۆر دەبێ

جووت ئەبێ لەگەڵا سەر ئێشەداو

دواجار ئاوس دەبێ بەهێلانە..!!

ئەمە رستەیە لەڕەنگی هەور،

ئاو بۆ پەڕەموچی عیشق،

دەبووە هەیەجان...

چەهچەهەی بولبولێك لێكدەرەوەو

تووڕەبوون بنێرەوە بۆ رەشنووسی رەشەبا

بزانە چۆن دەچێتەوە سەر كەمانێك لەحوزنو

چاوەڕوانییەكی مزرو

پاشماوە لەتەكانی عەتف...

ئەمە قەسەیەك بوو لەگەروی شمشاڵدا شنە، شن...

عیشق ئاوەدانە بەحوزن...!!

تەماشایەك قاژكە لە كۆچی پەڕەسێلكەو

تووڕەبوون بسپێرە،

بەپاڵتۆ پیرەكەی گەردەلوول

بزانە چۆن دەچێتەوە سەر تەریقەتی

زوهدی كانونو قەناعەتی تشرین...

ئەمە هاواری كۆچێك بوو یەعقوبیانە،

هەنسك دەفڕیو

لەئاسمانی كراسە گریاوەكەی یوسفیشدا،

عیشق باران...!!

*       *       *

ئێی زەیتونی سپی شكۆفەت،

هەموو باڵە فڕەكانەو

گەڵات تەرزی فڕین...

لەم هاوینی عومرەدا

چی دەبوو شکۆفەیەکت(ئابی) وتەیەکم،

بدورێ بە چرپەیەکی باوە....

چی دەبووشکۆفەیەکت (ئابی) ناڵەیەکم

ناونووسکا لەچاوە فێنکەکانی دڵتەوە...

لەم ئابی عومرەدا

لەزریانی ئەو تووڕەبوونە دەترسم

شەوم سەرمایەتیو

ئینجانەیەك بەبەرۆکی پەنجەرەکەمەوە

پەیتا، پەیتا دەپاڕێتەوە...

لەم ئابی رۆحەدا لەلافاوی ئەو

تووڕە بوونە دەترسم...

شەوم ئارەزووانە ئاویلکە دەگرێو

رۆژم نەفامانە نزاکانی سەبری ئەیوب...

وەلێ لەبەردەم گۆرانییەکی (دیاری قەرەداغیشدا)

دەبمە شەپۆلێك، کەنار دەگرمە باوەشو

بەبیابان دەڵێم:- دڵا لەدڵا نەدەی

ئەم هەموو تەریبی لمە،

رەگەز بوونێکە لەڕەگەزی ئۆقیانوس...

بەشاخ دەڵێم:- گەر پیاڵەیەك هۆش فڕکەی

رەگەزت ئەو روبارانەن لەدڵی ئاسماندا

هەڵۆ چاوشارکێی تیادەکا...!!

بەدەشتیش دەڵێم:- رقت لەگۆرانییەکانی گیانەبێ،

کە بەسەرتا ناز دەکا...

گەر عیشق بەر قەراربێ لەدڵتا

ڕەگەزت کانییەکی شاعیرە،

هەرگیز کۆتایی نایە...

*        *        *

ئەی زەیتونی سپی...

من ڕۆحێکم هەیە لەمنەوەری منالّی،

بەڵام چەتونیم تیا نییە،

تا بەردت تێبگرم...

قسەیەکم هەیە لەکەنار منالّی،

بەڵام بووکە شوشەیەکم نییە،

تا ئیرەیت تۆخ بکا...

مالّە باجێنەیەکم هەیە لەخوار منالّی بەڵام مالّی دلّێکی ترم نییە،

بۆ عیشقێکی تر...!

من بەعورفـو عادەتی منالّییەوە ئەودوێنم

گۆزەیەك لەقەوزەی رق پاکژ دەکەمو

پڕی دەکەم لەدلّی خەییام،

ئەنجا بەرەو چاوی کانی...

قولّنگێك لەتۆزی رق ئەتەکێنمو

پڕی دەکەم لەڕەنجی فەرهاد

ئەنجا بەرەو ماچی شاخ...!

لەمشتومڕی جافـو گۆرانەوە،

کە ڕق هەڵدەقولّێ

چەپکێك ڕێحانە دەچنمو

لەسەر شانی شارەزوورەوە،

ئەیدەم لەیەخەی وەلی دێوانە،

ئەنجا بەرەو بزەی باخ...

ئەی زەیتونی سپی... تۆ بیلبیلە کوژراوەکانی هەڵەبجە،

بەردی تووڕەبوونم تێ مەگرە،

من بەمەقامەکانی تۆبەوە

بەقابوون دەنووسمەوە...

بەردی تووڕەبوونم تێ مەگرە...

با نەچمە ئەودیو،

فەنابوونی فەناوە...!!

سلێمانی

٢٠٠٥/٩/٢٢

-١-

لەناو دڵی هەموو بێدەنگییەكدا،

دەنگێك مەلە دەكا...

چوون گوڵە گەنمێك،

لەتووەكەیدا تاریكی بانگ ئەداو

گوڵاو لاسكەكانیشی بەقەدی رەشەباوە

پڕە لەچرپەی رووناكی...!

-٢-

ژیان كاتێك شەوەزەنگە،

مۆمێكی گریاو پیاسە ناكا،

لەناو ناخی پەروانەدا...

باڵندە بۆ دڵۆپێ ئاو

كوپێك رووخسەت لەفڕین،

فڕناكا...!!

-٣-

كەشەو دەكەوێتو سەری دەشكێ،

تاریكی پێڵاوەكانی دەدڕێو

ئەستێرەپێكەنینیان كپو

مانگیش گۆرەوییەكانی ون...!

-٤-

هەنار هەڵوەدای خەڵوەتێكە،

لەپێستیا خانەقای دیوارو

لە كوڵمەكانیا یادەوەرییەكانی خواو

لەدرزی پێیەكانیشیەوە

چركە، چركی وردە چەوەكانی خوێن...!!

-٥-

ئاو ناتوانێ ڕاهیبە بێو

رۆحی پڕكا لەپیری،

بۆ شەونمی گەڵایەك

لەگەڵا درەختا جووت ئەبێو

كەلێوی ئاسمانیش ماچ دەكا

باڵندە لەچڵەوە شكۆفە...!!

-٦-

بێ هودەیی یانی نووستنی شەپۆلەكان،

لەسەر پشتی دەریاداو

خنكانی لم لەنەعلەكانی بیاباندا

راكشانی شەقژنی پەڕندە،

لەناو لقی غوباراو

لەهۆشچوونی شنەباكانە،

لەزیكری گەڵایەكدا...!!

-٧-

كاتێك رۆح دەمرێ

چرایەكی چاوڕەش قامكی ناداتە

لێوی پەروانەیەك بیمژێ...

کاتێك رۆح دەمرێ

لەدڵی عیرفانێکدا چۆلەکەی سۆزێك،

زۆربایانە سەما ناکا...!!

-٨-

کە دەرگاکان پێوە ئەدرێن...

لەشکری شەو لەسەر کورسییەکان دائەنیشن‌و

پەنجەرەکان بەکوێرییەوە،

موتاڵای شەو دەکەن‌و

چرپاکان بەشەو نخونییەوە،

ئاخ هەڵدەکێشن‌و

کاتژمێری سەر دیواریش

پڕ لەهەناسە بڕکێ...!!

-٩-

تەنها مردنە خەونەکانمان ئەدزێ

کە خەون ئەدزرێ

گیا خەیاڵ ناکا حیکایەتە حەپەساوەکانی،

بۆتیشك واڵاکا...

گەڵا بیری دەچێ لەقسەی مزرەکانی درەختەوە،

بۆنی لیمۆیەك بکا...

کۆترێك بەجانتایەك گمەوە،

گومان ناکا لەهێلانەیەك هۆگر بەهەتاو

ماسییەك بەزاهیدبوونی پوولەکەوە

دڵەڕاوکێ ناکا لەتەسەوفی ئاو...

ئێوارەیەك ناپرسێ لەتەمەنی زەردەپەڕ

گوڵێك چەنەبازی ناکا، لەفەلسەفەی تەڕ...!!

-١٠-

لێ گەڕێ باخەم داگیرسێ...

خەمی درەخت هەڵەی خۆیەتی

تەور بەبەردەوامی گازی لێ دەگرێ...

خەمی دیوار هەڵەی خۆیەتی

چوارگۆشەی باڵای دەبێتە زیندان...

خەمی کانی هەڵەی خۆیەتی

قورس دەبێ بەقەوزە

خەمی رێبەندان هەڵەی خۆیەتی،

بەفر دەکاتە تاجی سەریو

تەومژ بەپێڵاو..!!

-١١-

زەمەنی حوزن هەر دەچێتەوە،

سەر جوگرافیای خۆشنوودی..

سەیرکە هەمیشە پەڵە هەورەکان،

لەژێر کراسەکانیانا قیژە هەڵدەواسن،

هەتا باران لەدایك بێ

باهۆز لورەکانی دەپێچێ لەسەر ئێشەی داربەڕوو،

هەتا هێمنی هەڵقوڵێ...

ئاو بۆیە لەکەندو لەندی پێیەکانییەوە دەشەلێ،

هەتا ستیانەکانی ئینجانە چاو داگریٚو

دوگمەکانی گوڵا پێیکەنێ...!!

-١٢-

کات بۆمان دەنووسێ، هەمیشە لەشوێنێکا

شتێك جێ دەمێنێ..

ژنێك کە خۆری ژیانی لێ ئاوا دەبێ

تەنها عیشق لەناوباخی سێوەکانیا جێدەمێنێ...

کە حەوسەڵەی پیاوێك پیردەبێ،

ئەوە پەراسووە چەپەکانی عیشقە،

بەگۆچانەوە پێخاوس...

کە ژوورێك پڕدەبێ لەغەریزەی تەنیایی

ئەوە سەفەری عیشقە،

هەنگاوەکانی قەموور..

کە پەنجەکانی سەراب سەری ئاو دەشێلێ،

عیشق پاشماوەی چاوەڕوانییەکانە لم...

کە ژیان دەبێتە درۆیەکی گەورە،

ئەوە حیکمەتەکانی عیشقە،

بەدەست فاڵچییەکانەوە فەنا...!!

-١٣-

چۆن تەنیاییم رەنگکەم بەعاتیفە

ژوورەکەم هەر هەمووی ماسکە

پەردە یانی نەخۆشبوونی پەنجەرە،

یانی سیس بوونی هەوا،

بەدەست ئەو دیوارە زەندیقانەوە،

دەرگا مەستەکان بەدوای خۆیاندا رادەکێشنو

ئاوڕێکی باریك نادەنەوە لەخوا..!

-١٤-

هەردەم رێگایەك هەیە بۆ فڕین

بەڵام رێگە کە نابینا دەبێت بەچاوەکانی ئومێد،

دەچێتەوە سەر ئەدرەسێك،

چنراوە لەئاژاوەی ئاگر،

مۆمیایە بەئارشیفی ئاو...

کاتێکیش پاپوچەکانی ئاسمان دەکاتە پێو

باڵا لێ دەخوڕێ،

هەردەم رێگایەك هەیە بەفەتوای فڕین...!!

-١٥-

من ژیام بەبێ ئەوەی دۆنکیشوەتێك هەبێ،

بەشەقامی دڵما سەرچڵی بکا...

خودایە چ مەودایەکی دوورە عیشق

چاوکەی پڕدەبێ لەتەماشایەك،

ئیمان بناسێ..

دڵا کەی خورپە دەکا

لەکۆڵانەکانی مانگدا تریفە بترسێ...

گریان کەی دەبێتە ئیحا،

خەیاڵا لەوەهم ونکا..!!

٢٠٠٥/١١/٢٥

سلێمانی

سەردەمێك لەبێدەنگی

من نامەوێت بێدەنگیتان تێك بدەم،

كە ئێوە چوون لەگەڵا خۆتاندا

سەردەمێكتان ناشت،

سەردەمێك زەردەپەڕ هەمووكات،

سەری دەشكاو

گەڵا لەپەنجەكانی چڵەوە،

لەپەیژەی درەخت دائەبەزی‌و

فڕین کەسك‌و سور لەباڵا ئەتۆراو

گزنگ بەشی ئەوەی نەدەکرد

دەست  بکاتە ملی ئینجانە...

جریوە تامی یادەوەرییەکی نەبوو،

بچێتەوە سەر مەنتیقی باڵندە...!!

کە ئێوە چوون لەگەڵا خۆتاندا،

سەردەمێکتان ناشت،

سەردەمێك گوڵا بیری دەچوو،

بەشکۆفە چاوەکانی بڕێژێ...

شەو بیری دەچوو،

تریفە بخاتە ناو ستیانەکانییەوە...

رووبار بیری دەچوو،

بەدەم شەپۆلێکی شەلەوە،

پیاسەبکا...

(با) بیری دەچوو،

بێتە میوانێکی مەستی باخچە...

گیا لەبیریا نەبوو،

سێبەر بخاتە سەرشانی...

کانی بەئەوکی پڕ لەخۆڵەوە ئەوەی لەبیرچوو،

مانگ لەفرمێسکەکانیا خۆی دەشوا...

ئەو هەموو بارانە دەباری،

چەم بیری دەچوو،

تەرمی باران لەپرچەکانیا ناونوسکا...!!

هەموو رۆژێك سپێدە،

بەنەرمە سەمایەکەوە،

گسکی لەتاریکی ئەدا، کەچی لەبیریانەبوو

فوو لە چرایەکدا پێکا...

نامەوێت بێدەنگیتان تێکبدەم...

کە ئێوە چوون لەگەڵ خۆتاندا سەردەمێکتان ناشت

سەردەمێك ئەستێرە، بەسەر

شانی ئاسمانەوە ئەتریقایەوە

کەچی تەریقەتی تاریکی دەخوێند...

هەور سکێچی بارانی دەکرد،

کەچی تەریقەتی قاتو قڕی دەخوێند...

ماسی بۆ دڵی ئاو هەڵوەدا،

کەچی تەریقەتی فڕینی دەخوێند...

ئاو لەئۆرگازمی تەڕییا تۆخ،

کەچی تەریقەتی تراویلکەی دەخوێند...

کەئێوە چوون لەگەڵ خۆتاندا، سەردەمێکتان ناشت

سەردەمێك شەڕ لەشەهوەتابوو

کەشەڕ لەشەهوەتابوو

پەنجەرە دوور لەبینین،

وەجاخ کوێربوو بەتەماشا...

کۆلان دوور لەڕێگا،

نەزۆك بوو بەهاتووچۆ..

ژوور دوور لەچرپەی چریا،

شپرزە بوو بەژن...

پێکی رووناکی دوور لەلەپی شەراب

ماسك بوو بەپژمینی شەو...

جۆگە دوور لەپشتوێنی خۆی،

تابوتێکی درێژبوو بۆ کێڵگە...

چاوەڕوانی دوور لەتامەزرۆ،

پەتای تاعونێك بوو بۆعیشق

مردن دوور لەپەیامی خۆی،

پاسەوانێکی مزەوەربوو بۆ ژیان...!!

کە ئێوە چوون لەگەڵا خۆتاندا سەردەمێکتان ناشت

سەردەمێك ژیان سێوێکی سوربوو،

بەدەم هەناسەبڕکێیچەقۆوە نەزیف ...

سەردەمێك ژیان پرتەقاڵێکی کرچ بوو

لەباخی سنگی کچێکی شەرمندا،

هەمیشە گوشراو...

سەردەمێك ژیان کڕێوەیەکی ئەزەلی بوو،

بەچەترو کاسکێتو پاڵتۆوە داپۆشراو..

سەردەمێك پێکەنینی تفەنگەکان،

جوانی راو دەکردو

هەژانی ژیان پڕ لەنەوتن...

سەردەمێك خەونی تووڵانی،

قەیرەکچەکان پڕ لەقامچیو

فریادرەسی فەرهادەکان ئاوەژوو...!

سەردەمێك لەتونێلەکانی،

غەریزەدا ژیان نوقمو

مەهدییەك مەراقێکی نەڕواند،

تا لەبیلبیلەکانییەوە خەوببینێ...

سەردەمێك چاوی دەهشەتو

تێرامان بزر دەبوو..

ژن خۆی دەبووە رۆمانێکی گوناەو

پیاو خۆی دەبووە نۆڤلێتێکی حەرامو

منالا کتێبێکی نیگەران...!!

من نامەوێت بێدەنگیتان تێك بدەم،

بەلام بەجووتێك پێلاو دەلێم بێدەنگ بن،

ئیتر قاچەکان لەودیو سەفەرەوە ناگەڕێنەوە...

بەبازنگەکان دەلێم بەسیە ورنگە، ورنگ

ئیتر مەچەکێکی بڕاو لەودیو مەحشەرەوە،

قیامەتێك هەلناکا...!

بەچۆلەوانی بێشکەو جۆلانە دەلێم:-

ئەزیزم بنوون

ئیتر گروگالێکی کالا لەودیو(٣/١٦)وە

ئاسمان ناکاتە چراخان...!

بەکانییەك دەلێم:-

ریزی گۆزەکان دلگران مەکەن،

ئیتر سەرشانی لەنجەولارێك،

لەودیو کانیەشقانەوە دلۆپێك ئاو نادوێنێ...!

من نامەوێت بێدەنگیتان تێکبدەم...

بەلام  بەبۆنی فەریکە سێوێکتانا دەگەڕێمەوە

کە چاوەکانی چاوگ چاوەڕێم دەکا...

بەبۆنی قریوەی هەنارێکتانا دەگەڕێمەوە،

کەشنەی باخی میر قژم شانە دەکا...

بەبۆنی هەلوژەیەکی چاورەشتانا دەگەڕێمەوە

کە لێوەکانی باوەکۆچەك ماچم دەکا...

بەبۆنی هەناسەی شاتوویەکتانا دەگەڕێمەوە،

کە گۆڵان سەر گوزشتەی عیشقێکە نابڕێتەوە...

بەبۆنی هەنجیرێکی عەیارتانا دەگەڕێمەوە،

کە گژوگیای سنگی عەنەب باهۆزێکە

مەراقم کاڵا دەکاتەوە...

ئێوە بنوون من نامەوێت بێدەنگیتان تێك بدەم

من نامەوێت...!!

٢٠٠٦/٣/١٣

سلێمانی

چەپکە ژمارەیەك لەتێڕامان

-١-

کە گوزەرەیەکی شکاو دەبینم،

لەزەینما پۆرترێتی کانییەکە

بەگۆچانێکەوە دەنك، دەنك

پیری کۆدەکاتەوە...!

-٢-

کەپەرداخێك ئاو دەڕژێ

ئەوە گوڵاڵە سورەیەکە،

کە قاچی لە(با) هەڵدەکەوێ

بۆ ئەبەد دەخەوێ

-٣-

کە جۆگەیەك رووبار نادۆزێتەوە

هەتاو دەستی دەگرێو

هەر چوار پەلی ئەندێشەی

هەڵم ماچی دەکا...!

-٤-

بەرد بۆ هەمیشە سکون،

لەهەناویا نەنووستووە...

کە ئاگر دەستو پەنجەکانی پڕدەکا لەخۆی

دێتە گۆو دەڵێ:-

کە لەسەر شانی ئۆقرەیەکابووم

حەرفم دەچووەوە سەرچیا...!

-٥-

کەتیشکی خۆر دوگمەی گوڵێك دەکاتەوە

بەئینجانە دەڵێم بەسیە چەنەبازی،

لەوێدا دوو دەریا،

هەژانییان دەگاتە،

حزووری خوا...!!

-٦-

بەهەنارێك دەڵێم چ حیکمەتێکە،

لەگەڵا سێوا تەبانیت...

تۆ لەسپێدەدا پیاسە دەکەیت،

کەچی لەئێوارەدا،

لەسەفەرێکدای

شوناسنامەت وەرین...

-٧-

که عیشق ماڵا ئاوایی دەکا...

دەرگا دڵەڕاوکێ ژێری ناکاتەوە...

جگەرە لەنەفخی دووکەڵا دەخنکێ

گڵۆپ لەلەپی جادەدا گڵۆڵە

ئاوێنە لەقوڵایی حوزنا هەڵدەقوڵێ...!!

-٨-

کە مانگ لەحەوشەکانی ئاسماندا،

نان دەخوا...

کەناری ئەندێشەیان لەقەفەس دەکەنەوەو

دەبنە ئەسیری شەو...

چۆلەکە دەست هەڵدەگرن،

لەڕێنوسی هێلانەو

نیگەرانی پاك دەکەنەوە بەشەو

مێرووله بەدەنگە گەنمێك دەڵێ: لێم ببورە

قەناعەتم بەفەتحی شەو...

پەرەسێلکە دەڵێ: بەسیەتی کرێچێتی،

کوێستانو گەرمیان،

مانگ دەلەوەڕێ،

منیش دەبمە پاسەوانی شەو...!!

-٩-

کەشاعیرێك دەمرێ

ئەستێرە بریندار دەبێو

هەور سەری پڕدەبێ لەسەر ئێشەو

باخچە بێ تەکبیرە،

بۆ ڕەوانبێژی گوڵێك...

ڕەشەبا بەلەتێ قاچەوە

بەگیا دەڵێ:-

تۆ ئیتر بەپیری لەدایك ئەبی..

گیاش بە بەباڵندە دەڵێ:-

پۆزش بۆ فڕین بهێنەرەوە

ئاسمان چاویلکەکەی ونبووە...!!

-١٠-

ئەوەندە باسی عیشقی قوپاوت کرد،

عیشق خل بوویەوە بۆناو چەمێك

ئەوەندە باسی مەوسمی چراو پەپوولەو گوڵاو

حەزرەتی بارانو

قافیەی چەترت کرد

هەر هەموویان بوونە،

هەڵمی جیابوونەوە،

لەدێڕی موبایلێك..!!

ئەوەندە باسی بریقەی بەختەوەریو

هەدادانی هیوات کرد...

هەر هەموویان ئاوەژوو

لەقوژبنی پێڵاوێك...

ببووره نەکەی باسی شیعر بکەی،

چونکە شیعر یانی نزیك لەقسەکانی خوا...

تۆ چەند لەخوا دووری چەند...!!

-١١-

کەقفلێك بەدەرگایەکەوە دەبینم،

ئەوە حیجابی درەختێکە،

پڕە لەماندووبوونی میوە...!

-١٢-

چ گەوجە زستان،

کەناتوانێ دەستو پلی

درەختەکان پڕکا لەسەهەنەی سەرما

چونکە درەختەکان

دەست کێشی چەرم،

چۆتە حەشارگەی هەناویان...!!

-١٣-

پەردە بیانووە بۆ پەنجەرە

پەیژە دۆڕانێکە بۆ نیشتەجێ...

ئاوێنە کتێبێکە روومان

تیایدا موتاڵا...!!

-١٤-

کەچیلکەیەك بەسەرپشتی،

ئاوەوە دەفڕێ،

ئەوە خوێنی(با)یە

لەدەمارەكانیا دەگەڕێ...!!

-١٥-

چ كاڵفامییەكە بگەینە سەر دەریاو

بۆ ئاوی جامێكی مەلوول

نوچ بدەین و بڵێین مەرحەبا...!!

-١٦-

عەجەب لەكورتی ژیان...

شەوی عومری من تێئەپەڕێ...

وەلێ چرای وشەكانم لەشەودا

هەرگیز تێ نەپەڕ...!!

-١٧-

كە بەردێك بگوشین،

دەچێتەوە سەر چەمێكی قەمور...

كە گۆچانێك بگوشین...

دەچێتەوە سەر درەختێكی پرچ سپی...

كە ئاوی گۆمێك بگوشین،

دەچێتەوە سەر خاكێكی پێ خاوس..

كە عیشقی منیش گوشرا،

خەڵوەتم دڵۆپ، دڵۆپ

سیخناخ لەنوری خوا...!!

چ دۆڕانێکی جوانە

هەنارو هەرمێو هەڵوژە

هەوڵئەدەن جل بکەنە بەری،

شکۆفەو گەڵاوبەر...

بەڵام لەزیکرێکی ئەزەلییا

دەروێشانە کە قژیان بەرئەدەنەوە،

ئەوەی هەیانە،

ئەوەی کۆیان کردۆتەوە..

دەی دۆڕێنن...!!

٢٠٠٦/٦/٥ سلێمانی

كۆمەڵەی پێنجەم

"پایزێك بەپاڵتۆی كانونێكەوە"

رۆژ هەڵەبجەیی

شیعر

من موسافیرێك بووم هەڵە

تۆ كەی خەیاڵی منت جێهێشتووە

وەرەو لەژووورە گریاوەکەمدا،

تاریکی پاڵ پێوەبنێ

تۆ ئەگەر لەناو تاریکی دڵتا،

پارچەیەك خۆر بدۆزیتەوە،

لەناو دەستەکانی مندا،

شەو پیاسە دەکا..

کەی خەیاڵم تۆی جێهێشتووە؟!

کەسەیری چۆلەکەیەك دەکەم،

پێکەنین لەباڵەکانیەوە هەڵدەقوڵێ،

دەچمەوە سەر بزەیەکی تۆ

کە ماسیەك دەبینم،

قیژەی شەپۆل دەنوشتێنێتەوە،

دەچمەوە سەر تووڕەبوونی تۆ،

کە زەردەپەڕ دەبینم،

بەقاچێکی شکاوەوە،

تەنیایی خۆی دەڕوخێنێ،

دەچمەوە سەر چڵە ئاهێکی تۆ..

لەپشت زرنگەی ئەم قسانەوە بێ تۆ،

شەقامێك دەمبا،

بۆ کەسەری ئەو کەلاوانەی،

برین لەناویا چاوشارکێ دەکەن..

باخچەیەك دەمبا،

بۆ لای ئەو گوڵانەی پەراسویان،

پڕە لەشەجەرەی شەڕ..

چەترێك دەمبا،

بۆ لای ئەو بارانە چەتوونانەی

هەموو هەورەکان،

دەکەنە سکێچی کۆلارە..!

* * *

من بێ تۆ دەچمەوە سەر تەبیعەتی خۆرئاوابوون،

کە چاوەڕوانی لەناویا چۆڵو هۆڵە..

بێ تۆ دەچمەوە سەر کوێربوونی زەمەنێك،

قاقای پەروانەیەك،

چاوە شینەکانی چرایەك ماچ ناکا..

بێ تۆ دەچمەوە سەر پیربوونی زەمەنێك،

ژنێك نییە لەژووری پەنجەکانیا،

ئەستێرە داگیرسێنێ..!

من بێ تۆ دەچمەوە سەر رەچەڵەکی،

بەفری هەناسەو

سوبحدەمی رووخاو

زریانی وشەو

کەمەری رەشەبا..!!

من بەرلەوەی خۆم بناسم،

تۆم ناسی..

تۆ گریانمت ئینتیحار کردو

تەنیایمت کوژانەوە..

کەچی نەوتوانی بگەڕێیتەوە،

بۆ یاریکردنی پێڵاوە فڕیوەکانی مناڵی.

کەچی نەوتوانی لەحەوشەکانی خەوتنەوە

پەرداخێك پێکەنین،

بدەیتە دەستە تریفەییەکانی مانگ

کەچی نەوتوانی لەداڵانەکانی خەیاڵتەوە،

بەکۆترێك بڵێی،

گەر عاشق بی هەموو منارەکانت،

بۆ ئەگرم بەکرێ..!

کەچی نەوتوانی تاسەر عاشق بی و

گوێ بگریت،

لەحیکمەتە حەپەساوەکانی مێروولەو

نوکتە رەنگینەکانی پەپوولەو

قسە مێخۆشەکانی بولبول و

ئێوارە نەخۆشەکانی پەرەسێلکە..!

* * *

من موسافیرێکی هەڵە بووم،

لەناسینی تۆ..

لام دایە تاقی رۆحت،

پڕبوو لەو گوڵە شیعرانەی،

لەئینجانەی حەسرەتەوە،

دەچووەوە سەر کوچەی کەدەر..

لامدایە کتێبخانەی چاوت،

پڕبوو لەدووکەڵی ئەو کتێبانەی،

ئەنفال نووسیبووی..!

لامدایە خانەقای دڵت،

سۆفیست بووی بەو شەرابانەی،

کە دەچوونەوە سەر ستیانی ترێ!!

لامدایە ژووری جەستەت،

تەماشات دەگریاو

لەزوڵمەتەوە دڵرەقیت دەكرِی..

من موسافیرێك بووم هەڵە

نەمزانی لەعیشقدا،

مردن پێشبڕكێ دەكا..

من تا چاڵەكانی مەرگ

مردنم ئەزموون كردو

بوومە پەناهەندەی قیامەت و نەمردم..

هەورێك دەستی نەگرتم و

حەشرمكاو بمباتەوە بۆ لای خوا

ئەو دەرگایە بكەرەوە مردن،

تۆ گرەوت بردەوە

من تاوانبارم بەنەعرەتەی عیشقبوون

بەدیوارێك پیاسەی دەكردو

نەیتوانی گوێ لەچركە، چركی دڵێك بگرێ،

كە لەناویا كات كوژاوەتەوە..

ئەو دەرگایە بكەرەوە مردن

پێت ئەڵێم گرەوت بردەوە

بەڵكو لەوێوە جارێكی تر

ژیان دەستم بگرێ و

نەبمەوە بەموسافیرێكی هەڵە

بەڵكو رۆژەكانی هەفتە ون نەكەم و

بەمێژووی عیشق بڵێم..

چ شەڕێكی بێ ئابڕووی..!!

ئەو دەرگایە بكەرەوە مردن،

زەمەنی عیشق نەما

سێو بەدانەکانی خۆی،

خەونەکانی دەقرتێنێ..

ئەستێرە باڵەکانی خۆی،

لەفڕین دەکاتەوە..

مانگ کراسی شەوەزەنگ لەبەردەکا..

سەراب لاسایی ئاو ناکاتەوە

دەچێتەوە ناو گۆزەیەك لم..!

ئەو دەرگایە بکەرەوە مردن،

تۆ گرەوت بردەوە..

سلێمانی -٢٠٠٦/٨/٢٤

گەمە رۆژهەڵاتییەکانی عیشق!!

من هەر دەمزانی شەوێك دێ،

زەنگی مۆبایلەکەم دەنوێ و

خاڵی لەحیکمەتەکانی شیعرو

فەنا بەفەرمودەکانی رۆح..

بریقەی بێئومێدی لەخاکی قەڵەمەکەمدا دەڕوێ و

دڵرەقیەکانی تۆش لەنقێمی ئەموستیلەیەکمدا،

پرژەی دێ..!

گومانەکانیشت لەناو کاتژمێری سەر دیوارەکەدا،

زەمەنم پڕدەکا لەقیژەی قاژرو

بێزارانە بەرئەبێتە جەستەی یەقینم و

وێران، وێرانم ئەکا..

ئەوە گەمە رۆژهەڵاتیەکانی تۆن، ئەی عیشق

سەرەتام پڕدەکا لەبەهاری گژوگیا

لەقەراخ گیرفانە تەڕەکانی دووەمین مارت

سپێدەم لەخەو هەڵدەستێنێ،

نزیك بەگریانەکانی دواهەمین ئەستێرە!

قامکی نیوەرۆم کەلەپچە دەکا بەگەرماو

دڵیشم بەفێنکایی خوا..!

گزنگی ئێوارەم بەپاپوچی پەمەییەوە،

مەرحەمەتی ماچی لێدەچۆڕێ و

داوەتی خۆرێکی تازەم دەکا..

قاقای مانگم بۆ دەخەیتە زەرفێکەوەو

بەنەسیمی رۆحا (با) پۆستی دەکا..

بەڵام کەدەگەیتە دوا ئۆرگازم

ژووانم زاخاو ئەدەی بەوادەی،

بەیانیەکی بریندارو

بەچڵی عورفی رۆژهەڵاتەوە

بەنهێنی کاتژمێر لەسێدارە دەدەی..!

ئەی عیشق تۆ سوێند دەخۆی بەباران،

ناگەیتە من..

سوێند بەلمۆزی زستان مارێکی سڕکردووە،

لەنووسینی ژمارە حەفتاوحەوت..

بەرەشەباو زریان جلەکانی گوڵ ئەدزن و

سەرپۆشی درەخت کون، کون!!

وەلێ من سوێند دەخۆم بەخوا،

ڕۆحانیم و سەر بەنەتەوەی باڵندە..

پێدەشتی بێدەنگیەکان تۆخ دەکەم بەزەردەخەنەو

پڕمەی گریانەکانیش، لەکوچەکانی شەونخونیا،

بەخەڵوەت حەشار..

ترست نەبێ ئەی عیشق

ئەم دەستانەم ئاوێزان نابێت، بەزەیتونی باڵات و

ئەو لێوانەت لەسەر مەدی ماچێکدا،

خرۆشان ناخاتە بەهەشتی لێوی من..!

ئەی عیشق ئەوە تەنها گەمە باریکەکانی تۆن،

لەچاڵ و چۆڵی مناڵمیدا، بەقریوە دەمپێکێ

و بەمەچەکی ئاوێك لەتاڤگەکانی تەمەنا،

ئۆخژنێکم بۆ دەنێژێ..

ئەی عیشق کەتۆم ناسی پڕبووم،

لەسەفتەیەك شنەی گەلای شەرابی و

بێخود بووم بەباقەیەك لاسکی خەیاڵ

توحفەی جوانیم کۆدەکردەوە لەشکانی پیاڵەیەك و

مەستبوون بەخەستیەوە

لوتی دیوارەکانم دەناشت لەناو قوتوی مردناو

دووبارە مناڵبوونەوە..

پەردەی پەنجەرەکانم دەسوتان بەمووی ڕووناکی و

سەرلەنوێ سەوزبوونەوە

گەرووی بولبول و کەمەری کەناریم دەناساند،

بەپەڵە گەنمێك و

ئینجا قەفەس نوشتانەوە..!!

بەناو زاکیرەی هەموو پەلەوەرەکاندا دەگەڕام،

هەتا فڕین بخەمە رستەیەکەوە

عیشق، عیشق، عیشق چلێکە لەتەوژمی تەجەللا،

خودایە جووتێك فڕێنم بەرێ،

لەکڵاوەی ئەژنۆدا..!!

* * *

ئەی عیشق بەڵام کەتۆم ون کرد

بچووك بوویتەوە بۆ رەنگی پرتەقاڵێك،

خەیاڵمت بردەوە سەر خۆرنشین

لەعیشوەی کانیەکی عەیارەوە،

بۆ گۆزەیەکی دەست و پل سپی..

خەیاڵمت بارکرد، بۆ تەدارەکی تینووبوون..

کەم بوویتەوە بۆ شەونمی گەڵایەك،

لەسەرووی سەحەرەوە

خەیاڵمت خستە سەر سێبەرێکی سەراب ئاسا،

راکشابوو لەناو تابوتێك لمدا..!

تەنك بوویتەوە بۆ دڵۆپێك ئاو،

لەسەروی سیحرەوە

خەیاڵم خل بوویەوە بۆ ناو دەریایەك..

هەڵم لەناویا دانیشتبوو پێنج مشقی

لێڵ بووی وەك چرپەی ئێوارەیەك،

لەسەرووی رەشیەوە

خەیاڵم خوڕەی کرد بۆ چەمی تاریکی..

لوول بوویت وەك دووکەڵی خەرابات،

لەسەرووی فڕینەوە

بەلەمی خەیاڵم چووە سەر پشتی ئاسمان و

سەوڵی یادەوەریەکانم بەجێمان..

تەمتومانێك بووی وەك هەناسە سوارەکانی بەفرو

تەنگەنەفەسی ئەو سێوانەی هەر بەمناڵی پرچیان سپی بوو

لەسەرووی غوبارەوە نوتفەی خەیاڵم چووە سەر رێگەی تووش و

تەماشام پڕ لەتارمایی

برینداربووی وەك دڵی مۆمێك،

لەسەرووی حەقیقەتەوە

شووشەی خەیاڵم دەشکا بەخەمی ئەو پەپولانەی،

نابینا بەرووناکی..

دواجار ئەی عیشق تۆ تەنها خەوێك بووی،

لەئەستووریدا پچڕای

لەبێسنووریدا لەسەر کەوشەنێك نیشتی و

باڵەکانت تێك شکا..

کۆتایش بەکۆکە کۆك،

کۆی کردیتەوە بۆ گیانەڵڵا..!

سلێمانی - ٢٠٠٦/٤/١٦

دووەمین خەییام!!

وەرە بۆلام من لەحەوشەی خەیاڵم

نەدیوار لەناویا وەنەوزەداو

نەپەنجەرە تەماشا لەتەکاو

نەدەرگا دەمی کۆدەکاتەوە بۆ داخستن

لەوێ لەحەوشەی خەیاڵ،

ئێوارە دەهێنمە سەر لەپی دەستم،

لەگەڵ مانگ پەتپەتێن دەکەم،

کەئەستێرەش دەجریوێنێ،

منداڵان دائەگیرسێن بەدیلانێ

تاریکیش لەولاوە خەیاڵ دەکێشێ و

تۆش خەییامانە، شەراب مەعشوقتە

گەر بێتو ساتێك بێیتە،

حەوشەی ئەم خەیاڵانەی من..

شەڕی شەراب دەبێتەوە بۆ ماڵی بەرسیلە،

کاسکێتی کوپەڵە بۆ ماڵی خۆڵاو لم،

ئەی دووەمین خەییام

باسی چییکەم خەیاڵ بگوازمەوە بۆ کوێ؟!

بۆ کوێم هەڵدەگرێ خەیاڵ

کەعیشقی تۆ سەرم لێ ئەدا،

ئەوەندە رۆحم باریك دەبێتەوە

بەکەوتنی پەڕێك لەباڵی پەڕەندە

باڵی رۆحم دەقرتێ..

کەعیشقی تۆ سەرم لێئەدا

تەنیایی دەنوشتێنمەوەو

گوێ دەگرم لەقسەکانی مێرووولە،

لەخوار قەناعەت و سەبر..

لەگاڵتەوگەپی قالۆنچە، گرەو لەگەڵ (با) دەکەن

لەبێتاقەتی زیکزیکە، بۆ مەرحەمەتی شەو ئێشك دەگرن

لەبێحەیایی مێشوولە، بەگزنگی هاوینەوە شەپۆل ئەدەن..

باسی چیبکەم من ئینجانەیەکم هەیە شەهید

چڵ، چڵ پڕە لەبیرەوەریەکانی تۆ..

کەتۆ دەبینم خەریکی لێدەرکردنی عیشقی

عیشقم لەقژە سەرێك دەکا

ئاڵۆزکاو هەر تاڵێکی کۆچەری..

لەساباتێك دەکا بەسەرشانی چڵە گیایەکەوە،

وردو خاش..

عیشق وێرانی کردین تازە دەڵێی ماڵئاوا

عیشق لەناو چاوەکانماندا خۆی حەشاردا

تازە دەڵێی چۆن کتێبی مەحاڵا موتاڵاکەین..

عیشق بووە بەڵندەیەکی ماڵی و

لەدووتوێی سنگمانا نووست،

تازە دەڵێی درەختی تەمەنمان گوزەشت..!

عیشق فێری کردین دالی زریان کڕیوە، گەردەلوول

ناوبنێین دڵی گۆرانی، لاوك و حەیران

چەتر کەقاقای بەر ئەداتەوە،

ناوبنێین فەلسەفەی باران

باران ناوبنێین پێکەنینی گوڵ و

قژدرێژکردنەوەی چیمەن و

فیکەکێشانی فەتواکانی ئاو

خۆرۆشنبیرکردنی مەلەکان

بەخوێندنەوەی شیعر،

ئاشتبوونەوەی منداڵان،

بەدەست لەدیوار..!

ئەی دووەمین خەیام تۆفانی ئەم گریانە کەی خۆشدەکاتەوە..

نازانم بۆ پرت کردم لەرژان،

رژان ئەو دەمەی دەچێتەوە،

سەر گژوگیای گریان

بۆ پرت کردن لەژان

ژان ئەوساتەی داربەڕوو تووشی سەرئێشە دەبێ..

بۆ پرت کردم لەپژان،

پژان ئەو وەختەی دەچێتەوە،

سەر خوێنی پرتەقاڵێکی موراهیق،

کەچەقۆ بێشەرمانە کوشتی..!!

ئێی دووەمین خەیام، ئەمە خەتای تۆ نییە

خەتا زەمەنی قاتوقڕی ئەوینە..

عیشق بۆ ژاڵەیەك دەنێرین..

کەچی ئەو ناشیانە،

تاڵیمان پێدەبەخشێ..

ماچی دەمی سێوێك دەکەین

کەچی ئەو جاهیلانە گوناهبارمان دەکا،

بەکفری هەمیشە پرسیار..

ئاوی باخێکی هەنار ئەدەین،

کەچی ئەو گەوجانە پێش ئەوەی عادە بشوات،

دەبێتە خوانی کرمستان!!

ئەم هەموو تەسلیم بوونە بەمەرگ بۆ؟

مەرگ هێشتا زووە لەخەوهەڵسێ

هەتا هەنگاوێك لەپێچی پێڵاوەکانتا بڕوا

ڕێگایەك هەیە بۆ شینبوونەوەی ژیان..

هەتا هەنگێك موناجات،

لەناو مەمكدانی گوڵێکا بکا

عیشق دوورە لەژەنگ هەڵهێنان..

هەتا ریشۆڵەیەك زیکری بەبەفر،

دەمە زەرد بکا..

عیشق ناچێتەوە سەر بیابان!

* * *

ئەمە سەردەمی تاقەت پڕوکێنە

وا حەوسەڵەم دەچێتە قوژبنێکەوە

چیتر لەزەت لەناو ئەم دەست و پەنجانەدا بریقەی نایە..

توبی خوا شەڕم لەگەڵدا مەکە،

ئەی دووەمین خەیام

شەڕ هەر کۆتایی دێت..

من پەیامبەرانە مەحکوم بەخەڵوەت و

مناڵانە رەفتار گەلم..

لێم گەڕێ باچاو لەدرەختێك داگرم،

کەسێبەر دەخاتە سەر شانی مەعریفەی رۆحم..

باچاوێك لە(با) داگرم،

کەفێنکیەك بەرئەداتە رەهەندی دوو دەریام..!

شەڕ یانی پاشماوەی لەتەکانی

حوزن، گریان، دابڕان..

لەودیو حوزنەوە هەڵاوی تریقەیەکی نەرم و شل

لەودیو گریانەوە نوری پێکەنێکی رۆشن

لەودیو دابڕانەوە هێوربوونەوە بەقسەیەکی کامڵ

ئاخر پێکانی عیشق بەماڵئاوایی

واتە گەشتنەوە بەو قافڵە دۆڕاوانەی،

سەحرا کاروانسەرایانە

واتە گەشتنەوە بەسەهەندی،

ئەو قەدەرانەی زەمهەریر شوناسی بۆ ناکا

واتە سەراپا زەمەن شەوەزەنگە،

هەرگیز مۆمێك پێڵاو ناکاتە پێی بۆ رۆشتن..

واتە کانیەکی هیلاکە کەناتوانێ،

لەژووری دەستەکانیا ژنێك پێکا..!

چ کارەساتە هەموو قسەیەکمان،

موحیبەتی لێدەرکەین و

بگەڕێین بەدوای ئاخاوتندا

چی بڵێم خودایە لەئاست ئەم هەموو تەنیاییە،

کەدەکەون بەدەمدا..

بەساختەوە دەڵێین مناڵی کۆدەکەینەوە،

کەچی لەهەموو لایەکەوە پیریی دەچنینەوە

بەساختەوە دەرۆینەوە بۆ لای ساوای درەخت

کەدرەخت گەورە دەبێ ئیرەیی ئێمە لەو گەورەترە

ناهێڵین بەپێگرتنەوە ئەلیف لامی رێگایەك چێکا

بەساختەوە دەچینەوە بۆ لای مناڵی ئاو

کەئاو گەورە دەبێ ئیرەیی ئێمە لەو گەورەتر

ناهێڵین هەموو سەرابەکان کۆکاتەوەو

بیخاتە سەرشانی گۆزەیەك،

کەدەست و قاچەکانی قوپاوە

بەساختەوە گوێ دەگرین لەفەنتازیا،

کەفەنتازیا حوکم دەکا ئیرەیمان ئیرەیتر

ناهێڵین لەقەفەسی خەیاڵاتەوە

جوانی لەشەقژنی باڵەکانیەوە سەرکا

چەندە ئەم دەستانەم ساردن،

کەموحیبەت بارئەکا

ژیان بێ موحیبەت لەچ کەلاوەیەك دەنوێ و

چۆن خۆی گەرم دەکاتەوە

ژیان بێ موحیبەت چۆن شەرم ناکا

ئەم دەستانەم هەودای مەرگ دەیانبا

چ کارەساتە.. لەم مەحشەری بەدحاڵیبوونە،

چ کارەساتە ئەی دووەمین خەییام!!

وەسێتی

چ خەیاڵێك کەڵەکە بکەم.. من زەینم پێوە ئەدرێ!!

من زەینم پێوە ئەدرێ کەکۆترێك

دەستی بزمار بەدیوارەوە دایئەکوتێ

ئەوە خەزەڵوەری زەمەنێکە

جەهل کڵاو ئەکاتە سەری

کەشەنگە بییەك پرچی بەمێخێکەوە دەڕوێنن،

ئەوە بەدحاڵیبوونی عەشقێکە

مل دەنێ بۆ ئاستانەی هەراجخانە..

کەچاوی کانیلەیەك بەتاریکیەوە دەبەستن،

ئەوە مناڵێکی نابینایە
بەهانەیەکی زەیتەڵی تەرح ناکەن،
بۆ گرتنی پەپوولە پایزەیەك،
لەباخچەیەکی شێتۆکە!!
ئەمانە هەموو قڕکردنی نەسلی ئەوینە،
یا ئیفلاسبوونی هۆشە بەئەوین؟!
من زەینم پێوە ئەدرێ..
کەئەوین سەفەری کرد،
سبەینێ بازنەیەکی بەتاڵە بەبەختەوەری
کەئەوین لەخەیاڵدا مایەپووچ بوو
(با) سەرێ نادا لەباخی مانگەشەو
شەوەزەنگ حەزدەکا،
ئەستێرە زیندانکا
باران بیر لەشکۆفەیەك ناکاتەوە،
تەرمی لەهەناسەیا بنێژێ..
شەریعەتی کات سەری لێ تێك ئەچێ،
لەماڵەکانی حەقیقەت بپرسێ
شەو شپرزە دەبێ
پێڵاوەکانی بەتریفەوە بۆیاخکا
هەنار نازانێ خەڵکی چ وەرزێکە،
غەزەل لەهزریا لەبارئەچێ..!

* * *

من زەینم پێوەئەدرێ
ئەو وەختەی کۆدی جوانناسی،
لەلام دەبێتە هەیبەتی وڕێنەو

فنجانێکی لاڵ

لەفنجانێکا چی بخوێنمەوە،

کەکاتێك قوتویەك قومری و کەناری،

لەگیرفانی کراسەکانیانا،

قوڵتر دەخنکێن

کۆدی جوانناسی چیە؟!

کەکاتێك چڵە گیایەك لەچکەکەی،

پڕدەکەن لەپژمەی پیاوێکی پیر..

هەیبەتی چ وڕێنەیەکە،

کەکاتێك باڵندەیەك فڕینی میقات دەکەن،

لەغوبارو لم..

مەرحەمەتی جوانناسی لەکوێدایە؟

کەکاتێك موحیبەت پرتەقاڵێکی باغەییە،

مەحاڵە لەزەتی راوکرێ..!

من زەینم پێوەئەدرێ..

وەلێ گەرەکمە پیاوێك،

لەقەلەقی چاوەکانما بکوژێنمەوە..

ئەو پیاوەی مناڵی لەجانتای خەیاڵدا راخست و

کۆلانی لەپاپوچەکانما رووانـد

ئەوکاتەی زاهیدێك بووم و

لەهەر پێچی زیکرێکدا،

گوناهێکم فڕێ ئەدا

کەتەماشام بەردایەوە،

ئەو پیادە دەبوو بەمشتومڕی پەروانەیەك،

هەتا تەنیایی بکێشێ بەشوعلەی عیشقەوە..

ئەو پیادە دەبوو بەفڕینی کۆلارەیەك،
هەتا لەسەر باڵی دەزوولەیەکی هاروهاجەوە
مناڵی بگەیەنێ بەحەوشەی ئاسمانەوە!!
خەجاڵەتە وتن، شەرمەزارە وتن..
ئێمە بۆ موحیبەتێك بگەڕێین،
بۆئەوەی لەشەڕی تەنهایی رزگاربین..
خودایە من زەینم پێوەئەدرێ
تا ئەوپەڕی بەرزەخ زیکرم دەکوژێتەوە
لەدرۆی پیاوێك کەدەڵێ: کەتوحفەی خەیاڵ و فەنتازیا
تۆی پێ ناساندم
رۆژێکی نوێ، نۆژەن لەتەمەنم تەونەکا
گزنگ قۆپچەکانی ریشم دەکاتەوە،
بەیانیە لەپێکەوتووەکانم،
بۆڵەو بالۆرەی دارشەقەکان توڕئەدا
من لەزەمەنێکی ساختەچیا رواوم
گەر بێیتە ناو بەفری هەناسەکانمەوە،
ریشۆڵە لەنگەکانی عومرم،
لەزوڵمەتەوە پێدەگرن!
خەجاڵە وتن، شەرمەزارە وتن
پیاوێك هەمیشە شەڕ لەگەڵ خۆیدا دەکات و
بەدۆڕان دەگەڕێتەوە
پیاوێك لەفەتوا تاریکەکانی تەمەنیدا،
بەمن دەڵێ: دەتخەمە سەر هەگبەی هەنگاوەکانم و
مناڵی پێدەکەم و لەسەر باڵی ئێوارەیەکی پەمەییا
پلیکانەی خەیاڵ بەکرێ دەگرم

ئاسمان دائەبەزێنم،

بەئەستێرە قژت دائەهێنم،

مانگ لەباخی کراسەکەتدا دەڕوێنم!!

* * *

جەخار من تەرجەمەی پیاوێکم کرد،

هەرچی نەورەسی وتن هەبوو

لەدەریای تەریقەتیا وەریبوو

غەفڵەتگیربووم لەئاستیا زەینم کوژایەوە

موراجەعەی هەموو تەیرەکانم کرد،

هەر لەشەقژنی بولبولەوە، تا قریوەی قازو قولنگ،

تا بنەماڵەی چۆلەکە

بۆئەوەی عەسرە قەلەندەرەکانی،

پڕکەم لەباخی جریوە..!

موراجەعەی هەموو سەوزایم کرد،

هەر لەترۆپکی درەختەوە، تا نەشئە چاوشینەکانی چیمەن،

تا جنسی گیا

بۆئەوەی نیوەرۆ داخەکانی،

پڕکەم لەداوی گەرما

موراجەعەی هەموو ئەو زەمبیلانەم کرد،

کەپڕبوون لەئاوەدانی میوە،

هەر لەستیانە سوورەکانی سێوەوە،

تا سەرپۆشە گوڵ، گوڵیەکەی هەرمێ،

تا ژێرکراسە مزرەکەی هەڵوژە..

بۆئەوەی لەشەوە مەستەکانیا،

پێکێك لەباخچە گوزەربکا..!

مەخابن تا ئەوپەڕی تەنهایی زەینم کوژایەوە

گوناهم ئەوەبوو بۆ فەنەرەکانی موحیبەت

پێکەنینی پیاوێکم داگیرساند

کەچی زیکزیکە بەخیلەکان نەیان هێشت

چرپەی چرپاکەمیان بەمقەستی خامۆشی قرتاند،

خەیاڵی مۆبایلەکەمیان بەستەوە بەهیچستان

دەمی کاتژمێرەکەمیان پڕکرد لەئاخ هەڵکێشان

لەتێ گریانیان لەیەخەمدا چاند،

لەتێ پێڵاویش تژی لەوەسێتی

ڕۆشتن بەشەلە شەل..!

لێرەوە میلی مردن پێچ ئەکاتەوە

من ماتڵم لەچرکەیەکدا،

وەلێ پێیەکانم پڕە لەسەعاتی پیاسە

لێرەوە کراسێکم لەبەردایە،

ژیان بانگم دەکاو

گوڵ لەناویا ئاو دەنێژێ،

وەلێ نزیکم لەنزا وەریوەکانی دڵی بیابان

لێرەوە لەدووڕیانی شەوێکا،

جانتای سەرم سەراب رادەخا

جادە دەڕوا

پارك دەڕوا

باران دەڕوا

لەو سەرابە شینەدا،

من پیاوێك ئەناسم ئاوی، ئاوی

ریشی پایزی لێ دەبارێ،

قژی گریان هەڵدەکا..!

* * *

تەماشاکەن زەینم پەیتا، پەیتا پێوەئەدرێ

لەپێشبڕکێی ژمارەکانیا

یەکەم زەینم کەپێوە ئەدرێ

گێلاس قسەیەکی هەیە هەتا مناڵم دەم و دان،

دەمپارێزی لەشەڕی ناگەهان

لەجنێوی (باکان)

کە باڵق بووم و سور هەڵگەرام

تەرمم لەناو تانووپۆی دەمودانا

تابوتێکە تەریقبوونەوەی خوێن..!

دووەم زەینم کەپێوە ئەدرێ

چەتر قسەیەکی هەیە: تا حزوری باران هەبێ،

تەنیاییم هەڵدەواسم بەقەدی پێکەنینمەوە

چەتر بۆ ئەبەد ناگاتە ویساڵ

لەکاتێکدا ئەم قاقای قڵیشاوی خۆی کۆدەکاتەوە

باران لەماچی گوڵێکدا دەخەوێ

سێیەم زەینم کەپێوە ئەدرێ

وردەچەو قسەیەکی هەیە: ئارەزوومە هەردەم،

جۆگە قوڵ بکات بەقوڵمدا،

بەڵام کە باڵەکانی پایز،

لەسەر روومان دەنیشێتەوە

پشتوێنی جۆگە پڕئەبێ لەتینوێتی

منیش لەهەناوما فوارەی تەنهایی..!

چوارەم زەینم کەپێوە ئەدرێ

تەناف قسەیەکی هەیە:

مەمکبەندێك ئەوەندە دۆستم بوو

ئەوکی پڕکردم لەتەڕی

بەڵام کە لەگەڵ (با)دا یاری کردو

چووە خولی فڕینەوە،

منیش کەجوڵامەوە لەرەم لێی رژا تەنهایی..!!

پێنجەم زەینم کەپێوە ئەدرێ

هەنجیر قسەیەکی هەیە: کەهەوای هاوین گەرمم دەکاتەوە

لەزەت دەچێتە ناو سینەی ستیانەکانمەوە

درێغاکە سەفەر دەکەم

پێستم پەژموردە دەبێ و

کەپشوویەکش ئەدەم لەناو دەستی شۆرەژنێکدا

شەهوەتی مرەبا دەمبا..!!

شەشەم زەینم کەپێوە ئەدرێ

ئازادی قسەیەکی هەیە: بەدرەخت دەڵێ

بۆ هەموو چڵەکانت ژیان دەکرم،

عاشقتم تا چاخە بەردینەکانی زەمهەریرو

تا باخچە بابێچەکانی سەقەر

کەچی درەخت لەیەکەم پێناسیندا،

بەچڵەکانی سێدارەی بۆچنی

حەوتەم زەینم کەپێوە ئەدرێ

کەنار رووبار قسەیەکی هەیە: من تا ئەمرم

قاچەکانی شەپۆل لەماندووبون ئەتەکێنم،

بەڵام کە بەلەمی زریانێك هەڵدەکا

بێئەوەی پرسم پێ بکا

گەوجانە دەبێتە کەوشی زریان و

گەوجانە نوچ ئەدا..َ!

ئەو قسەیەکی هەیە:

(١)پێگەیشتن مەحاڵە

هەمیشە مەودایەك هەیە

من قسەیەکم هەیە:

دەبێ بستێك لەباران و

بڕێك لەباڵندەو

لەرەیەك لەدرەخت و

پسوڵەیەك لەپیاو

لەحوزنی جانتاکەم بسڕم،

ئەنجا سەفەر بکەم

سەفەری من تەنهاییە

عیشق مەودایەکە تەنها

ئەو قسەیەکی هەیە

(٢)هەمیشە عاشق تەنهایە

وەسێتی چ خەیاڵێك کەڵەکە بکەم

من زەینك بۆ ئەبەد پێوەئەدرێ،

بۆ ئەبەد پێوە ئەدرێ

بۆ ئەبەد..!!

تێبینی:

١-دێڕە شیعرێکی شاعیری هاوچەرخی ئێرانی سوهرابی سپهریە

٢-نیوە دێڕێکی سوهرابی سپهریە

سلێمانی - ٢٠٠٦/١٠/١٠

## عیشقدان

(١)

کەهەور حەوسەڵەی بەرئەداتەوە،

نەختێك چاو دەکێشێ و

پەڕە، پەڕە موتاڵای درەخت دەکات

ئەوە باکگراوندی قسە مزرەکانی باران و بروسکەیە،

پەیتا، پەیتا عیشقدان چێ دەکا..!

(٢)

درەخت یانی چرۆکردنی باڵندە،

لەنزیکەوە پێیەکانی پڕن لەدووریان و

لەدووری چاویلکەکانیشیەوە،

کەعیشقدان نابینێ،

دیقکردنەوەی چاوی بیابان..!

(٣)

کە لەسەر رەفەی دڵم عیشقدان ون دەبێ،

وەرین دەمباتەوە سەر گەڵایەك پایزی

فیراق دەمباتەوە سەر رێگایەك،

چێنراو بەچۆڵەوانی

خوڕەی ترس دەمباتەوە سەر تەمەنێك،

مەوجدان لەپیری..!

(٤)

کەدەستی گوڵە گەنمێك،

قۆپچەکانی سنگی دەکاتەوە بۆ هاژەی هەتاو

ئەوە چوونە بۆ چڵەکانی عیشقدان

لەوێوە رێگایەکی هەیە سەکۆی سەما..

ئاسمانێکی هەیە پژمەی (با)..!

(٥)

کەپشتی بەفرێکی چاوشین قەمور دەبێ،

خەتای دەست لێوەشانی،

پەنجەکانی خۆر نییە

خەتای کاڵفامی وەستێتەکانی ئاو نییە

خەتای ئەوە بوو نەیتوانی، لەناو گیرفانەکانی زەویا

دالێك لەدڵی خۆی بخاتە ناو عیشقدان..!

(٦)

من کەتۆم خۆشویست:

عیشقدانم پڕبوو لەخۆکوشتن

بەلای رێگەیەکی کاسدا رۆشتم،

تا سەروی ئەژنۆی جمەی جەنجاڵی لێدەباری

کەچی من بێ گەلای دەستەکانی تۆ،

چۆلەکەیەکی تەزیو تەنیا، تا ئەوسەری ونبوون ون..

بەلای کانیەکی کەوسەر ئاسادا رۆشتم،

تا ئانیشکی پڕ لەسڵاوی سەتڵ و

تا مەمکبەندەکانی قریوەی جام و ئاوێنە

کەچی من بێ ئەستێرەی تۆ،

شەڵاڵ لەتاریکی و شەوقدانەوە بەحوزن

بەلای مانگەشەوێکی مەنگدا، رۆشتم،

تا بینەقاقای تریفەی نەرم و شل

کەچی من بێ ئەدرەسی تۆ

دەستم لەکەمەری سەرابداو

پێیەکانیشم لەخشەی شەوەزەنگ ..!!

(٧)

پێوەری پێوان تەنها لەقوڵایی و لەبەرزایی و

لەفراوانی شەڕی خۆی دەکا..

وەلێ عیشق کەیەکەم بێ، ناپێورێ

هەر شەڕێکی لەگەڵدا بکرێ،

ئەوە عیشقی سێیەمە دۆڕان

مەحاڵە چوونی بۆ عیشقدان..!

(٨)

ئەم ئاشنابوونی وەرزی سەرمایە،

لەچیمەنی پێستی منا چینە دەکا،

نەك لەزستان..

ئەم خەوە نسرمانە

لەباخچەیەکی پایزیا ناڕوێن

بەڵکو لەلەپی عیشقدان و

لەپەنجە لاولاوییەکانی منا پەلکێشان..!

(٩)

کەعیشقدان دەکەوێت بەدەمداو هاڕە دەکا

لەوێوە هزری گوڵێك دەبینم

کەهەمیشە هەڵوەرین هێمایەتی

هزری باڵندەیەك دەبینم،

کەهەموو کات نیشتنەوە،

فڕین لێ دەکاتەوە

هزری کۆڵان دەبینم

مناڵی تۆپێکە گومان راوی دەنێ،

لەوسەریشەوە پیری،

حەقیقەت رادەکێشێ..!

(١٠)

چراکانی من هەموو چاویان دەکوژێتەوە

تووڕەبوونم دانانیشێ،

خلۆردەبێتەوە وەك هاژەی چەمێك

قوڵایی شیعرم چۆڵ دەبێ،

وەك مەودای سەحرایەك

ئەوکاتەی تۆ باسی عیشقێك دەکەی،

بچووك، بچووك

چوون لەسەر دەریایەك بین و

ئاوی گۆزەیەك مانای چی؟!

چی بڵێم خودایە تەنها قولانجێك ئارامی

بۆ تەریقەتی عیشقدان..!

(١١)

سەرلەبەری هەموو شتێك مەرگ دێ

مەرگ بەپەیژەکانی هەناسەمدا،

خۆی هەڵدەسپێرێ

مەرگ لەزەنگی مۆبایلەکەمدا،

بێ مەرحەبا دەنوێ..

مەرگ باڵەکانی ئەو خەندەیە دەقرتێنێ،

کە لێوم ئارایشت دەکا..

کەچی مەرگ ناتوانێ تەنها چرکەیەك

میوانی عیشقدان بێ،

چونکە عیشقدان بارگاوییە بەئیمان!!

(١٢)

دەستی هەتاو حەز لەلوتکەی چیاکان دەکا،

بخلیسکێ و سەرکەوێ..

ژیان بۆ هەمیشە حەز لەگوناهێك دەکا،

هەتا بەردەوام بێ..

دار بۆ هەمیشە حەز لەلەرین دەکا

هەتا خەیاڵ نەکا بکەوێ..

ئەمانەش هەر هەموو

قومێك قسەن لەقەسیدەی عیشقدان..!!

سلێمانی - ٢٠٠٧/١/٢٠

## پایزی حیکایەتێك

من ویستم تۆ لەبەیانییەکی هزرما بوەرێنم،

نەمزانی دارە، دارەی گزنگی،

بەدیواری جەستەمدا رۆدەچی..

من ویستم لەخەیاڵی نیوەرۆیەکدا هەڵتکەنم،

نەمزانی چڵە، چڵی لاولاوی،

دەئاڵێی لەپەراسوی شیعرم..

من ویستم لەخۆرئاوابوونی،

هارو هاجیەکانی دڵما،

بەسکون، سکون، داتپۆشم،

نەمزانی بۆ هەمیشە دەبیتە،

منالبوونەوەی تەمەنم!

من ویستم بۆیاخی کەم

چەنەبازی ژوورەکەم،

تەماشا گرۆمەڵەکەم،

نەمزانی لەناو دەفتەری پەنجەکانما

پیاسە ئەکەی..!!

بۆ چوویتەوە بۆ لای پایزی حیکایەتێك

کەئیتر نوێژی نەورەسێك شەپۆلێك پێ ناکا،

لەچاوی دەریایەك

کەئیتر پێیەکانی هەتاو شەقامێك تەیناکاو

نافڕێ بۆ سەری سنەوبەرێك..!!

کەئیتر نۆتەی گوڵێك کۆپی ناگرێ،

لەلەنجەی باران و

کەئیتر پژمەی بەردێك،

ناچێتەوە سەر دڵی ئاو

کەئیتر ناوچەوانی (با) پەرۆیەکی پەناهەندە نییە

بۆ هەرمێیەك هەناسە

کەئیتر ماسولکەکانی درەخت،

حەوسەڵەی حەشارگەیەك نییە،

بۆ نەختێك باڵندە..

* * *

بۆ چوویتەوە بۆ لای پایزی حیکایەتێك

من هەموو چڵە گیاکانی دڵم دەلەرزێ،

چونکە ناوی تۆ شەپۆل، شەپۆل

فڕیوەتە ئەوکی سەرینەکەم!!

من تاریکیم لەناو قسەو باسی،

جانتاکەمدا قەدکردوە

چونکە شەوقدانەوەی میهری تۆ،

گەیشتۆتە ئێسکی چرپاکەم

هیلاکی چۆن روانیم ئەزیزم؟!

کەهێشتا بزەیەکت موستیلەیەو

لەپەنجەیەکمدا نووستووە

کەهێشتا قافیەی قسەیەکت

زنجیری ملمەو لەهۆش خۆی چووە!!

من هەموو دەقیقە لاوەکان و

چرکە مناڵکارەکان لەگەڵتام

تۆ بوویتە خەیاڵێك هەیەجان

تکا دەکەم مەچۆ بۆ لای پایزێك ئەفسانە

کەتۆ چوویت من روانیم شەکەت و

رۆشتنم شپرزەو

خەمم پێخاوس و

کاتژمێری دەستیشم،

کۆمەڵێك کۆتری هەڵوەریو

چی لەوە گرانترە ئەزیزم

نیوەی خۆم بچێتەوە سەر رێگایەك ون و

نیوەی دڵیشم بچێتەوە خانەی مردن!

من هەموو شتێکم دەدایە بەر بازنەی تێفکرین

دەمخستنەبەر تەژنەی تێڕامان..

وەك پەتیارەی پایزێك،

تەرمی گەڵا دەخاتە ناو پشتوێنەكەی،

وەك جۆگەلەیەكی جەحێڵ،

بۆ جزمەی پیرەكانی رووبار دەگەڕێ

وەك درۆ نەزۆكەكانی باران،

كەناگاتە دڵی بیابان،

وەك سمكۆڵانی سێوێك،

بەتووڕەبوونی دانەكان

وەك كتێبە رەنگاورەنگەكانی بولبول،

لەسەر رەفەی چەهچەهە..!

وەك چنینی گۆمێكی لیخن،

بەزەوقی مێشوولە!!

من هەموو شتێكم دەدایە بەر

نەشتەری تێڕامان.. تێفكرین

تەنها تۆ نەبێ

تۆ بۆ چوویتەوە بۆ لای پایزی حیكایەتێك

تۆ شەوانە لەئاسمانی مۆبایلێكدا،

باڵت لێك دەدا

دەترسام ئیتر شەقژنی هیچ ئاسمانێكم،

نەیتە گوێ

تۆ سەرپۆشی دەرگاكەمت

پردەكرد لەشكۆفەی بێ خەوی

مەچەكی سەرینەكەشم لەبازنگی بێداری!!

تۆ فێرت كردم تامی كەم تاری تاریكی

بۆنی كەم كەوتنە خوارەوە هەوا

بەدەم کۆکەی گەڵاوە

شەرحیکەم شەرمی گوڵ

بەدەم مشتومڕی باخچەوە..!

* * *

تۆ کاتت بەسەرما دائەگیرساند

کەباسی منت دەکرد

تۆ باسی منت دەکرد لەنەسلی کەناری و

لەچەشنی گوڵە گەنم

کەچی هەر قسەیەکی ئاوی بوو،

لەنووکی پێڵاوەکانتەوە دەچۆڕا

باسی نورانی هەنگت دەکرد،

لەحیشمەتی شیعرەوە

کەچی زوڵمەتت لەگەروی

گوڵەوە هەڵدەقوڵا..!

گوناهت کرد، گوناه

من نورێك لەدڵما بوو

هیچ هەتاوێك سڵاوی لێ نەکرد..

تەنها پێکە گریاوەکەی تۆ نەبێ..

دەبوایە بمزانیایە ئەوە دەرەنجامی مەستیە

بیرتە دەستەکانت لەناو دەستەکانما پێدەکەنین

دەبوایە بمزانیایە،

ئەو دەستانە لەجنسی نایلۆنن..!

بیرتە ئەو قسانەی توێکڵەکانیان لەقاقا بوون

دەبوایە بمزانیایە

ناو کرۆکەکەیان گریانی گریانن..

چەندە قورسە ناسینی تۆ؟!

من بەم کاڵئاوەزیەی خۆمەوە

لەلقی گوڵە بەرۆژەیەکدا تەجەلای خوام ناسی

لقی گوڵەبەرۆژە هەموو ئێوارەیەك،

مردن ئەزبەر دەکاو

ناگاتە سەحوەی حەقیقەتێك..

چەند قورس بوو ناسینی تۆ

کەچی من خەیاڵم پڕبوو،

لەبرینی رژاو تۆم هەر نەناسی

دەمزانی حەرفی حەقیقەتیکی و

بۆ ئەبەد بۆم تەفسیر نەکرای!!

ئەی چی کۆیکردینەوەو

چی لەیەکی کردین

ئەوەیانم نەزانی و نەزانی !!

سلێمانی - ٢٠٠٧/٧/١٥

## خەیاڵە بچووکەکانی خەیاڵدانێك

-١-

کەرووبارێك پێڵاوەکانی،

چووە ناو دەریا

ئیتر قاچەکانی وندەکا..!

-٢-

کەدارسنەوبەرێك جەستەی

موتوربەكرد لەپەڕی باڵندە،

ئیتر كڵاوەكەی (با) دەیبا..!

-٣-

كەتاریكی پشتی دەچەمێ،

خەتای گڕی مۆمێك نییە

خەتای ئەوەیە دڵی،

لەلێدانی خۆر دەكەوێ..!

-٤-

شۆڕەبی بۆیە دەلەرزێ

لەتاو هەڕەشەكانی رەشەبا نییە

لەوە ئەترسێ پێیەكانی،

لەناو ئاودا.. گەمە نەكا..!

-٥-

مەرگ واتە تك.. تك رژانی

ئێوارە لەدەستی شەوا

تك، تك رژانی تیشك،

لەباخی سێوێكا..

تك، تك رژانی هەناسە،

لەرەوڕەوەی رۆحا..!

-٦-

كەگیا كۆنگرە دەبەستێ..

گفتوگۆ تەنها باسی كچێنی كێڵگە نییە،

كەبكوژرێ

گفتوگۆ حەشاردانی

گۆرەویەكانی پایزە،

لەماڵی چەمێ.

- ٧-

درەخت کەخۆی تەفسیر دەکا،

دەمە داسی پرسیار،

بەلقێکیا خۆی هەڵناواسێ..

چونکە گیرفانەکانی پڕن،

لەرازیانەی باران و

دەستەکانیشی لە،

جریوەی تیشکدان..!

-٨-

کەنیوەرۆیەك مان لەخواردن دەگرێ،

بیر لەزاکیرەی نازناز دەکاتەوە،

کە بەچرپەی زەردەپەڕ دەڕووشێ..!

-٩-

من ناتوانم عادەتێك،

تێکبشکێنم

کەگزنگ زەنگێ لەدەرگاکەم ئەدا

ژوورەکەم لەخەو هەڵدەسێ و

تەپوتۆز گسك ئەداو

دەموچاوی دەشوا..!

-١٠-

شتێك نییە تا سەر ئەبەدی

شتێك گەورەتر نییە، لەخۆشەویستی

نەجادوو ئەوە دەکاو

نەپەڕ جۆ..

ئەو هەموو رق و کینەکان،

لەسەرشانی بەرئەداتەوەو

داوای لێبوردن دەکا..!

-١١-

عەجەب لەخەوتن،

کەخۆی ئیعراب دەکا..

کەسکون بەهەنگاوەکانمەوە دەبەستێ،

ناهێڵێ هزرم باڵەفڕ بێ و

زیکرو تەهلیلەشم شکۆفە..!

-١٢-

بۆ هەمیشە شتێك ڕوودەدات

لەفرمێسکا وردە پێکەنین،

دەفڕێ بەئەسپایی

لەدەمەقاڵەی من و تۆشدا

وردە خەیاڵێك،

دەمەزەردە بەئاشتی..!

-١٣-

هەردەم ئاسمان پڕە لە،

پَکەنینی شین، شین

چونکە باڵندەکان

لەچاویلکەکەیا نیگەرانی دەسڕن!

- ١٤ -

هەموو شتێك دژیەکە

لەناو شەپۆلی دەریا،

کۆلانێك لەبێدەنگی..

لەناو کچی بەردیشا،

قیژەی رووبارێك لەبێحەیایی..!

-١٥-

کەهاوین تێردەخوات لەخوڕەی خۆر

میوەکان لەشەقامی،

لەزەتا رادەکێشن..!

سلێمانی - ٢٠٠٧/٩/٦

ئێمە عاشق نەبووین، ئەمە چارەنووسی خۆمان بوو!!

ئەم سەوداکردنە چیە، کەهەر
دەچێتەوە سەر شکانی شوشەکانی شعور
ئەم دەستانە مانای چیە، کەفێرن بەسلاوی دابڕان
ئەم هەنگاوانە بۆ لەت لەتن، بەمەرەکەبی ماڵئاوایی
ئەم شەوە بەتاڵانە چین، کەجاهیلن بەلوغزەکانی لەزەت
دەست و پلی ئەم هەموو حەقیقەتە، بۆ بەشوشەکانی
شەراب گەمژە دەبن..
قریوەی ئەم هەموو خەون و خەیاڵە،
بۆ دەدرێنە بەر هاژەی چۆڵەوانی
ئەم هەموو قسەکردنە لەژێر پێڵاوەکاندا،
بۆ رێگایەك خەبەر ناکاتەوە

خەریکی پاککردنەوەی ژیان بێ

ئەم هەموو سەتەڵەکە پیاسە دەکەن

بۆ پڕن لەتامی تینوێتی

ئەم هەموو خەرجکردنی تەمەنە، بۆ ئاشنان بەلەهجەی گسك

ئەم هەموو فڕینە بۆ هەر دەبێ،

لەقەفەسدا بڕوێن

ئەم هەموو بێدارییە بۆ شەو دەدورن،

نووستنیش لەچرپاکاندا باوێشك دەدەن.؟

خودایە ئەمانە هەموو بەدحاڵیبوونە لەعیشق

ئێمە عاشق نەبووین، تازە خۆکۆکردنەوە مانای چی؟

کە لەیەك گەیشتن چۆتە ئەودیو پێیەکانی تاریکی

کە لەیەگ گەیشتن وا بەسەر شانی جەنگەوە،

دڵ بەنیشانەوە دەکا

کە لەیەك گەیشتن ڕەشنووسێکە

دەنك، دەنك دۆڕان ئیعراب دەکا..

بەدحاڵیبوون چ کارەساتێکە،

مشتێك گەرمایی بگریت بەدەستەوەو

نەچیتەوە بۆ لای هاوینێك کە لەناو هەنجیرێکدا دانیشتووە

پرخەی بەرسیلە بەند بکەیت لەناو ستیانی دڵنیایی و

کەچی هەر نەچیتەوە سەر ئارشیفی ترێ..!

چ کارەساتە سەرەڕۆیی لەسەر عیشق

پێشبڕکێ لەگەڵ عیشق

بیرەوەریەك نەبێ عیشق تیایدا سەرمەد بێ..!

ئێمە ئێمە عاشق نەبووین

ئاخر عیشق ئەوەیە ئەگەر گەردەلولێك بیەوێت،

خۆی بکوژێ چەقۆی بەرباخەڵی، بگۆڕینەوە بەچڵێ گیا
بەچڵە گیایەکیش بڵێین گۆرەویەکانت بخەرە کلۆری چەمێ
لەوانەیە پایزێك بەپاڵتۆی کانونێکەوە بگەڕێ و بیکاتە پێی!
ئاخر عیشق ئەوەیە دڵت بسووتێ بەئاخ هەڵکێشانی برینی،
هەرمێ و هەڵوژەو بەپێستی هەنار بیان پێچی..
دواجار کۆی هەموو عیشقەکان هەر دڵی خوایە،
کێ ئەتوانێ دڵی خوا تەئویل بکا، کێ؟!
عیشق هەر لەئەزەلەوە هەبوو
ئا ئەوەتا ئاو بەو هەموو جەبەروتەی خۆیەوە،
بیر لەئاوێزانی خاك دەکاتەوە،
بەکەندو لەندی، رۆحیا رۆچێ..!
(با) بەهەموو روتانەوەی سەریەوە،
بیر لەراموسانی مەزرا دەکاتەوە،
قاپێك لەقاقای ماچ بەدەستیەوە بگرێ..
درەخت بەو هەموو نازو مەکرەیەوە
چەتر بۆ باڵندە چێدەکا..
باڵندە بەغەریزە عاشقە،
بەڵام خوا فێری کرد لەپاڵەکانیا ئاوڕشێنی فڕین بکا..!
زۆرجار کە بەخەیاڵا دەچینەوە سەر کانی عیشق و ئەوین
چاومان گومان دەیڕێژێ و
دەستیشمان پڕ لەدووکەڵی دڵەراوکێ!
بەڵام حەقیقەتێکیش هەیە
عیشق عیشق عیشق پێکێ لەئاوی تاڵییە،
دەبێ هەر هەمووومان فڕیکەین،
ئەمە جاڕنامەیەکە ژیان دۆستی

تۆ سەیرکە هەموو سەرگەردانییەك سوچی عیشقە

ئێوارەیەك بەتاکێ نەعلەوە بگەڕێ و

زەردەپەڕێکی پەژموردە نەبینێ

شەو بەتاکێ دەستکێشەوە نەفەس بکێشێ و

رووناکی لەدڵیا پێ نەگرێ

گەڕەکی لاولاوەکان بەسەر بڕبڕەی پشتی دیواردا بڕژێن و

دڵی دیوار حەفتاو پێنج جار چرکە چرکە نەکا..!

دەستی گەڵا پڕبێت لەخەم و پەژارەی پاساری و لەکەیلی کەناری

کەچی نەتوانێت حەفتاجار ناوچەوانی (با)

توشی سەرئێشە بکا

خودایە ئەمە هەموو حیکایەتەکانی عیشقمانە ترش و تاڵ،

جودا نییە لەگەمەکانی منداڵ

ئەمە چارەنووسمانە چارەنووس

دەبێ لەناو هەموو عیشقێکدا کرۆکی کۆتایی،

چاو دابگرێ پێش ئەوەی سەرەتا بڕوانێ

* * *

لێرەوە تەماشاکەن ژیان بێ عیشق،

چەندە سەرابترین سەرابە لێرەوە

-١-

کۆترێکی داروسێم هەبوو،

لەبەر ئابلۆقەی بێ کەسی،

چووە تیپی کوشتن

-٢-

پایزێك دەڵێ (با) بۆ هەر کوێ دەڕوا،

سەرشانی پڕە لەتەرمی گەڵا

چونكە تشرینی سێیەم هاوڕێیەتی ناكا

-٣-

منارەیەكی بەئیمان هاوڕێم بوو،

دڵی ئەوەندە پڕبوو لەكوفر

كەمەری مەرگ چووە پێچی پشتوێنەكەی..!

-٤-

شەپۆلی دەریاچەیەك ئەوەندە خەونی بەفڕینەوە بینی

نەورەسێك نامەیەكی بۆ نەنارد،

بۆیە لەقەهرا هەر چوارپەلی رۆحی،

چووە ترۆپكی ئاسمانی ئاسمانەكان..!

-٥-

كەهەوا پێیەكانی دەقڵیشێ،

ئەوە بێ مەیلی دڵی بارانە بەقەرزیش بێ،

جووتێك پێڵاوی بۆ ناكڕێ..!

-٦-

كە بولبولێك لەكۆڵانەكانی كەڕولاڵیدا خوێندی

ئەوە خەتای بەزمی بەهارە،

چرپەی گوڵێك نادا لەیەخەی..!

-٧-

كەرەنگی سەوزو شین نەخۆش دەكەون و

دەچن بۆ كوچەی مەرگ ئەوە مەرحەمەتی ئاوە

جانتاكەی پڕ لەئاویلكەی ئاودامان و

چاوێكی چاویلكەكەشی، لەخوار ماڵەكانی رەنگ..!

-٨-

قەفەسێك وتی: ئەگەر مانای عیشقم بزانایە،

ئەوا دالم بچووك، بچووك

تا بچووكترین مەل نەیبینێ،

مەدلولیشم دڵفراوان لەئاسمانێكدا

بێ كلیلدان بێ تەیمان..!

-٩-

كەمێك تێڕامان لەحاڵەتی بەرد

ئەو ژیانی نەویست و عیشقی دابەش نەكرد

ئەگەر ژیان هەڵنەكۆڵین و

عیشق ئاوەدان نەكەین،

دەبینە بەردو دەچینەوە بۆ ناو حاڵەتی بەرد..!

-١٠-

بەشەوەزەنگێك دەڵێن: دڵی زیندانی تاریكیە

شەوەزەنگ دەڵێ: گوناهبارم مەكەن

من دڵم هەیە دڵ

ئەوە خەتای ئەستێرەیە كە لەحەوشەكانی مانگەشەوا،

بەخەتخەتێنەوە خۆی خەریك دەكا..!

-١١-

گوڵەكانی ئینجانە ئەوەندە گەمژەن

هەر جوانیان گرێ ئەدەن،

بەكراسی جامخانەوە كاڵنابنەوە

هەر بۆنیان قفڵ و

كلیل ئەدەن،

بەژێر كراسی پەنجەرەوە،

تەریق نابنەوە

ئەمە چەندە چەواشەمان دەكا

لەگەمەی عیشق

گوڵە کێویلەکانیش نەکلیل و قفڵ و نەگرێ دەناسن و

لەناو ستیانی توتڕکەکانەوە شین دەبن

ئەمەشیان گەمەیەکی مێخۆشە،

لەعیشق!!

-١٢-

شەڕ ئەگەر بگەشتایە لەعیشق

بەجۆلانەی دەوت: مەرحەبا ئەی گڕوگاڵ

بەکچێکی دەوت: مەرحەبا ئەی شنەی با

بەپیرێکی دەوت: مەرحەبا ماڵی هەتاو

شەڕ بۆ ئەبەد نەگەشتە عیشوەی عیشق و

زنجیری مەحەبەتی لەمل نەکرد

بۆیە هەتا ئێستا بەردەوامە، بەردەوام!!

-١٣-

کەشەمشەمە کوێرەیەك دەمرێ،

ئەوە بێ ئەمەکی تاری تاریکیە،

جگەرەیەکی ناداتێ، هەتا شەو بکێشێ!!

-١٤-

هەرچەندە دەریا پەناهەندەیە،

بۆ جۆگە بێ پێڵاوەکان و

ڕووبارە نەخۆشەکان و

چەمە ونبووەکان

چەندە نیگەرانیم دەپلیشێتەوە بۆیان چەندە

چونکە عیشق نییە لای دەریا

بەیەك پاروو هەموویان دەخوا!!

بەكاتی وشكبوونەوە، ئاو حەقیقەتێكی هەیە خنكان
بەبارانێك دەڵێم بەسیە نووستن
باخچەیەك وا لەچاوەڕوانیا
بەدڵۆپەی دڵی تۆ دەموچاوی بشوا!

* * *

ئێمە بەهەڵە عیشقمان كرد لەسەر شەقامەكانی ژیاندا
بەهەڵە جامێك ئاومان خواردەوە،
لەچەمكی تێنەگەشتن
بەهەڵە درەختێكمان رواند،
لەژێر سێبەرەكەیدا توولەڕێیەك،
نەچووەوە سەر چاوەكانی چاوەڕوانی
بەهەڵە چیمەنێكمان رواند،
لەدوگمەی كراسەكەیدا درزێك نەبینرا،
هەتا خەیاڵ گوزەر بكا،
بەخەتی خەراباتێك..!
بەهەڵە لەزمانی سەتڵێك ئاو گەشتین،
لەدەمارەكانیا دێڕێك شیعر نەبیسترا،
هەتا مۆسیقا بچێتەوە سەر ژەنینی ئالەتێك..
بەهەڵە ئاڵوگۆڕی عیشقمان كرد
كەنیگەرانی بووە دیواری و
جەنجاڵی بووە دەرگای
عیشق واتە شكانی دیوارو دەرگا،
لەماڵی بەرزەخەوە تا مەحشەری خوا
عیشق واتە تاڤگەیەك ئاو،

کەموتاڵا دەکا لەناو کتێبەکانی گوڵدا

عیشق واتە فڕینی فەرشێك بەمیزاجی مناڵ،

هەتا دەگەینە باڵی فریشتەکان..

عیشق واتە جانتایەك تریفەو تاریکی،

هەتا دەگەینە پلیکانەکانی مانگ

عیشق واتە هەڵدانی کۆلارەیەك،

بەدەزوولەیەکی مناڵیەوە،

هەتا پێکێك ئەستێرە دەخۆینەوە

عیشق واتە ماڵی باخەوانێك رەنگاورەنگ،

هەتا باوەێزەی باران لەخەیاڵیا شکۆفە بکا..!

* * *

ئێمە کەعاشق نەبووین،

بەڕێگەی کوێردا هاتین و تەپەی تاریکی،

لەدەستەکانماندا باڵەفڕو

ترپەی نیوەرۆ قوڵەکانی هاوین،

لەپێستماندا چەقی

چونکە ختورەی دڵی پایزێکمان نەخوێندەوە،

وەرین دەگاتە چەنی گەڵا؟!

لێکمان نەدایەوە شنە شنی شەماڵێك،

چ کەناڵێکی دەوێ،

بۆ گسکدانی سیسبوونی خەوێك..

بێ ئاگابووین لەورتە، ورتی حاڵی درەختێك،

تا هەڵهاتنی چۆلەکە لەفرسەخێك فڕین

دەبێ چەند چریکەی ئاوی بوێ،

هەتا بگاتە سوڕی سەوزبوون..!

بیرکۆڵ بووین لەسرتە سرتی ئۆفی سێویێك،

بۆ گەیشتنی فەریکەکانی دەبێ چەند قولپی خرۆشانی بوێ،

هەتا بگاتە ئیحساسی باڵقبوون

بێباك بووین لەقسەکردنی دڵی پرتەقاڵێك،

تانووچدانی سەهەنەی سەرما،

دەبێ چەند مەکری مەستبوونی بوێ،

بۆ حیکایەتە شینەکانی میهری مزربوون..!

ئێمە عاشق نەبووین ئەمە چارەنووسی خۆمان بوو

ئا ئەوەتا ئەو گلەیی لەچارەنووسی خۆی دەکاو دەڵێ

(ئاخ ئەمە نسیبی منە، ئەمە نسیبی منە نسیبی من(١)

ئاسمانێکە کەهەڵواسینی پەردەیەك لێمی شاردۆتەوە)

ئەو لەهەڵواسینی پەردەیەك گلەیی دەکا،

ئەی ئێمە لەچی گلەیی بکەین

ئێمە بۆ ئەبەد عاشق نەبووین،

ئەمە چارەنووسی خۆمان بوو

عیشق بۆ ئێمە پەلکە رەنگینەی عەدەم بوو،

پەلکە رەنگینەی عەدەم..!

تێبینی: ١-ئاماژە بۆ دێرە شیعرێکی ژنە شاعیری ئێرانی (فروغی فروخزاد)

سلێمانی ١٨/١٠/٢٠٠٧

بۆ هەمیشە چاوەکانی چاوەڕوانی ..!!

-١-

کەچاوەڕوانی لای ئێوارەك دائەنیشێ،

پاسارییەك دەهێنمەوە بیرەوەری،

تۆپەڵێك تەماشا،

بەسکون دائەگیرسێنێ

لەکتێبی جریوەدا..

قەفەسیش چاوەڕوانە فڕین

سواغ بدا لەدیواری..!!

-٢-

دوای بێدەنگبوونی چراکەم،

تاریکی چاوەڕوانە،

پشتی رووناکی بشێلێ و خامۆشی بدا بەسەریا،

هەتا گەرووی ژوورەکەم،

پڕبکا لەپرخەی شەو..!!

-٣-

کەچاوی ئومێد پوچگەرا،

نائومێدی چاوەڕوانە

قاچ راکێشێ و چرپاکەم،

هەڵواسێ بەبێدارییا..!

-٤-

ئەوکاتەی بەسێبەری یادەوەرییەکا،

پیاسە دەکەم

روحم چاوەڕوانە

ئینجانە لەقەدیا بڕوێ..!

-٥-

کەشەپۆلی گیا بەهار وندەکا،

چاوەڕوانە باخەوانێك

لەرەیەك رووناكی و

قومێك شنە با،

بخاتە گیرفانی..!!

-٦-

كەدارتویەك ماسولكەكانی،

پڕدەكا لەخەیاڵ

چاوەڕوانە،

چەپكێك بولبول

لەئەندێشەیدا نغرۆكا..

-٧-

كەدەچمە خەڵوەت و

خەو دەپلیشێنمەوە

دەستەكانم چاوەڕوانە

قیژەی كاتژمێرەكەم،

بخاتە پێڵاوەكانی كۆڵان..!!

-٨-

عیشق لەزەتی تیشك،

ئاوەڵادەكا لەدڵما

ئەمەیان یانی ئازادیی..

وەلێ دەبێ چاوەڕوانبم،

سێبەرەكەی تاڵیم پێ بنۆشێ،

ئەمەیان یانی دیلی..!!!

-٩-

كەئەوین لەجانتاكەی باراندا،

وندەبێ..

هەنگ چاوەڕوانە خەتمی فاتیحە،

ببەستێ لەیەخەی گوڵێك

رەشەبا چاوەڕوانە بەسڵاوێکی کەسك،

زاخاوی درەخت بدا

ئاو چاوەڕوانە کراسێکی رەنگاورەنگ،

بکاتە بەری باخچە

باڵندە چاوەڕوانە گەڵای درەخت بکاتە چەتری..!

-١٠-

عیشق شەرابێکە دەبێ

هەمووومان بینۆشین

ئەمە حیکمەتێکە خوا ناردی

شەو چاوەڕوانە پشتوێنی رۆژ،

بپێچێ لەکەمەری

ئێوارە بەتاڵی خەیاڵەوە،

بەنیازە دەسکێشەکانی مانگ،

بکاتە سەرپۆشی سەری!

-١١-

گاڵتە بەمێروو مەکەن بچووکە

ئەوان چاوەڕوانن،

مردن هەڵبکاو

ئێمە بخۆن،

کەچی جێی تێرامانی ئێمە نین..!!

-١٢-

ژیان سەراپا سەفەرە

هەرچی گومان و ترس و دڵەراوکێیە،

هەڵدەچنم بەملپێچی دەرگاکەمدا،

بەمردن دەڵێم چاوەڕێمبە تا دێمەوە

ژیان لەتۆدا نیشتەجێیە..!!

-١٣-

ئاوێنەو پەنجەرە هەردووکیان،

تەلیسمی بینینن

پەنجەرە باخێکە سەخاوەت

هەموو میوەیەك لەناویا روون و رۆشن..

کەچی ئاوێنە چاوەڕوانە،

هەر دروێنەی باخی خۆی بکا..!

-١٤-

منداڵی لەودیو حەقیقەتەوە هەڵدەقوڵێ

ژیان چەند گەورەیە

تاوێك خانوویەك دروستدەکاو

تاوێك دەیڕوخێنێ

بەڵام گەورەیی چاوەڕوانە،

بەزەمەنەوە ئاشوفتە بێ

ژیان چەند بچووکە،

کەدەرووخێ..!!

-١٥-

ئێمە ناتوانین رێ لەسپێدە بگرین

بۆ هەڵدێ؟!

ئەمە شتێکە لەبوونی خوا..

کەچاوەڕوانیش دەبین،

خۆرئاوا بێ..

تینوو دەبین بەرۆحی رۆمانسی

ئەمە رازێکە لەبوونی خوا!!

## بێدەنگی بۆ من ئاوەدانیبوو

من هێزێك جادووی لێ کردووم،

بۆیە پڕم لەپرسیاری پێچاوپێچ

ئەما گەرەکمە بەقەدی وەڵامێکا هەڵکشێم

کەچی ناگەمە ترۆپکی هیچاو هیچ

ئەم نادیارییە دەگاتە کوێ و

بەپلیکانەی چ تیشکێکا سەرکەوم،

تا بگەمە ناخی ژوورە تاریکەکەی خۆم

لەکۆلانی چ بایەکدا پێیەکانی ویقارێك هەڵدەقولێ،

هەتا بڵێم بوەستە هاوڕێ

بەچ شەوێکی شین بگەم،

دڵ چاوەڕوان نەبێ لەتونێلی بەردێکا

لەچ پرسیارێکی مەلوول مەلولدا،

حەقیقەت دەگاتە وەسوەسەی وەڵامێك

خودایە من ماندووم.. ماندووبوون،

بەسەر شەپۆلی شعورمەوە نیشتۆتەوە،

من هێزێك جادووی لێکردوم

بۆیە تەسلیم بووم بەموناجات و تێفکرین

کتێبی ئەم هەموو گەڕان و چوونە بۆ نەگەشتە،

ڕەفەی ئارشیفێك..

تۆ سەیرکە بەفەرموودەی ئیمامێك

دالی ئەم هەموو عیشقە دائەگیرسێ،

کەچی من مەدلوولی شکستە،

بەدەستەکانمەوە خوڕەی دێ

قامچی ئەم هەموو هەورە،

ئێسکی چرپاکەم رووت دەکاتەوە

کەچی قیژەی بارانێك لەگریان ناگا..

پەڕۆی ئەم هەموو گومانە سەرم دەپێچێ،

کەچی بەپووچی یەقینەوە،

دەچمەوە سەر نایلۆنترین نزا

من ئەوەندە گومانم لێ رژا،

تا هەموو کراسەکەی بەرم خوساو

چڵ، چڵ دوگمەی سنگم بووە هێلانەو

دەزوویەك باڵ لەشەقژنەوە نەهاتەوە،

دەنووکی نەڕژا..!

ئێمە هەر وابووین لەئەزەلەوە هەروا بووین

سوهراب ئاسا چاومان نەشۆرد

چوون جریوەی نائومێدیەکمان بەدەستەوە نەگرت و

بڕۆینەوە ئەوبەری چۆلەکەیەك و بڵێین:

مەرحەبا فڕین

ژیان جریوەیەکە لەعیشق

بەناو لێوی جادەیەکدا پیاسەکمان چنیو

دەرفەت نەبوو بڕۆینەوە ئەوبەری ماچێکی پەژموردەو بڵێین:

خەمی خەونەکان مەشکێنە،

عیشق هەردەم کوێرای مەرگە

سادە دڵ خەیاڵ زەدەبووین و

نیگامان تێکەڵ بەخڵتەی گێڵێتی،

پردی پەڕینەوەیەك نەبوو بۆ،

پەرداخێك حیکمەت و

بڵێین زەمەن چرایەك ناکوژێنێتەوە،

گەر دڵۆپە تیشکەکانی لەعیشق بێ

من، تۆ، ئێمە هەروا بووین

لەئەزەلەوە هەروا بووین

من بەدڵێکی گەرم و سەرێکی سەر بەخەیاڵاتەوە هاتم،

خودایە چۆن ئەم تەنهاییە تەریوەم بهێنمەوە

هەتا بگەمە تۆو عیشق ئاشتبکەمەوە..

من رۆژانە ئەستێرە لەناو دڵما دەخەوێ،

بەتاریکی دایئەپۆشم کە بوومە تیشکدان

شەوانە شەوەزەنگ لەسەر بەرماڵی جەستەم

نوێژ دەکاو بەرووناکی دەیشێلم تاریکستان

کەچی من هەر ناگەمە تەریقەتی تەجەللایەك!!

رۆژانە من دەرۆم تا موتلەق، تا سێبەر، تا دوورییەکان

تا چوار گۆشەی چوار شەممەیەك،

لەئاستانەی مەزارێك

تا شەپۆلدانی هەینیەك،

لەبەر قاچی مزگەوتێك

تا دەست لەدیواری قریوەی مێروولەیەك،

بۆ لەتێك ژیان

تا باڵقبوونی باڵی چەترێك،

بەواژۆی باران

کەچی من هەر ناگەمە حەقیقەتی مەنسورێك..!!

* * *

من لەم سەری تەنیایەوە دەگەمە ئەوسەری تەنهایی

ئیتر باسی چیبکەم؟!

ئا ئەوەتا لەناو جانتاکەمدا شتگەلێك هەن پوچ گەرا

گوڵ لەناویا پێئەکەنێ و سوپای نەسیم نایە

جۆگە سەما دەکاو فەرتەنەی ئاو قوڵپی نایە

تریفە نەزیفی دەرواو چڵی تاریکی لەرەی نایە

باران بەبەهانەیەو سڵاوی چەمێك نایە

باسی چی بکەم دەست بۆ هەر خەیاڵێك دەبەم،

(١)مردنی لێ دەچۆڕێ -وەك مناڵانی گوێ چەم بەگرەوی گەمەوە، بەرد دەگرنە بۆقەکان

کەچی لەولاترەوە مردن دەپژمێ..

بەدارلاستیکی گۆرانیەوە باڵی ریشۆڵەیەك دەکەنە بێژنگ،

کەچی لەولاترەوە مردن جگەرە دەکێشێ..

دەست لەبەرگی کتێبی ئاو ئەدەم، کەهەناسە ئەدا

کەچی لەولاترەوە پەڕە، پەڕە وشکاییە مردن

تۆ پێت وتم: لەگەڵ شتێکا تەبابە مردن بکوژێ

من وتم: هەرچەندە ئارایشتی تفەنگ بکەم،

لەفەنتازیا هەڵیکێشم

هەر مردن لەدەم و لێویەوە دەبارێ

هەرچەندە خۆم نزیك بکەمەوە،

لەخەمی چەقۆ

هەر سەبڕین دێتەگۆ

هەرچەندە تەبا بم لەگەڵ کەمەری خەنجەرێك

هەر بۆ مەنەلۆژی کوشتن دەگەڕێ..!
تۆ وتت ئەم هەموو مردنە چ واتایەك دەبەخشێ
من وتم: مردن شتێکە کۆن،
بەڵام هەمیشە تازە
مردن پێکە پەرۆشەکەی خەییامە،
کەکۆکردنەوەی بەهەدەرچوو
بۆیە لەقەهرا بۆ یاداشت،
رژانی شەرابی کردە کفر..!
مردن لەسوچی سێوێکی سوورە،
لەزەمبیلەی لەزەتا چۆن ئارام دەخەوێ،
کەشەری دەمودان چووەتە ئەوپەڕی هەناسەبڕکێ
مردن کامڵبوونی هەنارێکە،
بەخەتمی دواهەمین تشرین،
کەهەنارستان لەناو زوڵمەتی دەست و پەنجەی بەربەری،
چووەتە ئەوپەڕی خەجاڵەتگیری..!!
من وتم تەبابوون لەگەڵ مردن،
چ مەخسەرەیەکە
تەبابوونیش لەگەڵ ژیاندا چەند درۆیەکە گەورە
تۆ سەریکە ئەزیزم تۆ سەیرکە
ژیان چ درۆیەکی گەورەمان پێدەفرۆشێ
هەڵۆ بەو هەموو چەنەبازییەی چاوەوە،
رۆژێك دێ پایتەختی لوتکە نەبینێ
پەپوولە بەو هەموو ئایەتە رەنگینانەوە،
کە باڵی ئەزبەری دەکا،
رۆژێك دێ لەمەحشەری گوڵ نەگا

کۆتر بەهەموو منارەکانی فڕینەوە،

کەدەچێتە ترۆپکی ئاسمان،

رۆژێك دێ فڕین ئیکمال بێ لەبورجی منارەدا

کەناری بەو هەموو پەلکە رەنگینەی دەنگی،

رۆژێك دێ نغرۆ لەبێدەنگی..!

چەند بێشەرمە ژیان

ئەم نوتفە پووچانەی من دەبێت چیبێ؟!

کەدەچێتەوە سەر ژوانگەی ژنێك،

تەزیو بەتەنهایی،

لەبەر قاقای سمێڵ و خێڵ

باوەڕ بەعاتیفەی ئاگر دەکا..!

کەدەچێتەوە سەر نەسلی باڵندەیەك،

تەزیو بەتراویلکە،؟

لەبەر قاقڕبوونی ئاسمان،

قەفەس بۆ خۆی چێدەکا..!

کە دەچێتەوە سەر زەینی درەختێك،

تەزیو بەتەم و مژ،

لەبەر دەمەوەری باخچە

قولانجێك رێگا رۆناکا..!!

چەندە بێشەرمە ژیان

دواجار هەموو چۆلەکەکان دەمرن و

دڵی پاسارێك حوزن هەڵناگرێ،

هێلانەیەك فێری فڕین ناکا..

دواجار هەموو ماسیەکان دەمرن و

شەبقەی رووبارێك نووچ نادا،

تیمساحانە چاوی پڕ لەگریان ناکا

دواجار هەموو گوڵەکان دەمرن و

دەمی ئینجانەیەك ئۆفێك ناکێشێ،

دەست ناکاتە واوەیلا

دواجار هەموو هەرمێیەکان دەمرن و

باخچە یەخەی نادڕێ،

خۆی رەشپۆش ناکا

دواجار منیش و یادەوەریەکانیش دەمرین و

کرمێك لەخاکی دڵم ناپرسێ،

ئەرێ تۆی عاشق سەر بەنەتەوەی،

چ ریشی چڵە گیایەکی؟!

ئەفسوس لەم هەموو سەفەری ژیانە،

کەدوا سەفەر پێچی کۆڵانێکە مردن

لەوێ لەکۆڵانی مردن

نەپێیەکان پێڵاو دەناسن و

نەرێگاکان ئاشنا بەپێڵاو

ئەفسوس من چیم داوە لەم سەفەری ژیان و مردنە

من ئەوەم لەبیرچوو، هێزی جادوویەك فێریکردم

بێدەنگی بۆ من ئاوەدانییە

بەبێدەنگیش دەڵێم: چەند گەمژەیە پرسیارکردنی کرمستان و

چەند کورتەباڵایە ژیان و

چەند مەخسەرەیە مردن و

چەند فڕینێکی رەها، رەهایە

هەر حیکایەتەکانی عیشق و عیشق

سلێمانی

٢٠٠٨/٣/٢١

(١) ئاماژەیە بۆ دێڕە شیعرێکی شاعیری ئەڵمانی ئەریش فریدریك

فێرگەی فڕین.. تا حەرفە وەریوەکانی خەیاڵ

کە تاریکی دەفڕێ، ئاسمان

بەئەسپایی دەڵێ:

چەند گەوجە فڕین

ئەگەر تاریکی تۆزێك لەداری مەعریفە بناسێ

ئەوا ئەو بۆ هەمیشە لەسەر،

پشتی رووناکی دەلەرزێ،

نەك هەڵوەدای فڕین..!!

-٢-

کەدارەکان دەمرن بێحیکمەتن..

چڵەکانیان فێردەبن قەفەس چێبکەن

لقەکانیان دەبنە گۆچانی دواسەفەر

جەستەشیان دەم و لێوی ئاگرو

هەنگاویان درووێنەی دووکەڵ..!

-٣-

کەگوڵێك بۆنی پڕدەبێ لەخەم،

لەیەخەی فرین چۆڵ دەبێ و

دەچێتە بیمارخانە

هەنگ و پەپوولەش،

دەچنە باخچەیەك،

كەئاسمانی ئاوەدانە،

بەباڵی عەدەم..!

-٤-

كەشینە شاهۆیەك

لەپشتوێنی جۆگەیەك

ئاو دەخواتەوە

پێچاوپێچ لەگیرفانی باڵەكانیا،

تیشكی خۆر دائەپۆشێ و

لەخەرمانەی خەیاڵیشەوە،

خەم، خەم خۆزگەیەكی خەت، خەت

بەدەنووك دەپێچێتەوە..!

-٥-

لەپایزدا كە گەڵایەك نوێژدەكاو

بەنەرمە نزایەكەوە دەگری

با بەپێكەنینەوە چاوەڕوانە،

لەفری فڕینێكا

ببێتە قیبلەو بەرماڵی..!!

-٦-

لەخۆرئاوابووونداو لەسەر

خەتی خەیاڵ

چەند چڕدەبێتەوە تێڕامان

ئەو کاتەی خۆر بەنەعلە سوورەکانیەوە،

هەنگاو دەخاتە سەرشانی

دەچینە بەهەشتێك،

لەدرۆکانی رۆمانسی

وادەزانین ئاسۆی دڵمان وەریوە،

بۆیە پۆشاکی تاریکی دەپۆشین!

-٧-

دوو وێنەی چەند دژیەکن

دەزوولەی ئەم هەموو دووکەڵە،

لەناو پێخەفی ئاسماندا خەوتوون،

بێ ئاگر

پشکۆی ئەم هەموو گریانە،

لەناو دڵما مەشخەڵ،

بێ دووکەڵ..!!

-٨-

کە باڵندە لەکازیوەدا ئاسمان،

بەفەرشێکی رۆشن رادەخەن،

ئەوە لەبولێڵدا،

پێکە ئەستێرەیان هەڵداوە!!

-٩-

پێ مەنێن بەسەر گژوگیادا

تاوێك بەحەرفە وەریوەکانی خەیاڵ،

بێدەنگی ئاشت بکەنەوە

کێ دەڵێ ئەوە دڵێك نییە،

لەژێر خاك بۆتە گژوگیا..!!

-١٠-

كە شەڕ دێ كەمانچە بەفرینێكی

شەلەوە،

دەگەڕێتەوە ناودەستی درەخت،

دەست و پلی درەختیش،

هەتا گوزەردەكا،

بۆ حەرفە وەریوەكانی خەیاڵ و

هەتا بەئاگا دێتەوە،

دەبێتە قۆناخە تفەنگ..!!

-١١-

چەند بۆ یەك دۆستن

كەچرا دەستی شەو لەتاریكی پاك دەكاتەوە

دەگاتە فێرگەی فڕین

كەشەویش ملوانكەی خۆی،

دەكاتە ملی چرا،

ئەمیش بەعیشقەوە فڕین..!!

-١٢-

قودرەتی قوڵایی پەنجەكانی نەگەستووم،

ئەمەیان فڕینە بۆ،

حەرفە وەریوەكانی خەیاڵ..

چونكە هێشتا نەمامی خۆشەویستی،

رواندنی لەدارستانی قژمدایەو

نەگەیشتۆتە جریوەی كەمەری كراسەكەم..!!

-١٣-

کەچاوی منداڵان پڕدەبێ لەئاسمان،

خۆیان ناونووس دەکەن بۆ،

فێرگەی فڕین

ئەوکات جەستەیان،

بەقاقایەك دەبەستن و

ڕۆحیان ئەستێرە لێ دەخوڕێ و

مانگیش دەکەنە کۆلارە..!!

-١٤-

کەعیشق دێ..

نەویتە، ویتی پرسیار لەدەمی پێنووس و

نەپیاسەی وەڵامێکی شپرزەو

نەقوڵپی زەنگی دەرگاو

نەقریوەی مۆبایلی درەخت و

نەسەوزبوونی رووباری خەون و

نەشتڵی حەسرەتێکی عەیار

نەفێرگەی فڕین و

نەحەرفە وەریوەکانی خەیاڵ

هیچ لەمانە ناچێتە ژێر،

چاوەڕوانیەکی چاڵ و چۆڵەوە

ئەوە عیشقە کەدێ،

هیچ لەمانە ناناسێ..!!

-١٥-

لەوڵاتی دەرگا داخراوەکاندا،

هەموو شتێك دەبێتە وێردی سەفەر

کەشیعر سەفەر دەکا

شەو ماڵێکی دەداتێ،

تەنیایی تیا داگیرسێنێ

باران دوو پێکەنین لەنمەنم،

دەخاتە باخەڵی

هەور لەجنسی خۆی،

دوو باڵ چێدەکا،

بۆ فڕینی خەیاڵی

مۆسیقا دوو نەغمە لەتەمەنی،

موتوربە دەکا، بۆ لۆکەی رۆحی

کە کۆترێکیش لەقەڵبەزەی فڕینا

گمەیەکی دەداتێ،

لەقۆپچەی کراسەکەیدا،

دەبێتە کاتژمێری ملی..!!

٢٠٠٨ /٢/٢٨ - سلێمانی

وەرە لەگەڵ رۆحما یاربە..!!

لەودیو خۆمەوە بانگت کردم،

عاشقانە وتت دڵم بەرێ

من بێدەنگی خۆمم بیست،

بۆیە لەودیو خۆمەوە وتم:

ئەم مەودایە چەند تەنگەبەرە بۆ وتن،

من کاتژمێری هۆشم خزاوە بەمیهری تۆ..

کەی من توانیومە تەفسیری کەم ئەوینی تۆ

عەجەب لەنەوتن

ئەگەر بڵێم عیشقت لەعەرشایە درۆناکەم

ئەگەر بڵێم کاڵفامم بەفەرموودەی خۆشەویستی درۆناکەم

من سەرەتای ئەم غەزەلە نامترسێنێ

لەوە ئەترسم عیشق وێران بێ

کەعیشق وێران دەبێ،

هەر پەنجەرەیەو تفەنگ دەکاتە شانی،

بۆ راوە بولبول

هەر دەسترێژی پەپوولە پایزەیە،

بەتاڵمان دەکاتەوە لەمناڵی

کەعیشق وێران دەبێ

شادەماری ئەندێشەمان شکست و

ماڵێکمان نابێ فەرموو لەو پەڕەسێلکەیە بکا،

سەرما باڵەکانی دەشێلێ

رۆحێکی گەرم شك نابەین، بەدیسەمبەری

دڵی مێروولەیەك بڵێین: مەرحەبا

با ئاشتبینەوە بەعیشق، چونکە عیشق

کەژیان دەخاتە سەرشانی دەڵێین: ئەوە عیشقە

دەچینەوە سەر بارانترین رێگا

کەژیان عیشقی لەبارئەچێ دەڵێین ئەوە عیشقە

دەچینەوە سەر جەنگەڵترین وەفا

با ئاشتبینەوە بەعیشق، وەرە یاربەگەڵم

ئاخر رۆژێك دێ، فڕین بەپەتی داوێکەوە نیشتەوە

ئیتر هەڵنافڕێ

یەقین کەپێگەشت لەپێستی پرتەقاڵێکەوە،

ئیتر خەونی گومانەکان بەپووچیەوە،

تەرجەمە دەکرێ

کەشەقام چۆڵ بوو لەهاتووچۆ،

ئیتر عەجولی پێڵاوێك لەسەری عەسرێکا هاری ناکا

کەدرەخت بەتاڵ بوو، لەترۆپکی جریوە

ئیتر گلەییەك ناگاتەوە بەقوڵفی گەڵا..!!

* * *

خەتای من بوو یان خەتای تۆ

چ مەرگەساتە کەکاتێك تۆ بیرم گێژەن دەکەیت و

یار نابیتەوە لەگەم

چ سەهۆڵ بەندانێکە ئەم رۆحەم،

بەسوتانی دەست و پەنجەکانیشتەوە،

یار نابیتەوە لەگەڵم..

ئەزیزم یار نەبونەوە ماتماتیکی دال و مەدلولێکە،

هەرگیز تەریب نابن بەیەکتر

ئاشوبی گەردەلوولێکە،

ئەژنۆی گوڵەکان دەقرتێنێ

چاوشارکێی مناڵانە، نازانن کۆڵانێ حەشاربدەن و

بەبەردی خەتخەتێنەوە ئەوین کۆبکەنەوە

یارنەبوونەوە یانی راخستنی خەمێکی سەوز بەرەهایی

پەلکەی گریانێکە بەتەنافێکی درێژەوە

هەڵکۆڵینی چاوەڕوانیە بەدەرگایەکی بێ ئۆقرەوە

یار نەبوونەوە یانی خۆکوشتن

وەك لەرزوتای دیوار

ئەوکاتەی دڵی چرا دەڵێ: بەربوونەوە تابوتە

وەك قڵیشانی پێی بۆشکەترێیەك،

ئەوکاتەی شیوەنی شەراب دەڵێ: پەیمانە تابوتە

وەك شکانی ئیشراقی ئینجانەیەك

ئەوکاتەی گوڵ دەڵێ: کۆتا ماڵمان لێرە تابوتە

وەك هاڕەی پەرچەمی ئاوێنەیەك،

ئەوکاتەی کچێك دەڵێ: تیرۆری ئەم لم و زیخە،

سەراپا تابوتە..!!

من لەکوێوە مەحەبەت چێکەم و مەحەبەت بناسم

کەدەستێك نییە بێتە چەتر

هەتا خوڕەی خۆر دەموچاوم نەشوا

کەچەترێك نییە بەئومێدی ڕەنگاڵەییەوە،

چەند قاژێك لەباران گلباتەوە

من وتم: پێکێ ئەم تەنیایەم مەستە بەلێوی شیعرەوە

دڵم بەهەرمێی دڵتەوە شەتەك مەدە

ئەم تەنیایەیەم گەڵایەکە بەسەر لقی هەورەوە،

بەخوزنەوە دایمەگرە

ئەم تەنیاییەم جێپێی بیرەوەریمە،

لەسەر دەماری شیعرستان،

فێری دڵێشانی مەکە

پێم دەڵێن: لەگۆمی چاوەکانتا نیگەرانی مەلە دەکا

من دەڵێم: بێ یاربوون قاقڕی قەهرێکە،

دەگاتە عەرشی خوا

بێ یاربوون دەرگای نائومێدییەکە

بۆ ماڵی جاڵجاڵۆکەیەك،

لەزمانی داخستنەوە

بێ یاربوون بارانێکە هەر دەڕواو گوێ ناگرێ،

لەپاوەنێکی سوتاو

بەدەم پەرکەمی گەرماوە

بێ یاربوون وێرانەیەکە تا هەڕەتی لاوێتی،

مەعشوق بەخەرابات

بێ یاربوون غەدری چەقۆیەکە لەراکشانی میوەکان

کەخوێن دەبورێتەوە..

* * *

هەندێ جار لەبناری بێکەسیاو،

لەم کۆستکەوتووەی بێیاربووندا دەڵێم:

پەشیمان نیم

کەکۆلارەیەکی کەنەفت دەفرێ بەحوکمی دەزوولە

کەئەسپەشێیەك دەفرێ،

لەپێشبڕکی بارەشە..

کەجۆگەیەك ئاو دەفرێ بۆ،

پەمووە پیرەکانی کێڵگە

پەشیمان نیم .. لێرە جارێکی تر

بەشەقژنی فڕینەوە دەگەینەوە دڵی ژیان

پەشیمان نیم لەم بێ یاربوونە

کەدەبینم دڵۆپێك شەونم لەسەر پەلکە گیایەك،

خۆر ئابڵوقەی ئەدا،

بەڵام دەفرێ بۆ پێ گرتنی دارە دارەی بارانێك

پێکانی گێلاسێك بەدەم قیژەی بەردەوە،

بەڵام دەفڕێ بۆ هەناوی چنینەوە بەرچینەیەك،

بەربوونەوەی هەرمێیەك بەباوەشی هاوینەوە

بەڵام دەفڕێ بۆ پێکەنینی دڵی ژنێك

هەنسکی هەنجیرێك بەدەم نەفرەتی پێگەیشتنەوە،

بەڵام دەفرێ بۆ دیوەخانی چاوی زەمبیلەیەك

شاتوویەکی شپرزە بەدەم حاڵ لێهاتنی وەرینەوە

بەڵام دەفرێ بۆ کۆشی پیرەژنێکی سەرگوزشتە..!!

پەشیمان نیم لەم بێیاربوونە،

دەڵێم کۆی ئەم هەموو مردنە

لەدایکبوونێکی ترە بۆ ژیان..!!

پەشیمان نیم لەم بێ یاربوونە

تەماشا باخ و بێستان دەسوتێن بەفەتوای گەرماو

خەم ساردە شەستەبارانی بەهار

بەیانیەکی قژلوول بەپرخەی باهۆز تاڵان دەکرێ و

خەم ساردە گلەیەکانی شنەبا

خەونی هەڵۆیەك خاپوور دەکرێ لەیادەوەریەکانی لوتکەو

خەم ساردە پرسە پەرشەکانی ئاسمان

سەردەمێك دێ من لێرە نیم،

بێ یاربوون دەبێتە مۆدێل

تۆ بڕوانە رووبارێك بەفرمێسکەوە رێگا دەکاو

لێوی گۆزەیەکی دەمەوەر ماچێکی بۆ قەد ناکا

لەنامەیەکی فێنکا

پەلکی دارییەکان لەناو چەمەکاندا هاژەیان دێ و

عاتیفەی نیوەرۆیەکی چەمووش هەڵناچێ

شەوەزەنگێك دڵی پڕدەبێ لەقوڵپی گریان و

ئەستێرەیەك دڵی ناداتەوە، بەدڵۆپە تیشکێ

کەڵەشێرەکان دەخوێننو بولێڵی گوندێك

بەدەم خەوەوە راناچڵەکێ

سەگەکان دەوەرن و مانگ تریفەی خۆی ناچنێ،

قافڵەی کاروانەکان بەشەلە شەلیش ناگەنە جێ!!

من ئیتر لێرە نیم وەرە لەگەڵ رۆحما یار بە..

با چیتر گوڵەکان لەئۆرگازم نەچنەوەو

وەرزێك پەپولە نەبینن

با چیتر بۆنی رێحانەکان کاڵ نەبنەوە،

باخی ستیانێك نەناسن..!

با چیتر چەپکێك نێرگز بەدەم هەناسەی ساختەی

گوڵدانێکەوە یەخسیر نەبێ، کەجوانی دەرژێ

با چیتر چراکان بەرۆژ دانەگیرسێن، بەدەم هەڵەشەی

خۆیانەوە، تاریکی ئەتك نەکەن..

چیتر من لێرە نیم..

وەرە لەگەڵ رۆحما ياربە..!!

٢٠٠٨/٧/٤

سلێمانی